# لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ

بیرەوەری و ڕۆژانەی سەلاح ڕەفیق ڕواندزییە

**دەزگای فام**

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

FAMpublication

**بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری**



مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ **دەزگای فام** پارێزراوە.



**چاپی یەکەم - ٢٠٢٣**


# لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ

بیرەوەری و ڕۆژانەی سەڵاح ڕەفیق ڕواندزییە

هەڤپەیڤین و نووسینەوە

## شێرزاد هەینی


بابەت: **بیرەوەری**

پێوانە

**١٣.٥*٢١سم (٦٠٠) لاپەڕە**

فۆتۆی بەرگ: موحەمەد ئۆسکار - هەولێر

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی **سەڵاح ڕەفیق ڕواندزی** چاپ کراوە.

ISBN: 978-9922-9874-7-7

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (٧٥٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێ دراوە.



هەواڵنامەی کتێب

# لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ

## بیرەوەری و ڕۆژانەی سەڵاح ڕەفیق ڕواندزییە

هەڤپەیڤین و نووسینەوە
**شێرزاد هەینی**

**جاك لوگۆف ١٩٢٤-٢٠١٤ "Jacques Le Goff"**

مێژوونووسی فەرەنسی گوتوویەتی:

دەپرسم و دەڵێم: باشە مێژووی هەر تاکێکی ئەو مرۆڤایەتییە، ئاماژە و تراژیدیاکانیان وەك مێژووی کەسە ناودار و گەورەکان نییە؟ هەر دەپرسم و دەڵێم: مێژووی جلوبەرگ و شێوەی نانخواردن لە مێژووی شەڕەکان و جڤینە دەولی و دەمەتەقێیەکانی ناو پەرلەمان و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان باڵکێشتر و شیرینتر نییە؟

## به یادی ئەوان

له كاك سەڵاحم پرسی: باشه ئەو كتێبه پێشكەشی كێ دەكەیت؟

**ئەو گوتی:**

پێشكەشی دایك و باوكی ڕەحمەتیم دەكەم.

هەروەها پێشكەشه بە..

ساجیده خالید "my better halve" هاوسەری كۆچكردووم.



سەڵاح ڕەفیق ڕواندزی – چۆمان - ١٩٧٣

# ناوەرۆک

به یادی ئەوان ........................................................ ٥
**ناوەرۆك........................................................................ ٧**
دانپێدانانەکانی سەڵاح ڕەفیق ڕواندزی ..................................... ١٧
**لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ.............................................................. ١٨**

**هەڤپەیڤینی یەکەم**

**هەڤپەیڤین لەگەڵ سەڵاح ماندوو........................................................ ٢١**
١ هەولێر هەر کۆمان دەکاتەوە.. ........................................ ٢٣
٢ خانووی ژمارە ٢٣٦ ........................................................ ٢٥
٣ فۆتۆکان دەدوێنم.............................................................. ٢٨
٤ فەرهاد عەونی .................................................................. ٣٤
٥ ڕەفیق بەکر سەعدوڵڵا ڕواندزی.............................................. ٣٦
٦ باوکم لە هەولێر ................................................................ ٤١
٧ مەحموود عەلاف دەچێتە شاری بەسرا .......................................... ٤٤
٨ دوکان بە دوکان .................................................................. ٤٧
٩ قوتابخانەی خالیدیەی سەرەتایی لە هەولێر ..................................... ٥٠
١٠ شەریف دووسەر.................................................................. ٥٢
١١ حەرەس قەومی سێ کیلۆ زێڕمان لێ دەدزن .................................... ٥٥
١٢ گۆرانیبێژ عەبدوڵڵا دڵسۆز.......................................................... ٥٨
١٣ تایەر تۆفیق ........................................................................ ٦٠

١٤ دەعوەتی ئیبراهیم ئەحمەد دەبین ........................................ ٦٣
١٥ ڕەسووڵ گەردی........................................................ ٦٥
١٦ شیعرەکانی لە ڕۆژنامەی هەولێر ........................................ ٦٧
١٧ سەگ و مەلا دەکوژن ................................................ ٧٣
١٨ ئەوە ناولەپم، چی لەسەر دەنووسی بنووسە! ............................. ٧٥
١٩ نەجات ئەلسەغیرە.................................................... ٧٦

**هەڤپەیڤینی دووەم**

**هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاح ماندوو ................................................. ٧٩**
١ وێنەی بنەماڵەکەیان................................................... ٨١
٢ ساجیدە خالید؛ دایك و باوکی کیژەکانی بووە ............................ ٨٣
٣ لە ڕواندز دەبمە پارتی ................................................ ٨٨
٤ نامەیەك بۆ سەرۆکوەزیران دەبەمە بەغدا ................................ ٩٠
٥ حەمەدەمین فەرەج .................................................... ٩٦
٦ لەبەر پاراستن دەچمە دەرەوە.......................................... ٩٨
٧ ژنەکەم دەچێتە زانکۆ ................................................. ١٠١

**هەڤپەیڤینی سێیەم**

**هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاح ماندوو............................................... ١٠٧**
١ ئەو ماندووەی ماندوو نابێت ........................................... ١٠٩
٢ کاك مەسعوودیان سارد کردەوە.......................................... ١١٢
٣ دەمەوێ لە ڕواندز پشوو بدەم ......................................... ١١٥
٤ دەنگت نەڕزی........................................................ ١١٧
٥ کوردەکانی ئەمەریکا ................................................. ١٢٠
٦ ئەو کچەی بۆ من بووە قوربانی ........................................ ١٢٤

هەواڵنامەی کتێب

## هەڤپەیڤینی چوارەم

**هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاح ماندوو........................................................ ١٢٧**
١ ئەبو جەعفەر ئامێدی دەکوژن........................................ ١٢٩
٢ حوسێن ئاغای سوورچی................................................ ١٣٣
٣ کەرەج ........................................................... ١٣٩
٤ بژی ئیستیعمار.................................................. ١٤٣
٥ لە "THE BRACK" کار دەکەم ........................................ ١٤٦
٦ خەڵکی وڵاتە جیاوازەکان ............................................ ١٤٨
٧ دەبمە خاوەن ماڵ ................................................ ١٥٠
٨ پەلکەمێوی ژەهراوی ............................................ ١٥١
٩ حەسەن نۆپل.................................................... ١٥٣
١٠ سەعید قەزاز.................................................... ١٥٦
١١ فوئاد ئەحمەد.................................................. ١٥٨
١٢ ڕۆژی لەدایکبوونم ............................................... ١٥٩
١٣ خەرەند ........................................................ ١٦٠
١٤ خۆم و دایکم و باوکم .............................................. ١٦٢
١٥ حیزبایەتی و زیڕینگری .............................................. ١٦٤

## هەڤپەیڤینی پێنجەم

**هەڤپەیڤین لەگەڵ میدیا سەلاح ڕەفیق............................................... ١٦٧**
١ زمانی فارسی لە شیعرەکانی حافیزی شیرازی فێر دەبم........................ ١٦٩
٢ بەیەکگەیشتنەوەی خێزان ........................................... ١٧١
٣ لەناو خەرەند .................................................. ١٧٥
٤ کەنەدا یان هەولێر؟................................................ ١٧٧

٥ کوڕی شای ئێران ..................... ١٨٢
٦ سەمیر ئەلشێخلی ..................... ١٨٥
٧ دەچمە ناو ماست و شیر ..................... ١٨٨
٨ تاسە زێڕەکەی دادە حەلیم ..................... ١٩١
٩ دایکە شیرییەکەی دایکم ..................... ١٩٥
١٠ بچی نەیەتەوە ..................... ١٩٩

## هەڤپەیڤینی شەشەم

**هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاح ماندوو ..................... ٢٠٧**
١ خزمەتی گوڵ و دیوەخان ..................... ٢٠٩
٢ تۆ نەگیراوی؟ ..................... ٢١٢
٣ ئەلشەجەرە ..................... ٢١٥
٤ ڕواندز ڕاپەڕی ..................... ٢١٨
٥ ماسی و ئاو ..................... ٢٢٢
٦ چۆن چوومە قەڵەم سڕی "نهێنی"ی موتەسەریفیەتی هەولێر ..................... ٢٢٤
٧ دایکم گومانم لێ دەکات ..................... ٢٢٧
٨ شێخ حەنەش دەکوژرێت ..................... ٢٢٨
٩ سەفەری پیرۆز ..................... ٢٣٣
خۆشمان ئەوێیە ..................... ٢٣٨
١٠ دیوانی چاپکراوی نییە ..................... ٢٤١
١١ واحید مەرجان ..................... ٢٤٣
١٢ د. زۆزک ڕواندزی ..................... ٢٤٤
١٣ بووکی ناوڕەزان ..................... ٢٤٥
خۆشبەختانە ..................... ٢٤٩

هەواڵنامەی کتێب

چ باڵایە ........................................ ٢٥١
**هەڤپەیڤینە دوورەکان .................................... ٢٥٣**
**یەکەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەلاح ماندوو ................ ٢٥٣**
١ بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر .............................. ٢٥٥
٢ لە بیرە نەوتەکانی کەرکووك دەدەین ............................ ٢٥٧
٣ گوێم عەودالی هەواڵێکە ........................................ ٢٦٠
وا ساڵێکە .......................................................... ٢٦١
٤ چیای بەمۆ دەگرینەوە .......................................... ٢٦٤
**دووەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەلاح ماندوو ................ ٢٦٧**
١ کۆترەکانم .......................................................... ٢٦٩
٢ کەشخەیی و زمانپاراوی .......................................... ٢٧١
٣ ژن و منداڵم لە کەنەدا .......................................... ٢٧٦
٤ زەید ئەحمەد عوسمان ............................................ ٢٧٨
٥ عەبدولوەهاب ئەترووشی ........................................ ٢٧٩
٦ هەژار و عەبدولخالق مەعرووف ................................ ٢٨٠
**سێیەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ ئالا سەلاح ڕواندزی ........ ٢٨١**
١ لە هەولێرەوە بەرەو دالاس DALLAS ئەمریکا ................... ٢٨٣
٢ دایکم ژنێکی مەزن بوو .......................................... ٢٨٧
٣ هەموومان "مستقل"ین .............................................. ٢٩١
٤ ڕەفتەکەی دایکم .................................................. ٢٩٣
٥ وەفاداریی فوئاد ئەحمەد .......................................... ٢٩٦
٦ لە داپیرم فێرە کوردایەتی بووین ................................ ٢٩٨
٧ ئەو ڕۆژەی منیان ڕفاند .......................................... ٣٠٠

**چوارەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو............................٣٠٣**
١ بۆچی ماڵ و منداڵم نەبردنە کەنەدا؟.................................٣٠٥
٢ بەزمێکی خۆش.................................................٣٠٧
٣ چایەچییەکە دەربازم دەکات ......................................٣٠٩
**پێنجەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ فەرهاد عەونی ..............................٣١٣**
١ من لە سوید، مامۆستا فەرهاد عەونی لەناو کتێبخانە تایبەتییەکەی لە هەولێر
.......................................................................٣١٥
٢ سەڵاحم چۆن ناسی ...............................................٣١٧
٣ سەڵاح غەدر لە شیعرەکانی دەکات ................................٣٢٠
**شەشەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ ئەنوەر ئەزوەر...............................٣٢٣**
١ سلێمانی یان کەنەدا.................................................٣٢٥
٢ ماڵی دکتۆر ئەسعەد خەیلانی.........................................٣٢٩
٣ لە کەرەجەوە تا ئێستا..............................................٣٣١
**حەوتەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو.............................٣٣٣**
١ جەژن و قەیسی.....................................................٣٣٥
٢ یەکەم جار دەچمە سلێمانی..........................................٣٣٥
٣ بەرەو چۆمان.......................................................٣٣٧
٤ گەڵاڵە خۆشتر بوو..................................................٣٤٢
٥ مامۆستا عەلی زەردەشتی.............................................٣٤٥
٦ بۆم تێکە...........................................................٣٤٨
**هەشتەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ بەختیار دەرگەڵەیی.........................٣٥٥**
١ بە تەنیا دەچمە داخوازی ...........................................٣٥٧
٢ پارتی زۆر قەرزاری ئەوە ...........................................٣٥٩

هەواڵنامەی کتێب

**نۆیەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەلاح ماندوو ................................ ٣٦١**
١ جوانتر دەنووسمەوە ................................................... ٣٦٣
٢ لە کەنەدا دانسمان کرد و بەیانییەکەی هاتنە سەرم ................. ٣٦٤
هیندییە سوورەکانی کەنەدا ................................................ ٣٦٩
٤ هەرگیز باڵیۆزی عێراقم نەناسیوە ........................................ ٣٧١
**دەیەم پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ ئاڵا ڕواندزی.................................. ٣٧٣**
١ باوکم بە گەنجی ڕۆیشت و بە پیری هاتەوە ............................. ٣٧٥
٢ کە باوکم هاتەوە دەبورێمەوە ............................................ ٣٧٧
٣ خاڵم ئاراس هەواڵەکە دەداتە دایکم........................................ ٣٨١
٤ ئاویزانێکی زۆر گەرم ........................................................ ٣٨٣
٥ دوو تاك دۆلارەکەم هەر ماوە ............................................... ٣٨٥
**یازدەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەلاح ماندوو............................ ٣٨٧**
١ هێلکەکەم سووتا ............................................................ ٣٨٩
٢ لە ژنە جوانەکەی دەترسا ..................................................... ٣٩٠
٣ پەشیمانم و نا................................................................. ٣٩٢
٤ عیزەت سولێمان بەگ .......................................................... ٣٩٧
٥ میوان .......................................................................... ٣٩٩
**دوازدەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەلاح ماندوو .......................... ٤٠١**
١ گەڕیدەیەکی بە زەوق .......................................................... ٤٠٣
٢ زێڕەکانی باب و مامت چییان لێ هات؟ .......................................... ٤٠٤
٣ کتێبەکانی ئەو ناخوێنمەوە...................................................... ٤٠٨
٤ فڕۆکە و دەبابەی شۆڕش ........................................................ ٤١٢
٥ ڕۆژی نسکۆکە لە کوێ بوویت؟ .................................................. ٤١٥

**سێزدەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ نیاز عەدنان ........................ ٤١٩**
١ گەڕەکی خانەقا بەیەکترمان دەناسێنێت ........................ ٤٢١
٢ گەڕەکی نەسیج و زانیاری نزیك دەکەینەوە ........................ ٤٢٣
٣ ئەوان دەچنە کەنەدا ........................ ٤٢٥
**چواردەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو ........................ ٤٢٩**
١ دانیشە بەردەبیتەوە ........................ ٤٣١
٢ جەلالی و مەلایی ........................ ٤٣٣
٣ سەرۆك بارزانی هەولێر دەکاتە پایتەخت ........................ ٤٣٦
**پازدەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو ........................ ٤٣٩**
١ من لەوێش نەبووم ........................ ٤٤١
٢ حەپسخانەی خەلان ........................ ٤٤٦
٣ ئەندامانی پاراستن خۆشەویست نەبوون! ........................ ٤٤٨
**شازدەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو ........................ ٤٥١**
١ سەیری سەعات ناکەم ........................ ٤٥٣
٢ گەورەترین مۆڵ ........................ ٤٥٦
٣ نەوسن نیم ........................ ٤٥٩
٤ لە "سەڵاح"ەوە بووم بە "بەرد" ........................ ٤٦٠
٥ جگەرەکێشان ........................ ٤٦٢
٦ کەریم خانی برادۆست ........................ ٤٦٤
**حەڤدەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو ........................ ٤٦٧**
١ سلوسنی یۆتا کەناڵ ........................ ٤٦٩
٢ پاییزی جوان ........................ ٤٧١
٣ لەو دۆڵمەیە بێبەش دەبیت ........................ ٤٧٣

٤ زاواكانی ڕواندزییان ........................................ ٤٧٥
٥ پاسەوانەكانم ........................................ ٤٧٦
**هەژدەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو ........................ ٤٨٣**
١ دكتۆر كارزان ........................................ ٤٨٥
٢ هەولێر یان ڕواندز؟ ........................................ ٤٨٧
٣ لە لایەن برادەرەكانمانەوە چاودێری دەكراین ........................ ٤٨٩
٤ سەیرانی ناو كەنەدا ........................................ ٤٩١
٥ كۆترەكانم ........................................ ٤٩٤
٦ گەڕەكی خانەقا ........................................ ٤٩٦
٧ سێ كیلۆ زێڕەكەی باوكم ........................................ ٤٩٩
**نۆزدەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو ........................ ٥٠١**
١ ناوم لەكن سەرۆك بارزانییە و بەس ........................................ ٥٠٣
٢ زیندانی ڕایات ........................................ ٥٠٤
٣ نەورۆزەكەم ........................................ ٥٠٧
٤ لە خانەقا كۆڵان بە كۆڵان ........................................ ٥١٠
٥ سەعید مەسیفی ........................................ ٥١٤
٦ دەچمەوە ناو بێجامە ........................................ ٥١٨
**بیستەمین پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو ........................ ٥١٩**
١ قسەی لابەلا ........................................ ٥٢١
٢ دیشداشەكە ........................................ ٥٢٢
٣ سەگە پشدەرییەكەم ........................................ ٥٢٣
٤ چۆن لە پاراستن ئیشمان زۆر بوو؟ ........................................ ٥٢٩
٥ سمێڵ ڕەش ........................................ ٥٣١

٦ خەیات و کەبابخانەکان ........................................ ٥٣٤
ناکرێ باس نەکەم.. .................................................. ٥٣٧
**ڕۆژانە ژێرنووس ................................................................. ٥٣٨**
ژێرنووسی یەکەم ڕەگەزنامەی کەنەدی ................................ ٥٣٩
ژێرنووسی دووەم حـــاجــیلــە ............................................. ٥٤٣
ژێرنووسی سێیەم بەردخۆر ................................................. ٥٤٥
ژێرنووسی چوارەم ئاوازی نەسیم ............................................ ٥٤٧
ژێرنووسی پێنجەم خالید عەبدولحەلیم ....................................... ٥٥٢
ژێرنووسی شەشەم چ باڵایە .................................................. ٥٥٥
ژێرنووسی حەوتەم یەکەم ماچ .............................................. ٥٥٧
ژێرنووسی هەشتەم خواردنی ماش و تەماتە ................................ ٥٥٩
ژێرنووسی نۆیەم لە تەمەنی حەڤدە ساڵی باوکم دەبینم .................... ٥٦٣
ژێرنووسی دەیەم ئارین سەلاح .............................................. ٥٦٥
**I TAKE A BREAK AT THE RIM OF ” KHARAND” VALLEY ................ ٥٧٨**

هەولێرنامەی کتێب

# دانپێدانانەکانی سەلاّح ڕەفیق ڕواندزی

ئەوەی من لەو دیدارەدا، لە کاروباری ڕۆژانەی ناو دەزگەی پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیگێڕمەوە و بوار بە خۆم دەدەم ئاشکرایان بکەم، تەنیا ١٠٪ زانیارییەکانە.

ئەوانەم لەبیرن، کە ئەوانی ترم بە بیر هاتنەوە و دڵنیابووم لە دروستیی ڕووداوەکان، ئیتر ئەوانیش دەگێڕمەوە با بنووسرێنەوە.

ئەوانەی گوتراون و باس کراون بۆ مێژوون، بوون بە مێژوو، مێژوو پێویستە بنووسرێتەوە.

# لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ

ڕواندز بەوانە گەورە بووە:

ئەگەر ڕواندزییەکان لێم تووڕە نەبن دەڵێم؛ ڕواندز شارێکی ئەوەندە گەورەش نییە، گەڕەك و کۆڵان و شەقامی زۆر نییە، بۆیەش دەپرسم؛ ئەو شارە گچکەیە چۆن ئەوەندە کەسایەتیی ناوداری تێدا هەڵکەوتووە؟

دەزانم مامۆستای گەورە "زرار موحەمەد" فریشتەی موزیك بووە، ئەو بۆ موزیك و فێرکاری ژیا و مرد، بەڵام ڕواندز هەر موزیکی نییە، ڕووناکی و لاپەڕە و جوانیی زۆرە.

ڕاستە "حوزنی موکریانی" چاپخانەی بە شان هێناوەتەوە ئەو شارە، بە تەنیاش گۆڤاری زاری کرمانجی دەرکردووە. بەڵام ڕواندز هەر ئەوە نییە و بەس!

ڕاستە "سمایل بەگ" گەنج بووە و لە پەرلەمانی سەردەمی پاشایەتی چالاك بووە. شارەکە و مێژووەکەی هەر ئەوەندە نییە و بەس، شارێکە شانازی زۆرە، نەبەردیی زۆری تیدایە، جۆش و عیشق و نووسین و ئاوازی زۆری لەناو هەڵقوولاوە، بۆ کوردایەتی و پێشمەرگایەتی کەسانی نەبەردی زۆرن.

شارێکە چۆن شانازی بە شاخە سەرکەشەکانی دەکرێت، زۆرتریش بە دەنگ و ڕەنگ و خەبات و جوانی و سرووشتەکەشی دەکرێت.

"سەڵاح ماندوو"ش ڕواندزییە، لەوێ لەدایك بووە، لە هەولێر گەورە بووە، لە کەنەداش ژیاوە، بەڵام چاوی هەر لەوێ بووە. ئەم کتێبە و باسی ئەو کەسایەتییە؛ بەشێکە لە مێژووی شارەکە و کوردستان.

ئەو چەند دوور ڕۆیشتووە، زۆرتر لە ڕواندز نزیك بوویتەوە. ڕواندز لەکن ئەو شاهی شارانە.

**شێرزاد هەینی**

ستۆکهۆلم – ڕینکبی - ٢٠٢٢


هەواڵنامەی کتێب

**کاك سەڵاح ڕەفیق دەڵێت: ئەو فۆتۆیە بە کامێرای شەمسیی گەورەی گەڕۆکی مامۆستا گیو موکریانی لە ساڵی ١٩٤٩ لە ڕواندز گیراوە، لەبیرمە سەری هێنایە بن گوێم و گوتی: هیوادارم ببیتە سەڵاحەدینی دووەم بۆ کورد وکوردستان.**

## هەڤپەیڤینی یەکەم

# هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاّح ماندوو

شوێن: هەولێر - هیوا ستی
ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٦/٢٣



دیدار لەگەڵ سەڵاح ڕەفیق - هەولێر - هیوا ستی - ٢٠٢٢/٦/٢٣

## ١

## هەولێر هەر کۆمان دەکاتەوە..

ماوەیەکی باشە پیاوێکی چالاك و خوێندەوار و شیرین، کاك "نیاز عەدنان" دەناسم، دەزانم ئەو مامۆستایە، حەز بە کتێب و مێژووی هەولێریش دەکات. ئەو دوو ئامرازە وای کردووە، زۆر یەکترمان خۆش بوێت، دیدارمان هەبێت. با ڕازێکیش بدرکێنم؛ کاك نیاز زۆر شانازی بە دوازدە بەرگەکەی ڕۆمانی هەولێرە چاپکراوەکانی من دەکات، زۆریش هانم دەدات، بە گەرمی دەستخۆشیم لێ دەکات.

ماوەماوەش هەواڵی یەکتری دەزانین، لەو دیدار و ئاخاوتنانانە باسی کاك "سەڵاح ماندوو"م بۆ دەکات، ناوی دەهێنێت، بۆیە ساڵی پار شەوێکیان دیدارمان بەیەکەوە دەبێت.

شەوێکیان لە کەشێکی دۆستانەی ئاوێتە بە شیعر و سیاسەت و بیرەوەری، لەگەڵ سەڵاح ماندوو دانیشتین. لەو شەوەدا ئەو سەربردەی زۆری بۆ گێڕاینەوە، گەڕاینەوە ساڵانی زووی هەولێر، دەردەدڵی سیاسەت و ڕۆژانەی شۆڕشی ئەیلوول، دواییش هاتە سەر باسی ڕۆژانەی خۆی لە کەنەدا و هاتنەوەی بۆ کوردستان، قسەی دەکرد و ڕووی شیرین و ئاوەدانیش دەردەکەوت.

ئەوانە و ئەو دیدارە وا دەکەن، من بیر لە نووسینەوەی ژیان

و ڕۆژانەی ئەو پیاوە قسەخۆش و بیرتیژ و ڕووناکبیرە بکەمەوە.

لەو ڕۆژانە لەگەڵ "نیاز"ی زاوای کاك سەلاح بیر لەوە دەکەمەوە، چەند دیدارێك بکەین، دڵی بکەمەوە، قسەی پێ بکەم، سەیری ئەرشیف و نامەکانی بکەم؛ بە داخەوە ئەو گوتی:

من هیچ ئەرشیفێکم نییە، شتە کۆنەکانم نەماون، فەوتاون، ئەوەی هەمە لەناو مێشك و هزرمە و بەس.

بۆ ئەوەش زۆرتر پەیوەست بەو دەبین، ئیتر دەمێنێتەوە چی لە هزریدا ماوە؟ کێی لە بیرە؟ کام ساڵ و ڕۆژ و ڕووداو دەورووژێنێت؟ ئەوانە من وەك سەرەدێر بنووسم و دوایی باش پێداچوونەوەیان بۆ بکەم، بە نووسین و داڕشتنەوەی خۆم بیانووسمەوە، بیکەم بە کتێبێك، بەڵام ناوی چی بێت؟ چەند لاپەڕە دەبێت؟ چی بنووسین و باسی چی بکەین و چ نەنووسین؟! چونکە باسەکردن و نەنووسینیش بابەتێکە و شیاوی باسە. تۆ پرسیار دەورووژێنێت، بڵێت کەی و چۆن؟ تا ئەو هەموو شتەکان بڵێت و بنووسرێنەوە. ئیتر پڕۆژەکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، بابەتەکان و درێژەی نووسینەکە لەگەڵ دیدار و بابەتەکان تەواو دەبن، لەگەڵ ناو و شوێن و ڕووداوەکان کۆك دەبن و مەبەستەکەم تەواو دەکات.

# ٢

## خانووی ژمارە ٢٣٦

لە هیوا ستی، لەو گەڕەکەی بە ناوی کوڕێکە، کوڕی بزنسمانێکی خاوەن پڕۆژەکە، پڕۆژە و هەوارەکە لەسەر شەقامی سەرەکیی هەولێر کەسنەزانە، وا بزانم شارەکە دەکەوێتە ئاقاری گوندی "سێبەردان". ئاوەدانییەکە، هیوا ستی هەشت زۆنە، لە دەروازەکانی هەر زۆنێکی بە پیتێکی ئینگلیزی پێناسە و ناوەکەی دیاری کراوە. ڕووبەری خانووەکان "ڤیلا" بە م٢٠٠م٢ و ٤٠٠م٢ و ٤٥٠م٢ و ٤٢٠م٢ دوو نهۆمی دروست کراون، من نەچوومە ناو زۆنەکان، بەڵام لە زۆنی "A" دەچمە ماڵی کاك نیاز بۆ ئەوەی میدیای هاوسەری نیشانە و ئەدرێسی ماڵی باوکیم بۆ ڕاڤە بکات و بیدۆزمەوە، ئەو گوتی:

باوکم لە زۆنی "E" دەژیت، پێناسەیەکی جوانی بۆ کردم و بە سوپاسەوە هاوسەرەکەم لەکن ئەو جێ هێشت و چوومە خانووەکانی زۆنی "E"، لەوێ لە دەروازەکەش ڕێگەیان نیشان دام و گەیشتمە بەر دەرگەیەکی ئاسنی بچووکی نەوی، خانووی ژمارە ٢٣٦ دەدۆزمەوە. دەرگە ئاسنەکە کرابووە، پاڵێکی سووك بەس بوو دەرگەکە بکرێتەوە، بەڵام من پلم بە زەنگەکەش وەنا، بەرەو ناو ماڵەکە و بەر دەرگەی پێشوازی و ناندینەکەیان ڕۆیشتم.

زووتر کاك نیاز گوتبووی؛ کاك سەڵاح کەمێك قاچی تەواو نییە، ماوەیەکە پەنجەیەکی بەر چوارچێوەی دەرگەی داری ژوورێکیان کەوتووە، ئازاری بەر کەوتووە، کەمتر دەجوولێتەوە، بۆ کەمێك چاوەڕوان ناکەیت با چاك ببێتەوە؟ ئیتر دەتوانێت ئۆتۆمبێلیش لێ بخورێت و بێتە دەرەوەش، منیش پێی دەڵێم:

سەلامەتە و هیوام وایە زوو چاك ببێتەوە، بەڵام من کاتم لەبەر نەماوە، لە هەفتەی داهاتوو دەگەڕێمەوە سوید و ناکرێ چاوەڕوان بکەم، بەڵام ڕاستییەك هەیە، من هیچ کارم بە پێ و قاچی ئەو و دەرچوونی ئەو نییە، دەچم و دەمەوێ و مەبەستم ئەوەیە؛ بزانم ئەو پیاوە ماندووە چی لەبیر ماوە؟ لە کوێ ژیاوە؟ بە چاوەکانی چی دیوە؟ بە گوێیەکانی چی بیستووە؟ چەند وڵات و شاری دیوە؟ لەم جیهانە چی بینیوە؟ چی دەزانێت و چی لە بیرە؟

من ئەو پیاوە "ماندوو"ەم دەوێ، ئەگەرچی ماندووش نییە، چونکە بە گەنجی ناوی ماندووی لە خۆی ناوە، لە سەرەتای ساڵانی شێستەکاندا لە ڕۆژنامەی هەولێری شارەوانی هەولێر بە ناوی سەڵاحەدین – صلاح - ماندوو شیعری دڵداری بڵاو کردیتەوە، ناوە ماندووەکەی لەو دەمانە بووە، کە زۆر چالاك و کارکەر و بە زەوق و پەرۆش بووە.

ئەو ماندوویێکی کۆنە، ئەویش وەك شاعیرەکانی ئەو دەمانەی هەولێر نازناوێکی تەماویی ڕەشبین و نائومێدیی هەبووە وەکوو؛ "مەلا مەسعوود بێبەش، عەبدوڵڵا پەشێو، سەعدوڵڵا پەرۆش، مەدحەت بێخەو، مەستەفا پەژار، جەوهەر خەمگین، مەسعوود پەرێشان، عەبدولخالیق سەرسام، یوسف دەربەدەر، کەمال

غەمبار، عەبدولڕەزاق بیمار، مەحموود زامدار، ئەکرەم خامۆش، جەمیل ڕەنجبەر و ". ناوەکانیان وا بوون بە دەگمەن ناوی پۆزەتیفیان هەبووە؛ ژمارەیەکی کەمیان، ناویان ئاسایییە وەك مەجید هێرش، کەریم شارەزا.

بەر لەوەی دەرگەکەی ناوەوە بکەمەوە، کاك سەڵاح دەرگەکە دەکاتەوە و بە پێی خۆی، پیاوێکی باڵاناوەندی کەمێك چوارشانەی دەموچاو سوور و زەرد و ڕوو شیرین و کەمێکیش قەڵەو، "کە بەیەکەوە فۆتۆیەك دەگرین، دەبینم، لە من باڵابەرزتر نەبوو" دشداشەیەکی فشی گەورەی لەبەردا بوو، دەرگەکە دەکاتەوە و بە فەرموو و بە چاوان نا نا پێڵاوەکانت لە پێ مەکەرەوە، وەرە ژوورەوە، "منیش زووتر قەیتانی پێڵاوەکانم شل کردبوونەوە، بۆیە بە ئاسانی پێڵاوەکانم دادەکەنم، ئەگەرچی پاکیش بوون؛ بەڵام نامەوێ و ناکرێ بە پێڵاوەوە بچمە سەر مافووری هیچ ماڵ و دیوەخانێك!" ئیتر ئەو دەمباتە ناو ژووری میوانەکانی، ژوورە لاکێشەکە، ژووورەکە گەورە نەبوو و بچووکیش نەبوو، ژوورەکەی کردبووە دوو بەش، دوو سێ سۆفای بۆ دانیشتن و مێزێك و چەند کورسییەکی بۆ نانخواردن و شەوچەرەکانی تێدا دانابوو. بەر لەوەی ئەو بڵێت ئێستا سپلیتەکە دادەگیرسێنم و ژوورەکە فێنك دەکەمەوە، من بە دیار سێ وێنەی گەورەی ڕەش و سپی سەر دیوارەکەی بەرامبەرم ڕادەوەستم، سەیرم دەکردن و جانتاکەشم هەر لە دەست بوو، سێ فۆتۆی گەورەکراوی ناو چوارچێوەی ئاسایی ناسك! پاش سەیرکردنی وێنەکان ناکرێ نەپرسم ئەوانە چی تۆ بوون؟ ساڵی چەند فۆتۆکان گیراون؟!

## ٣

# فۆتۆکان دەدوێنم

وێنەیەکی دایکی، بێگومان ماوەیەکی زۆرە مردووە، بەڵام لە ڕووو و چاو و ئاکارەکەی ژیان و موژدەم بینی. باوکی بە جلە کوردییەکەی و بە ئاکارە لاوازەکەی دیارە بۆ ژیان ماندوو بووە، بە وردی کاری کردووە، دەستڕەنگینی و وردەکارییەکانی زێڕ ماندووی کردووە، بەڵام پۆشتە و جوان دیار بوو.

وێنەیەکی گەورەی ڕەشوسپی خۆی، بەڵام بە چوارچێوەیەکی گەورەتر لە ناوەندی هەردووکیانی دانابوو، تێدا ئەو جلی کوردی لەبەرە و دەمانچەیەکی بەستاوە، جەمەدانییەکی "ئێمە دەڵێین بەستنی دزەییانە"ی بەستاوە، لەوێ هێشتا زۆر گەنجە، پێشمەرگەیە، دڵی خۆشە، هەر دوو وێنەی دایك و باوکی لەسەریان نووسراوە ١٩٦١، بەڵام سەبارەت بە وێنەکەی خۆی گوتی: "ئەوەیان لە ناوپردان لە ساڵی **١٩٧٣** گیراوە. لەودەمانە لەوێ کاری حیزبیم دەکرد، لە وەزیفە کارم نەدەکرد، بەڵام وەك فەرمانبەر لەسەر میلاکی موتەسەریفیەتی هەولێر هەر مابووم!"

### کتێب باشترین دیارییە..

من کتێبەکەی خۆم "جەمال عەلەمدار یەکەمین هەولێریی لە سوید"م لەناو دەست بوو، نوێ و نایلۆنەکەی پێوە مابوو، لە

سەرەتای ساڵی **٢٠٢٢** ئامادە و چاپم کردبوو، بە دیاریی دانەیەکم لەگەڵ خۆم بردبوو، کتێبەکەم بەرز کردەوە و گوتم:

"جەمال عەلەمدار"ت دەناسی، ناوت بیستبوو؟

لە دوورەوە، ئەو لەسەر کەرەوێتەکەی تەنیشتم بوو، کەمێکیش دوور بووین، بەڵام باش و ورد ناوی کتێبەکەی بینی، زوو وەڵامی دامەوە، دڵنیابووم هەرگیز بەتەما نەبوو ئەو پرسیارەی لێ بکەم، ناوێکی لێ دەپرسم زۆر لەمێژە یەك جار بیستوویەتی، باسی کەسێك دەکەم یەك جار دوور بە دووری بینیویەتی، ئینجا زوو گوتی:

بەڵێ، ناوەکەم لە بیرە، من لە ساڵی **١٩٧٣** لە ناوپردان بووم، لەو ساڵە لە لێژنەی لێکۆڵینەوەکانی پاراستن بووم، لەگەڵ شەهید فەرەنسۆ هەریری و حەمە عەزیز و شەکیب عەقراوی بووم (دوایی بە درێژی دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە، ئەوەی گونجاو و شیاوی گوتن و باسکردن بن، پەردەیان لەسەر هەڵدەدەینەوە، ئەوەی پێویستە و ناکرێ باسیان بکەین و باشترە هەر بە شاراوەیی بمینێنەوە باسیان ناکەین، دیارە هەموو شتێك هەر هی گوتن نییە، بەڵام ناکرێ هەر بێدەنگ بین و هەر چاوەڕوان بین)، لەوێ لە ناوپردان ئەو پیاوەم بینی، گوتیان بەرپرسی حیزبە لە دەرەوە، کوڕێکی ڕۆشنبیرە و لە ئەورووپا خوێندویەتی و زۆر چالاکە، بەڵێ ئەو جارە لەوێ بینم، هەردووکمان گەنج بووین، ناوەکەم لە بیرە، بەڵام چیتر نەمدیتەوە، ناویشم نەبیستەوە.

سەڵاح ماندوو، ئەوەی زوو تێیگەیشتم زانیاریی زۆرە، خەڵکی زۆر دیوە و هەمووی لە بیرە، تەواوی ناوەکان و ڕۆژی ڕووداوەکانیشی دەزانی، بۆیە قسەکانی زۆرن، بەپەلەیە و زۆر

دەڵێت و زۆر باس دەکات، هەمووش شیاوی ئەوەن بنووسرێنەوە. ناکرێ ڕستەیەك، ناوێك، ڕووداوێك پشتگوێ بخرێن و تۆمار نەکرێن. لەناو قسەکانی بە خێرایی وەك ئاماژەیەك ئەو گوتی؛

لەو دەمانە لە وەکالەتی ئەنبائی عێراقی بووم!

منیش زوو گوتم: با لە بیرمان نەچێت کەمێك باسی ئەوەش بکەین، ئەو گوتی:

فەرمانبەری موتەسەریفیەت بووم، لە بەشی تەحریر "لەو دەمانە بەرپرسی تەحریر جەودەت ئەحمەد ناجی بوو، دوایی باسی ئەو پیاوە مەزنەش دەکەین"، لە لایەن موتەسەریفی ئەو دەمانە عەبدولوەهاب ئەترووشی "موتەسەریفی کورد لەسەر لیستی پارتی بۆ شاری هەولێر لە ساڵانی ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠" دەبم بە نوێنەر و پەیامنێری وەکالەتی ئەنبائی عێراقی لە هەولێر!

منیش زوو لێم پرسی؛ لەودەمانە تۆ وەك پەیامنێری وەکالەتەکە ئیش و کار و چالاکی و نووسینەکانت چی بوون؟ ڕاپۆرت و هەواڵ و نووسینت بۆ دەناردن، ئەوەتان دەکرد؟ ئەو لە وەڵامدا گوتی:

ناڵێم هیچ ئیشمان نەبوو، بەڵام جاروبار لەگەڵ وەفد و پەیامنێرەکان سەردانی شار و شارۆچکە و پرۆژەکانمان دەکرد، هاوڕێیەتیی ئەوانم دەکرد، دەمزانی کێ هاتووە و چی نووسیوە و چ دەنێرێت، زۆرم دەناسین و زۆریش لەگەڵیان دەچووینە گەڵاڵەش.

با ئەوەم لە بیر نەچێت، بۆ ئەوەی بەردەوام کار بکەم و چالاکیم هەبێت، هەر لە یانەی ئازادییەوە، شەوانە بە تەلەفۆن لە کەشناسیی هەولێر پلەی گەرمیی و نزمیی شارم وەردەگرت، ئەو دەمانە بەرزی و نزمیی پلەکان نەبوو، یەك خوێندنەوە و یەك ڕستە بوو، پلەی گەرمی شارەکە ئەوەندەیە و بەس، نزمییەکەی نەبوو، پێشبینی باران و با و تەوژمەکانیان نەبوو، پلەی گەرمییەکەم وەردەگرت، هەر لەوێ بە تەلەفۆنەکەی یانەی ئازادی پلەی گەرمییەکەم دەدایە بەغدا، ئەوانیش وەریاندەگرت و تەواو!

من لێی دەپرسم؛ چیت لە بیر ماوە چۆن پلەی گەرماکەیان وەردەگرت و سەنتەرەکەی لە کوێ بوو؟

ئەو گوتی:

نازانم چۆن ئەوەیان دەکرد و چ جۆرە ئامێرێکیان بەکار دەهێنا، بەڵام دەزانم کارەکەیان بە سادەیی دەکرد. منیش هەر بە سادەییەوە دەمنارد و بڵاو دەکرایەوە، ئەوەی دەزانم شوێنەکەیان لەناو دائیرەی بەیتەریی "ڤێتەرنەری" هەولێر بوو، لەسەر ڕێگەی مووسڵ و بەرامبەر سایلۆ! "دیارە بەشێك بووە لە دائیرەی کشتوکاڵ، بۆیە لەوێ بووە".

هەر لەگەڵ پەیامنێرەکان دەچوومە قەسری سەلام لە گەلاڵە. هەرچی من دەمنارد و لە تەلەڤزیۆنەکانی کەرکووك و مووسڵ بڵاو دەکرانەوە. مانگانەش بیست دینارێکم وەردەگرت. لەو دەمانە دائیرەکان سادە بوون، لە موتەسەریفییەت ئۆتۆمبێل نەبوو، یەك ئەندازیاری هەبوو، تازە "عەبدوڵڵا خەفاف" هاتبووە هەولێر و لە ئیدارەی مەحەلی دەوامی دەکرد، ئەو ئەندازیار بوو، ئێستاش ماوە و چالاکە.




باوکی سەڵاح؛ "ڕەفیق زێڕینگر ڕواندوزی" لە ساڵی ١٩٦١ لە ستۆدیۆ پارک لە مووسڵ گیراوە.




دایکی سەڵاح، "بەدریە مەستەفا ڕەسووڵ، ساڵی ١٩٦١ لە ستۆدیۆ پارك لە مووسڵ گیراوە.

٤

## فەرهاد عەونی

لەم دیدارە، بۆ ئەو پرۆژەش وەك بەرنامە و كارنامەی خۆم زوو زوو بابەتەكان دەگۆڕم، دیارە ئەوەش لەناكاو شتێكم بۆ دێت، هیچم بۆ دیدارەكە ئامادە نەكردبوو، هیچم دانەڕشتبوو، بۆیە لەناكاو لە كاك سەڵاح ماندووم پرسی:

زۆر دەچیتە دەرەوە؟ كێ دەبینێت؟ هاموشۆت زۆرە؟

ئەو زوو وەڵامی دامەوە و گوتی:

زۆر و لە هەموو كەس زۆرتر سەردانی مامۆستا "فەرهاد عەونی" دەكەم، زوو دەچمە ماڵەكەی، ئەویش سەردانم دەكات، بەڵام زۆرتر من دەچم، چونكە من ئۆتۆمبێل لێدەخورم، دوایی ئەو كتێبخانەیەكی گەورەی هەیە، زووش دەڵێت:

هەموو كتێبەكانم موڵكی ئێوەیە، بۆ هەموو خوێنەرەكانە!

ئێمە لەمێژە یەكتری دەناسین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیی زۆرم بۆ هەڵوێست و شیعرەكانی "عوسمان عەونی (١٩١٤-١٩٩٢)"ی باوكی، بە ڕاستی نووسەر و كەسایەتییەكی زۆر كوردپەروەر و خاوێن بوو، شیعرەكانی بۆ كورد بوون و

بەس، ئیمان و بڕوای کورد و کوردستان بوو. زوو شیعری لە گۆڤارەکانی شام بڵاو کردیتەوە و لەسەر کوردایەتی گیراوە و سزا دراوە، عەونیی شاعیر لە دوکانەکەی خۆی کاسبی کردووە و گوزەرانی باش بووە.

هەروەها پەیوەندییمان لەگەڵ ئەو خێزانە زۆرتر بووە کە خزمێکمان کچێکی ئەوان دەخوازێت و هاموشۆی خێزانییمان زۆرتر دەبێت، ئیتر من فەرهادم خۆش دەوێت، کەسێکی باشە، پاکە، دڵسۆزە و زۆریش ڕۆشنبیرە. زوو بە گەنجی شیوعی بووە و دوایی دەبێتە ئەندامێکی چالاکی پارتی و لە بوارەکانی حیزبی و قوتابیان و ڕۆشنبیری چالاك بووە، زۆر گەنج بووە شیعری بڵاو کردیتەوە. لە پاش ڕاپەڕین وەك ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ڕۆژنامە و دوایی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و پەرلەمانتاری پارتی بووە لە پەرلەمانی عێراق و سیاسی و کەسێکی دیار و هەڵکەوتووی کوردستان بووە.

# ٥

# ڕەفیق بەکر سەعدوڵلا ڕواندزی

باوکم، وەستا "ڕەفیقی زێڕینگر" لە باوکییەوە "وەستا بەکری زێڕینگر" کاری لەگەڵ زێڕ و نەخش و کاسبی بووە. باوکم لە ساڵی ١٩٠١ لە ڕواندز لەدایك بووە، "لەگەڵ قسەکانی ئەو، منیش سەیری وێنە گەورە ڕەشوسپییە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکە دەکەم"، ئەو کاسب بووە، هاموشۆی لەگەڵ زێڕ بووە. وا دەزانم ئەو و خێزانەکەمان لە وەستا جووەکانی ناو شاری ڕواندز فێری ئەو پیشەیە بوون و زێڕیان خۆش ویستووە.

## دوایی لێی دەپرسم چ موڵکت لە ڕواندزێ هەیە؟

"بەر لەوەی قسە بکات و وەڵامم بداتەوە، لە چاوە بێ چاویلکەکەی هەستم بە تەڕایەتی، یان بڵێم هەڵم و خوناوێکی بە تروسکە و نەرمیشم لەسەر چاوەکانی کرد". لە وەڵامدا گوتی:

نا هیچ موڵکێکم نییە، بەڵام بڕیارم داوە لەوێ خانوویێك بکڕم و موڵکم لەوێ هەبێت و دڵم بەو موڵکە خۆش دەبێت".

ئەگەرچی ئەو زوو هاتووتە هەولێر، بەڵام پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی کاولۆکان لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٨-١٩٤٩ تەواو کردووە:

باوکم بڕیار دەدات بەرەو هەولێر بار بکات. زووتر مامم هاتبووە هەولێر و زێڕینگریی کردووە. قوتابخانەکەمان لە ڕواندز خانووێکی خزمێکی ئێمە بوو، حکوومەت لەو خزمەی ئێمە بە کرێی گرتبوو، خانووەکە لە گەڕەکی گەردەگەرد بوو، لە بیرمە لە ڕواندز سێ مامۆستامان هەبوو.

باوکم نەقاشێکی دیار و لێزانی زێڕ بووە، لە ساڵی **١٩٥٩** لە پێشانگەیەکی کشتوکاڵی لەناو گۆڕەپانی یاریی تۆپی پێی هەولێر ساز کرابوو، دروشمێك بە تێلی زێڕ دروست دەکات، لەوێ نمایش دەکرێت. دروشمەکە گوزارشت بووە لە خۆشییەکانی سەردەمەکە و گەشەسەندنی ناوچەکە. لەوێ پلەی یەکەم وەردەگرێت، زووتریش ببووە سەرۆکی سەندیکای زێڕینگرەکانی هەولێر.

لێی دەپرسم دیارە ئەو دەمانە هەموو نەقابەکان بە دەستی شیوعییەکانەوە بووە، ڕەنگە باوکیشت شیوعی بووبێ، زوو لە وەڵامدا دەڵێت: نا باوکم هیچ حیزبێك نەبووە، کورد بووە و بەس، باوکم دەستڕەنگینی و تاس نەخشاندنی لەگەڵ شاگرد و شەریکە جووەکەی دەکرد.

"ئیلیاهۆ"م باش لە بیرە، زیرەك بوو، نەخشی جوانی لەسەر زێڕ دروست دەکرد، بە داخەوە ڕۆیشت، ئەویش لەگەڵ جووەکانی ڕواندز و هەموو کوردستان بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد. کابرا خۆشەویستی باوکم بوو، منی زۆر خۆش دەویست، کە ڕۆیشت کەرەستە و قەڵەم و وردەکارییەکانی نەخش و نەقاشییەکانی لەناو توورگەیەك کرد، لە دەستی باوکمی کرد، پێی گوت:

حکوومەت هەر لێم دەستینێت، با بۆ ئەوان نەبێت، بۆ تۆ باشە! دوایی کەرەستەکان دەکەونە بەر دەستی کەسانی نەزان، ئەوانە شایستەی تۆن. با ئەو دیارییەی من لە کن تۆ و نەوەکانت بمینێتەوە.

ئەو دەمانەی باب و مامم لە هەولێر زێڕینگر بوون، ژمارەی زێڕینگرەکان کەم بوون، جووەکان ڕۆیشتبوون، دوایی هەندێك لە شاری ئاکرێ هاتن، کریستیانەکان هاتن، ئەوانیش شاگردی جوووەکان بوون. حاجی بەکری زێڕینگر خۆی بەزاز بوو، چووە سەر دوکانی حاجی قادری برای، دەکاتە باوکی حاکم "ڕەشید عەبدولقادر" و دەستیان لەو کاسبییە گیر دەبێت و سەرکەوتوو دەبن. مزگەوتی حاجی بەکر زێڕینگر لە ئیسکان بەرهەمی کاسبییەکەی ئەو بووە، کوڕێکی لەناو قەیسەریی هەولێر بە ناوی حاجی سەدیق ماوە و زێڕینگرە. حاجی شەریف و حاجی جەمیلیش دوکانی زێڕیان هەبوو.

**دەپرسم وێنەیەکی ساجیدە هەیە لە پشتی نووسراوە لە بەغدا گیراوە، دیارە مەبەستم ئەوەیە ئەودەمانە ساجیدە لە سەرەتایی بوو، بۆ چوویتە بەغدا، ئەو گوتی:**

**باوکم و مامم زوو زوو دەچوونە بەغدا، ئێمەشیان دەبرد، گوزەرانیان باش بوو، لەوێ دەماینەوە، ئەوان مانگانە جارێك بۆ زێڕ وەرگرتن، یان بڵێین کڕین دەچوونە بەغدا. لەو ساڵانە زێڕ لەلایەن بانکی رافیدێنی سەر بە حکومەت، بە سەر هەموو زێڕینگرەکانی عێراق دابەش دەکرا. ئەوانیش بۆ ئەوە دەچوون؛**

**ئێمە بەشمان لە هەموو ئەوانەی هەولێر زۆرتر بووە، مانگانە دوو کیلۆگرام زێڕمان وەردەگرت، لەو هەولێرە زێڕینگر هەبوو، تەنیا نیو چارەکی وەردەگرت، ئەوەندە و بەس، بەڵام ئێمە بەشمان زۆر بوو.**

**لە سەردەمی پاشایەتی و دوایی لە کۆمارییش دەچوونە بەغدا و ئاسایی زێڕەکەیان دەهێنایەوە، ئەوەی لە بیرم ماوە بۆ هەر میسقاڵێك ٢٢ حەبە زێڕ دوو حەبە پاقڕ و مسیان تێ دەکرد، تێکەڵیان دەکرد، تا باش خۆی بگرێت، زێڕینگری بێ ویژدانیش هەبوو، پاقڕی زۆرتر تێدەکرد.**

**باوکم باشترین و زیرەکترین وەستای نەخش و دەستکارییەکانی زێڕ بوو لە هەولێر، بازاڕی گەرم بوو، زووتر گوتم لە وەستا جووەکان فێر ببوو، کەرەستەکانی ئەوانی لە کن بوو.**

**باوکم و مامم کە دەچوونە بەغدا نەدەچوونە هوتێلەکان، دەچوونەماڵی "نوری ئەمین"، ئەو رواندوزی بوو، خزممان بوو، مامی دکتۆر "مەزهەر ئەمین" بوو، خۆی لە سوپا موزەمید بوو، زوو ماڵی لە گەڕەکی باب ئەلشێخ بوو، نزیك مەزارەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی "غەوس"، دوایی دەچنە گەڕەکی راغبە خاتوون. لە بازاڕ، بڵێین لە مەیدانەوە بە پاسی ژمارە چوار دەچووینە نزیك ماڵی ئەوان.**

لە هەولێر، لە دوکانەکەمان بەرانبەر هوتێل فەرەح، ئێواران کە باوکم یان مامم دەچوونەوە ماڵ لە گەڕەکی خانەقا، شاگردەکەیان زێڕەکانی ناو دوکانەکەیان کۆ دەکردەوە و دەیپێچانەوە و لەناو سەبەتێکی دەکرد، تا ماڵەوە لە دواییان دەڕۆیشت و لەبەر دەرگە زێڕەکەی دەیدایەوە دەستیان و ئەوانیش زێڕەکانیان تا بەیانی لە ماڵەوە دادەنا. بەیانییانیش بە هەمان شێوە و هەر بە دەستی زێڕەکانیان دەهێنایەوە دوکان، لەناو دوکانیش قاسەمان هەر هەبووە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٦

## باوکم لە هەولێر

باوکم زووتر بەر لە دایکم، ژنی تری زۆر هەبووە، یەکێك لەوانە خوشکی ژنی ئەو حاجی جەمیلە بووە و ناوی "دورسن" بووە و زوو مردووە، ژنەکانی تریشی زۆریان زوو مردوون یان جیا بوونەتەوە، بەڵام منداڵی لەو ژنانە نەبووە. تەنیا من کوڕی تاقانەی ئەوم.

ماڵمان لە ڕەواندوزێ لەسەر خەرەندی بوو، لەپشت چایەخانەی سەعیدی نادی، تەنیشتمان خانووی ئامۆزایەکم بوو (حاجی سەعید زێڕینگر)، بەڵام ئەو کەم ئیشی دەکرد، زۆرتر بەزازیی دەکرد و پارەی زۆر بوو، خوارەوەی کەم بەکار دەهات و سەرەوەی ماڵ و ژیانی تێدا بوو، خانووەك تا سەر خەرەند باخچە و دار و درەخت بوو، سێو و هەنار و هەنجیرمان زۆر بوو. حەوزێکمان بۆ ئاو و جوانی و فێنکی هەبوو، ئاوەکەی لە مێگرییەوە بۆ دەهات.

مامم لە ساڵی ١٩١٨ لە ڕواندزەوە هاتبووە هەولێر، دوکانی هەبووە، لە بیرمە دوکانی باوکم و مامم لە هەولێر بەرامبەر دەرگەی قەڵاتێ بوو، بەرامبەر "فندق فەرەح"، من حەزم لەو پیشەیە نەبووە، دوو سێ تاسم نەخشاند و وازم هێنا، بەڵام چەشە و ئارەزووی نەخشم زۆر بوو، بۆیەش دوایی دەبمە نیگارکێش،

گەلەریم هەبوو، تابلۆم زۆر بوو، هەموو مامۆستاکان ڕێزیان دەگرتم و لە قوتابخانە ژووری تایبەتیم هەبوو.

من قسەکەی دەبڕم و لێی دەپرسم؛ کە ناوی هوتێل فەرەحت هێنا، لەبیرتە لەوێ شەوانە مەلها هەبووە، ئەوەم بیستووە، ئەوەم خوێندوتەوە، کە شەوانە سەما و گۆرانیی تێدا بووە. ئەو گوتی:

من نەمدیبوو، زەمانی من نەبووە، بەڵام منیش بیستبووم، لەو هوتێلە یان لە شوێنێك لەو هەولێرە لە چلەکان یان زووتر تیاترۆخانە هەبووە، بەڵام زەمانی من نەبوو، دڵنیام هەبووە.

دوکانەکەی باوکم لەبیرە، شێوە و جیران و خاوەنەکەی؛ شوێنەکە، بە گەراج و دوکانەکانەوە موڵکی مەلا فەندی بوون، قاسمی کوڕی خۆی نەدەهات، زۆر ئاگای لەو موڵکانە نەبوو، "حاجی مەحموود عەلاف" سەرپەرشتی بۆ دەکرد!

ئەویش حیکایەت و سەربردەی خۆشی هەبوو. ئەو پیاوێك بوو لەو گوندانەی سەرەوە هاتبوو، ناوەکەی دیارە دێرێی، واتە لە گوندێکەوە هاتووە ناوی دێرێ بووە. ئەو هەژار بووە، زوو هاتبووە ناو بازاڕ، گەنم و جۆ و دانەوێڵەی کڕیوە و فرۆشتووە، پێیان دەگوت جەوان، واتە ئیشی دانەوێڵە بە کەمی و سادەیی دەکات. سەبر سەبر، بە زانایی و زیرەکی و دەستپاکیی خۆی دەوڵەمەند دەبێت، دەبێتە خاوەن دوکان و بازاڕ و پارە و مزگەوتیش دروست دەکات، حەزی کردووە زمانە تورکییەکەی ناو شاری هەولێر و کەرکووکی باش بێت، بەڵام هەر باش فێر نەدەبوو، بۆ ئەوەی تورکی باش فێر بێت ژنە قەڵاتییەکی بێوەژن دەهێنێت، دایکی هونەرمەندی میللی و ناسراوی هەولێر "مشکۆ"، بەڵام لەویش هەر فێر نەبووە، ئەو کوردییەکەشی لێ تێك دابوو.



**سەڵاح و باوکی، فۆتۆکە لە هەولێر لە دوکانی زێڕینگریی خۆیان لە ساڵی ١٩٦٤ گیراوە.**

## ٧

## مەحموود عەلاف دەچێتە شاری بەسرا

سەربردەی حاجی مەحموود عەلاف زۆرە، ئەو زوو دەوڵەمەند دەبێت و مزگەوتێك لە نزیك قشلە "باڵەخانەی كۆنی موتەسەریفییەت، بەرامبەر پارێزگای ئێستا" دروست دەكات. ئەو لە ڕۆژانی هەینی، لەو دەمانەی گونجاو بووایە زۆر لەوانەی پاش نوێژەكە لەناو مزگەوتەكە دەمانەوە، ئەوانەی میوانی شارەكە بوون، ئەوانەی هەواری گەرمیان نەبوو، ئەوانەی بۆ كاسبی هاتبوون، خەڵكی گوندەكانی بەیانیان زوو دەهاتن و بە كەروبارەوە دەگەڕانەوە، ئەوانەی كۆ دەكردەوە، هەمووی دەبردنەوەماڵەوە، دۆڵمەی دەدانێ، تێری دەكردن، كە دەڕۆیشتن دەیپرسی: چەند دۆڵمەت بەر كەوت؟ چەندت خوارد؟ ئەویش دەیگوت:

چوار، پێنج دۆڵمەم بەر كەوت

ئەویش دەیگوت:

ڕەبی عافیەتت بێت، زۆر بەخێر بێن!

ئەو پیاوێكی خێرخواز بووە، پاش ئەوەی دەوڵەمەندتر دەبێت كاری مقاوەلاتیش دەكات.

حاجی مەحموود عەلاف فێر ببوو ماوە ماوە سەردانی شاری

بەسرای دەکرد، ساڵانە و بە تایبەتی زستانان کە هەولێر سارد دەبوو، بۆ پشوودان دەچووە بەسرا و ماوەیەك لەوێ دەمایەوە. بە ڕێککەوت جارێکیان چەند مقاولێك لە لووبی هوتێلەکەی بەسرا دەبن، سەیری جلوبەرگ و شانوشەوکەتی ئەو دەکەن، گومان لەوە دەکەن ئەو کابرایە بۆ تەندەر و "مناقسە"ی پڕۆژەیەکی ناو بەنداوی بەسرا هاتووە، کوردە و دەوڵەمەندە و پارەی زۆرە. ئەوان بیر دەکەنەوە چارەسەری بکەن، وای لێ بکەن بەشداری مناقسە و تەندەرەکە نەکات، بکشێتەوە، ئیتر دوو لە بەڵێندەرە عەرەبەکان دەچنە کن حاجی مەحموود و بە گەرمی بەخێرهاتنی دەکەن و بە ڕوویەکی خۆش پێی دەڵێن:

کاکە ئەگەر بۆ مقاوەلاتی بەنداوەکەی بەسرا هاتوویت، حەقی خۆتە و دەستت دەڕوات و پێت دەکرێت و دەتوانیت، بەڵام ئێمەش چاومان لەو پڕۆژە گەورەیە، بۆیە با قسەیەك بکەین، با خێرەکە بۆ هەمووومان بێت، لەسەر یەکتری زۆر زیاد نەکەین و قازانجەکەی نەمینێت، دوایی کاکە تۆش خەڵکی ئێرە نیت، ڕەنگە ئەو پڕۆژە گەورەیەش بۆ تۆ زۆر ئاسان نەبێت، ببورە کە وا دەڵێین، دیارە کەسێکی لێهاتووی و لە خۆت ڕادەبینیت، بۆیە لە کوردستانەوە هاتوویت، ئینجا دەمانەوێ ڕازیت بکەین و بەشە قازانجی خۆت پێشەکی لە ئێمە وەربگریت و یەکسەر بگەڕێیتەوە و بەشداری مەکە، ئێمەش مەمنوون دەبین.

حاجی زوو لە پلانەکە تێدەگات و کەمێك خۆی گران دەکات، نایەوێ بە شتی کەم ڕازی بێت، ئەوان وا دەزانن کابرا بەڵێندەر پڕۆژەکە وەردەگرێت و ئاسان دەستبەرداری نابێت، بەوەش دڵنیا دەبن کابرا بۆ گرتنی پڕۆژەکە هاتووە، نیگەران و

سەخڵەت دەبن، لەنێوان خۆیاندا مشتومڕی زۆر دەکەن، تا دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی بە پەنجا هەزار دینار و سویجی ئۆتۆمبێلێکی نوێی شۆفرلێتی مۆدیل ٥٦ ڕازی دەکەن!

ئەویش بە پارە و ئۆتۆمبێلە نوێیەکەی دەگەڕێتەوە هەولێر، بەبێ ئەوەی بۆ پڕۆژە و مناقسەکە چووبێت، بیری لەوە کردبێتەوە و ئاگای لە پڕۆژەکەش هەبێت.

حاجی مەحموود زۆر هاتوچۆی بەغدای دەکرد، لە یەکێك لە گەڕانەوەکانی کچی "نوورەدین چەلەبی" برادەریشی لەگەڵ خۆی هێنابووە، بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل دەمرێت.

هەواڵنامەی کتێب

## ٨

## دوکان بە دوکان

دوکانەکەمان نزیك کەبابخانەی حەسەن و دوکانی ساڵح سیفۆن و بەرامبەر هوتێل فەرەح و دوکانی ڕەئووف دیشچی بوو. ڕەئووف ئیشی ددان و کیفك و زێڕی ددانی دەکرد، پیاوێکی سووری جوان بوو، پێیان دەگوت قانلی، بە تورکی "قانلی" واتە وەك خوێن سوورە، پیاوێکی کورتەباڵاش دەبوو، دەیانگوت تا پێی بگاتە کلاجی ئۆتۆمبێلەکەی کلاجەکەیان بۆ بەرز کردبووە، لەو هەولێرە لەو دەمانە دوو دیشچی هەبوون، ڕەئووف و خەلیل، ئەوانە چارەسەریی نەخۆشییەکانی ددانیان دەکرد.

ئەحمەد سولێمانی بەقاڵ بوو، ئەویش دوکانەکەی نزیك باوکم و مامم بوو، چێشتخانەی شەهرەزادیش هەر لەو ناوە بوو. لە تەنیشتمان دوکانی "عەبدوڵڵا سکۆت" بوو، ئەو پیاوە ئینگلیز بووە، لە ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهان لە هەولێر مابووە و ببوو بە موسوڵمان و ژنی هێنابوو، خوشکی مامۆستا عەلی حوسێن کەسرەی هێنابوو، ئەوان عەرەب بوون، بەڵام لەمێژ بوو لە هەولێر بوون، ئێستاش بنەماڵەکەیان لەناو هەولێر ماون.

سکۆت دوکانی پایسکیلفرۆشی و کەرەستەی کارەبایی و

شتی لەو جۆرەی هەبوو، باشم لەبیرە باوکم لە ساڵی ١٩٥٨ لە دوکانەکەی ئەو پایسکیلێکی مارکەی "ڕالی" ڕەنگی کەسکی بۆم کڕیبوو، یەکەم پایسکیل بوو بۆم کڕابوو. عەبدوڵڵا سکۆت قسەی خۆش بوو، پیاوێکی باش بوو، لەبیرمە لە پرسەی عەلی حوسێن کەسرەی خەزووری گوتبووی:

به ڕەحمەت بێت مامۆستا عەلی کەسرە بە حوشتر هاتبووە هەولێر، هەزار ڕەحمەت لە زەمانی حوشتر.

لەتەنیشت دوکانەکەی عەبدوڵڵا سکۆت، سەرتاشێك هەبوو بە ناوی تایەر پەتۆ، نازانم بۆ پاشناوی "پەتۆ"ی پێوە بوو. ئیتر ئەوە ناوجەرگەی بازاڕ بوو.

هەواڵنامەی کتێب



هەولێر سەری قەراتە و بنی باژێڕە.

# ٩

## قوتابخانەی خالیدیەی سەرەتایی لە هەولێر

باوکم تا لە ڕواندز بووە هاتوچۆی زۆر گوند و ناوچەی کردووە، لەسەر ڕێگەی ڕایات و حاجی ئۆمەران کابرایەکی شنۆیی هەبووە، دوکانێکی لەسەر ئەو ڕێگەیە هەبووە، لەو دەمانە بە لۆری و تەنکەر لەنێوان عێراق ئێران سووتەمەنییان بردووە، کاروانچی و شوفێرەکان لەو دوکانە پشوویان داوە و شتیان خواردووە، باوکیشم ئەوان دەناسێت و کچێکیان دەخوازێت و "بەدریە"ی تەمەن شازدە ساڵان مارە دەکات، منی دەبێت و بەدریە دەبێتە دایکم. ئەوەش دەزانم دایکم ماڵە باوانی سەیدەکانی شنۆ بوون. ئیتر دایکم بە بووکێنی دێتە ڕواندز و سەر خەرەندە سیحراوییەکە.

مامم زووتر هاتبووە هەولێر، بەڵام باوکم لە ساڵی ١٩٤٩ بۆ کاسبی و زێڕینگری دێتە هەولێر، کە باوکم بەیەکجاری دێتە هەولێر، من پۆلی دووی سەرەتایی بووم، دەچمە قوتابخانەی خالیدیەی سەرەتایی کوڕان، نزیك ماڵەکەی خۆمان بوو، مامۆستا "یوسف نەقشبەندی" بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو. مامۆستای جوگرافیامان "زەکی هەناری" بوو، پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو، لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم ڕۆژێکیان نەخشەیەکی عێراقمان نیشان دەدات، لەسەر نەخشەکە چەند خاڵ و ئاماژەیەك دروست دەکات و خاڵەکان بە ڕوونی دیار بوون،

هەموو پرسیمان مامۆستا ئەو خاڵ و دیارکردنە چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا بە ئێمەی گوت:

ئەوە نەخشەی وڵاتی خۆمانە، کوردستانە، باش گوێ لەوە ڕابگرن، با ئەو قسەیە بچێتە مێشکتان و لەبەری بکەن، بەڵام باسی مەکەن، لەماڵەوە باسی ئەو نەخشەیە مەکەن. دەمەوێ پێیان ڕابگەیەنم، ئێمەش مەملەکەتمان هەیە، ئێمەش مەلیك و پاشامان هەیە، بەڵام پاشاکەمان ئاوارە بووە، لە ترسی داگیرکەران ڕووی لە وڵاتانی دەرەوە کردووە، لە دەست زوڵم هەڵاتووە، مەلیکی ئێمەش ناوی مەلا مەستەفایە، کە گەورە بوون ئەو پیاوە دەناسن، ئەو مەلیکە هەر دەگەڕێتەوە.

مامۆستا "زەکی هەناری" پیاوێکی قەڵەو بوو، چەند ددانی زێڕ بوون، مامۆستایەکی پاك و خاوێن و شیرین بوو. مامۆستا "عادل" ئینگلیزی پێ دەگوتین.

مامۆستا "حەسەن"مان هەبوو بیرکاری دەگوتەوە، خەڵکی هەولێر بوو. لەبیرمە لە ڕواندز قوتابی جوومان لەگەڵدا بوو، بەڕێوەبەرەکەمان مامۆستا "جەودەت خەیلانی" بوو. هەر لە پۆلی یەك بووم مامۆستا پێی گوتم: سەڵاح وێنەی مریشکێکمان بۆ بکە. منیش وێنەیەکی جوان دروست دەکەم، ئەو کە وێنەکەی منی بینی گوتی: تۆ زەوقی هونەرییت هەیە، بەردەوام بە. ئەو زەوقە هونەرییەی منیش دەگەڕایەوە سەر ئەوەی باب و باپیرم کاری نەخشیان کردبوو، زەوقی هونەرییان هەبووە، بەڵام کە گەورە دەبم، سیاسەت منی لە هونەر زۆر دوور خستەوە، ئەگەرنا زەوق و دەستی هونەریی باڵام هەبووە. سەرەتایی تەواو دەکەم و دەچمە ناوەندیی زازا.

## ١٠

## شەریف دووسەر

شەریف دووسەر فەڕاشی ناوەندیی زازا بوو لە هەولێر، پیاوێکی چالاك و شیرین بوو، ئەو من دەرباز دەکات، زوو دەگاتە کن من و پێم دەڵێت:

سەڵاح، وەرە گوێ بگرە و زوو با کەس گوێی لێ نەبێت، لە ژووری بەڕێوەبەر بووم گوێم لێ بوو پۆلیس و ئەمن باسی تۆیان دەکرد، تێگەیشتم هاتوون بتگرن، زوو خۆت دەرباز کە!

لەگەڵ قسەکانی شەریف دووسەر، دوو قاچم هەبوو دووی تریشم قەرز کرد و بە ڕاکردن و تەنگاو دەگەمەوە دوکانی باوکم لە ناو بازاڕی، قوتابخانەکەمان، ناوەندیی زازا دووریش نەبوو، بەڵام نزیکیش نەبوو، نزیك نەخۆشخانەی کۆماری و بەرامبەری ماڵی حوسێن ئاغای سوورچی بوو. باوکم پیاوێکی دونیادیدە بوو، زوو لە تەنگاویی و پەرۆشییەکەی من تێگەیشت، منیشی زۆر زۆر خۆش دەویست، گومانێکی هەبوو من کاری حیزبی دەکەم، بۆنی کردبوو، بۆیە زوو هەندێك پارەم لەناو دەستی دەنێت و دەڵێت:

سەڵاح زوو بڕۆ، یەکسەر بڕۆ گەراجی بەغدا، بەرامبەرمان سوار بە، نا زوو ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی بگرە و یەکسەر بۆ بەغدا،

لەویٚ بە، تەلەفۆن بکە، بیٚ قسەی من نەجوولٚییتەوە، مەگەڕیٚوە تا من پیٚت دەلٚیٚم، بڕۆ! ڕامەوەستە.

ئەو هەواڵە و ئەو ڕاکردنەی من ساڵی **١٩٦٣** بوو، ڕەوشی هەولیٚر باش نەبوو، شەڕ لە چیاکان گەرم بوو، پیٚشمەرگە چالاکییان زۆر بوو، سەردەمی حەرەس قەومی و حیزبی بەعس بوو، خەڵك زۆر دەگیران، کەم کەس هەبوو لەو ساڵە نەگیرابیٚت، شیوعییەکان، پارتییەکان دەگیران، دوور دەخرانەوە، ماوەماوە گەڕەکیٚك گەمارۆ دەدرا، بە ڕەشبگیری خەڵکیان دەگرت! ئەوەی پیاو بووایە، سمیٚڵی هەبووایە ڕاپیٚچیان دەکردن، بیٚ ناو و ناونیشان خەڵکیان دەگرت، ماوەیەك دەمانەوە و ئەوەی ناوی هەبووایە، ئەوەی دەستی هەبووایە دەگیرا و ئەوانی تریش دەردەکران.

لەو ساڵانە من لەگەڵ ڕەحمەتی "ئەحمەد ڕەشوانی" لەناو ڕیزەکانی یەکیٚتیی قوتابیانی کوردستان ئیشم دەکرد، ئەو کوڕەم خۆش دەویست، کوڕیٚکی دڵسۆز بوو، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر بوو، دۆستایەتییمان بەردەوام بوو، تا لە ڕۆژانی لیٚکترازنەکە و جیابوونەوەکانی ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو دەچیٚتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەو وەك ئەندامیٚکی جەلالییەکان زۆر توند بوو، زۆریش ئامۆژگاریم دەکرد بە قسەی نەدەکردم، هەر خۆشم دەویست، لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە ناوی دەکەویٚتە ناو لیستی کوشتن، لەو ململانیٚ و یەکترکوشتنانەدا لەناو هەولیٚر دەکوژریٚت و دەبیٚتە قوربانیی ناکۆکییەکان.

"ئەحمەد ڕەشوانی ١٩٤٢-١٩٦٧ مامۆستا بوو، زۆر ئارەزووی

شیعری دەکرد، کتێبێکی بە ناوی فەرهەنگی هەڵبەست ئامادە کردبوو، پاش کوشتنەکەی شێخ لەتیف بەرزنجی بۆی چاپ کردبوو، دیوانەکە چەندان جار چاپ کرایەوە، دیزاین و وێنە و شیعرەکان ناسك بوون".

هەر لە ساڵی ١٩٥٧ەوە لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیان بووم، چەند بە تەمەن گەورەتر دەبووم چالاکیی زۆرترمان دەکرد و دیوارمان دەنووسی، بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم بڵاوکراوەم دابەش دەکرد، باوکم زوو و هەر لە ساڵی ١٩٥٨ ئۆتۆمبێلێکی بۆ کڕیبووم، دەچوومە ژووری مانەوەی "جەواد ئەسعەد شێتنە ١٩٤٠-١٩٨٤ "جەواد ڕوتبەی "فەریق ئەوەل" بوو، لەناو سوپای عێراقی و ئامیر هێزێکی زرێپۆشی بوو، سەدام لەبەر شکانی بەرەکەیان لە شەڕی ئێران عێراق گوللەبارانی دەکات، بنەماڵەکەیان بە گشتی لایەنگری حکوومەتی عێراقی بوون" لەناو هوتێلی سندباد مانگانە ژوورێکی بە کرێ گرتبوو، هوتێلەکە لەبن قەڵاتێ بوو، موڵکی حاجی مەحموود عەلاف بوو "ئێستاش شوێنەواری هوتێلەکە وەك خۆی پارێزراوە و ماوە، هیوامان وایە بپارێزرێت و نەرووخێندرێت"، لەوێ لە ژوورەکەی جەواد بڵاوکراوەمان بە دەستی دەنووسی، کاربۆنمان دادەنا، پێنج دانە پێنج دانە کۆپیمان دەکرد، بڵاوکراوەکانمان لە دیوارەکان دەدا، بەیەکەوەش گۆڤاری دەنگی قوتابیمان بە دەستخەت دەنووسی، هەردووکمان خەتمان خۆش بوو.

هەولێرنامەی ئێز

## 11

# حەرەس قەومی سێ کیلۆ زێڕمان لێ دەدزن

لەو ڕۆژەی لە قوتابخانە بۆ گرتنم هاتبوون دەچمە بەغدا، ماوەیەك لەوێ دەبم، خۆم دەشارمەوە، ماوەماوەش تەلەفۆن بۆ ماڵەوەمان دەکەم، ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەوەمان ١٧٤ بوو، بەڵام بە داخەوە ژمارەی تەلەفۆنی دوکانەکەی باوکم لەبیر نەماوە، ڕۆژێك تەلەفۆن دەکەم، بە بەدالەم گوتبوو ماڵەوەم بداتێ، کە قسە دەکەم، دەرکەوت ئەوەی لەسەر خەتە و قسەم لەگەڵ دەکات نە دایکم و نە باوکمە، دیارە پیاوانی ئەمن بوون، هاتبوون ماڵەکەیان دەپشکنی، بەڵام هیچیان نەدۆزیبووەوە، زووتر خزمەکان لەناو ژوورەکەی من هەر چیم هەبووە، هەموو بڵاوکراوە و کتێبەکانی منیان بە ئاسانی خستبووە ناو کورخانی حەمامەکەمان و سووتاندبوویان، بۆیە هیچیان دەست نەکەوتبوو.

هەر ئەوانە و لەبەر من و لە نێوچەوانی من، ئەمن و پۆلیسەکان دەچنە ژێرزەمینەکەی ماڵەوەمان، دوو باولی کلیلدار دەبینن، دوو باولی تۆکمە دەدۆزنەوە، هەردوو باولەکە پڕ پارە بوون، سەرۆك عەشیرەتی برادۆست "مەحموود بەگی خەلیفە" باوکی کەریم خانی برادۆست، لەبەر بارودۆخی ناوچەکە و شەڕەکان و دابڕانی زۆریان لە ناوچەکەیان، لەبەر دەستپاکی و

خۆشەویستیی باوکم، پارەکەیان بە ئەمانەت لە کن باوکم دانابوو، لەگەڵ پارەکە سەعاتێکی زێڕی دیاریی مەلیك فەیسەڵیشی لەناو پارەکان دانابوو، لە کاتی خۆی مەلیك پێشکەشی مەحموود بەگی کردبوو، ئەوانە هەموو دەبەن. بەڵام پاش ئەوەی هەواڵەکە دەگاتە مەحموود بەگ، ئەو بە ئاسانی پارەکە وەردەگرێتەوە، بەڵام سێ کیلۆ زێڕی باوکم نەدرایەوە و لەو پشکنین و هاتوچۆیانەدا دەستی بەسەردا گیرا و دزرا.

لەبەر ئەوەی باوکم کەسایەتیی زۆر دیار و کاربەدەستی ئەو ڕۆژانە دەناسێت، بە هەر جۆرێك بێت من لەوە دەرباز دەکات و دەگەڕێمەوە هەولێر و ئیتر ناچمەوە قوتابخانە و پاش تەواوکردنی قۆناخی ناوەندی وەك فەرمانبەر لەناو دیوانی موتەسەریفیەت دادەمەزرێم. مووچەی ئەسڵیی مانگانەکەم ١٥ دینار بوو، بەیەکەوە لەگەڵ دەرماڵەکانی تری ئاسایی فەرمانبەران هەمووی نزیکەی سی دینارێکم هەبوو، ئەوەش بڵێم نمرەکانم زۆریش باش نەبوون، بەڵام لە بیرکاری سەد لە سەدم هەبوو، لەوەیان زۆر زیرەك بووم.

ناوی ئەو قوتابییانەم لەبیرە کە لە قۆناخی ناوەندی لەگەڵم بوون؛ نەوزاد ئەحمەد، تەڵعەت عەلی ئاغا، قادر حەمەدەمین، غەنی ڕەشید، ئیحسان قۆجە، ئەنوەر عەبدوڵڵا ناسراو بە ڕەئیس ئەنوەر و موحسین بەکر؛ ئەو دەبێتە ئەفسەر و دوایی هاتە ناو شۆڕش و لە کەرەجیش لەگەڵمان بوو، پاش ماوەیەك تەسلیم بووەوە. مامۆستا "بورهان" وانەی ئینگلیزی دەگوتەوە، "مەدحەت سەفوەت" مامۆستای بیرکاری بوو، بەڕێوەبەرەکەمان "حوسێن شەعبان" بوو.

لە ساڵی ١٩٥٩ باوکم خانوویێکی گەورە بەرامبەر قاعەی شەعب دروست دەکات، وەستاکەی ناوی ئەحمەد بوو، نەخشەکەی لە لایەن "جەمیل شاکر ئاغای ڕواندزی" کرابوو، ئەو دەمانە ئەو مەساح بوو. خانووەکە دوو نهۆم بوو، بە چیمەنتۆ و کەرپووچ بوو، ژووری من لەو خانووە لە سەرەوە بوو، هەڵکەوتەی خانووەکە تایبەت و بەرچاو بوو، باوکم بە زەوق و نوێکارییەوە دروستی کردبوو، ڕووبەری زەوییەکەی شەش سەد مەتر بوو، لەو ساڵانەی من دەچمە ناو شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٥ بە هەرزان خانووەکە دەفرۆشن. ئێستاش خانووەکە ماوە و ژوورەکەی منیش لە نهۆمی سەرەوە هەر ماوە و دەیناسمەوە. "لەودەمانەی ئەو دیدارمان کرد خانووەکە وەك خۆی مابوو، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی نووسینەکە، خانووەکە لەبەر ئەوەی شوێنێکی بازرگانی ستراتیژی بەهاداری هەبوو رووخێندرا و تەختکرا، فۆتۆی پارچە زەوییەکەیان بە تەختکراویی بۆ ناردم، لەگەڵ رووخاندنی هەزارەها خانوو و دووکان و شوێنە گشتییەکان، چەندان سۆز و یادی کۆنی خەڵکەکەش دەسڕێتەوە".

## ١٢

## گۆرانیبێژ عەبدوڵڵا دڵسۆز

گۆرانیی "نەسرین" گوتن و ئاوازی هونەرمەندی خۆشەویست عەبدوڵڵا دڵسۆز بوو، "عەبدوڵڵا موحەمەد عومەر لە ساڵی **١٩٣٦** لە گەڕەکی خانەقا لەدایك ببوو، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردبوو، لە ساڵی **١٩٦٢** ئامۆژگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردبوو، نزیکەی شێست گۆرانی تۆمارکراوی هەیە، زۆربەیان ئاوازی خۆیەتی و شیعری شاعیرەکانی ئەو دەمانەی هەولێری بوون؛ پیربال مەحموود، پەشێو، بێخەو، لە ساڵی ٢٠٠٤ بە نەخۆشی لەو هەولێر مردووە، لەبەر ئەوەی بێکەس بوو، هونەرمەندەکان لەسەر پارچەیەکی ناو گۆڕستانی باشوور دەینێژن و گۆڕەکەی تەنیا هەڵدەکەوێت، بۆیە دەڵێن: "داماو بە زیندوویی و بە مردوویش هەر تەنیایە." گۆرانیی نەسرین شیعری منە، کە شیعرەکەم دا بە عەبدوڵڵا دڵسۆز، فوئاد ئەحمەد کەمێك توورەش بوو، گوتی حەزم دەکرد من ئەو شیعرەم کردبووایە گۆرانی، من ئاوازم بۆی دادەنا.

نەســــرین یـــاری جـــوانم

نەســـــرین هەســـــتی بەیـــانم

بــــــۆ ئەبەزی لە دڵـــــــداری

بـــۆ ڕا ئەکەی بـــۆ خەمبـــاری

پشتم شکا پێشکەشت بێ ژیـانم

نەســــــرین یـــــاری جـــــوانم

لەگەڵ عەبدوڵڵا دڵسۆز منداڵی یەك کۆڵانی خانەقا بووین، پیاوێکی کەمدووی بێلایەن بوو، من سواری ئۆتۆمبێلم دەکرد و لەناو شار پیاسەمان دەکرد، ئەویش عودی لێ دەدا، ژەنیارێکی بەتوانا بوو، تا لەناو هەولێر بووم زۆر یەکترمان دەبینی.

## ١٣

# تایەر تۆفیق

سەبارەت بە یادەوەری و بیرەوەیی ئەو لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی کورد تایەر تۆفیق، سەلاح ماندوو چەندان جار گوتی:

مامۆستا تایەر تۆفیق برادەرم بوو، پیاوێکی پاك و خاوێن و بە کەڕامەت بوو، کە لە موتەسەریفیەت دەوام دەکەم دەچمە ژوورەکەی ئەو، ئەویش لەوێ بوو، زووتر ببوو بە مووچەخۆر، لەو دەمانە سەردانی ئێزگەی بەغدای کردووە، گۆرانیی کوردی گوتووە، لە بەغدا ماوەتەوە سەعید قەزاز "سەعید قەزاز لە ساڵی ١٩٠٤ لە سلێمانی لەدایك بووە، فەرمانبەر بووە لەو شارە، دوایی چەندان پۆست و وەزیفەی لە کوردستان دیوە، لە ساڵی ١٩٤٤ بووە بە موتەسەریفی هەولێریش، ماوەیەکی زۆریش وەزیر بووە، پاش شۆڕشی ١٤ی موتەسەریفیەت وەك وەزیری ناوخۆ لە مەملەکەتی عێراق دەگیرێت و لە ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٩ لە سێدارە دراوە. لەو ساڵانە بە نووسین و کتێب و وتار باسی کراوە" دەناسێت، خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبوو، ئەو وەك فەرمانبەر دایدەمەزرێنێت و هەر لە بەغدا لەگەڵ "حەوا خان" هاوسەرگیری دەکات.

ئەو ژنە، تازە مێردە ئەفسەرەکەی مردبوو، خەڵکی بادینان

بوو، شوو بە تایەر تۆفیق دەکاتەوە، ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و هاوسۆزی بەسەر دەبەن.

من و تایەر تۆفیق بە ڕۆژ بەیەکەوە بووین، شەوانە بەیەکەوە دەچووینە یانەی ئازادی، لەوێ شوێنی تایبەتی خۆمان هەبوو، مێزمان دیار بوو، جاروبار فەرمانبەر و کەسایەتیی تری ناو یانەکەش لێمان کۆ دەبوونەوە.

ئەو لەناو دائیرە و لە ئیشوکارەکانی خەتی خۆش بوو، فەرمانبەرێکی خۆشەویست و باش بوو. بەزم و قسەی خۆشمان زۆر هەبووە، بەزمی زۆری مامۆستا تایەر تۆفیق دەزانم، پیاوێکی خۆشمەشەرەب بوو. شەوانە یاریی کاغەزمان دەکرد، بەوەش ناسرابوو کەم پارەی دەبردەوە، شەوانەش زەوقی هەبووایە گۆرانی بۆمان دەگوت، قبووڵی نەبوو پێی بڵێن گۆرانییەکمان بۆ بڵێ.

ئەو دەمانەی لە بەغدا بووە، شەوانە لە ئەبو نواس چوویتە بارێك، بە ڕێککەوت کابرایەکی بینیوە شەوانە یەك شووشە عەرەق و ماسییەکی گەورەی خواردووە، بەو پیاوە سەرسام دەبێت، بۆیە لە دڵی خۆیەوە گوتوویەتی شەرت بێت سەری مانگ مووچە وەربگرم وەك ئەو پیاوە عەرەبە دەکەم، ئیتر شەوێکیان لاسایی کابرا دەکاتەوە، کە دەچێتەوە ناتوانێت بەسەر قالدرمەکانی ماڵەکەی بکەوێت، تا دەگاتەوە ژوورەکەی چەند جار بەر دەبێتەوە. حەوا پێی دەڵێت؛ بۆ وات لە خۆت کردووە؟! ئەویش دەڵێت:

من وام نەکردووە، عارەبێك وای لێ کردم. پاش ئەوەی دەرشێتەوە و هەناوی بەتاڵ دەبێت، چاك دەبێتەوە!

ئەو لە شێستەکان شیعرێکی منی کردیتە گۆرانی، ئەوەیانم لەبیرە:

لەسەر گۆڕت وەستاوم یارە

ئەغیارەکانت لە من دیارن!

هەواڵنامەی کتێب

## ١٤

## دەعوەتی ئیبراهیم ئەحمەد دەبین

لە ناوپردان بووم، مامۆستا تایەر تۆفیق هاتە سەردانم گوتی دەمەوێ مەلا مەستەفا ببینم، کاك مەسعوود و کاك ئیدریس ببینم، نەخۆشییەکی هەبوو دەیویست بۆ چارەسەری خەمێکی لێ بخۆن.

ئەوان خۆشیان دەویست، ڕێزی زۆری دەگرن. بەیانییەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدمان بینی "ماڵەکەی لەناو خانوویێك بوو لەسەر چەمەکەی نێوان چۆمان و ناوپردان" گوتی شەو وەرنە کن من بەیەکەوە دادەنیشین، کە چووین عەلی عەسکەری و عومەر دەبابەش لەوێ بوون، مێزێکی جوانی بۆمان ڕازاندبووەوە. لەوێ و لەو دانیشتنە ببینم و بزانم گێزەر لەناو زەڵاتە دەکرێت. شەوێکی جوانمان بە ڕێ کرد و ئەویش بەیانییەکەی سەرۆك بارزانی بینی و دڵخۆش گەڕایەوە هەولێر. هەموو تایەر تۆفیقیان خۆش دەویست، دەمزانی مام جەلالیش خۆشی دەویست.

ئێمە زۆریش بەیەکەوە لەناو قەیسەری و لەکن کەبخابخانەکانی ناو هەولێر کەبابمان دەخوارد، ڕۆژ هەبوو بەیەکەوە **٣٢** شیش کەبابمان خواردووە، بەزمی خۆشمان بە کەباب و مەشروبی دەکرد. لە زەماوەندەکەم لەناو ماڵەکەمان

شەو ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ ساز کردم، هەموو گۆرانیبێژەکانی هەولێر لەوێ بوون؛ مامۆستا تایەر تۆفیق، ڕەسووڵ بێزار گەردی، فوئاد ئەحمەد، عەبدوڵڵا دڵسۆز، حەیدەرە کەچەڵ، موحسینی برای دومبگی لێ دەدا، باوکم حەزی نەدەکرد ئەگلنجە بکەین و شەو بەزمی خواردنەوە گەرم بکەین، بەڵام لەو دەمانە مۆدیلەکە وا بوو، لە زەماوەندەکانی ناو شاری هەولێر، کە شەو درەنگ دادەهات، ئیتر بەزمی خواردنەوە و گۆرانی دەستی پێ دەکرد، گلۆپیان هەڵدەواسی و خواردنەوە دادەنرا و بەزمی گۆرانی بە کوردی و تورکی دەگوترا. هەموو لەسەر حیسابی زاوا بوو.

من و مامۆستا تایەر نێوانمان لەگەڵ ڕەسووڵ گەردی خۆش بوو، بەزمی زۆری ئەومان لەبیرە، قسەکانی خۆش بوو، پۆشتە و جوان و خاوێن و نەوسن و چاوتێر و کابان بوو، خواردنی جوانی دروست دەکرد، جارێکیان خەریکی نووسینەوەی شیعرەکانی بوو چاپیان بکات، منیش وەک ئەوەی بەزمێکی پێ بکەم، گوتم: کوا ئەوانە شیعرن؟! زۆر سەرکەشانە و بە زەوقەوە ڕەسووڵ گەردی گوتی:

لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٠ لەوێ مامۆستا گۆران دەستی لەسەر شانم دانا؛ گوتی:

ئەگەر من بشمرم، دەزانم شیعرە ناسکەکانی تۆ بۆشاییەکانی شیعری کوردی پڕ دەکەنەوە، شیعرەکانت مایەی شانازییە بۆ ئەدەبی کوردی.

## ١٥

## ڕەسووڵ گەردی

ڕەسووڵ بێزار گەردی هەموو جار خەونی بەوە دەبینی لەناو خانووێکی سادەی کۆنی کوردەواری بژیت، لە کەشێکی فێنك. دەیگوت خانووی قووڕی کۆن وەرزی زستان و هاوینی خۆشە، لەوێ دەتوانم لە موزیك و گۆرانی و ئاوازدا داهێنانی زۆرتر بکەم.

ئەو ساڵەی هاتە دەرەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ بووە پێشمەرگە، سەرەتا لەکن من دەژیا، لەناو ماڵەکەی من بوو لە چۆمان، بەڵام کە منداڵەکانم هاتن ئەو ڕۆیشت، لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە کەم دەهاتە چۆمان و ناوپردان، بۆیەش لەسەر ڕێگەی ڕایات - حاجی ئۆمەران کونێکی بۆ خۆی هەڵکۆڵیبوو، سەری گرتبوو، لەوێ دەژیا، لەوێش خاوێن بوو، بەردەوام خۆی دەبەستا، مەراقی چەکی جوان بوو، کێشەی بۆ من و برادەرانی جبەخانەش پەیدا کردبوو، بە هیچ کلاشینکۆفێك ڕازی نەدەبوو، هەندێکی لەبەر دارەکەی، هەبوو لەبەر ئاسنەکەی، دەیگوت: ئەوەیان ژەنگی هەیە، ئەوەیان دارەکەی لووس نییە، ئیتر بە ئاسانی بڕیاری لەسەر چەکەکە نەدەدا.

ئەو ماوەیەی لەکن من بوو، خواردنی باشی ئامادە دەکرد،

چونکە هەر بە تەنیا ژیابوو، بۆیە وەستای چێشت و خواردن بوو. بەزمەکانی خۆش بوون، زۆرن و زۆرم لەبیر ماون، بەڵام بەکەڵك نووسینەوە و بڵاوکردنەوە نایەن. نەك من زۆر لە خەڵك و کۆنە برادەرەکان بەزم و قسەکانی ئەویان لەبەرە، جوانیش و بە زمانی ئەو دەیانگێڕنەوە. پیاوێکی جوان بوو لە دارشتن و گێڕانەوەی بەزمەکانی، زۆریش متمانەی بە خۆی هەبوو.

پاش ئەوەی منداڵەکانم لە هەولێر و دواییش لە ڕواندزەوە دەگەنە کن من، ئیتر ڕەسووڵ گەردی لە بارەگا و ماڵەکەم دەڕوات، نایەوێ لەناو چۆمان بێت، ناچێتە گەڵاڵە و قەسرێ، ئەو شوێنانە بۆردمانی زۆریان لەسەر بوو، دەچێتە شوێنێك نزیك گوندی دەربەند. لەسەر ڕێگەی سەرەکیی چۆمان - حاجی ئۆمەران و نزیك دەربەند پانەیەك دەدۆزێتەوە و سەری دەگرێت و دایدەپۆشێت و قەرەوێڵەیەکی لێ دادەنێت و لەوێ دەمینێتەوە. لەوێش دەخەوت و زۆریش بەدیار کونەکەوە دادەنیشت، بەڵام چۆن؟ خاوێن بە جلی کوردیی خاکی پێشمەرگانە، بە پشدێنی گەورە و چەفیەی ڕیشدارە گەورە تایبەتییەکەی، چوار مەخزەنی دەبەستا، ئامادە و کلاشینکۆف لە دەست. ئەوەی لەسەر ڕێگەکە تێدەپەڕی دەیبینی و سڵاویان لێی دەکرد و ئاوەدانییەکی لەو کونە پەیدا کردبوو.

## ١٦

# شیعرەکانی لە ڕۆژنامەی هەولێر

ڕۆژنامەی هەولێر لە شێستەکانی سەدەی ڕابردوو لە لایەن شارەوانیی هەولێر بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، لەو دەمانە ئەندازیار "هاشم عەبدوڵڵا" سەرۆك شارەوانی بووە، ئەو تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ موتەسەریفیەتی ١٩٥٨ لە زیندان بووە، پاش ئازادبوونی یەکسەر بووە بە سەرۆکیی شارەوانی هەولێر. ڕۆژنامەکە لە لایەن مەغدید سۆران ڕاستەخۆ سەرپەرشتی کردووە، ڕۆژنامەکە لە چاپخانەی سەرۆکایەتیی شارەوانی کەرکووك چاپ کراوە، لەو ڕۆژنامەیە، لەو ژمارانەی چاپ کراونەتەوە و بەردەستن، ئەو شیعرانەی سەڵاح ماندووی تێدا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە هێشتا بەردەست نین و دیار نییە لەوانیش چەند شیعری بڵاو کردیتەوە. "ماندوو" تەمەنی سەرووی بیست ساڵان بووە، لەناو هەولێر بووە، ئەم شیعرانەی بڵاو کردیتەوە.

## نامەوی بمرم

لە ژمارە ٢٩ی ڕۆژنامەی هەولێر سێشەممە ٢٠/ئاذار/١٩٦٢ بڵاو کراوەتەوە:

کوانێ بەڵێنی بەرزی ژیانت
بۆچی نابینم خەندەی جارانت؟
گیانەکەم قژخاو، تۆ بۆ گۆڕاوی
بۆ لەسەر بەڵێن توخوا نەماوی؟
گەر یارم نەبی چیم لەو ژیانە
بۆچی بمکوژی مەی و مەیخانە
نامەوێ بمرم تازە من لاوم
دووبارە گیانە دڵ پەشۆکاوم
تۆ چرای شەوی تاریکی زەنگی
تۆ بۆ دڵەکەم هەر دەمی دەنگی
گوناهم نییە گەر لێم ئەپرسی
تۆ لە دڵداری بۆچی ئەترسی؟
یاران ببینە چەند بەختیارن
وەکوو گوڵ گەشن بەبێ ئازارن
ئەتۆش لەگەڵ من هەردەم زویری
کە سەیرت ئەکەم بە خەم داگیری!
وا بۆ من دەرکەوت کە یاری من نی
گەر یارم نەبی توخوا ئەتوو چی؟

پارچەیەك شیعری بە ناوی جەژنی بەهار لە ژمارە ٣٠ی ڕۆژی شەممە، ٣١/ئاذار/١٩٦٢ی ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کردیتەوە.

لە ژمارەی **٣٤**ی چوارشەممە، **٢**ی مایسی **١٩٦٢**ی ڕۆژنامەی هەولێر پارچەیەك شیعری بە ناوی "ئەی شەو" بڵاو کردیتەوە.

لە ژمارە **٤٣**ی **٢١**ی تەمموز، **١٩٦٢** ڕۆژنامەی هەولێر بە ناوی "دایە گیان" بڵاو کردیتەوە.

لە ژمارە **٤١**ی ڕۆژی سێشەممە، **١٩٦٢**ی ڕۆژنامەی هەولێر بە ناوی "جوانی ژنێك" بڵاو کردیتەوە:

بە ڕاستی هۆشم لە لا نەماوە
بۆ ئەم جوانەی باڵا لاولاوە
ناتوانی پێنووس بینووسێتەوە
زوبان لاڵ ئەبێ بگێڕێتەوە
سەیری کوێی ئەکەی ئەڵێی هەتاوە
نەختێ بۆنی کەی سەرتاپ گوڵاوە
وشە و وتەکەی ئەڵێی شەکراوە
لێو و ئەبرۆکەی نەخش کراوە
چاوەکەی مانگە خەرمانەی داوە
بژانگی ڕەشی دەورەیان داوە

هیچ کەس نەیبینبی تیری ئەو چاوە
جار ببینی هەردەم کوژراوە
ویستم پێی بڵێم خودا دڵداران
بڵێسەی ئیشی دڵەی بیماران
وێنە بەرزەکەت گشت کانی ژیان
ئەی ئەو شەماڵەی لەبەری بەیان
فریشتەی جوانی تاریکە شەوان
جوانترین نیگار تۆی لە ئاوواتان
پەری بەهەشتی ئەفڕی لە ئاسمان
ئەبەی و ئەڕۆی ئەدزی دڵمان
چۆن بێ دڵ بژیم گیانەکەم پەیمان
وازبێنە لە دڵ دڵی بێ زوبان.

لە ژمارە ٤٧ی ٢٨ی ئاب ١٩٦٢ لە ڕۆژنامەی هەولێر شیعری "نامە و سەڵاو"ی بڵاو کردیتەوە.


لە ژمارە ٥٧ی چوارشەممە، ٧ی تشرینی دوو ١٩٦٢ ڕۆژنامەی هەولێر شیعری "یاری ژێر خاك"ی بڵاو کردیتەوە.

لەگەڵ شنەی دەستماڵی تۆ
بیر و هۆشم جووڵایەوە

به هێـــزی لێـــوی ئـــاڵی تـــۆ
بـــــــرینەکەم کـــــــولایەوە
داخەکەم بـــۆ دەســـتماڵی تـــۆ.

سەڵاح ماندوو لەسەر ئەم پارچە شیعرانە دەڵێت:

نەك ئەو پارچە شیعرانە، من هیچ دێڕێکم بێ بۆنە و ڕووداو و دەنگ و سۆز نەنووسیوە، ئەوەم نووسی کە لەناو ڕەزان و لە سەیرانا پەنجەیەکی دەستم زامدار دەبێت، کچێك لەوێ بوو، تیلمێك لە دەستماڵەکەی دەکاتەوە و پەنجەی خۆمی پێ دەبەستمەوە، ئەگەرچی زامەکەم زۆر نەبوو، بەڵام دەستماڵەکەی ئەو زوو برینەکەم سارێژ دەکات و پێم خۆشیش بوو خوێنم لێ هاتووە و بە پارچەیەك دەستماڵی ئەوەم بەستاوەتەوە.


صلاح ماندو

جوانی ژنیك

بە راستی هوشم لەلا نەماوە
بو ئەم جوانەی بالا لاو لاوە
ناتوانی بی‌نوس بی‌نووسیتەوە
زوبان لال ئەبی بی‌گیریتەوە !
سەیر کویی ئەکەی ئەلی هەتاوە
ئەختی بونی کەی سەرتاپ گولاوە
وشەو ووتەکەی ئەلی شەکراوە
لیوو ئەبروکەی ئەخش کراوە
چاوەکەی مانگە خەرمانەی داوە
بژانگی رەشی دەورەیان داوە
هیچ کەس نەبینی تیری ئەم چاوە
جاری بینی هەردەم کوژراوە

ویستم پی‌ی بلیم خودای دلداران
بلیسەی ئیشی دلەی بیماران
وینە بەرزەکەی گشت کانی ژیان
ئەی ئەم شمالەی لە بەری بەیان
فریشتەی جوانی تاریکە شەوان
جوانترین نیگار توی لە ئاوواتان
بەری بەهەشتی ئەفری لە ئاسمان
ئەبەی ونەروی ئەدزی دلمان
چون بی‌دل بژیم گیانەکەم پەیمان
وازینە لە دل دلی بی زوبان ....

**پارچە شیعری "جوانیی ژنێك"ی سەڵاح ماندوو لە رۆژنامەی هەولێر، لە سەرەتای شێستەکان، لە شارەوانیی هەولێر دەردەچوو.**

## ١٧

## سەگ و مەلا دەكوژن

مەسعوود بێبەش شیعرێكی درێژی لەسەر شێخ ڕەزا بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو ساڵانەی هەولێر نووسیبوو، ئەو تا ساڵی ١٩٧٤ و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بەڕێوەبەر بووە، كەسێكی توند بووە. ئەوە دێڕێكە لە شیعرە درێژەكە. "ئەوەی من بزانم شیعرەكە بڵاو نەكراوەتەوە، هەمووش تەنزە بەسەر ئەودا گوتراوە".

ئەوە دێڕێكی شیعرەكەیە:

شێخ و شەیتان و شورتە

مەیدانیان گەلێك كورتە.

دیارە شیعرەكە درێژە، بەڵام من ئەو دێرەم لەبیرە، هەر لەبەر ئەوەش مەلا مەسعوود بێبەش دێتە ناوپردان و دەیەوێ ڕەحمەتیی مەلا مەستەفا ببینێت. ئێوارە بوو گەیشتە بارەگاكەمان لە ناوپردان، گوتی هەر ئیمشەو دەمەوێ مەلا مەستەفا ببینم، هەمووومان ویستمان ئیقناعی بكەین بەیانی دەینێرین، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، شەو ناردمان و سەرۆك بارزانی بینی و ئەویش

خۆشی دەویست، وا بزانم لەناو هەولێر دیبووی یان ناوی بیستبوو.

ئیتر لەوێ بە بارزانی دەڵێت هاتووم گلەییم هەیە، شێخ ڕەزا لەناو هەولێر خەریکی کوشتنی مەلا و سەگە. مەبەستی لە مەلاکە خۆی بووە، لەو ساڵەش لەناو هەولێر سەگێکی بەڕەڵا منداڵێکی خواردبوو، بۆیە شارەوانی کابرایەکی فەلەیان دۆزیبووەوە بە تاپڕ سەگی بەڕەڵای بۆ حکوومەت دەکوشت. من هەردوو براکە؛ مەحموود زامدار و مەسعوود بێبەشم باش و لەنزیك و لە کۆنەوە دەناسی.

هەواڵنامەی کتێب

## ١٨

## ئەوە ناولەپم، چی لەسەر دەنووسی بنووسە!

ئەو دەمانە لە موتەسەریفیەت بووم هاوڕێیەتیی گەرم و دڵسۆزانەم لەگەڵ "جەودەت ئەحمەد ناجی" هەبوو، ئەو بەڕێوەبەری تەحریر بوو، فەرمانبەرێکی کۆن و لێزانی دائیرەکە بوو، هەموو خۆشیان دەویست، پاك و کوردپەروەر بوو، لەو دەمانەی جەلالییەکان حوکمی هەولێریان دەکرد، کەیفی پێیان نەدەهات. ئەو لایەنگیری مەلا مەستەفا بوو، من لە چۆمان بووم، ساڵی ١٩٧٢ هاتە سەردانم ویستی کاك مەسعوود ببینێت، بردمە خزمەتی، کاك مەسعوود پێشوازی گەرمی کرد، لەبیرمە ناولەپی دەستی کردەوە و بە کاك مەسعوودی گوت:

ئەوە ناولەپمە ڕووت و سپییە، چی لەسەر دەنووسن ئامادەم، بنووسە.

شەوانەش لە یانەی ئازادی دیدارمان دەبوو، زۆر حەزی لە دەنگی هونەرمەند "حەمەساڵح دیلان" بوو، پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو. ئەو شەوەی لەکنم مایەوە، بە ئاب جۆی ئێران تووشی حەساسیەیەکی خراپ بوو، بردمە کن برینپێچێکی عەرەب، دەرزییەکی لێ دا و چاك بووەوە، زۆر ترسام و گوتم میوانی ئێمەیە شتێکی لێ بێت، بەڵام باش بوو هەر ئەو شەوە چاك بووە.

## ١٩

## نەجات ئەلسەغیرە

أيظـــن أنـــي لعبـــة بيديـــه؟
أنـــا لا أفكـــر فـــي الرجـــوع إليـــه
اليـــوم عـــاد كـــأن شـــيئا لـــم يكـــن
وبـــراءة الأطفـــال فـــي عينيـــه
ليقـــول لـــي: إنـــي رفيقـــة دربـــه
وبـــأنني الحـــب الوحيـــد لديـــه
حمـــل الزهـــور إلـــي.. كيـــف أرده
وصـــباي مرســـوم علـــى شـــفتيه
ما عدت أذكر.. والحرائق في دمي
كيـــف التجـــأت أنـــا إلـــى زنديـــه
خبـــأت رأســـي عنـــده.. وكـــأنني
طفـــل أعـــادوه إلـــى أبويـــه
حتـــى فســـاتيني التـــي أهملتهـــا
فرحـــت بـــه.. رقصـــت علـــى قدميـــه
ســـامحته.. وســـألت عـــن أخبـــاره

هەواڵنامەی کتێب

وبكيــــت ســــاعات علـــى كتفيـــه
وبــدون أن أدري تركــت لــه يــدي
لتنـــام كالعصـــفور بـــين يديـــه ..
ونســيت حقــدي كلــه فــي لحظــة
مــن قــال إنــي قــد حقــدت عليــه؟
كــم قلــت إنــي غيــر عائــدة لــه
ورجعـت.. مـا أحلـى الرجـوع إليـه ..

نەجات ئەلسەغیرە میسرییە، لە ساڵی ١٩٣٨ لەدایك بووە، بە منداڵی گۆرانی گوتووە. موحەمەد عەبدولوەهاب شکایەتی ڕەسمی لە باوکی کردووە کە بواری سروشتی بە کچەکەی نادات ڕاهێنان بە دەنگی بکات و گەشە بکات.

بەڵێ شەوە و درەنگە، بە کاك سەلاح دەڵێم: ئەگەر ئێستا کەشەکە بگۆڕین و بابەتەکە ببەینە سەر گۆرانییەك، ئاوازێك زۆر بتورووژێنێت، حەز دەکەیت گوێت لە چ گۆرانییەك بێت، هەر ئێستا وەك سۆز و ئیلهامێك چ گۆرانییەکەت پێ خۆشە؟

کاك سەلاح قسە ناکات، دەست دەداتە کۆنترۆڵەکە و تەلەڤزیۆنەکە دادەگیرسێنێت، لە یوتوبەکە بە دوای گۆرانی "ایظن"ی نەجات ئەلسەغیرەدا دەگەڕێت، گۆرانییەکە دەدۆزێتەوە، منیش حەزم لەو دەنگ و شیعرە بوو، بەیەکەوە گوێ لە گۆرانییەکە ڕادەگرین، لەگەڵ شاکارێك مەست دەبین، شیعری "نزار قەبانی"یە، ئاوازی "موحەمەد عەبدولوەهاب" و

خاتوونێکی نازداری وەك "نەجات"یش گۆرانییەکە دەچڕێت، وای لەو خەیاڵ و سۆز و توانەوەیە.

هەواڵنامەی کتێب

## هەڤپەیڤینی دووەم

# هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاح ماندوو

هەولێر هیوا ستی
٢٠٢٠/٦/٢٤




سەڵاح ماندوو – هەولێر - ٢٠٢٢/٦/٢٤

١

# وێنەی بنەماڵەکەیان

دەچمەوە هیوا ستی، بەو هیوایەی "سەڵاح ماندوو" ئاسوودە ببینم و قسە بکەین، بیورووژێنم و بیدوێنم، پرسیاری لێ بکەم. ئەو کە ناوێکی باش بە بیر نایەتەوە سەرە پەنجەیەك لە نیوچەوانی دەدات و هەوایەك لەنێو ددانەکانی دەردەچێت، بە یەك دوو کۆشش، کەمێك جەستە گەورەکەشی دەجووڵێنێت و دەڵێت؛ ئا بە بیرم هاتەوە.

ئیتر لەو تەمەنە، لەو کاروانەی پڕ ئاژاوە و سەیرانە دوورودرێژەکەی ژیان، لەگەڵ حەب و دەرمان و نەخۆشییەکانیشی بیری باشە و ناوی زۆری لەبیرە.

کە دەچمە ژوورەوە میدیا خان لە ماڵەکە دەهاتە دەرەوە، زووتر هاتبوو، جامێکی فافۆن یان مسی بچووکی لە دەست بوو، دیار بوو لەناو کەلوپەلەکانی ماڵی باوکی دۆزیبوویەوە، جامەکە وردە نەخشی بەسەرەوە دیار بوو، بە منی نیشان دا و گوتی:

ئەو جامە، هی دایکم بوو، پێی دەگوت جامی زەخیرە، برنج و ئارد و ساوەر و سماق و گەنمەکوتا و بەو جامە لە فەردە و کیسەکان دەردەهێنا، بڕوا دەکەم تەمەنی جامەکە سەرووی سەد ساڵ بێت، لێرە دۆزیمەوە، دەیبەمەوە کن خۆم و پاکی

دەکەمەوە و هەڵیدەگرم. هەزار جار ئەو جامی زەخیرەم لە دەستی ئایەکە و ئۆدەم بینیوە، بە خۆشم بە کچینی بەکارم هێنابوو، زوو ناسیمەوە.

ئەو جارە لەگەڵ کاك سەلاح لە ماڵەکەی لە ژووری میوانان دانانیشین، لە سالۆنەکە و بەرامبەر دەرگەی ناندین و ژوورەکانی تر، بەرامبەر تەلەڤزیۆنە گەورەکەی لەسەر کەناڵێکی عەرەبی بوو، بەڵام بێدەنگ بوو، دادەنیشین.

کەمێك سۆفاکەی تەنیشتی چۆل دەکەم، هەندێ وردەواڵەکانی ئەو دوور دەخەمەوە، جێگەی خۆم دەکەمەوە و بالیفێکی بچووك دەدەمە پشتم و یەکێکی بچووکیش بۆ شان و شوێنی دەفتەرەکەی دەستم دادەنێم، دادەنیشم و دەکەومە بەرامبەر وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی گەورەی بنەماڵەکەیان، خۆی لەگەڵ ڕەحمەتیی ساجیدەی هاوسەری. ئەوان، دایك و باوکەکە دانیشتوون و هەر چوار کچەکەشی بە پێوە لە پشتەوەیان وەستاون؛ هەموویان بە ڕووی شیرین، ڕووخۆش، جلی ڕەنگین، کراوە و مۆدێرن لە پشت دایك و باوکیان وەستاون و دەستیان لەسەر شانیان داناوە، کچەکان "میدیا، ئارین، ئالا، ڕۆژان".

فەتحیە لەدایکبووی ساڵی١٩٢٥، دایکی ساجیدەی هاوسەری، ئامۆزای کاك سەلاح بووە، خۆی کچی پیاوێك بووە ناوی خالید بووە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەری پۆلیسی و وەرگرتنی نەجمەیەکی نوێ لە پۆلیسییەکەی بۆ مەشق و دەورەیەك دەچێتە بەغدا، بە داخەوە لەوێ لە لافاوەکەی ساڵی ١٩٥٤ بە نەخۆشی تیفۆ مردووە.

# ٢

## ساجیدە خالید: دایک و باوکی کیژەکانی بووە

ساجیدەی هاوسەری لە ژیانیدا سەربردەی زۆرە و خەباتی زۆری کردووە، بۆ ژیان و خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە لێکۆڵینەوە و پرسینەوەی پیاوانی ئەمن و پۆلیسی ساڵانی حیزبی بەعس، ڕەنج و هەڵاتن و خۆشاردنەوە و چاوەڕوانییەکانی زۆری چێشتووە، چاوەڕوانییەکەی لە هەفتە و مانگ تێپەڕ دەکات، دەگاتە ساڵێك و لەوەش تێدەپەڕێت و دەبێتە دوو ساڵ و دوایی زۆرتر درێژە دەکێشێت، وەرزێك دەڕوات، باران دەبارێت و پەلە دەدات و گەنم و جۆش دەدوورێنەوە و گەنم دەبێت بە ئارد و نان و جۆش بۆ بەردەوامی و تێرکردنی مەڕ و بزنەکان دەگەنە عەمبارەکان و گەرما دادێت، سەرما دیوارەکانی ژوورەکانیماڵەکەی دەکاتە سەلاجە، ئازایانە چاوەڕوان دەکات، ژنێکی بە جەرگە و زۆر چاوەڕوان دەکات.

باوکی چوار کچەکە "میدیا، ئارین، ئاڵا، ڕۆژان" هەر ناگەڕێتەوە، دیارە زۆر دوور بووە و نەیزانیوە و نەیتوانیوە بگەڕێتەوە. ئەویش ببوو بە پیاوێکی قاچاخ، وەك پیاوەکانی ئەگەر بە ڕۆژ ببینرێن دەگیرێن، دەکوژرێن؛ ئینجا ئەوان زۆر جار شەوانە بە دزی دەگەڕێنەوە، دەچوونەوە ماڵەکانیان و لە درزێکی دیوار، مات و بەزی لە دەرگەکان دەچوونەوە و شارەزاش بوون، بەڵام ئەو هەر نەگەڕایەوە. خەڵك هەبوو لە

گوندێکی دوور و لە پەنا بەردێك و لەسەر كانییەك، لە ماڵی كوێخایەك، بە پێناوی پیرەژنێكی ڕەشپۆشی ماستفرۆش دیداری ژن و منداڵ و كەسوكارەكانی دەكرد، ئەوان دەهاتنەوە، بەڵام ئەو شەوێكیان بە دزی، ڕۆژێكیان دەست بە جانتا هەر نەهاتەوە، نەگەڕایەوە، نەهاتەوە و ناگەڕێتەوە، دیارە سەری سپیی ببوو، ترساوە؛ نەوەك بۆن و شێوە و دەنگی نەناسنەوە، نەگەڕاوەتەوە چونكە قەڵەو بووە، یان لاواز وەك تیرۆكی لێ هاتووە، بۆیە ڕێگەی ماڵەوەی نەگرتبووە بەر و نەچووبووە.

سەربانی خانووەكەیان لە گەڕەكی زانیاری پڕ دەبن لە ئەستێرە و دەجریوێنن، گەمە لەگەڵ بسكی كیژەكانی دەكەن، دڵیان دەدەنەوە و نەرم نەرم وەنەوز و خەو و خەونیش دەخەنە چاوەكانیان و باوكیان هەر ناگەڕێتەوە. كچی گەورەكەیان بكالۆریا، ناوەندی و دوایی ئامادەییش تەواو دەكات، ئەوەی گچكەیان دەچێتە سەرەتایی و باوكیان دیار نابێت. چاوەڕوانیی ئەو ژنە و چوار كچەكە تەواو نابێت، كیژەكان لە خوێندن پۆل لە دوای پۆل دەبڕن، یەكەم دەبن، دووەم دەبن، كارتی دەرچوون دەهێننەوە، بە غاردان دەچنە ژوورەوە و باوكیان نادۆزنەوە كارتەكانیان نیشانی بدەن. دایكیان "ساجیدە" ئیمزایەكیان بە ناوی "سەڵاح" بۆ دەكات، دەستخۆشییان لێ دەكات، پێیان دەڵێت: ئەوە ماچی بابە و ئەوەش ماچی من.

ساڵ دێ و ساڵ دەڕوات و كتێب و دەفتەرەكان تەواو دەبن، كیژەكان گەورە دەبن، بسكیان درێژ دەبێت و چاویان گەش وەك ئەستێرە دەبریسكێنەوە، ملوانكەی مێخەك و موروو لە گەردەن و مەچەك دەكەن، جلەكان كۆن دەبن و جەژن دێت و دەڕوات، جلی نوێ دەكڕن، تازە دەدوورن، دەگۆڕن و باوكیان هەر نایەتەوە، باوكیان هەر لە دەرگە نادات.

شەڕەکانی "قادسیە" گەرمتر دەبێت، شەڕەکانی کوردستان هەر گەرمە، تۆپ و تەیارە بۆردومانی شاخ و گوندەکانی کوردستان دەکەن، سنوورەکان چۆل دەکەن، جەیشی شەعبی و جاش زۆر دەبن، سەدان گەنج لە قادسیەی دەکوژرێن و تەرمەکان و جەستە پارچەکراویان لەناو ئاڵای عێراقیان دەپێچن و دەگەنەوە بەر دەرگەکان، بەڵام باوکیان هەر دەنگی نابێت، سێبەری دەرناکەوێت، دەنگە گەورەکەی، دووکەڵی جگەرەکەی و تەقەی بەفری ناو بەرداخی پێکەکانی نابێت. باوکیان نە بە زیندوویی و نە بە مردووییش یەك جاریش ناگەڕێتەوە؛ خانووی نوێی زۆر لەو گەڕەکە دروست دەکرێن، بازاڕی کوران دەبێتە شارێکی گەورە، لەناو ئازادی و زانیاری شوقە دروست دەکرێن، ئەو هەر پەیدا نابێتەوە، سەرێك ناداتەوە. ماوەماوە ڕێکخستنەکان ئاشکرا دەبن، کوڕانی زۆر دەگیرێن و لە سێدارەش دەدرێن، پێشمەرگە لەناو شار، لە "ئیبراهیم زەنگنە"ی پارێزگار دەدەن، هەموو خەڵك پێیان خۆش دەبێت، ئەوان ناوێرن بزەیەك بکەن، دەزانن چاویان لەسەرە، ماوەماوە لەسەر ئەوە و لەبەر نەهاتنەوەی ئەو، دایکیان بانگی ئەمن دەکەن، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن و ئەو هەر ناگەڕێتەوە.

ساڵ دەڕوات و مانگ دەڕوات و سەڵاحی ماندوو ناگەڕێتەوە، ناگاتەوە ماڵ. دیارە ئەو ماندوو ببوو، چەند دەریا و وڵات و کەناری بڕیبوو، هەموو چیاکانی بڕیبوو، لە هەمووان ئاودیو ببوو، لە شاخێك ئاودیو بووە و گوتوویەتی: بەوەیان چیای زۆزکم بە بیر دێتەوە، لە کانییەك ئاوی خواردیتەوە و گوتوویەتی: ئاوی "مێگر"م بە بیر دێتەوە، چاوی پشیلەیەکی بینیوە و گوتوویەتی: چاوی ئەو پشیلەیە وەك چاوی کچەکانم

جوانە، هەست بە ناز و سۆزێك دەكات، گوتوویەتی: ئەوەش وەك دایكم نازدار بەسۆزە. دەڕوات و لە زێیەكان بە بەلەم و بە مەلە پەڕیوەتەوە، ڕۆیشتووە، زۆر دوور ڕۆیشتووە، زۆر دوور دەڕوات و دەگاتە ولاتێك زووتر كەم كەس گەیشتوونەتە ئەو ولاتە، ئەو هەرێمە و ناو ئەو میللەتانە، كەس بە قەد ئەو بە فڕۆكە زۆر دوور و بەرز نەڕۆیشتبوو، نەفڕیبوو، دوور نەكەوتبووەوە.

ئەو ژنە مامۆستایە ماندووە چاوەڕوان دەكات تا لە ساڵی ١٩٩٢، تا ڕۆژێكیان دەست بە دوو سێ جانتاوە مێردەكەی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو ماڵەكەی نەدەناسی، دەگەڕێتەوە و كلیلی دەرگەی ماڵەكەی لە گیرفان نەبووە، دەگەڕێتەوە و ژوورەكانی ماڵەكەی نەدەناسی، دەگەڕێتەوە و لەگەڵ ژنەكەی لە ژووری نووستنەكەی نەخەوتبوو، هاوینان نەچووبووە سەربانەكە، پارەی كارەبای ئەو ماڵەی نەدابوو، نەیدەزانی ئاوی كۆڵانەكە چۆنە؟! دەگەڕێتەوە ماڵەوە و نەیدەزانی بسكی كام لە كیژەكان درێژترە، هاتبووە و ژمارەی پێی ژنەكەی و منداڵەكانی نەدەزانی تا لە كەنەدا پێڵاویان بۆ بهێنێت، هاتبووەوە و لە ڕێگە دوورەكە باش و زۆریش ماندوو بوو، ئەو دەیزانی كەنەدا چەند دوورە، بەڵام كە چووبووە كەنەدا لە ترسانا، لە برسانا و لەبەر زەبری شكان و بێزارییان لەناو ئێران، وای زانیبوو نێوان تاران و كەنەدا هەر وەك نێوان ناوپردان و چۆمانە و بە نزیك و ئاسانی زانیبوو، وای زانیبوو لەسەر پردەكەی كاولۆكان دەپەڕێتەوە، لە پردە بەردینەكەی بەرسرین دەپەڕێتەوە، نەیزانیبوو زۆر دوور دەڕوات، بۆیە ئاسان نەبوو بگەڕێتەوە.



**فەتحیە سدیق زێڕینگر، دایکی ساجیدە، فۆتۆکە لە ڕۆژی ١٩٥٧/٣/٢٢ لە بەغدا گیراوە.**

## ٣

# لە ڕواندز دەبمە پارتی

گەورە ببووم، لە قۆناخی ناوەندی بووم، زووتریش هاوینان دەچوومەوە ڕواندزێ، حەزم لەوە بووە سەیری خەرەند بکەم، ئاوی مێگرمم پێ خۆشتر بوو، ترێ نەبوو بە قەد ترێی ڕەزەکانی گەرەوان و فەقییان خۆشتر و شیرینتر بێت. دەچوومەوە، هاوین بوو، لەناو شاری هەولێر لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان زۆر ئیشم کردبوو، مامۆستا "لەتیف نادر ڕواندزی" پێم دەڵێت:

دەزانم لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لەناو هەولێر چالاکی، بەڵام وا باشترە بچیتە ناو ڕیزەکانی حیزب. ئەو ئامۆژگارییە، بەو ڕێنماییە دەچمە ناو ڕیزەکانی حیزب و لەناو هەولێر کۆبوونەوە دەکەین، دەچینە ماڵان، لەناو باخچەکانی مەحەتەی هەولێر کۆ دەبینەوە، شێخ لەتیف بەرزنجی سەرپەرشتی هەمووانی دەکرد، دەبم بە پاڵێوراو لەناو حیزب و پاش چوار ساڵ و لە ساڵی ١٩٥٩ دەبم بە ئەندامی حیزب، مانگانە پەنجا فلس ئابوونەم داوە، لەگەڵ زەمەن و تێپەڕبوونی پلە و کات ئابوونەکەشم زیادی کردووە، ئابوونەکەم بووە بە نیو دیناریش. زوو لەگەڵ شێخ لەتیف و ئەحمەد ڕەشوانی و ئەحمەد تەقاعد کۆبوونەوەمان کردووە.



**سەڵاح ڕەفیق لە فولکەی ڕواندز - ساڵی ١٩٥٩ فولکەکە تازە دروست کرابوو.**

## ٤

## نامەیەک بۆ سەرۆکوەزیران دەبەمە بەغدا

لە قەڵەم سرِیی موتەسەریفیەتی هەولێر من فەرمانبەرم، لەو دەمانە پیاوێکی نەرم و شیرینی عەسکەر بە پلەی لیوا ڕوکن، بەغدایی، پیاوێکی خاوێن و شیرین "عەبدولمونعیم ئەلمەسرف" موتەسەریف بوو. ئەو پیاوە بەڕێزە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٨ لەو پۆستە بوو، لەو ساڵانە پڕۆژەی زۆریش بۆ هەولێر جێبەجێ کرا، لە هەموویان دیارتر شەقامی شێستمەتری و باخچەی گڵکەند بوو. تەواوکردن و دانانی ئەو دوو پڕۆژەیە لەو ساڵانە ئاسان نەبوو، بەڵام ئیشی باشی لەناو دەکرێت و بە بەرنامەی باش دەتوانن تەواویان بکەن. ئەو شەوانە لە یانەی ئەفسەران، یان لە ماڵەوە و جاروباریش دەهاتە یانەی ئازادی و عەرەقی دەخواردەوە، پیاوێکی سپۆرت و جوان بوو، بۆینباخێکی پەپوولەیی دەبەستا و دیار بوو ئەو منداڵە دەوڵەمەندێکی ناو بەغدا بوو. ڕۆژێکیان بانگم دەکات و دەڵێت:

سەڵاح دەمەوێ هەر ئیمڕۆ بچیتە بەغدا، نامەیەکی من بدەیتە دەست سەرۆك وەزیران، دەستی خۆی جەنابی سەرۆك. عەبدولڕەزاق نایف "١٩٣٤-١٩٧٨ لە پاش شۆڕشی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ یەکەم سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە، ئەو ئەفسەرێکی دیاری ناو بەعسییەکان بووە، لە کودەتاکەیان

ڕۆڵی زۆر سەرەکی هەبووە، دیارە لەگەڵ بەرنامە و پلانەکانی سەدام حوسێن نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر ناکۆك نەبوو، بۆیە سەدام و دارودەستەکەی دەیگۆڕن و دووری دەخەنەوە، دەڕوات و لە دوای دەبن و لە لەندەن دەیانەوێ بیکوژن، بەڵام خۆشبەختانە لە پلانی یەکەمی تیرۆرکردنی دەربازی دەبێت، بەڵام لە دوای نابنەوە و لە ساڵی ١٩٧٨ دەیکوژن و لەناوی دەبەن، چونکە هەستیان بەوە کردبوو مانەوەی ئەو کاری لە بەرنامەی حیزب و دەستەکەی سەدام حوسێن دەکات". منیش بە جەنابی موتەسەریف دەڵێم:

چۆن بە چی بچمە بەغدا؟!

ئەویش دەڵێت:

سەڵاح دەچیتە گەراجی بەغدا، ئۆتۆمبێلێکی خسوسی دەبەیت و یەکسەر دەڕۆیت، تا بەردەم کۆشکی وەزیرانی بەغدا دەڕۆیت، نامەکە دەدەیتە دەست خۆی، جەنابی نایف.

منیش هەر ئەو دەمە و ناچمەوە ماڵ، دوا ناکەوم، دەچمە گەراج لەوێ لەگەڵ مارسیدسەکەی جەرجیس عەبدولڕەزاق دەڕۆم، هەر ئەو ڕۆژە دەگەینە قەسری جمهووری، لە چایەخانەکانی دووزخورماتوو و خالیس ناوەستین، دەڕۆین و پشوو نادەین، دەگەینە ناو بەغدا و دەچمە بەردەم قەسری جمهووری و بە شوفێرەکە دەڵێم:

جەرجیس تۆ کەمێك لێرە دوور بوەستە و چاوەڕوانم بکە، خۆت بزر مەکە، لەو ناوە بە، باشە.

ئەویش دەڵێت: باشە منیش لەو ناوە دەبم، کەی تەواو بوویت دەڕۆینەوە.

دەچمە ناو قەسر، دەگەمە ئۆفیسەکەی سەرۆك وەزیران، بە ئەفسەرەکەی پێشوازیی ژوورەکەی دەڵێم: نامەیەکی تایبەتیی موتەسەریفی هەولێرم پێیە، بە منی گوتووە بدە دەست خۆی! ئەویش پێم دەڵێت:

باشە، بەڵام نامە بێ کردنەوە و پشکنینی ورد نابەینە ژوورەوە!

دیارە من دەسەڵاتم نەبوو، نەمدەتوانی ئەفسەرەکە ناچار بکەم، نامەکە نەکاتەوە، بۆیە دەڵێم: خۆتان دەزانن، فەرموو بیکەرەوە.

ئەفسەرەکەی ژووری پێشوازی سەرۆك وەزیران نامەکە دەکاتەوە و سەیرێکی دەکات و لە سەلامەتیی نامەکە دڵنیا دەبێت، ئینجا بە من دەڵێت:

تۆ بڕۆ، من ئێستا بۆی دەبەمە ژوورەوە، خودا حافیز.

کاك سەڵاح کە قسەکانی دەگێڕایەوە، وای دەزانی لەو چەند ڕۆژە بووە، تازەیە، گەرم و ورد قسەکانی دەکرد. من هەڵوەستەیەك دەکەم، زوو لێی دەپرسم نامەکەت بینی و داوای چی کردبوو؟!

ئەو بزەیەك دەکات، قاچە بە ژانەکەی کەمێك دەجووڵێنێتەوە و سەیرێکی دەکات، تەلەفۆنێکی بۆ دێت، سەیری ناوەکەی دەکات و دەڵێت ئەوە دکتۆرەکەیە، خزمی خۆمە، زۆر چاوی لە منە، با وەڵامی بدەمەوە ئینجا بۆت تەواو دەکەم.

ئەو وەڵامی دکتۆرەکەی دەداتەوە و باسی ژانی قاچی بۆ دەکات، دکتۆرەکەش پێی دەڵێت؛

کامێراکە بکەوە با برینەکە ببینم. ئەویش یەکسەر کامێراکەی

بۆ دەکاتەوە، لە سەری پەنجە بەژانەکەی نزیکی دەکاتەوە و باسی ڕەنگی برین و چەورایی و کرێم و حەبەکانی دەکات، پێی دەڵێت: بەرەو چاکبوونەوە دەچێت زۆر باشە. بە قسەکانی دکتۆرەکە دڵی خۆشتر دەبێت و ڕووی شیرین دەبێت، ماڵئاوایی لەو دەکات و ڕوو لە من دەکاتەوە، زوو وەڵامم دەداتەوە:

من بەر لەوەی نامەکە ببەم، بەر لەوەی سەفەرەکە بکەم، نامەکەم کردبووەوە، دانەیەکم بە ڕۆنیۆکەی خۆمان لەناو موتەسەریفیەت کۆپی کردبوو، وەك خۆی جوان و پوخت دامخستبووەوە، بەر لەوەی بڕۆم ئەو ڕۆژە نامەکەم دابووە حەسەن نۆپل "شوفێرێك بوو هاتوچۆی هەولێر ڕواندز و گەلاڵەی دەکرد، بەردەوام لەگەڵ شۆڕش و پێشمەرگە پەیوەندی هەبوو" و بۆ کاك مەسعوود بارزانیم ناردبوو، من پەیوەندیی ڕاستەوخۆم بەو هەبوو!

نامەکە بە زمان و دەربڕینێکی توند نووسرابوو، موتەسەریفە عەسکەرەکەی هەولێر نووسیبووی:

"من لەوەتی موتەسەریفی ئەو شارەم، باش و دڵسۆزانە خزمەتم کردووە، خەڵکەکە لێم ڕازین، بە پرۆژەکان دڵم خۆشە، بەرهەمی باشمان هەبووە، لەناو شار کێشە و ئاژاوەمان نییە، ئەگەر بوار بدەن جەلالییەکان وەك ئیدارە و دەسەڵات بێنە ناو ئەو شارە، بارودۆخەکە شلۆق دەبێت، باری ئاسایش تێك دەچێت، بۆیە ئەگەر ڕازی دەبن ئەوانە بێنە ناو هەولێر، من یەکسەر ئیستیقالە دەدەم!"

نامەکە گەیشت، دانەیەك دەگاتە مەلا مەستەفا و دانەیەك دەگاتە سەرۆك وەزیران.

لە ڕۆژانی دانوستانەکانی پارتی و حکوومەتی عێراقی، ڕەحمەتی مەلا مەستەفا ڕووبەڕوو بە عەبدولڕەزاق نایفی گوتبوو:

دەمزانی جەلالییەکان لەناو هەولێر بن، ئارامی شارەکە تێك دەدەن و ئێوەش ئەوەتان باش دەزانی، بەوەش ئاسوودە نەبوون!

کە کاك مەسعوود ئەو قسەیەی بۆ گێڕامەوە، سەرەتا ترسام! گوتم ڕەنگە گومان لە من بکەن، بڵێن تۆ نامەکە و قسەکەت بە مەلا مەستەفا گەیاندووە، تۆ ڕاز و ترسی موتەسەریفت ئاشکرا کردووە.

ئەوەم باش بوو، دڵم بەوە خۆش بوو، بەر لە من ئەفسەرەکەی ئۆفیسی سەرۆك وەزیران نامەکەی دیبوو، بۆیە نەترسام. بۆیەش من ترسابووم، چونکە لەو دیدارە موتەسەریفیش لەوێ بووە، بێگومان قسەکانی خۆی دەناسییەوە. بەڵام نەترسام، زوو خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردبوو، دەمگوت:

گەورەم بەر لەوەی نامەکە بگاتە دەست سەرۆك وەزیران، ئەفسەرەکەی ناو ئۆفیسەکەی ئەو، لەبەر چاوی من نامەکەی کردەوە. قسەکە لە دەمی ئەو دەرچووە. بەوەش گومانەکە لەسەر من لادەچوو.

نامەکە تایپ نەکرابوو، وێنەی تری لەسەر هەڵنەگیرابوو، بروسکەش نەبوو، نامەیەکی تایبەتی بوو بە دەستی خۆی نووسیبووی، کەس نەیدیبوو، ئەو بە داخراوەیی دابوویە دەستی من.

لەو سەردەمانە و ڕۆژانی ڕۆژەڤی دانوستانەکەی مەلا مەستەفا

و سەدام حوسێن و حوکمی زاتی، زووتر ئەلمەسرەف بانگم دەکات و دەڵێت:

فەرمانم پێ کراوە، زوو هێڵی تەلەفۆنی نێوان هەولێر گەڵاڵە بکەینەوە، بۆیان بنووسە و دانوستانەکان باش دەڕوات و بارودۆخەکە دەگۆڕێت.

سەرکردایەتیی پارتی و ڕەحمەتیی مەلا مەستەفا هەڵوێستە جوانەکانی عەبدولمنعم ئەلمەسرەفییان بە شانازی دەزانی و زانیبووم وەك دیاری و دەستخۆشی و کارە باشەکانی لەناو هەولێر، بارەگای بارزانی مافوورێکی نایابیان بە دیاری بۆ ناردبووە ماڵەکەی لە بەغدا.

# ٥

# حەمەدەمین فەرەج

حەمەدەمین فەرەج ئەفسەرێك بوو لەسەر لیست و بەشی جەلالییەکان ببوو بە موتەسەریفی هەولێر، لەنێوان ١٩٦٨-١٩٧٠ کاری کردبوو، لەو دەمانە من لەوێ بووم لەنزیکەوە ئیشم لەگەڵی کردبوو، پیاوێکی ئیشکەر و باش بوو، خۆشم دەویست و لە کاتی ئیشکردنم سوودی زۆرم وەردەگرت و زانیاریی زۆرم دەدایە شۆڕش، لە سەردەمی ئەویش جاروبار لایەنگرانی پارتی دەگیران، بەڵام نیازی خراپەی کەم بوو.

ڕۆژێکیان من لە ژوورەکەی ئەو بووم، ئەو لەگەڵ ئامیری فرقەی یەکی هەولێر کۆبوونەوەی هەبوو، بەرنامەی گرتنی گوندی "بیستانە"یان دادەڕشت، بەرنامەکە لەسەر سەندوقە لماوییەکە شرۆڤە دەکەن، سەندوقەکەیان لەسەر مێزەکە دانابوو، لاکێشەکە، پڕ لم بوو، لەو کۆبوونەوە قائیدی فرقە و نوێنەری جەلالییەکان بەشداری دەکەن، باسی ئەوە دەکەن؛ چۆن لە سێ قۆڵەوە پەلاماری گوندەکە و هێزی دەشتی هەولێر بدەن؟ لەو قسانە حەمەدەمین فەرەج وشەی "دۆغ"ی بەکار دەهێنا، دەیگوت یەکسەر و دۆغ دەگەینە ناو بیستانە و هێزەکانی فارس باوە ڕاو دەنێین، دۆغ دەڕۆین.

کۆبوونەوەکە دەکەن و بەیانی هێرشەکە دەکەن، بەڵام پلانەکەیان دەشکێت و ناتوانن بگەنە گوندی بیستانە، ئیتر وشەی "دۆغ" دەبێتە قسەی سەر زاری ئێمە و گاڵتەمان پێی دەکرد.

خەڵکی هەولێر خۆشیان نەدەویست، ڕقیان لەو بوو، قسەی زۆریان لەسەر هەڵدەبەستا، وەك سووکایەتی و ڕیسواییکردنی ناویان نابوو "قەرەج"، دەیانگوت لە ڕووی ئەخلاقییەوە تەواو نییە.

## ٦

## لەبەر پاراستن دەچمە دەرەوە

ئەوەندە ساڵ و مانگەی لە پاراستن کارم کردبوو، مووچەم هەبووە، مانگانە وەك پلەیەکی بەرز پارەم وەرگرتووە، بێ دواکەوتن چل دینارم هەبووە، ئەوەندە و بەس، هیچ جۆرە پارەی ترم لەبەر دەست نەبووە، هاوسەرەکەم لە هەولێر مامۆستای ئامادەیی بوو، خانووی خۆمان هەبووە، چاوم لە پارەی زیادی شۆڕش و حیزب نەبوو.

کاك سەڵاح ڕەفیق بەڕوونی دەڵێت:

کە بڕیار دەدەم لەناو ڕیزەکانی پاراستن ئیش بکەم، پەیوەندیی ڕاستەوخۆم زۆرتر بە شەهیدی سەرکردە فاخیر مێرگەسۆری و دواییش بە کاك مەسعوود بارزانییەوە بووە. ئیشوکاری حیزب ناکەم، واز لە کۆبوونەوەکان دەهێنم، لەسەر داوا و پێشنیاری کاك مەسعوود شیعریش بڵاو ناکەمەوە، ئەو پێم دەڵێت:

سەڵاح شوێن و کارەکەت هەستیارە، وا بکە کەم ناوت دیار بێت، شیعر بڵاو مەکەرەوە، با ناوت لەسەر زاران نەبێت، بە نهێنی پەیوەندییەکانت بکە و با کەمتر خەڵك بتناسێت!

ئیشوکارمان زۆر بوو، لە سێ بارەگا دەوام و بوونم هەبوو، لەناو چۆمان بارەگایەکمان هەبوو، خانوویێکی گەورە بوو لەسەر گردێك دروست کرابوو، لە قەسرێ شوێنمان هەبوو، لە گوندی ناوپردانیش بارەگامان هەبوو. لەو شوێنانە زۆرتر کاك مەسعوودم دەبینی و پەیوەندییەکانمان دەبوو.

پەیوەندییمان بە زۆربەی شارەکانی کوردستان و عێراق هەبوو، هەمووش پەیوەندی تایبەتی بوو، متمانەمان بە کەسەکان هەبوو، نامە و هەواڵ و ناویان بۆمان دەنارد، لەبیرمە ژنێك هەبوو ناوی "نادر" بوو، ژنێکی قەڵەو بوو، مێردەکەی لە مووسڵ پۆلیس بوو، دەهات نامە و پۆستی دەڤەرەکەی دەهێنا، دەمگوت:

نادر ناترسێت؟

- نا ناترسێم، کەس گومان لە من ناکات، لە سەیتەرەکان وەك ژن، کەس من ناپشکنێت. پیاوێکمان هەبوو بەردی گەڵاڵەی دەبردە بەسرا، لۆری هەبوو، پۆست و نامەی زۆری بۆمان دەهێنا، ناوی "حەمە ڕەئووف" بوو.

هەموو کاروبارە داراییەکانی دەزگەکەمان لەبن دەستی پیاوێکی کریستیان بوو، ناوی "شلیمۆن" بوو، پیاوێکی دڵسۆزی حیزب و شۆڕش بوو.

پێش ئەوەی بەیەکجاری دەستبەرداری وەزیفە و هەولێریش بم، هاتوچۆم هەبوو و بە ناوی میوانداری ڕەشید ئاغای جوندیان دەچوومە ناوچەکە، دەگەیشتمە جوندیان و لەوێش ئاسان دەگەیشتمە گەڵاڵە و کاروبارەکانم جێبەجێ دەکرد، حەسەن نۆپل، شوفێرەکەی هەولێر ڕواندز و گەڵاڵە هاوکاری زۆری دەکردم، ئەویش ناسیار بوو، خەڵکی ڕواندز بوو، باش یەکترمان

دەناسی. لە دیدارەکانمان لەگەڵ کاك مەسعوود شوێنێکی دوور لە ئاوەدانییان دادەنا، ئەو دەهات دوو سێ پێشمەرگەی لەگەڵ دەهات و بەیەکەوە ئیشەکانمان دەکرد و دەگەڕامەوە هەولێر. هەر لەو ناوچانە هەوارێکمان هەبوو بە چیخ و تەنەکە دروست کرابوو، لەوێ فەرەنسۆ هەریریم دەبینی، ئەفسەرێکی کۆنە شیوعی عەرەبیشم لەوێ دەبینی ناوی غەزبان ئەلسەعد بوو.

هەواڵنامەی کتێب

# ٧

## ژنەکەم دەچێتە زانکۆ

ساجیدە کە ئامادەیی تەواو دەکات، یەکەم کچمان ببوو، میدیا لەدایك دەبێت و مامۆستا گیوی موکریانی ناوەکەی لێ نابوو، چونکە من زۆر سەردانم دەکرد، بە دیار چاپ و تەقەتەقی مەکینەکانی دەوەستام، ئاگاداری وردەکارییەکانی دەرچوونی گۆڤار و کتێبەکانی بووم. جارێکیان شیعرم بۆ گۆڤارەکەی نارد، شیعرەکە هەستی نەتەوەیی و شۆڕشگێریی پێوە بوو، ئیستخبارات بابەتەکانی ئەویان دەبینی، دەبووایە بەر لە چاپکردنی گۆڤارەکە، ئەوان بزانن چ بڵاو دەکاتەوە، چوومە لای پێی گوتم:

سەڵاح ماندوو شیعرەکەت جوان بوو، بەڵام شیاوی بڵاو کردنەوە نییە، ماوەیەکیش سەردانم مەکە، چونکە گوتم شیعرەکەم بە بەرید بۆم هاتووە و نازانم ئەو ماندووە کێیە؟ نامەوێ بتناسن!

زووتر باسم کرد، مامۆستا گیو ناوی لە من نابوو "ماندوو"، خۆم شیعرم دەنووسی و نازناوی "شقی"یم بەکار دەهێنا، ئەو گوتی:

سەڵاح شەقی بە عەرەبی واتە شێت، بۆ خۆت شێت

دەکەیت؟! بنووسە ماندوو و تەواو. ئیتر لەو ڕۆژەوە نازناوی شیعریم بڵاو دەبێتەوە.

ساجیدە، کچەکەی دەبێت و ناوی لە کۆلێژی شەریعە دەردەچێت، باوکم و دایکم دەڵێن زۆر باشە دەبێتە مامۆستا و دەوامیشی لەناو هەولێر دەبێت، لەوە باشتر نابێت، بەڵام من دەڵێم:

من لە چوونە زانکۆ بێبەش بووم، نامەوێ هاوسەرەکەم بێبەش بێت، نمرەی باشە و لە زانکۆ وەردەگیرێت و دەبێت بخوێنێت، هیچ مەجال نییە، وا دەزانم ساجیدەش دەیەوێ بخوێنێت.

ئیتر دایکم و ژنەکەم و بە مەلۆتکەوە لە ساڵی **١٩٦٥** دەچنە بەغدا و سەردانی زانکۆی بەغدا دەکەن و فۆرم و شەهادە و پێویستییەکان بۆ وەرگرتن پێشکەش دەکەن، ناوی لە کۆلێژی شەریعە بەشی زمانی عەرەبی دەردەچێت. ساجیدە لە بەغدا و بەشی ناوخۆی کچان دەمێنێتەوە و دایکم بە مەلۆتکەوە دەگەڕێتەوە و کیژەکەش بە شیری کیکۆز گەورە دەکات، پاش دوو ساڵ لە دەرچوونی لە زانکۆ و تەواوکردنی خوێندنەکەی؛ دەبێتە مامۆستای دواناوەندیی زەهرای کچان لە هەولێر.



**ئەو فۆتۆیە ساجیدە و قانیعەی دەستەخوشکی لە باخچەی (الامة) لە بەغدا، لە ڕۆژی ١٩٦٦/٣/٧ گیراوە.**



**وێنەی ساجیدە خالید لەناو ئاهەنگی قوتابیانی زانکۆ لە بەغدا گیراوە.**



**فۆتۆی دەرچوونی ساجیدە لە زانکۆی بەغدا.**

## هەڤپەیڤینی سێیەم

# هەڤپەیڤین لەگەڵ سەڵاح ماندوو

شوێن: هەولێر - هیوا ستی
ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٦/٢٥

## ١

## ئەو ماندووەی ماندوو نابێت

تەلەفۆنم بۆ کاك سەڵاح کرد، هەرگیز پێیم نەدەگوت: ماندوو نەبیت، چونکە دەمزانی ئەو ماندوو نابێت. ئەو بەو تەمەنە، لەگەڵ هەموو نەخۆشییەکانی لە دیدارەکانی ڕۆژانی ڕابردوو، ماوەماوە دەیگوت:

شتێ ناخۆیتەوە؟ ئاوت ناوێ؟ بیرەیەکی سارد؟ هەموو جۆرە بیرەیەکم هەیە، یان دەیگوت: چایەکت بۆ دروست بکەم؟ قاوە ناخۆیتەوە؟!

منیش دەمگوت: سوپاس.. خۆم کەی ویستم هەڵدەستم و سەلاجەکە دەکەمەوە. دەزانم تۆ ماندوو نابیت، با هەر نازناوت ماندووش بێت، زووتریش کاك "نیاز"ی زاوای گوتبووی: هەردوو گورچیلەکانی لە مەترسیی وەستان بوون، تەندروستیی زۆر خراپ بوو، هەموومان خەممان بوو، ئەو لەگەڵ دکتۆر و سستەرەکان گاڵتەی دەکرد، نەدەترسا و ئاسایی بوو. لە تەلەفۆنەکە بۆ بەرنامەی ڕۆژەکەمان و کەی و چۆن ئەو دەڵێت:

دەچمە ئیمێرجنسی، دیدارێکی سەرپێی خێرای دکتۆرم هەیە، کە تەواو بووم تەلەفۆنت بۆ دەکەم و چاوەڕوانت دەکەم. هیچ نییە زوو تەواو دەبم.

منیش پێی دەڵێم؛ باشە، چاوەڕوانت دەکەم و هیوام وایە سەلامەت بێت و دکتۆر موژدەی باشت بداتێ. "تەلەفۆنەکە دادەخەم"

بەڵام زۆر نابات و زوو تەلەفۆن دەکاتەوە و دەڵێت: وەرە تەواو بووم، چووم دکتۆرەکەم لەوێ نەبوو. تەلەفۆنیشم بۆ دکتۆرەکە کرد، ئەو لە وەڵامدا گوتی:

کاك سەڵاح شەو نامەم ناردبوو، گوتبووم ئەزیەت مەکێشە، ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی گرنگمان هەیە، ناتوانم بچمە نەخۆشخانە، خۆم سەردانت دەکەم و دێمە ماڵەوە. "دکتۆر حوسێن ئیبراهیم ڕواندزی" بەردەوام چاوی لە منە، ئەگەرچی لە زانکۆش مامۆستایە، ئیشی زۆرە، بەڵام من لە بیر ناکات، ئەو لەگەڵ دکتۆر "کارزان حیکمەت ڕواندزی" سەردانم دەکەن، زوو زوو دێنە ماڵەوە و بە تەلەفۆنیش ڕێنماییم دەکەن.

کە دەزانم دەگەڕێتەوە ماڵ، ئیتر بەرنامەی ڕۆژەکە دادەنێین، ئەو قسە دەکات و منیش دەنووسم. ئەو بیر دەکاتەوە و شتی بە بیر دێتەوە.

ئەو ڕۆژە، لەو دیدارەدا کاك سەڵاح چاوەڕوانی نەکرد من پرسیاری لێ بکەم، بابەتێك بورووژێنم، بەڵام دەفتەر و قەڵەم و کۆمپیوتەرەکەم بە داخراوەیی دەرهێنابوو، دیارە شەو ئەوەی بەبیر هاتبووەوە، بابەتێك، بەسەرهاتێك شیاوی گێڕانەوە بێت و باسی بکات، زیاتر لە جارێك ئەو گوتبووی:

من هەموو بابەتێك باس ناکەم، ناکرێ و ناتوانم، بەڵێنم داوە،

ئەوانە هەرگیز باس نەکەم، ئەدی بۆ نەهاتمەوە؟! بۆ وەك خەڵکەکە لە پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ تەسلیم نەبوومەوە، سکرتێری حیزبمان "حەبیب موحەمەد کەریم" تەسلیم بووەوە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی "لەوانە شەهید ساڵح یوسفی" زۆریان هاتنەوە، زۆر لە ئامیر هێز و بەتالیۆنەکان، سەرلقەکان و پاڵەوانی داستان و شەڕەکان هاتنەوە. زۆر گەڕانەوە و لە شار و گوندەکان دانیشتن و وازیان هێنا. هەندێکیان بەرەو شارۆچکەکانی باشووری عێراقیش دوور خرانەوە و لەژێر چاودێریی وردیش دانرابوون، مووچەیان هەبوو، دادەمەزران، چووبوونەوە سەر خوێندن و وەزیفە کۆنەکانیان، بەڵام من نەمدەتوانی بگەڕێمەوە، دەترسام و نەدەکرا، چونکە نهێنییەکانی من دەمزانی، ناوەکانی من دەمزانی، چالاکییەکان زۆر بوون، بۆیە نەهاتمەوە، ژنێك و چوار کچ و پیرە دایکێکم ناردەوە هەولێر.

لەبەردەمیان وەستابووم کە ئەوان سواری پاس بوون، بارگە و جانتا و بسك و خەون و چاویان پێچایەوە و ڕۆیشتن و دوور کەوتنەوە، ئاودیو بوون، ئیتر کەس نەیدەزانی کەی و چۆن و لە کوێ یەکتری دەبینینەوە یان نابینینەوە؟! ئەوانەم ناردەوە و خۆم نەهاتمەوە.

## ٢

## کاک مەسعوودیان سارد کردەوە

ئەندامێکی حیزبمان لە هەولێر هەبوو "سابیر ئاغای عەدێ"، لە پاراستن بوو، پەیوەندی بە دوو نائیب زابتی ناو فرقەی سەربازیی هەولێرەوە هەبوو، عەریف ڕەشید و ساڵح، هەردووکیان کورد بوون و زانیارییان دەدایە سابیر ئاغا، منیش دەمناردە سەرەوە، زانیارییەکان باش بوون. بەڵام ڕۆژێکیان نەقیبی بەیتەری "عیزەدین مەلا مەستەفا" خەڵکی کەرکووك بوو، ئاگاداری کردمەوە "ئێستاش لە کەرکووك دەژیت و ماوە و گوزەرانیشی باش نییە"، سابیر ئاغا کەشف بووە، هەردوو نائیب زابتەکە ناویان داوە، دەستیان لەگەڵ حکوومەت هەبووە، زوو ئەو ئەندامە لە هەولێر و لەو کارە دوور بخەوە، ئەگەرنا دەگیرێت و نایبیینیەوە. من زانیاریی دروستم هەیە! دڵنیام لەو قسەیە و دەزانم.

منیش نامەیەکم بۆ کاك مەسعوود نووسی، پەیوەندیی من ڕاستەوخۆ بە کاك مەسعوود بوو، بابەتەکەم بۆ باس کرد. ئەویش داوای لە لقی دووی پارتی لە هەولێر کردبوو لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەو دوو کەسە بکەن، بزانن ڕاستە ئەو دوو کەسە بە نیازن کەسێك، ئەندامێکی چالاکمان بە گرتن بدەن، ئەندامەکەمان جێگەی بایەخی ئێمەیە و نامەوێ ژیانی بکەوێتە مەترسی.

بروسکەکەی کاك مەسعوود دەگاتە لقی دووی حیزب لە هەولێر. پاش ماوەیەك لە لایەن لقی دوو ئاگاداری کاك مەسعوود دەکەنەوە و دەڵێن: هیچ گومانێکمان لەو دوو کەسە نییە، لێکۆڵینەوەی وردمان کردووە، پێویست ناکات بترسن. تا من لەوە ئاگادار دەکەنەوە و دەزانم وەڵامەکەی ئەوان بەو جۆرە بووە و کاك مەسعوودیان سارد کردیتەوە، کابرا دەگیرێت، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا سابیر ئاغا عەدی هیچ زانیارییەکی لەسەر ئاشکرا نابێت و حکوومەت لەناوی دەبات. گەنجێکی ناو هەولێر بوو، ماڵی لە گەڕەکی سەیداوە بوو، ژنی هەبوو، خەڵکی گوندی دۆڵەبەکرەی نزیك قوشتەپە بوو، زووتر پێشمەرگەیەکی ئازا و ناودار بوو، زۆریش دڵسۆزی پارتی و کوردستان بوو.




**سەڵاح ڕەفیق دەگاتەوە سەرۆك مەسعوود بارزانی.**

٣

## دەمەوێ لە ڕواندز پشوو بدەم

کەسایەتییەکانی ڕواندز ناویان زۆر هاتووە لەوانە: "نووری باویل ئاغا"، ئەو کوڕی زۆر بوو؛ کوردۆ و سمکۆ و سەباح و خالید و وەلید. سمکۆ لەناو شارۆچکەی هەریر دوو کەس دەیکوژن و دەچنە ناو شۆڕش، یەکێکیان ناوی کەریمە گەورە بوو، خەڵکی گوندێکی دۆڵی ئاکۆیان بوو. کوردۆ دەیەوێ ژنەکەی مارە بکاتەوە.

ژنەکە پێی دەڵێت:

تۆڵەی برات بکەوە مێردت پێ دەکەم، ئەگەرنا دادەنیشم و مێرد ناکەمەوە.

کوردۆش لەگەڵ حکوومەت بوو، چەکدار بوو، ئاسان نەبوو ئەو بڕیارە بدات، بەڵام لەبەر براکەی و دوایی مارەکردنەوەی براژنەکەی بەڵێن بە ژنەکە دەدات تۆڵەی دەکاتەوە.

ئەو دەچێتە ناو شۆڕش، ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، لەوێ وەك کوڕی نووری باویل ئاغا پێشوازی گەرمی لێ دەکەن و پێیان خۆش بووە، ئەو هاتووتە ناو شۆڕش و چەکی حکوومەتی فڕێ داوە. بەڵام ئەو بۆ تۆڵەسەندنەوە چووبووە ناو شۆڕش، ماوەیەك نیازپاکیی خۆی نیشان دەدات، چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو دەکات، لەوێ دوو پیاوەکە دەدۆزێتەوە، شەوێك هەردووکیان

دەکوژێت و دەگەڕێتەوە ڕواندز، براژنەکەی مارە دەکاتەوە و چەکی زۆرتر لە حکوومەت وەردەگرێت، بەڵام خراپە ناکات. ئەو لەگەڵ سەیدەکانی بێخاڵ ناکۆکیی و دۆژمنداری هەبوو، لەناو گەلی عەلی بەگ بۆسەیەکی بۆ دادەنێنەوە و دەیکوژن.

بەڵام نووری باویل ئاغا "کاپتن های لە کتێبی دوو ساڵ لە کوردستان باسی ئازایەتیی نووری باویل ئاغا دەکات" پیاوێکی زۆر ئازا بوو، ئازا وەك ئەو ناخولْقێتەوە، لە ساڵی **١٩٦٣** بە میوانی هاتبووە هەولێر لە ماڵی فەتاح زێڕینگر، ماڵیان لە گەڕەکی بیرێژیان بووە، لەو شەوە پێشمەرگە بە هاوەن ناوچەکە بۆردومان دەکەن، ئەو بریندار دەبێت و دەمرێت. تەمەنم دوازدە ساڵ دەبوو، لەگەڵ عەلی ئاغای باویل ئاغا لە بناری کوڕەك چووبوومە ڕاو.

حامیەی ڕواندز کۆن بوو، لەمێژە ببوو بە مەیدان و بارەگای سوپای عێراق و هەر هەبووە، ڕەنگە ئەوەش لەبەر جووڵانەوە و شۆڕشی بارزانییەکان بووە، یان لەبەر نزیکیی بووە لە سنووری ئێران، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ شاری ڕواندز باش بووە، بازاڕی گەرم کردبوو، هاتوچۆی تێدا زۆر بووە. کەم پیاوی ئەو دەمانە هەبوو لەوێ سەربازیی نەکردبێت.

ئەگەر سەرپشکم بکەن، لە کێ بژیم و لە کێ پشوو بدەم؟ دەچمە گوندی خۆشکانی باڵەکایەتی، بەڵام بە سادەیی و جوانیی سروشتەکەی ئەو دەمانەی من لەوێ بووم. ئارەزووش دەکەم لەسەر، بەرانبەر، لەنزیك خەرەندەکەی خۆمان، لە ڕواندزیش پشوو بدەم.

# ٤

# دەنگت نەڕزی

دوکاندارێك لە هەولێر هەبوو، ناوی "موحەمەد ڕەحیم" بوو، بەقاڵ بوو، دوکانەکەی لەناو قەیسەری بەرانبەر دەرگەی مزگەوتی گەورەی ناو بازاڕ بوو، وردەواڵەی دەفرۆشت، دوکانی خۆی بوو، کەسی نەبوو، ژنی نەهێنابوو، مامۆستا تایەر تۆفیقی زۆر خۆش دەویست، مانگانە یەك جار و هەندێ جاریش دەبووە دوو جاریش، دەعوەتی دەکردین، من و مامۆستا تایەر دەچووین، ماڵەکەی لە کۆڵانێکی تەسکی گەڕەکی تەعجیلی هەولێر بوو.

کابرا ماڵەکەی سادە بوو، دوو ژووری تەسك، ناندینێکی سادە و کەرەستەی زۆر کەم، بەڵام پەلەمێزێکی بچووکی هەبوو، ئەوەیان بۆ نان و چا و خواردنەکانی بوو، کووپەیەکی لەبن قاڵدرمەکەی بۆ ئاوخواردنەوە دانابوو، بەردەوام ئاوی سارد بوو، جوانیش دایدەپۆشی، بەو پەلەمێزە خواردنی بۆمان ئامادە دەکرد، کە دەچووین مەزەی بۆ دەکردین و سێ قۆلی عەرەقمان دەخواردەوە، لە ئامادەکردنی مێخلمە وەستا بوو، پیاز و تەماتە و گۆشتی لەناو مەقلییەك دەکرد، ئەویش باشی دەخواردەوە.

ئەو بەزم و میوانداریيەش هەمووی بۆ ئەوە بوو گۆرانييەکی هونەرمەندی گەورەی عەرەب "موحەمەد عەبدولوەهاب"مان بۆ بڵێت. هەموو بڕگەکانی گۆرانی "یا جارة الوادی"ی لەبەر بوو، ئێمەی دەبرد تا ئەو گۆرانييەمان بە دەنگی خۆی بۆ بڵێت، شێتی ئەو گۆرانييە بوو، ئیتر نەماندەزانی ئەو پیاوە تەنیایە، بۆ حەزی لەو گۆرانييە و چۆن فێری بووە؟! کە گۆرانييەکەی دەگوت؛ چاوەکانی دادەخست و خەیاڵی دەڕۆیشت، دیارە دوور دەڕۆیشت و دەگەیشتە ئەو شوێن و کەس و ڕازەی گۆرانييەکەی تێدا خۆش ویستبوو، لەبەری کردبوو، بەڵام دەنگی ناخۆش بوو، گۆرانييەکەی لەبەر کردبوو، ئاوازەکەی باش دەزانی، کە لێ دەبووەوە، چاوی دەکردەوە و بە مامۆستا تایەر تۆفیقی دەگوت:

گۆرانييەکەم جوان و باش گوتەوە؟!

ئەویش پێی دەگوت؛ زۆر خۆش بوو، دەنگت نەڕزێت و هەر بژیت.

بەو پێناسەیە، بە میوانداریی مامۆستا تایەر تۆفیق دڵی خۆش بوو، دەیگوت وەرەوە ها، وەرن.

گۆرانييەکە شیعری "ئەحمەد شەوقی" ئەمیری شاعیرەکانی عەرەب بوو، ئاوازی موحەمەد عەبدولوەهاب "١٨٩٨-١٩٩١" بوو، ئەو بە مۆسیقاری نەوەکان دەناسرا، لەساڵی ١٩٢٨ گۆرانييەکە گوتراوە. پاش ئەویش "نور الهدی" و "فیروز" گۆرانييەکەیان گوتووتەوە. بەڵام کابرای بەقاڵی ناو قەیسەرییەکەی هەولێر دەنگی موحەمەد عەبدولوەهابی پێ خۆش بوو.

ئەوەش چەند بڕگەیەك لە گۆرانييەکە:

یا جارة الوادي طربت و عادني ما يشبه الأحلام من ذكراك

مثلت فی الذكری هواك و فی الكری و الذكريات صدی السنين الحاك

و لقد مررت علی الرياض بربوة غناء كنت حيالها ألقاك

ضحكت إلي وجوهها و عيونها و وجدت فی أنفاسها ڕياك

ئێمە لەگەڵ تایەر تۆفیق زۆر بەیەکەوە بووین، بۆ هەموو شوێنەکان، هاوشان دەچووین، لە دەوامی ڕۆژانەش بەیەکەوە بووین. من لە دەرەوە بووم کە ئەو کۆچی دوایی کردبوو، خەم و کۆچەکەم زۆر پێ گەورە و کارەسات بوو، چونکە لەگەڵ دایکم لە یەك نەخۆشخانە بوون، بەیەکەوە چارەسەرییان وەردەگرت، لە ماوەیەکی کورت هەردووکیان مردن، دوو کەسی دڵسۆز و گەورەی من بەیەکەوە مردن. بە داخەوە نەمتوانیوە زۆر سەردانی مەزارەکەی بکەم، تەنیا یەك جار سەردانی گۆڕەکەم کردووە.

## ٥

# کوردەکانی ئەمەریکا

پاش ئەوەی لە کەنەدا بە یەکجاری دەگەڕێمەوە، لە ساڵی ٢٠٠٤ بوومەتە ئەندام لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی گونجان و کات، ئەگەر تەندروستیم باش بێت دەچم و بارەگاکەمان لەناو مەسیف سەلاحەدینە.

لەگەڵ شەهید سەید کەریم (١٩٤٩-١٩٨٤/٩/١٥) "لەسەر ڕێگەی تاسلوجە شەهید کرا" زۆر برادەر بووین، دوایی ئەو بووە یەکێتی، پاش نسکۆ ڕۆژێکیان بینیم گوتی: زۆری نەماوە شۆڕش دەست پێ بکاتەوە، وەرە سەرمان سفر بکەین و ئامادە بین، هەموو شتەکان تەواو بووە، چۆن ئاگات لێ نییە؟! ئەو باوکی ڕواندزی و دایکی خەڵکی گوندی باپشتیانی نزیك ڕواندز بوو.

سەید کەریم تەمەنی سێ مانگ بووە باوکی کوژراوە، بۆیە بە ناوی سەید کەریمی باوکی کراوە، لە ساڵی **١٩٦٩** کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، لەناو شۆڕشی ئەیلوول و یەکێتی پێشمەرگەیەکی ئازا و سەرکردەیەکی لێهاتوو بووە، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش بوو.

لەگەڵ کوردەکانی ئەمریکا نێوانمان خۆش بوو، زوو زوو سەردانم دەکردن، دکتۆر "نەجمەدین کەریم"م زۆر خۆش دەویست، کەسێکی ئیشکەر و ماندوو و دڵسۆز بوو، داوای لێ کردم ببمە ئەندام لە "KNK"، من نەمکرد و گوتم: حەز ناکەم، ئەندامانت هەیە کاتی خۆی دژی شۆڕش بووە، لەگەڵ دۆزی کورد نەبووە.

لەگەڵ "د. ئەسعەد خەیلانی" زۆر برادەر بووین، هاتوچۆمان زۆر بوو، زۆر لە ئەمریکا سەردانم دەکرد، پیاوێکی زیرەك بوو، بزنسمان و زانایەکی گەورە بوو، ژنەکەی جوو بوو.

پرۆفیسۆر د. ئەسعەد خەیلانی کەسایەتییەکی گەورەی کوردی ئەمریکا بوو، لە بوارە زانستەکاندا سەرکەوتوو بوو، بەردەوام لەگەڵ دۆزی کورد بوو، لە ڕۆژەڤە سیاسییەکاندا ئاگادار و نزیك و خاوەن بڕیار بوو، لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/١ لە ی-پسێلانتی لە ویلایەتی میشیگان "Ypsilanti Michigan" کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژنامەنووس و شاعیر نەزار خەیلانی کتێبێکی بە ناوی "ئەسعەد خەیلانی دەفتەری بیرەوەرییەکانی هەڵدەداتەوە"، ئامادە کردبوو، دەزگەی بەدرخان لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردەوە.

سۆزی دڵ و عیشقی کۆن و خۆشەویستیی سەردەمی هەرزەکاری لەبیر ناکرێت؛ سەڵاح ماندوو بچووك بووە، لە ڕواندز کچێکی هاوتەمەنی خۆش ویستووە و بۆ جوانی و سۆزی ئەو ساڵانە لە پشووی هاوین چوویتەوە ڕواندز. وەك خۆی بۆی گێڕامەوە؛ پاش پەنجا ژنەکەم دۆزیەوە، بە چاو

یەکترمان ناسییەوە، من گەنج بوومەوە، ئەویش وەك خۆی مابوو. دیدارەکە بە سۆز و کاریگەر بوو.



**سەڵاح ڕەفیق لەگەڵ شەهید مولازم سەید کەریم**

**ئێران - ١٩٧٥**

## ٦

# ئەو کچەی بۆ من بووە قوربانی

لە ساڵانی **١٩٦٠-١٩٦١** گەنج بووم کیژێکم خۆش ویست، ئەویش دڵدارم بوو، ناوی "نیزال" بوو، بە ڕەچەڵەك کورد بوون، بەڵام بە عەرەبی قسەی دەکرد، لە مووسڵ هاتبوون، بە ڕاستی یەکترمان خۆش دەویست و خێزانی هەردوولامان ئەوەیان دەزانی، هەردوولا دەیانزانی خۆشەویستییەکەمان سەر ناگرێت، دوورە لە عەقڵ، بەڵام دڵمان ئەوەی نەدەگوت، نیزال سستەر بوو، جوان بوو، لەو دەمانەی کڵپەی عیشقمان گڕی دەسەند و گەرم بوو، کوڕە خاڵێکی دکتۆر بوو، لە تورکیا هاتبووەوە، دایکی حەزی دەکرد و بەرنامەی وا بوو کیژەکەی بداتە ئەو کوڕە خوشکەی خۆی، بەڵام کیژەکە منی دەویست، شەیدای من ببوو، من شیعرم بۆی نووسیبوو، بۆیە ڕازی نەبوو، نووزایەوە، پاڕایەوە دادی نەدا.

کیژەکە لەناو ماڵەکەیان و لە ژێرزەمینەکەیان خۆی حەپس دەکات، نایەتە دەرەوە، دەرگەکە بە ئاسن شیش دەدات، گوێ ناداتە هاوار و نزای دایکی، دەیەوێ لەو گۆڕە تاریکە، لەو ژوورە ڕۆحی دەربچێت، نەوەك ببێتە بووك بۆ کوڕێك، خزمێك، میوانێك لە تورکیاوە هاتووە، کە بێهیوا دەبێت، دەرمانێکی

شووشتنی پزیشکی دەخواتەوە و دەبوریتەوە، کە دەرگەکە دەشکێنن و عاشقە ژەهرخواردووەکە دەگاتە نەخۆشخانە نیوەڕۆح ببوو، من لە دەوام بووم، لە ناوەندیی زازا، گەنج بووم، بە غاردان دەگەمە نەخۆشخانەکە، سەر جەستە ژەهراوییەکە، کیژە نیوە مردووەکە، دەگەمە سەری بەڵام چارەی ناکەم، ناتوانم دەرمانی بکەم، شیعرەکانم و سووتانی منیش دادی نادات و دەمرێت.

لێی دەپرسم کاك سەڵاح لە مردن ناترسیت:

ئەو گوتی:

نەخێر، ئاساییە چۆن بە تەنیا هاتووم واش بە تەنیا دەڕۆمەوە، هەردەمێك مردن لە دەرگەی دام و هات پێی دەڵێم: بەخێر بێیت مردن.

مامۆستا تایەر تۆفیق ناوی لە "ئارین"ی کچم ناوە.

"میدیا"ی کچم مامۆستا گیو ناوی لێ ناوە.

"ڕۆژان"ی کچم خۆم ناوم لێ ناوە

"ئاڵا"ی کچم دایکی ناوی لێناوە.

کابرایەك هەبوو خەڵکی باڵەکایەتی بوو، ناوی "موحەمەد تیزاو" بوو، لەو دەمانەی لە قەڵەم سرپیی پارێزگا بووم، لە پاراستن بووم بەرید و نهێنییەکانی منی لە هەولێرەوە دەبردە

گەڵاڵە، هەمووی لەبن سەوزەکانی ناو بۆدیی لۆرییەکەی دەشاردەوە، داوای هیچی نەدەکرد، ئێمەش هیچمان نەدەدایێ، ئەو گیانبازییانەی بە خۆڕایی دەکرد، چاوی لە پارە نەبوو، ئەگەرچی کارەکە زۆریش سامناك و بە ترس بوو، ئەو دڵسۆزانە ئەوەی دەکرد.

بورهان جاهیدی شاعیرم خۆش دەویست، ئەو شاعیرێکی گەورە بوو، چەند جار سواری ئۆتۆمبێلم کردووە، بە ئۆتۆمبێل پیاسەمان دەکرد، نیو شووشە عەرەقی بە گەرمی و بێ مەزە و بەپەلە فڕ دەکرد. شیعرەکانی گوزارشت بوون لە ژیان و نائومێدی و ڕۆژانەی خۆی. عەرەق و ژیان و زیندان و شیعر و خەمی زۆری لە ماڵ و پێگە کۆمەڵایەتییە دیارەکەیان، بورهانی وەك قەڵەمێك لاواز، وەك پایز لەرزیو کردبوو. سەردەمانی ئێمە، لەو ساڵانە بورهان جاهید، شیعر و ڕۆژانە و ژیانی ببوون بە ڕۆژەڤ، ئەو ببوو بە ناو و دەنگ.

## هەڤپەیڤینی چوارەم

# هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاح ماندوو

شوێن: هەولێر هیوا ستی
ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٦/٢٦

# ١

## ئەبو جەعفەر ئامێدی دەکوژن

لەو ڕووداوانەی لەبیرم ماون، ئەوەش بۆیە دەگێڕمەوە، دەمەوێ لەو ڕوانگەوە باسی ئەوە بکەم چۆن ناوچە ئازادکراوەکان، سەرکردایەتی و ناوچەی باڵەکایەتی، بێجگە لە پارتی و حیزبی شیوعی عێراقی، قیادەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیش لەوێ بوون.

ئەو حیزبە، یان بڵێین ئەو دەستەیە لە حیزبی شیوعی جیا ببوونەوە، ناو و هزر و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، لەسەر بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و تێڕوانینی هزریی سیاسیی خۆیان بوو. ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەوان کەوتبوونە ناوچەی باڵەکایەتیی چۆمان، بارەگای سەرەکییان لە گوندی "وارە کەون"ی نزیك ناوپردان بوو.

بەرپرسی بەرچاو و دیاریان "فارووقی مەلا مەستەفا" بوو، "ئەو پیاوە ئێستا خاوەنی ئاسیا سێڵ و نەخۆشخانەی فارووق و چەندان پرۆژەی سەرمایەگوزاری و نیشتەجێیە لە شاری سلێمانی". لەناو جەماعەتەکە یەکێك لە کادیر یان سەرکردەکانیان لەگەڵیان ناکۆك بووە و بەتووڕەییەوە لێیان جیا دەبێتەوە، دیارە ئەوانیش هەست دەکەن جیابوونەوەکەی کاریگەریی لەسەریان دەبێت،

بۆیە هەڕەشەی لێ دەکەن، کابرا دەترسێت هانا دەباتە بەر شۆڕش.

لەسەر ڕێنمایی شۆڕش بۆ ئەوەی گیانی کابرا پارێزراو بێت دووری دەخەنەوە، لەناو گوندی خۆشکان خانووێکی بۆ دابین دەکەن و مانگانە ئازوقەی دەدەنێ، پاسەوانیی دەکەن، ڕووبەڕوو و ئاشکرا پێی دەڵێن؛ بێ ئاگاداری و چاودێریی ئێمە دوور نەکەویتەوە، چونکە ئێمە باش دەزانین جەماعەتەکەت دەتکوژن، باشە، ئەویش زۆر ترسابوو، دەڵێت باشە و سوپاس.

ماوەیەك کابرا لەو گوندە ئاسوودە دەژیت، ژیانی دابینکراوە، کێشەی نییە، خەڵکی گوندەکەش ڕێزی دەگرن و ئاسانکاری بۆ دەکەن، داری بۆ سووتان بۆ پەیدا دەکەن، پێی دەڵێن بەفریش ببارێت فێرت دەکەین چۆن بەفرەکە ڕامالێت و سەربانەکە بە باگوردان بگێڕیت، ئاماژەکان وا نیشان دەدەن، کابراش وەك چەندان کادیر و کەسایەتیی ڕاونراوی سیاسی باش و دروست و جوان، لەگەڵ سروشت و مۆڕاڵی خەڵکەکە ئاوێتە دەبێت و دەبێتە خزم و کەسیان، نموونەی ئەوانەش زۆر بوون، بێجگە لەوانەش پێشمەرگە و کادیرەکانی حیزب و شۆڕشیش زۆر لەو ناوچەیە دەمانەوە و دەبوونە ئەندامێکی خێزانە گەورەکەی باڵەکایەتی، زۆریان منداڵیان بە ناوی چۆمان و چیاکانی ناوچەکەش کردووە.

تا ڕۆژێکیان بە کابرا دەڵێن: بەهائەدین نووری، "بەهائەدین نووری چەندان ساڵ سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٢٧ لە قەرەداخ لەدایك بووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ بە نەخۆشی کۆرۆنا، لە تەمەنی ٩٣ ساڵی لە سلێمانی کۆچی دوایی

کردووە. ئەو لە تەمەنی نۆزدە ساڵی چوویتە ناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عیراقی" لە چۆمانە، ئینجا بۆچی و چۆن؟ بڕیار دەدات، لە گوندەکە دابەزێت و بە جێبێك هاتووتە خوارەوە.

ئێستا من نازانم، ئەو دیدارەکەی دەکات یان نا؟ ئەگەر دیدارەکەی کردووە لە کوێ کۆنە هاوڕێیەکەی دیوە؟ چەند لەکن ئەو ماوەتەوە؟ بەڵام دەزانم هاتبووە خوارەوە و کوژرابوو، بە کورتی جەماعەتە کۆنەکەی ئەوانەی هەڕەشەیان لێی کردبوو، دەزانن ئەو دەرکەوتووە، بێ چەکە و بە تەنیا و بێباکە، دەگەنە سەری، دوو چەکداریان لەناو جێبەکەی وەك نەفەر لەناو بوو هەڵدەکوتنە سەری و تەقەی لێ دەکەن، ئاسان دەیکوژن. هەواڵەکە زوو بڵاو دەبێتەوە، بەڵام هەواڵ و تەرم و ڕووداوەکە بێدەنگ تێپەڕ نابێت.

دوو کەسەکە، یەکێکیان ئەوەی تەقەکەی کردبوو، ڕاستەوخۆ دەیکوژێت، کورد و خەڵکی کۆیە بوو. دووەمیان ئەوەی هاوڕێیەتیی کردووە، بینیوویان دەستی مردووەکەی گرتووە و ویستوویەتی بزانێت مردووە و تەواو، یان هێشتا دەژیت؟! ئەویان عەرەب بووە و خەڵکی شاری بەسرای خوارووی عێراق بووە.

هەواڵەکە زوو بڵاو دەبێتەوە، تەرمەکە دەبینرێت. لێکۆڵینەوە و پرسینەوەکان دەست پێ دەکات، بە ڕێنمایی پاراستن، زوو ئەو دوو کەسە دەستنیشان دەکەین، دەزانن کێ کابرای کوشتووە؟ لە کوێ حەشار دراون؟ دەستەی لێکۆڵینەوە و پێشمەرگە دەگەنە شوێنەکە و هەڕەشەی توند لە بارەگا سەرەکییەکەی قیادەی مەرکەزی دەکەن، داوایان لێ دەکەن، دوو کەسەکە دەستنیشان

بکەن ئەگەرنا چارەنووستان باش نابێت و گلەییش مەکەن، ئەوانیش ناتوانن دوو کەسەکە بشارنەوە، خۆیان شاراوە و نهێنی و لاچەپ بوون، بۆیە زوو هەردووکیان زەلیل و قۆڵبەستراو ڕادەستی دادگەی شۆڕش دەکەن.

حاکمەکەی کەیسەکەی بەڕێوە بردبوو، حاکم "حوسین بامەڕنی" زووتر بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆك بوو، ماوەیەك بوو هاتبووە ناو شۆڕش؛ بۆی گێڕامەوە:

لە ڕۆژانی لێکۆڵینەوەکان زوو بکوژەکە دانی بە تاوانەکەدا نابوو، گوتبووی: من کابرام کوشتووە و من تەقەکانم کردوون. کوڕە کۆییەکە گوتبووی: کابرا عەرەبەکەش لەگەڵم بووە، بەڵام ئەو تەقەی نەکردووە، تەنیا هاوڕێیەتیی منی کردووە، پاش لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لە دروستیی ڕووداوەکە، دادگەکە بڕیاری خۆی بە کوشتنەوەی بکوژەکە دەدات، لەو شوێنەی کابرای کوشتبوو، دەیکوژنەوە.

حاکمەکە گوتی لێم پرسی:

دەتەوێ کەلوپەلەکانت بدەینە کێ؟ تەرمەکەت؟ کێ ئاگاداری گوللەبارانکردنەکەت بکەینەوە؟ کێ ببینیت و کێت دەوێ؟ ئەو سەرکەشانە گوتبووی:

من کوڕی حیزبم و کەسم نییە، کەسم ناوێ و هیچم نییە بێجگە لە حیزب.

کابرای کوژراو دوایی زانیمان عەرەب نەبووە، نازناوی ئەبو جەعفەر بوو، کورد بووە و خەڵکی ئامێدی بوو.

## ٢

# حوسێن ئاغای سوورچی

لەو ساڵانە لە کەنەدا بووم، لەو دەمانەی هەواڵی ژن و منداڵ و دایکم و ڕواندزم هیچ نەدەزانی، ئاگام لە کەس نەبوو، لە کەنەدا ئیشم دەکرد، زۆر خەمم دەخوارد و چاوەڕوان بووم، ماوەماوەش پارچەیەك شیعرم نووسیوە. ڕاستە جاروباریش بۆ هەوەس و خۆشییەك سەفەرێکم کردووە، شەوچەرەیەکم کردووە، بەڵام هەرگیز لە دووری ئاسوودە نەبووم، هیوام نەبووە، تروسکاییەك ڕووناکیم بە دی نەکردووە، هیوامان بە شەڕی ئێران - عێراق بوو، بەڵام دەرکەوت سەدام و ڕژێمەکە هەموو دونیای لەگەڵە و بە ئاسانی و زوو ناڕووخێت، کۆماری ئیسلامی و سوپا مەزهەبییە شڕە لاوازەکەی، ناتوانن سەدام و بەعس بڕووخێنن.

لە کەنەدا بووم برادەران گوتیان "حوسێن ئاغای سوورچی" بۆ چارەسەری و دکتۆر هاتووتە ئەمریکا، دوایی دەزانم دەرد و نەخۆشییەکەی سادە و ئاسان بوو، زۆرتر بۆ سەیران و دونیادیتن هاتبوو. کوڕەکەی عومەر ئاغای براشی لە ئەمریکا دەیخوێند، عومەر ئاغا ژنی ڕواندزی بوو، خزمایەتیمان هەبوو، یەکترمان دەناسی.

دەچمە ئەمریکا و عومەر ئاغای سوورچی لەوێ دەبینم، زوو هەواڵی ڕواندزی لێ دەپرسم، بە سۆزەوە پێی دەڵێم:

ئاغا، خەرەند وەك جارانە؟! گوندی کاولۆکان ماوە؟! چیای هەندرێن وەك جاران سەرکەشە؟! دەزانی من لە دڵەوە زۆر غەریبی دەکەم، کوا بزانم بۆنی چیای کوڕەکت لێ دێ؟! زانیومە گوندەکان نەماون، ئاوەدانییەکان نەماون، "بەڵام ناوچەکانی ئێوە لەبەر سێبەر و پەیوەندییەکانی ئێوە و ئاغاکانی تر، ماون و ژیانیان تێدا ئاساییە." ئەگەر خەڵك لە گوند و چیا و کوێستانەکان نەبێت؛ بەفر ئاسایی وەك جاران سپی و سارد دەبارێت. ئێستاش ترێ و هەنار لە باخچەکانی سەران و گەرەوان و فەقییان هەر ماون. تکایە بۆم باس بکە، سۆزم هەڵساوە، دڵم دەکوڵێت، چوار کچم لە هەولێر جێ هێشتووە، "میدیا"ی کچی گەورەم وەك چیای هەندرێنە، "ڕۆژان" چیای زۆزکە، "ئاڵا" چیای بێجانە، "ئارین"یش هەموو چیاکانە.

ئاغا، تۆ لەوێ هاتوویت، ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٧٢ەوە لە هەولێر دەرچووم، بەڵام هێشتا لەوێ دانەبڕاوم، ڕۆژانە لە دەوری قەڵاتەکەی دەخولێمەوە و سەرم بە منارەکەی دەکەوێت، بیری شەوانەی نادی ئازادیی هەولێر دەکەم، ئەو نادییە شەوانە جیهانێکی گەورە بوو، شەوانە ڕووناك و بەسۆز و گەرم و شیرین بوو، زۆر بیری سەر مێزەکانی دەکەم، بیری بۆی و خواردن و خواردنەوەکانی دەکەم، تۆ چەند ڕۆژێکە هاتوویت، من چەندان ساڵە لەوێ هاتووم، بەڵام بۆنی ئەوێم هەر لێ دێت!

ئاغا، توو گۆڕی مردووەکانت، گۆڕی خدر ئاغای باوکت، دەزانم تۆ زۆر سوێند بەسەری ئەو دەخۆیت، سوێند بە چاوی

زیندووەکانت، ڕواندز وەك خۆیەتی، گەلی عەلی بەگ هەر فێنکە، بێخاڵ فوارەکەی بەرز و بە کەف و سپی و ساردە.

تا ئیمڕۆ تیپی موزیکی ڕواندز "پاشای گەورە" ماوە، ئێستاش مامۆستا "زرار موحەمەد" ژیانی بۆ موزیك و منداڵانی ئارەزوومەند تەرخان کردووە، هاوسەرگیری نەکردووە، لە ڕواندز دەرنەچووە، تیپی موزیکەکەی هەر ماوە؟

ئاغا، زۆر بەخێر هاتی، تکایە ئەوەی بە دکتۆر ئەسعەد خەیلانیت گوتووە، چیت بۆ ئەو گێڕاوەتەوە، ئەوەی لەناو دڵتە و باسی ناکەیت، ئەوەی زامە و لەبەر ژان و خوێنی زۆری سەرەکەی ناکەیتەوە، ئەوەی خەمە و نایگێڕیتەوە، هەمووم بۆ هەڵڕێژە، من ئەوانەم دەوێت، دەمەوێ ئەوانە بزانم؟!

تووخوا ئەوە چەند ساڵە دایکم جێ هێشتووە، ژنە ڕواندزییەکەی هەموو گیانی قسەی خۆش بوو، کابانەکەی بۆنی چێشتی کۆڵان کۆڵان دەڕۆیشت، دایکم ماوە؟ دەژیت، هەر بە دیار کچەکانی منەوەیە؟! تۆ لەبەر کارە زۆرەکانت لەبەر حکوومەت و بەرژەوەندییەکانت، هەموو شتەکان باس ناکەیت، بەڵام هەمووان دەزانیت، کە چوویتەوە هەواڵ دەنێریت بۆ ئەوان و ساجیدەی هاوسەرم و پێیان دەڵێت: سەلاحم بینی ماندووە، بە ڕاستی ئەو جارە ماندووە، بە خۆڕایی نەبوو، بە گەنجی ناویان نابوو ماندوو، ئیستا ماندووە؛ ڕۆژانە کار دەکات، خەوی کەمە و ڕواندز و ئێوەی لەناو دڵە. چیت پێ هەڵدەگیرێت، بۆیان بەرەوە، چەندت دەوێ و پێت دەچێت بۆیان بەرەوە، من ناتوانم وەك تۆ بگەڕێمەوە، دەمکوژن ئەگەر بگەڕێمەوە تۆ دیارییەکانی منیان بۆ بەرەوە.

چ بکەم، داد لەو زەمانە نامەیەکم بە ژنێك ناردەوە، ژنەکە لە هەولێرەوە هاتبوو، ئەو زوو نامەکەی هەر لە فڕۆکەخانەی بەغدا دابووە دەست پیاوانی ئەمن، نامەکەم ناردبوو دڵی منداڵەکانم و ژن و دایکم خۆش بکەم، لەجیاتی ئەوە کێشەی بۆیان دروست کردبوو، بانگیان کردبوون، هەڕەشەیان لێ کردبوون، پێیان گوتبوون:

ئاگاداری بکەنەوە، پێی بڵێن و داوای لێ بکەن با بێتەوە، تەسلیمی سەرۆك سەدام حوسێن ببیتەوە. پێیان گوتبوون: با شەرمەزار بێتەوە، ئەو پیاوە ماندووە چی دەوێ و لە کوێ دەیەوێ پشوو بدات، شوێنێکی بۆ ساز دەکەین، بە ناوی دەکەین، هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکەین، ئێمە هەموو جۆرە چاکە و خراپەیەکمان پێ دەکرێت، چی بوێت بۆی دەکەین، بەڵام ئەو زۆر شەرمەزار بێتەوە.

خۆ من هیچم لە نامەکە نەنووسیبوو، چونکە دەمزانی ژنەکە و کوڕەکانی پەیوەندییان بە حکوومەتەوە هەیە، دەمزانی نامەکە دەداتە ئەمن و کێشەش بۆ منداڵەکانم دروست دەکات، بەڵام چ بکەم؟! غەریبی بسکی هەمووانم دەکرد، چاوم لەسەر ئەوە بوو زوو و باش خوێندنەکانیان تەواو بکەن، بە مووچەی دایکیان جوان و باش و تێر بژین، دەمزانی نامەکە ناگاتە دەستیان، بۆیە نووسیبووم:

"ئاگاتان لە خۆتان بێت، چاوتان لە دایك و داپیرتان بێت، بە ژنەکەم گوتبوو بایەخ بە خوێندنی منداڵەکان بدە، با وەك من نەکەن، من هەڵەم کرد و ڕۆیشتم، من نەمزانی و ئێوە بزانن، دڵسۆزی وڵاتەکە بن، چاوتان لە دەرەوە نەبێت!" وام نووسیبوو،

چونکە دەمزانی ئەمن و موخابەرات نامەکەم دەبینن. وام نووسیبوو ئینجا ئازاریان دەدەن، هاتوچۆی زۆریان پێ دەکەن، ئێستا پەشیمانم ئەو نامەم نووسی و بەو ژنەم نارد. ئیتر تۆبەم کرد و نامەم نەنارد، ئەوەی دەمنارد و ئەوانەی دەگەیشتن ڕازی تەواوی دڵم نەبوون، زوو بیرم لەوە دەکردەوە نامەکە دەکرێتەوە و دەخوێندرێتەوە و بەدواچوونی ورد و زۆری بۆ دەکەن.

حوسێن ئاغا گوتی:

هاتووم و چارەسەریی نەخۆشییەك دەکەم، میوانم و زوو دەگەڕێمەوە، دەمەوێ دڵنیات بکەمەوە و دەزانم منداڵەکانت باشن، دایکت ماوە، هاتووم و دەزانم منداڵەکانت دەژین و دەوام دەکەن، ژنەکەت، مەردانە و پیاوانە دەوام دەکات و بەرگەی دژواریی بارودۆخەکە دەگرێت، دەزانم میدیای کچت بۆ خوشکەکانی بووە بە دایك و باوکیان، چاوی لە دایکتە، تۆی لەبیرە، چاوی لەوەیە بێتە کەنەدا.

لەو دیدارەم لەگەڵ حوسێن ئاغای سوورچی لە ئەمریکا، ئەو گوتی: بە منیان گوتووە ئەگەر دەتوانیت لەگەڵ خۆت سەلاح ڕەفیق ڕواندزی بێنەوە و عەفووی دەکەین، "بە سەبری و کز و نەرم گوتی"، بەڵام من دەڵێم مەگەڕێوە.

ڕاستە ئەو گوتی مەگەڕێوە، بەڵام من لەبەر ئەو نەبوو کە نەدەگەڕامەوە، بڕیاری خۆم دابوو، تا ڕژێمی سەدام حوسێن و حیزبی بەعس مابێت ناگەڕێمەوە کوردستان، بۆیە چاوەڕوان دەکەم و هیوام هەر هەبوو، تا لە ساڵی ١٩٩٢ بە سەردان بە ڕێگەی تورکیا و بە ڕێگەیەکی شاخاویی ناخۆشدا گەڕامەوە، دواییش بەیەکجاری گەڕامەوە.

حوسێن ئاغا نەخۆشییەکەی بۆی هاتبوو نەخۆشی و ژانێکی سووك و سادە بوو. گوایە ئەو شەوانە کەپووی ئازاری دەدات، باش ناخەوێت و لەبەر ئازار و خورانی حەجمانی نییە. لەسەر ئەوە دکتۆرەکان پشکنینی ورد بۆ شانەیەکی لووتی دەکەن، چارەسەری بە گۆڕینی بالیفەکەی دیاری دەکەن، پێی دەڵێن بالیفی تایبەتی بەکار بێنە و بە ڕێی دەکەنەوە.

ئەو لەو سەفەرە هەفتەیەك مایەوە، بەڵام سەردانەکەی ئەو چارەسەری دەردی منی نەکرد، نە پارەی بۆ منداڵەکانم، نە نامە، نە وێنەیەکی بۆ بردمەوە، بەڵام ئەو بالیفێکی باشی بۆ خەوتن لەگەڵ خۆی بردەوە. منیش چەندان شەو سەرم لە بالیف دادەنا، بۆ گەڕانەوەم بەڵام سەربەرزانە بگەڕێمەوە، خەوم نەبوو.

## ٣

## کەرەج

پاش کاروانێکی دوورودرێژ و ئۆردوگا لە دوای ئۆردوگا و شار لە دوای شار، خۆم و ژن و کیژەکانم و دایکم دەگەینە کەرەج. گەڕەکە نوێیە خاوێنە گەورەکەی، شای ئێران بۆ ڕەحمەتیی مەلا مەستەفای دانابوو. لەوێ من و لەگەڵ دکتۆر سەڵاح عەبدوڵڵا، ئەویش ڕواندزی بوو خانوویێکی گەورەمان دەست دەکەوێت، بەڵام ئەو زوو لەگەڵ ژنە فارسەکەی دەڕواتە دەرەوە و خانووەکە بۆ ئێمە دەمینێتەوە.

کیژەکان ئەوانەی گەورە ببوون دەچوونە مەکتەب، بە زمانی فارسی دەیانخوێند، لەبیرمە پیاسەمان پێیان دەکرد، میدیاش گەورە بوو، لە تاران دەمبردە سینەماش، منداڵەکان ئاسوودە بوون، کێشەمان نەبوو، خێزانەکان زۆر بوون، ناسیار و خزم بوون. لەو ڕۆژانە پارە و مانگانەشمان هەبوو، بەیەکەوە بووین و لەناو یەکتری دەخولاینەوە، هەندێکیان دەڕۆیشتن و هەندێکی تریش دووبارە دەگەڕانەوە، ون دەبوون، دەهاتنەوە، ئیشوکاریان دەدۆزیەوە و دەڕۆیشتن، ئیتر بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو، چارەنووسمان ڕوون و بەرچاو نەبوو، قسەش زۆر دەکرا، بڕواکردن و متمانەش کەم بووبوو، دەردەدڵ و ڕاز و گلەیی و ڕەخنەش زۆر بوون.

ماوەماوە سەرۆك بارزانی و هەردوو کوڕەکەی مەسعوود و ئیدریس خەڵکیان دەبینی، ڕێنماییان دەکردن، ماوەماوەش دەچوونە دەرەوە لەندەن و ئەمریکا، ژمارەیەك خەڵك، بەتایبەتی ئەفسەرەکان دەچوونە سووریا، دوایی دەزانم ژمارەیەك خەریکی حیزبایەتی و ڕێکخستن بوون، دەچوونە ناو حیزبەکانی تریش، ئەو ڕۆژەڤە بۆ من وا بەردەوام نابێت. چونکە ڕۆژێکیان من و "ئەنوەر ئەزوەر" ئامیر بەتالیۆنی سووورداش و "موحەمەد ڕەحیم" ناسراو بە "هەڤاڵ جووجەڵە"، لە لایەن "ئاغای بەیاتی" لە ساواکی کەرەج داوا دەکرێین، هەر سێکمان دەچینە ئۆفیسەکەی، ئەو ڕووبەڕوو و بە ڕوونی و بێ شەرمانە پێمان دەڵێت:

ئێوە کەسانی خراپن، قسەتان لەسەر کراوە، بە نیازن کودەتا بکەن، دەتانەوێ شا بکوژن، ئێوەمان لە ئەرز و ئاسمانی ئێران قبووڵ نییە، بە کورتی سێ بژارەتان لە پێشە:

ئێوە ئەو سێ کەسە، یان دەچنە دەرەوە و دەڕۆن، یان خۆتان تەسلیمی بەغدا دەکەنەوە، یان دەتانگرین، زوو لەو سێ بژارە یەکێکیان هەڵبژێرن.

دیارە ئێمەش نکۆڵی لە تومەتەکان دەکەین، دڵسۆزیی خۆمان نیشان دەدەین و داوای بەڵگەش لەسەر تۆمەتەکان دەکەین، بەڵام ئاغای بەیاتی بە پێداگرییەوە قسەکانی دەکاتەوە و دەڵێت:

هەر برادەرانی خۆتان قسەیان لەسەر کردوون، زوو بڕیاری خۆتان بدەن!

هەر چەند دەڵێین ئێمە چەندان ساڵە دڵسۆزانە بۆ ئێران و شا ئیشمان کردووە و نیازی خراپمان نەبووە و ئێستا هیچ بەرنامەی

دژمان نییە. ئەو جۆرە قسانە دادمان نادات و سوودی نابێت و پەشیمان نابنەوە و پێویستە زوو لە ئێران بچینە دەرەوە.

من و ئەنوەر ئەزوەر ناومان بۆ دەرەوە دەنووسین و چاوەڕوان دەکەین، ساجیدە و چوار کچەکەم و دایکم دەگەڕێنەوە عێراق، منیش ناوم وەك پەنابەر لە کەنەدا دەردەچێت.

من وەك پەنابەر لە ڕۆژی ١٩٧٦/١١/٥ دەگەمە کەنەدا. لەو کاروانەی ئێمە کە دەچینە کەنەدا ٣٢ کەس بووین، یەکەمین گرووپی کوردی باشوور بووین بگەینە کەنەدا، من و ئەنوەر و بەیاد پشتدری و دوو کوڕی فەیلی و یەکێکی ئامێدییمان لەگەڵدا بوو. بە فڕۆکە لە شاری تورنتۆ دادەبەزین.

بەڵام هەڤاڵ جووجەڵە "موحەمەد ڕەحیم"، هەردوو ژنەکەی و کەمێك کەلوپەلی ناوماڵەکەی کۆ دەکاتەوە و بە شڕە ئۆتۆمبێلەکەی دەڕوات و خۆی ون دەکات. دوایی لە کەنەدا دکتۆر مەحموود عوسمان میوانم بوو، بۆی گێرامەوە:

دوایی لەناو تاران موحەمەد ڕەحیم دەدۆزمەوە، لەناو تاران و پاش شۆڕشی ئیسلامی زۆر بەکەلکمان هات، زوو ئێمەی گەیاندە بەرپرسە گەورەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستی لە زۆر لە دەزگەکان دەڕۆیشت و زۆربەری سەرکردەکانی دەناسی. لێی دەپرسم: هەڤاڵ چۆن ئەوانە دەناسێت و چۆن وا ڕێزت دەگرن و دەستت دەڕوات، ئەو بۆی گێڕامەوە:

پاش ئەوەی لە کەرەج جێگەم نابێتەوە، دەچمە مەشهەد،

دەگەمە سەرکردە شیعەکانی دژی شا بوون، ئەوانەی لەگەڵ خومەینی پەیوەندییان هەبوو و بەرنامەڕێژی شۆڕشیان دەکرد، منیان لە ئاسماندا دەویست، گوتیان دەمانەوێ بچیتە سەر سنووری ئێران - عێراق چەکمان بۆ بکڕیت، ئیتر منیش ئازایانە بە دوای ئەو کارە دەکەوم و چەکیان بۆ دەکڕم و بەشداری چالاکییەکانیان دەکەم، دەبم بە کەسی نزیکی ئەوان، متمانەی زۆرم پێ دەکەن و لە پەنا و سێبەری ئەواندا دەژیم، ئەوانیش بۆ بزاڤی جووڵانەوەکەیان سوودی زۆر لە من دەبینن.

## ٤

## بژی ئیستیعمار

لە فڕۆکەخانەکەی کەنەدا پیاوێکی شەپقە لەسەر چاوەڕوانی دەکردین، پێشوازییەکی گەرممان لێ دەکات، ناوەکانمان دەخوێنێتەوە، خۆی دەناسێنێت، ئیتر ئێمەش دەزانین کابرا سەر بە دائیرەی کۆچ و پەنابەرانە، نەرم و لەسەرخۆ دەماندوێنێت، ئێمە حەوت کەس بووین، سواری کۆستەرێکمان دەکات، دەمانباتە هوتێلێکی نازداری گەورە، ژوورەکانمان گەورە و خاوێن و سویت بوون. ژێرەوەی هوتێلەکە بازاڕ و مۆڵ بوو، پارەی وردەمان بۆ تەلەفۆنکردن دەدەنێ، بەڵام ئێمە بۆ کێ و کام وڵات و شار تەلەفۆن بکەین؟!

بەیانییەکەی دەچینە ناو بازاڕەکە، چاوم بە باڵەخانە بەرزەکان دەکەوێت، زۆر سەرسام دەبم، شەقامە بەرینە پاکەکان، ڕووناکییە جوانەکان دەبینم، بە دیمەنەکان باڵکێش دەبم، لەبەر خۆمەوە دەڵێم:

لەناو شۆڕش دژایەتیی ئیستیعماریان دەکرد، دەیانگوت ئەو وڵاتە سەرمایەدارانە مرۆڤ دەچەوسێننەوە، پێویستە ڕژێمەکانیان بگۆڕن، بەڵام بە دیتنی ئەو دیمانانە لە دڵەوە دەڵێم:

بژی ئیستعمار! من خۆم بە یەکەم بەکرێگیراوی ئیستیعمار دەزانم!

لەگەڵ کردنەوەی دەوام و پشوودان و ناونووسین و تەواوکردنی ڕێکارییەکانی مانەوە و نیشتەجێبوون، ڕۆژێکیان داوامان لێ دەکەن دیداریان بکەین، من دەچمە بەردەم بەرپرسێکی ئیداریی شارەکە.

کابرا نەخشەیەکی هەرێمەکەی لەسەر تەختە و مێزەکە پان کردبووەوە، نەخشەیەك هەر سێزدە هەرێم و ناوچەکانی لەسەر بوو، پەنجە و بیری دەخاتە سەر ناوچەی مانیتوبا "Manitoba" بە ڕوویێکی شیرین و بە بڕواوە بە من دەڵێت:

چەند هێکتار زەویت دەوێ؟ بڵێ و بڕیار بدە، دەبێتە موڵکی خۆت و بیکێڵە و کار بکە. بڵێ تا بۆت دەستنیشان بکەم!

منیش پێی دەڵێم:

من زەوییم ناوێ، من جووتیار نیم، ئەوە کار و پیشەی من نییە و لەوە نازانم.

ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

بیستوومانە کورد لە ناوچەی شاخاوی دەژین، لە گوندن و جووتیاری و مەڕدارییان کردووە.

پاش ئەوەی پێی دەڵێم من فەرمانبەر بووم و جووتیار نیم و زۆرمان لە شارەکان دەژین و خوێندەوارین و زمانی بێگانەش دەزانین، یەکێکمان لەگەڵە دکتۆرای لە زانستدا هەیە، ئیتر کابرا نەخشەکە دەپێچێتەوە و نابم بە جووتیارێکی کەنەدایی، لەو ڕۆژەوە دەچمەوە ناو شار و بە دوای زمان و کارگە و خوێندنی بزنسدا دەڕۆم.

بە پارە و مینحەی حکوومەت شەش مانگ لە کۆنستۆکا

کولێج زمانی ئینگلیزی دەخوێنم، کە ئەوە تەواو دەکەم، ئیتر دەتوانم بچمە ناو سیستەمی کار و کاردۆزینەوە، یەکەم کارم لە کەنەدا لە کارگەیەکی لاستیکی بەرپێیانی ئۆتۆمبێل بوو، لەو کارە ماندوو دەبم و ئیشەکەم پێ خۆش نەبوو، بەڵام ناچار بووم دەبووایە خۆم بژیێنم و بکەومە سەر کاروانی ژیانە نوێیەکەم.

## ٥

## لە "The Brack" کار دەکەم

لە شاری تورنتۆ پایتەختی هەرێمی ئونتاریو "Ontario"، گەورەترین هەرێمی وڵاتەکە، بزنس و بازرگانی دەخوێنم، لەوێ یەك ساڵ دەمینێمەوە، ماوەیەك لە کارگەیەکی پێڵاو کار دەکەم، ماوەیەك لە ئینستوتێکی بازرگانییش دەخوێنم و دەکەومە ناو کاری بازاڕی عەقارات و لە گەورەترین کۆمپانیای عەقارات وەك فرۆشیار ئیش دەکەم، بەڵام هەست دەکەم لەو ساڵە بازاڕی عەقارات سارد دەبێت و خاوەن موڵکەکان لە کڕین و فرۆشتن زیانی زۆریان بەر دەکەوێت، بۆیە ئەوەش ڕەواجی نامینێت، خانووبەرە پارە ناکات و پارەی کەنەدی زۆر دادەبەزێت، ئیتر واز لەوە دەهێنم. بەڵام زۆر بێکار نابم و زوو دەچم لە ذی برێك "The Brack" ئیش دەکەم. ئەو کۆمپانیایەی نزیکەی ١٨٠٠ فرۆشیاری هەبوو، لەناو کەنەدا پەنجا لقیان هەبوو، هەموو کەلوپەل و کەرەستەی ناوماڵیان دەفرۆشت.

پاش ئەوەی لەوێ شارەزا دەبم و زمانم باش دەبێت و عەرەبی و فارسی دەزانم، ئیتر وەك فرۆشیار سەر دەکەوم و ساڵانە لەناو فرۆشیارەکانی تری کۆمپانیاکەم یەکەم دەبم، من زۆرترین کەرەستە دەفرۆشم و هەموو دەمناسن، خاوەنی

کۆمپانیاکەمان بزنسمانێکی جوو بوو، دوایی چینییەکان لە هۆنگ کۆنگ هاتن بەشێکی بازاڕەکەیان لەو کڕی، ئەوانیش ڕیزی زۆرم دەگرن.

خاوەنەکەی "بیل"، منی خۆش دەویست و ماوەماوە دەهات لەگەڵم ڕادەوەستا و ڕاوێژمان دەکرد، بێجگە لە خاوەنی کۆمپانیاکە بەڕێوەبەرەکەشمان کەسێکی جوو بوو، نازانم لەبەر ئەوەی کورد بووم، منیان خۆش دەویست یان ئیشم جوان بوو.

لەو ساڵانە چینییەکان زۆر دەهاتنە کەنەدا، کڵێساکان، قەشەکان دەچوونە فڕۆکەخانەکان و چاوەڕوانی گەشتی ئەو کۆچبەرانەیان دەکرد، ئەوانەی بڕوایان بە هیچ ئاینێك نەبوو، کەسانی سادە بوون، پاك بوون، ئاسان دەیانتوانی بێنە سەر ڕێبازی لێبوردەیی مەسیح، زوو ببنە کریستیان.

لەو پرۆسە تەبشیرییە، ژنە لاوازە قژە زەردەکان، ژنە ڕەشە ئەفریقییەکانی بە دڵسۆزییەوە کاریان بۆ پاکیی مەسیح دەکرد، دەچوونە فڕۆکەخانەکان و پێشوازیی گەرمی بەسۆزیان لێ دەکردن، لوتفی شیرین و بەڵێنی جوانیان پێ دەدان، زۆر لەوانە ببوون بە کریستیان. زووتریش لەبەر سێبەری تاجی بریتانییش زۆر لەوانە ئیشیان کردبوو، بۆ گەشەی کڵێساکانیان لەناو چین و بەشی هۆنگ کۆنگ ئیشیان کردبوو، بەوەش شیوعییەکانی چین هەراسانیان دەکردن و زۆر لەو کڵێسانە دادەخەن، بەڵام ئەوانەی بڕوایان نەبوو، نەببوونە مەسیحی، لەو کۆچانە و لە کەنەدا دەبوونە مەسیحی.

## ٦

# خەڵکی وڵاتە جیاوازەکان

لەو ساڵانەی لەو فرۆشتگەیە کارم دەکرد، خەڵکی دوورگەی هۆنگ کۆنگ و چینییەکانیش زۆر ڕوویان لە کەنەدا دەکرد، دۆلاری کەنەدایی ئاستی دابەزیبوو، ئەوەی هاتبووایە و پارەی هەبووایە، دەیتوانی کاسبی بکات و بواری ئیشکردن زۆر بوو، تازە هۆنگ کۆنگ خرابووە سەر چین، ئیتر سەرمایەدار و کەسانی شارەزا و پارەدارەکان ڕوویان لە کەنەدا و ئەمریکا دەکرد، زۆرتر حەزیان لە کەنەدا بوو، ژیان و کاسبی باشتر بوو.

کابرایەك لە هۆنگ کۆنگەوە هاتبوو، ناوی لە خۆی نابوو "جۆن"، دەوڵەمەند بوو، پارەی زۆر بوو، خانووێکی گەورەی بە دوو ملیۆن دۆلار کڕیبوو، خانووەکە ئەوەندە گەورە بوو ساڵۆنی نمایشی فیلمی سینەماشی تیدا بوو، ئەویش لەگەڵ "Dragon" تارمایی چین و لافاوی سەرمایەی چینییەکان هاتبووە کەنەدا. پیاوێکی قەڵەو بوو، باشی دەخوارد، زۆر خواردنی خۆیانی دەهێنا و بەرماوەی منیشی دەخوارد، من خۆم کەمم دەخوارد، زۆر لە من نزیك بوو، دەیویست فێرە بزنسی وڵاتەکە بێت، ئاسایی و سادە کاری دەکرد تا فێر بێت.

هەر لەو دەمانە و لەگەڵ هاتنی چینییەکان و پاش نەمانی

یەکێتیی سۆڤیەت، ئەندامانی " _موخابەراتی سۆڤیەتی KGB" لە ڕووسیا زۆر دەهاتن، یەکێکیان ناوی "سەرگەی" بوو، برادەرم بوو، ئەو هاتبوو لەکن ئێمە کاری دەکرد، منی خۆش دەویست، ئەندامێکی گەورەی ئەو دەزگەیە سۆڤیەتییە کۆنە بوو، کاش خانوویێکی گەورەی کڕیبوو، پارەی زۆر بوو، بەیەکەوە دەچووینە ڕاوەماسی.

# ٧

# دەبمە خاوەن ماڵ

ئێمە یەکەم کاروانی کوردەکان بووین چووینە کەنەدا، لەوێ کوردێکی ڕۆژهەڵاتمان دۆزیەوە، ناوی جەمیل بوو، خەڵکی مهاباد بوو، ئەو دیزاینەر و ئەندازیارێکی ناودار بوو، نەخشەی باڵەخانەی "CN Tower" کردبوو، ئەو دەمانە بەرزترین باڵەخانە بوو، ناو و یادگاریی ئەویان وەك هونەرمەند و ئەندازیاری بەرز لەبەردەم باڵەخانەکەی بە برۆنز بۆ دانابوو، زوو زوو دەمبینی کوڕێکی باش و کوردێکی دڵسۆز بوو، بەشداریی کۆبوونەوەی کوردەکانی دەکرد و ئامادەیی بەرچاوی هەبوو.

لە کەنەدا هەموو بەرنامە و پێویستییەکان بۆ ژیانی جوان و ئاسوودە جێبەجێ دەکەم، دەخوێنم، کار دەکەم، ماڵ و هەوار دادەنێم، پاسپۆرتی کەنەدایی وەردەگرم و سەفەری دوورگەکانی کووبا و ناوچەکە دەکەم، لەساڵی ١٩٧٧ مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەردەهێنم و کۆنە دۆجێکی مۆدیل ٧٤ لە دەستی دوو و هەرزان دەکڕم، دوایی ڤۆڵکس واگنێکی نوێی پرتەقاڵی نوێ دەردەهێنم. بەردەوام شوقەی دووژووریم دەگرت، بەو هیوایەی منداڵم بگەنە لامان، بەڵام چۆن و کەی؟! ئەو گرێیەم پێ نەدەکرایەوە!

# ٨

# پەلکەمێوی ژەهراوی

خێزانێکی کەنەدیم دەناسی، ژنەکە سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایان بوو، مێردەکەی زۆر برادەرم بووم، ڕۆژێکیان گوتیان تۆش لەگەڵ ژمارەیەك برادەر دەعوەتی، ژمارەمان سەرووی ٢٥ کەس دەبێت، خواردنەکە بە قەد ئەو ژمارەیە ساز کراوە، بەڵام کە میوانەکان هەموو هاتن و خێزانەکەیان ئاگادار کردەوە، ژمارەی میوانەکان زۆرترە، ژنەکە نیگەران دەبێت، پیاوەکە پستەپست دەکات و تەنگاو دەبێت، کابرا دێتە لای من و دەڵێت سەڵاح؛ چارە چییە؟! خۆت دەزانی ئیمڕۆ یەکشەممەیە و بازاڕ نییە! ناتوانین هیچ بکڕین و خواردنەکەش بەشمان ناکات و شەرمەزاریش دەبین، تاوانی ئێمەش نییە، بەرنامەکە گۆڕانی بەسەر داهات!

لەناو باخچەکەیان، لەسەر پەرژینیماڵەکان چەند دار مێوم بینیبوو، گەڵای مێوی پانی جوانیان پێوە بوو، پێی دەڵێم: خەم مەخۆ من چارەی دەکەم، بۆ منی لێ گەڕێ. هەڵدەستم باوەشێك گەڵامێو دەکەم، برنج و قیمە و بەهارات ساز دەکەم و دەمەوێ مەنجەڵێك یاپراخیان بۆ بپێچم، بۆیان بکوڵێنم، دەمەوێ بەوە خواردنێکی نوێیان دەرخوارد بدەم، کابانی و دەستڕەنگینیی

خۆم و خواردنێکی کوردەوارییان بۆ بکەم. دیارە ئامادەبووان هەموو باش یەکترمان نەدەناسی، کەم یەکترمان دیبوو، ژنێك، دووان لە میوانەکان کە دەبینن من خەریکە پەلکەمێو لێ دەکەمەوە، دەپرسن ئەوە چییە؟! پێیان دەڵێم، برنج و گۆشت لەوانە دەپێچم و دەیکەمە خواردنێکی باش و خۆش. بڕوام نەدەکرد و بیریشم لەوە نەکردبووە، یەکێك لە ژنەکان، میوانێکیان، سەرسام و شۆك دەڵێت:

ئەوە "Poison" ژەهرە ناخۆم، ناکرێ ئەوە ببێتە خواردن، نەمانخواردووە و نایزانین.

بۆیە یەکێکیان لە ترسی خۆی و ڕوودانی کارەساتێك گەڵامێوەکان دەباتە تاقیگەیەك و لای شارەزایەکی ناسیاری شیکاریی بۆ دەکات و دەگەڕێتەوە، کە دڵنیا دەبێت خواردنەکە ئاساییە، منیش یاپراغەکە دەپێچم و جوان دەیکوڵێنم و ترشی دەکەم و لەبەردەمیان ڕوو دەکەم و هەڵمەکە هەڵدەمژن و گەڵامێوەکان دەخۆن، سوپاسم دەکەن و پێیان خۆش دەبێت، خاوەن ماڵەکەشم لە کەموکوورییەکان دەرباز کرد. زۆریش بە ژەهرەکە پێکەنین، چونکە کەسیان بە ژەهری پەلکەمێوەکە نەمردن.

## ٩

## حەسەن نۆپل

لەناو قسەکانی کاك سەلاح زۆر باس و ناو و چالاکییەکانی حەسەن نۆپل دەهات، دەرکەوت ئەو پیاوە ئیشی زۆری بۆ کردبوو، پۆستی بۆ بردبوو، قوربانیی زۆری دابوو، بەوەش ماندوو بووبوو، هیچ پارەشی بەرانبەر هاتوچۆ و ماندووبوون و مەترسییەکانیش وەرنەگرتبوو، ئەو زۆر لەسەر ئەوانە گیرابوو.

هەر لەسەر ئەو پیاوە دەگێڕنەوە لە بەغدا هاتووتەوە، لەو خەتەی ئیشی کردووە، دوو ئەفسەری وەك نەفەر لەگەڵدا بووە، نەفەرەکانی کەسیان خۆیی و ناسیار نەبوون، بەڵام ئەو فێر ببوو کە گەیشتووتە سەر چیای حەمرین، بەرزاییەکان، ئەوەی کورد دەڵێت سنووری کوردستان ئەو زەنجیرە چیایە، لەوێ وەستاوە، چەند بەردێکی لەسەر یەك داناوە، بەدیار بەردەکانەوە وەستاوە و گوتوویەتی:

ئێرە سنووری کوردستانە، هەموو جارێك من ئەو بەردانە وەك سنوور دادەنێم، دەژین و دەمرین و ئێرە سنوورمانە.

دیارە هاوار و بانگەوازەکەی بە عەرەبییش گوتووە، یان نەفەرەکان زانیویانە چ دەکات و چ دەڵێت، بە هەمووان لێی دەدەن و هەموو گیانی دەکەنە خوێن.

خۆم لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکانی حەسەن نۆپل لە ئامادەیی هەولێر قوتابی بووم و دەمناسی، بەڵام هیچ زانیارییەکم نەبوو، بۆیە حەزم کرد و بە پێویستیشی دەزانم چەند زانیارییەك لەسەر ئەو کەسایەتییە بدۆزمەوە و بینووسمەوە؛ پەیوەندی بە هاوڕێم "نیهاد نەجارِ" دەکەم و دەزانم پار کە لە سوید میوانم بوو، پەیوەندی و تەلەفۆنی لەگەڵ کوڕێکی حەسەن نۆپل هەبوو، قسەیان دەکرد، داوای لێ دەکەم پەیوەندی بەو برادەرەی بکات و هەندێ زانیارییمان لەسەر باوکی بۆ ڕوون بکاتەوە:

"هەور" کوڕی حەسەن نۆپل بە دەنگ و ڕیتمێکی ئاسان و ڕستەی ورد و چڕ و پڕ زانیاری ئەوانەم بۆ دەنێرێت:

باوکم ناوی "حەسەن خدر ئەلیاس" بووە، لە ساڵی ١٩١٧ لە گوندی ئاکۆیانی نزیك ڕواندز لەدایك بووە، زوو دایك و باوکی دەمرێت و پەنجەی دەستی ڕاستی بە نەخۆشی خوریکە دەبڕێتەوە، بۆیەش نۆ پەنجەی بۆ ماوەتەوە و ناویان ناوە حەسەن نۆپل، واتە نۆ پەنجە، کوڕەکە بێکەس و هەتیوو گەورە بووە، خەڵك بەخێویان کردووە، بەڵام وریا و زیندوو بووە، توانیویەتی ببێتە شوفێر و هاتوچۆی هەولێر - ڕواندزی کردووە، لۆری هەبوو، قەمەرەی لێ خوڕیوە، ئەو دەیگوت:

ماوەیەك شوفێری "ئەمین زەکی بەگ" بووم، ئەو وەزیر بوو، کوردایەتی دەکرد.

حەسەن نۆپل لەگەڵ کچێکی قەڵاتی هەولێری بە ناوی "سوڵتانە حاجی مەولوود"ی گوشتفرۆش هاوسەرگیری دەکات، واتە دایکی ئێمە، دایکمان بە تورکی قسەی کردووە، بۆیەش ئێمە دوو برا سۆزی تورکمانیمان زۆرترە.

باوکم زۆرتر حەزی لە بەزمی خواردنەوە و سەیران بووە، لەگەڵ گۆرانیبێژەکان بە تایبەتی مامۆستا تایەر تۆفیق برادەر بووە، لەبیرمە ئەو لە قەڵات هاتووتە ماڵمان، ئەویش ناوی لە منداڵەکانی "شەماڵ"ی برام ناوە. هەروەها باوکم برادەری "جامیلە"ی گۆرانیبێژ بووە، ئەویش شوفێر بووە، دەنگی خۆش بووە، وەك باوکم حەزی لە بەزمی خواردنەوە بووە.

باوکم حەزی لە ناوی کوردی بووە، ناوەکانی سێ خوشك و نۆ براکەم خۆش و سەیر بوون، ناوەکان تایبەتی بوون، گوێ بگرە بزانە ئەو ناوانە، کەی لە پەنجاکان و شێستەکاندا ئەو ناوە کوردییانە لەناو منداڵەکانی هەولێر و هەموو کوردستان هەبووە، باوکم ئەوەی کردووە:

بروسك، باران، هەور، لافاو، تەزرە، شەماڵ، ساماڵ، بارزان، نەورۆز، خوناو، زریان. لەبەر هەژاری و سەرگەدانی و گیرانی زۆری، باوکم و ئیشکردنی لە پاراستن و هاتوچۆی بەردەوامی خێزانەکەمان ئاسوودە نەبووە، هەمووان نەبوون بە هیچ، پەرتوبڵاو بوونەوە، دوو برام هەر بە دەستی پێشمەرگەی یەکێتی دەکوژرێن؛ زریان و ساماڵ. هەموومان لە دەرەوەین، بڵاو بووینەوە. کەسمان لە هەولێر نییە و هیچمان لەوێ نەماوە. باوکم لە ساڵی ١٩٩٨ کەساس و داماو دەمرێت.

زانیارییەکان ورد و جوان بوون، سوپاس بۆ "هەور"ە جوان و شیرینەکە.

حەسەن نۆپل زۆر گیراوە و زیندانی "قصر النهایة"شی دیبوو. لەگەڵ شوفێرییەکەی دەیخواردەوە، دەیانگوت پێکی لەبەردەم خۆی دادەنا و ئۆتۆمبێلی لێ خوڕیوە و نەیهێشتووە پێکەکەی بشلەقێت و بڕژێت.

## ١٠

# سەعید قەزاز

هاوینی ساڵی ١٩٥٦، لەگەڵ خزم و برادەرانی ڕواندز "مامۆستا زرار لە هەموومان بە تەمەنتر بوو، لەتیف نادر، حاجی حاجی سەعید، سەعید، ڕەسووڵ قادر، ئیبراهیم قەندیل، حوسێن حاجی برایم، مەجید عەبدوڵڵا و ژمارەیەکی تری چووبووینە سەر کانی شێخێ لە حاجی ئۆمەران، سەماوەرمان بردبوو، گۆشتمان دەبرژاند، جۆشمان گەرم بوو، هەموومان کوردپەروەر بووین، گۆرانیمان دەگوت، هەڵدەپەڕین، قسەمان دەکرد، سروودمان دەگوتەوە، سروودی کوردستانی خۆش نیشتمانی جوانمان دەگوتەوە؛ لەناکاو ئەفەندییەکی بە تەمەن و دوو سێ پۆلیسی لەگەڵدا بوو، هاتنە سەر سەرمان، زوو بێدەنگ دەبین، سروودەکەم تەواو نەکرد، دەترسێین، شۆك دەبین، بەڵام ئەفەندییەکە سروودەکەمان لەگەڵ تەواو دەکات و بە دەنگی خۆی لەگەڵمان دەڵێتەوە، دوایی دەزانین کابرای ئەفەندی "سەعید قەزاز"ە، وەزیری ناوخۆی مەملەکەتی عێراق.

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تــۆ قیبلەگــاهی منــی بێگومــان
چــاوم پشــکووتووی شــاخەکانتە
فێـــری ژیـــانی باخەکـــانتە
دەنگـــی شمشـــاڵی شـــوانەکانت
زریـــق و بـــاقی جوانەکانـــت
قاســـپەی کەوانـــی قەد کێوەکانـــت
خـــوڕەی ئـــاوەکەی نشـــێوەکانت
ئەمـانە هەمـووی گوێیـان کـردمەوە
هەوێنـی شـیعری دڵیـان گـرتمەوە
نەونەمـامێ بـووم لەم خـاکە ڕووام
بە خۆشەویســتیی وڵات ئــاو درام
بەڵـێ کوردسـتان تـۆ منـت خولقـان
تۆ منت خولقـان پێـت بەخشیم ژیـان
خۆشـیی ژیـانم، خۆشـیی ژینـتە
ئێشـــی ژینـــی مـــن، ڕۆژی شـــینتە
چـونکە کوردسـتان، نیشـتمانی جـوان
تــۆ قیبلەگــاهی دڵــی بێگومــان

دڵدار "١٩١٨-١٩٤٨" ئەو شیعرەی لە بەغدا نووسیوە.

## 11

## فوئاد ئەحمەد

لەو دیدارانە گوتوومە فوئاد ئەحمەد برادەرم بووە، پێمان دەگوت گیرفانت کونە، کە قومارمان دەکرد و دەدۆڕا، زۆر پێدەکەنی، تووڕە نەدەبوو. بە گۆرانی ئەمیرەکەم زۆر ناو دەردەکات، شیعرەکەی مامۆستا مەجید ئاسنگەر نووسیبووی، "ئەمیرە" کچە قوتابیی ئەو بووە، زۆر جوان و نازدار بووە، بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل دەمرێت، ئەو شیعرەی بۆ نووسیبوو.

## ١٢

# ڕۆژی لەدایکبوونم

من دەزانم و دڵنیام لەوەی لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاهی شاران لە ڕواندز لە دایك بووم، بەڵام باوکم نەخوێندەوار بووە، بۆیە ڕۆژی بوونی منی لە کاتی خۆی نەنووسیوە و دیار نییە کام ڕۆژ لەدایك بووم، بۆیە کە دەچمە باڵیۆزخانەی کەنەدی لە تاران، بۆ سازکردنی ڕێکارییەکانی کۆچەکەمان داوای ناسنامەم لێ دەکەن، منیش پێیان دەڵێم:

من چەند ساڵان پێشمەرگە بووم، لەناو شاخان ژیاوم، بەردەوام بۆردومانمان لەسەر بووە، لەسەر چیا و لەناو گوندەکان ژیاوین، هیچ بەڵگەنامەم نەماوە، پسوولەی ڕەسمیم نییە، ئیتر بڕوام پێ دەکەن، بە ڕاستییش هیچ پسوولەی عێراقیم نەبوو، بۆیە دەپرسن ڕۆژی لە دایکبوونت چەندە، منیش لەناکاو دەڵێم:

لە ١٩٤٢/٩/١٢ لەدایك بووم.

ئەوانیش ئەوە دەنووسن، ئیتر ئەو ڕێککەوتە دەکەوێتە ناو هەموو بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی داهاتووم، بەتایبەتی لە کەنەدا، دەبێتە ڕۆژی لەدایکبوونی من.

## ١٣

# خەرەند

مندال بووم بە لاسکە سماقی شل و نەرم لە خەرەندی دەچووینە خوارێ، نازانم چۆن نەدەترساین؟! چۆن نەدەکەوتین؟! وەك سمۆرەمان لێ هاتبوو. ڕواندزییەکان یادگاریی زۆریان لەسەر خەرەند هەیە. خەرەند سەربردەی زۆری لەسەرە، بێجگە لەوەی هەوار و هەڵدێر و چەمێکە و ئاوی جوانی هەیە، ڕووداوی تاڵ و جەرگبڕیشی لێ ڕوودوە. کوڕە عاشقە نامرادەکان لەوێ کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە. خەرەند بووە بە مەرگی عاشقە نائومێدەکان.

ئەو خەرەندە، ئەو شوێنە سیحراوییە ئەگەر باش بەکار هێنرابووایە، نەخشەسازیی باشی بۆ کرابووایە، دیمەنی شارەکە، خانووەکانی لەسەر خەرەندەکە بووایە، دەبووە شارێکی ناوازەی جیهانی، ئێستا دەتوانن بۆشاییەکانی نێوان خانووەکان و سەر خەرەندەکە ئاوەدان بکرێتەوە، خانوو لەسەر لێوارە بەرزەکانی دروست بکرێت، کافتریا و هەواری گەشتیاری زۆری لەسەر بنیات بنرێت، سەرمایەگوزاری لەو بوارە بکرێت، خەرەند ئاکار و دیمەنێکی جوانتر دەبەخشێت.




**دیمەنێکی خەرەندی ڕواندز، فۆتۆیەکی کۆنە.**

## ١٤

## خۆم و دایکم و باوکم

دایکم "بەدریە"، منی زۆر خۆش دەویست، بەڵام باوکم زۆرتر، لەسەر نوێژکردن لەگەڵ دایکم بەردەوام شەڕمان بوو، زۆر داوای لێ دەکردم، زۆری پێ دەگوتم، کوڕە نوێژ بکە، بەرۆژوو بە، بەڵام هەرگیز نەمکرد، هەموو جارێ باوکم دەیگوت:

ژنەکە سەڵاح ڕۆح و چاومە، لێی گەڕێ، وازی لێ بێنە، سەرکۆنەی مەکە، ناکا با هەر نەکات. لەوەش پەشیمان نیم و نەمکردووە.

من نوێژم نەکردووە بەڵام بڕوام بە خودایەك هەیە ئەو گەردوونەی داهێناوە، شتێك تەقینەوەیەکی کردووە، بەڵام نازانم چۆن؟!

لە ساڵی **١٩٩٣** جەڵتەیەك لێی داوم، بەڵام هەڵسامەوە، ئێستاش ڕۆژانە هەشت حەبم هەیە و تەندروستیم باشە، دەجووڵێمەوە، لەناو ماڵەکە هاتوچۆمە، دەچمە ژوورەکان، بەڵام ناچمە نهۆمی سەرەوە، وەرە بچینە ژووری نووستنەکەم، جلەکانم، هەموو ئەوانەی پاکن و لەبەریان دەکەم، لە تەنیشتم هەڵواسراون و لەناو دۆلابم دانەناون، لەبەر دەستمن.

گوڵەکانم جوان و بەردەوام ئاو دەدەم، خزمەتی دارەکان دەکەم، چاوم لە باخچەکەمە. لە کاتی گونجاو دەچمەوە کەنەدا، لەوێ خانەنشینم نزیکەی بیست و پێنج ساڵ کارم کردووە، مووچەم باش هەبووە، دانەنیشتووم، پارەی شارەوانیم وەرنەگرتووە، ئەوەش دەڵێم: خزمەتگوزارییەکانی ناو کەنەدا، دە جار و زۆرتریش لە پێشەوەی ئەمریکایە، هەموو چارەسەرییەکان، دەرمان و نەشتەرگەرییەکان بە خۆڕایین، هەموو کەس وەك یەك سوود لە نەخۆشخانە و دەرمانەکان وەردەگرن، جیاوازیی نییە، وڵاتیکی پاك و جوان و کەسکە، ئاوی زۆرە، فرەنەتەوە و ڕەنگ و زمانە. کەنەدا وڵاتی هەمووانە، لە کەنەدا ڕەشپێست و مەکسیکی کەمە، وەك ئەمریکا نییە. دکتۆر زۆر ڕوو لەو وڵاتە دەکەن، ئەوان باجی کەمتر دەدەن، دوو کچمماڵیان لە کەنەدایە، ڕواندزی خزم و ناسیاری زۆرە.

## ١٥

# حیزبایەتی و زێڕینگری

پرسیارێکی لەناکاو و ورووژینەر دەکەم، پێی دەڵێم:

کاك سەڵاح ئەگەر گەنج ببیتەوە، لەو شارە بیت، لەو ڕۆژگارە بژیت، دووبارە حیزبایەتی دەکەیتەوە؟

نەخێر، حیزبایەتی ناکەمەوە، بەڵام ڕەخنە دەگرم و قسە لەسەر ئەوە دەکەم حەق و دادپەروەری بچەسپێت.

ئەگەر گەنج ببمەوە زێڕینگری دەکەم، بە گەنجی نەمکرد، بەڵام دووبارە گەنج ببمەوە دەیکەم و دەچمەوە سەر پیشەی باب و باپیرانم. زێڕینگری دەکەمەوە وەك باوکم و مامم و باپیرانم، ئیش بە زێڕی باش دەکەم و هەرگیز کار بە زێڕی عەیاری ٢١ ناکەم، ئەوە لەو ساڵانە پەیدا بوو، جاران هەموو بە عەیار ٢٢ ئیشیان دەکرد، دەیانگوت ئەگەرنا بەوە ئیش نەکەین ڕزقەکەمان حەرام دەبێت. ئەوەیان پاقری کەمە و بێگەردترە. دوکانێك بە ناوی باوکم دەکەمەوە، تابلۆیەکی جوانی لەبەردەم هەڵدەواسم و دەنووسم زێڕینگری ڕەفیق ڕواندزی.

ئیتر من لەو دووکانە بچووکە دادەنیشمەوە، نەخشی جوان لەسەر زێڕ دروست دەکەم، بە ڕەفتاری نەرم و شیرین قسە


لەگەڵ ژنان دەکەم، دیاریی جوان بۆ گەنجەکان ساز دەکەم، وەك مامم ناکەم دوکان و کار و ئیشم بدەمە دەست شاگردەکانم، خۆم ئیش دەکەم و چاوم لە دەفتەر و بازاڕ و کڕیارەکانم دەبێت. دیسان ڕواندزییەکان لێم کۆ دەبنەوە، هەر بە یادی مامۆستا تایەر تۆفیق گۆرانییەکانی ئەو لێ دەدەمەوە، بەڵام بەداخەوە یانەی ئازادی نەماوە، ڕووخێنرا و دروست نەکرایەوە، ئەگەرنا هەر بە یادی ئەو، شەوانە دەچوومەوە نادییەکە.

لەو ساڵانە دوو کۆڕی شیعر خوێندنەوەم لە ڕواندز کردووە، خەڵکی ڕواندز کۆ دەکەمەوە و شیعریان بۆ دەخوێنمەوە، یەکێکیان هاوڕێم فەرهاد عەونی بەڕێوەی دەبرد و هونەرمەند چەتۆش موزیکی بۆمان لێ دەدا. ئەوەیان لە شنگلبانە بوو، ئەوی تریان ڕۆشنبیریی ڕواندز سازیان کردبوو، ڕواندزییەکان زۆر هاتبوون، چەند پارچە شیعری کۆن و نوێی خۆمم خوێندەوە. نەمردم ئەوەم هاتە دی، هیواکەم هاتە دی، لە ڕواندز شیعرم خوێندەوە، کە باوکم دەیگوت؛ ئەوەی شیعر بڵێت لە برسانا دەمرێت، هەر شیعرم خۆش دەوێت و دەینووسم و نەمردم.

## هەڤپەیڤینی پێنجەم

# هەڤپەیڤین لەگەڵ میدیا سەلاح ڕەفیق

شوێن: هەولێر - "KAHVE ERBIL"
نهۆمی یەکەم تابلۆ مۆڵ
ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٦/٢٨




**میدیا سەڵاح ڕواندزی قسەم بۆ دەکات.**

## ١

## زمانی فارسی لە شیعرەکانی حافیزی شیرازی فێر دەبم

ئەو دیدارەمان لەگەڵ "میدیا"، کچە گەورەی سەلاح ڕەفیق ڕواندزییە، لە کافتریایەکی ناو تابلۆ مۆڵی ناو هەولێر بوو. بەیەکەوە لەگەڵ "سروە"ی هاوسەرم دادەنیشین. ئێمە داوای قاوەی عەرەبیمان کرد، ئەو گوتی:

من حەزم لە قاوەی تورکییە.

ڕووبەڕوو دانیشتین، زووتر و سەرپێی خاتوو "میدیا سەلاح ماندوو" هاوژینی هاوڕێم کاك "نیاز عەدنان"م دیبوو، بەڵام بەرامبەرم دابنیشێت و قسەم بۆ بکات، سەربردەی ڕۆژانی تاڵم بۆ بگێڕێتەوە، ئەوە لە بیر و بەرنامەماندا نەبوو، ئیتر وا ڕێك کەوت.

دیدارەکە بەوە دەست پێ دەکەین، لە ساڵی ١٩٧٤ چۆن و لە کوێ دەگەنەوە باوکیان؟

ئەو وەك کیژێکی ئەو لە هەولێرەوە بەرەو ڕواندز ڕۆیشتووە، لەوێیەوە بەرەو چۆمان، ڕۆژانەی بۆردومانی فڕۆکە و کارەسات و سەربردەی شەڕەکانی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ی بینیوە و باشی لەبیرە و ئەوانەم بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەو دیدارەش جیاواز و تایبەتە، ئاسان نییە بەرامبەر ژنێك دابنیشیت و باسی شەڕت بۆ بکات، لەگەڵ مرۆڤێك دابنیشیت و ورد و جوان باسی کارەسات و دەردەسەرییەکی مرۆڤێکت بۆ بکات، ئینجا کام مرۆڤ و چ مرۆڤیك؟! باسی ژنێکی ناو شاری هەولێرت بۆ بکات، ژنەکە مامۆستای ئامادەیی زەهرای کچان بێت و هاوژینەکەی لە لایەن حیزبی بەعسەوە داواکراو بێت، ژنێك بێت دیتن و هاموشۆیان دوور بە دووری نەبێت، تازە و نوێ نەیناسیبێت، ژنەکە دایکی خۆی بێت.

ژنەکە پاش خەبات و خۆراگرییەکی زۆر بکەوێتە سەر کاروانی ژیان و بژیت و ببوژێتەوە. ئازایانە چوار کچەکەی گەورە کردبێت. کە مێردەکەی گەڕاوەتەوە، ئەوان گەورە ببوون، میدیاشی بە شوو دابوو.

میدیا خان دابنیشێت و باسی ژنێك بکات، لە قۆناخی نوێی ژیانی چووبێتە کەنەدا، لە ماڵدانان و گەورەبوونی نەوەکانی لێهاتوو و خۆشەویست بووبێت، بەڵام زوو و لەگەڵ ڕۆژەکانی خۆشی و گردبوونەوە و گەرمی ماڵەکە و نەمانی ترسەکان، چوویتە کەنەدای جوان، شادمانیش هاتبێتەوە کوردستان و لێرە بە نەخۆشییەکی کوشندە مردبێت، میدیا، ئەوەت بۆ بگێڕێتەوە، ئاسان نەبوو.

## ٢

# بەیەکگەیشتنەوەی خێزان

ئەوەندەی میدیا قسەی بۆ کردم، ئەوەندەی وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە، هەستم دەکرد و دەمبینی زوو زوو چاوەکانی تەڕ دەبوون، ئاوی ڕوون و فرمێسکی تاڵم لە چاوە گەشەکانی دەبینی. ئەو ئاسان و زۆر گریا، دەسەڵاتی بەسەر فرمێسکی چاوەکانی نەبوو، بەڵام من زوو بابەتەکەم دەگۆڕی و گریانەکەم پێ ڕادەگرت و چاوەکانی وشك دەبوونەوە، ئیتر لە پەیڤینەکەی بەردەوام دەبوو و دووبارە لەوە دەستی پێ دەکردەوە؛ دایکم ژنێکی گەورە و تێکۆشەر بوو، "ئایەکە" بەو ناوە بانگمان دەکرد و بە باوکمان دەگوت کاکە.

ئەو لە باسی دایکییەوە دەچووە ناو ڕۆژانی هەولێر و حوکمی بەعسییەکان، لە گێڕانەوە و باسکردنی دایکی، باسی ئەوەی دەکرد چۆن خانووێکی گەورەمان بۆ دروست دەکات، قەرەبووی خانووە گەورەکەیماڵی باپیرم دەکاتەوە، خانووەکەی بەرانبەر قاعەی شەعب.

بە ڕاستی لە ئاخاوتنەکەمان نەدەمزانی لە چییەوە دەست پێ بکەم، لە سەربردەکانی دایکی یان لە سەرکەشییەکانی باوکی، یان باسی خۆی بکات، سەرسام و حەپەساو و نەمدەزانی باسی

کوێی لەگەڵدا بکەم؟! سەربردەی کام هەوار و شاری لەگەڵدا بکەمەوە؟! باسی ناو کوردستان یان ژیانی ناو کەرەجی تاران؟! ناو کوردستان یان وڵاتێکی دوور و جوانییەکانی کەنەدا؟! زوو یان درەنگ، دوێنێ یان ئیمڕۆ، تاڵ یان زۆر تاڵەکان، ڕۆژانی بەعس و ئاوارەیی و دوورکەوتنەوەی باوکی، یان گەرمی و باوەشی نازی دایك و داپیری، ئیتر لە ناکاو ئەوەم بۆ هات لێی بپرسم:

پاش سەرنەگرتنی ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ ئێوە لە کوێ بوون؟ چیتان کرد؟ چۆن گەیشتنە باوکتان؟

ئەو وەك باسی دوێنێ بکات، سەیرانێکی بەهاری ساڵی پارت بۆ بگێڕێتەوە، یان میوانداری و باسی سەردانی "ڕۆژان"ی خوشکی "ئومێد"ی زاوایان بە منداڵی گەورە و بچووکەوە بۆ بکات، ئەوان لە کەنەدا هاتبوون و میوانی ئەوانن و شەوانەش لەکن باوکیان و لە نهۆمەکەی سەرەوە دابەزیون، ئەو گوتی:

ئێمە لەو دەمانە لەناو هەولێر بووین، باوکم ماوەیەکی زۆر بوو لە چۆمان بوو، دوو سێ ساڵ بوو بە یەکجاری بارەگا و ژیان و کاری حیزبی لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی سەرکردایەتی و گەلاڵە و ناوپردان بوو، هاتوچۆی هەولێری نەدەکرد، نەدەهاتەوە، هەر ئێمە بە سەردان دەچووین، دایك و خوشکەکانم، ئێمە و داپیرەمان، ماوەماوە و بەپێی کات و بواری گونجاو سەردانمان دەکرد. ئەو کە ئێمە میوانی دەبووین؛ بارەگا و ئۆفیسەکەی دەکردە ماڵ و کابان و کیژ و داپیرە هاتوچۆیان تێدا دەکرد، بارەگاکەی دەبووە ماڵێکی ئاسایی، مەنجەڵە دۆڵمە دەپێچرا و نان و تەندوور و جلشووشتن

و شانە و قژی کیژەکان و دەفتەر و کتێبی قوتابیان لەناو ژوورەکانی خانووە خاوێنە نەوییە سادەکە بڵاو دەبووەوە. دەچووین، چونکە ئەو لەمێژ بوو، لەوێ ماڵ و شوێنی هەبوو، بەڵام کە شەڕ دەستی پێ کردووە، بارودۆخەکە گۆڕا، ترس و گرتن و دڵەڕاوکێ پەیدا بوو؛ شەوێکیان خزمێکی باوکم، ئامۆزایێکی بوو؛ هات و بە ترس و تەنگاو، بە دایکم و داپیرمی گوت:

کاک سەڵاح داوای کرد و گوتی: بڕۆ ناو هەولێر، منداڵەکان ببە دەرەوە و بیانبە ڕواندز، منیش لەسەر ڕاسپاردەی ئەو و لەبەر بارودۆخەکە هاتووم، با بڕۆین و زوو دوا مەکەون، هاتووم خۆتان کۆ بکەنەوە، جلوبەرگ و ئەوەی سووك و ئاسانە کۆی بکەنەوە و با بڕۆین کات نەماوە، دونیا تێك چووە، ئیتر هەولێر ناخۆش دەبێت، زوو و بەپەلە. دایکم تەنگاو و داپیرەم بە بۆڵەبۆڵ و ئێمەش شادمان دەچینە کن باوکمان، یان خەمبارین و دڵمان توندە و دەڕۆین و لە ماڵ و خوێندن و کۆڵان دادەبڕێین، بەیانی پرچمان داناهێنن و سەدریەی ڕەش و قەمیسی سپی لەبەر ناکەین و قردێڵەی سپی لە قژمان نابەستین و جانتا لە شان ناچینە قوتابخانە، یان ئەوەندە ورد بیرمان نەدەکردەوە.

کە خوشکەکانم ئەوەی گەورەیان من بووم، تەمەنم نۆ ساڵان دەبوو، ئەوانی تر بچووك بوون، بە هەر حاڵێك بێت خۆمان کۆ کردەوە و گەیشتنە ڕواندز، ماڵی ئامۆزاکانی باوکم. لەوێ شوێن و جێگەی شیاویان بۆمان ساز کرد، لەناو خزمان بەر نەدەکەوتین، باوکم لە چۆمان بوو، زانیبووی هاتووین، بەڵام نەیدەتوانی سەردانمان بکات، دڵی خۆش بوو، ئێمە لەناو هەولێر سەلامەت دەربازمان بووە.

ئەو بارودۆخە زۆری نەخایاند، لە ڕواندز زۆر نەماینەوە، بە تەمەن بچووکیش بووم، ئەوەندە گەورە نەبووم سەرم لە پلانە سەربازییەکان و ڕۆژەڤی شەڕەکان دەربچێت، بزانم لە گۆڕەپانە گەرمەکە چ دەگوزەرێت، بەڵام زانیم لەناو "گەلی عەلی بەگ" پردی زەرد گیراوە، هێزەکەی سەر پردەکە شکاون و گەلی کەوتە دەست حکوومەت، هەڕەشە کەوتووەتە سەر شۆڕش و ڕواندز و هێزی باڵەك.

منداڵیش بووم بەڵام هەستم بەوە کردبوو شکانی ئەو پردە و هاتنی حکوومەت و ڕەبیە و هێزەکانی حکوومەت لەسەر لوتکەی چیای کوڕەك ژیانمان دەخاتە مەترسی، بەڵام نەك من کەسیش، نەماندەزانی شەڕە گەرمەکان و پلانە گەورەکان لەو دەڤەرە دەبێت، بەدرێژایی شەڕەکانی ئەو ساڵە تا نسکۆش هەر لەو ناوچەیە و لە چیاکانی دەوروبەری ڕواندز دەبێت، لەسەر ڕێگەی هاملتۆن دەبێت.

## ٣

## لەناو خەرەند

ئامۆزاکەی باوکم، برا گەورەکەیان، ئەوەی بڕیاری کشانەوە و دەرچوونی ئێمەی لە دەست دابوو، ئەو بڕیار دەدات؛ بترسێین یان نەترسێین؟! ئەو دەزانیت؛ لەناو ڕواندز بمینێنەوە یان دەرچین و بەرەو سەرەوەتر بڕۆین؟! ئەو دەیزانی ڕواندز دەگیرێت یان نا؟! بەدڵنیاییەوە ڕۆژێکیان گوتی:

لەو ڕۆژانە ڕواندز دەدرێتە بەر تۆپ و بە فڕۆکەش بۆردومان دەکرێت، خانووە قووڕەکان، کۆڵانە تەسکەکان، دیوارەکانی سەر خەرەند دەڕمێن، کەس لەو شارە نامینێت. ناوچەی پارتی و ماڵی پێشمەرگەکان لەوێ نامێنن، چۆن شیوعییەکانی ناو ڕواندز بەرەو هەولێر و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت ڕۆیشتن، پارتی و پێشمەرگە و بارەگاکانیشیان لەو شارە دەڕۆن. ئامۆزاکەی باوکم هەموومان کۆ دەکاتەوە و بەرەو خەرەندمان دەبات، ئێمە بە ژن و منداڵەوە چل کەس دەبووین، پاش بڕیارەکەی ئەو، دەچینە قووڵایی خەرەند، سەر ئاوەکە، سەر چەمەکە، زووتر چەند کرێکارێکی ناردبووە ناو خەرەند ئەشکەوتێکی ناو خەرەندەکە گەورەتر بکات، تا بەشی هەموو خانەوادەکەمان بکات، هەموومان لەناویدا بژین، بخەوین و خواردەمەنی تێدا ئامادە بکەین!

لەو ڕۆژانە و لەناو ئەو ئاپووڕەیەدا، خزمەکان یەك تەنەکە حەلوا و نانیان پێ بوو، هەموومان نان و حەلوامان دەخوارد. ئێمە منداڵی بەناز بووین، لە هەولێر گوزەرانمان باش بوو، ماڵمان گەورە بوو، دایك و باوکم مووچەخۆر بوون، ئێستاش کە گوێم لە زەنگی پایسکیل دەبێت، زەنگی ئەو پایسکیلەم بە بیر دێتەوە، لە مێشکم دەزرنگێتەوە، کە کەبابی لە کەبابخانەکانی بن قەڵات بە پایسکیل و بە سنیەی فافۆن و لەسەر دەستیان بۆمان دەهێنا، کوڕە شاگردەکە، دەستێکی سوکانی پایسکیل و دەستەکەی تری سینەیەك کەباب و نان و ماستاو و پیاز و ڕەیحان و کەوەر بوو، دەهاتە بەر دەرگەمان و کەبابە گەرمەکەم دەخوارد.

## ٤

## کەنەدا یان هەولێر؟

لەسەر فەرمانی ئەو، لە ترسی خۆمان، لەبەر ژاوەژاو و دەنگوباسەکان دەچینە ناو خەرەندەکە، بەڵام بە زەحمەتی، بە شەو و دەست بە کەلوپەلی زۆرەوە دەگەینە ئەشکەوتەکە، شەوێك دوو شەو لەوێ دەبین، سەرەتا خۆش بوو، بەهار بوو، ناوچەکە گوڵزار و تەڕ و کەسك بوو، بەڵام ئەوێ دەگۆڕین و دەڵێن تەسکە و ترسناکە و کراوە و کەشفە، دەچینە ئەشکەوتێکی تر، ئەوەش زۆر ناخایەنێت بۆرودمانەکان دەست پێ دەکەن، شەڕەکە لە ڕواندز نزیك دەبێتەوە، ئاگرەکە، ترسەکە دەگاتە نزیکمان، ناو ژن و منداڵ و پیرەکان و شارەکە چۆل دەکەن، کەسی تێدا نامینێت و ئێمەش دەچینە کن باوکم، دەگەینە چۆمان، ناو ماڵەکەی ئەو. لەوێ دەچینە گوندی خەلان، لە خەلانیش ئۆقرە ناگرین، یان شوێنەکەمان گونجاو نەبوو، دەچینە گوندی ئالانەی نزیك خەلان. لەوێ شوێنمان بۆ دەکەنەوە، ئینجا ئاودیوی ناو ئێران دەبین و دەگەینە کەمپەکانی شێر و خورشیدی ئێرانی بۆ ئاوارەکان سازی کردبوون، دوایی باوکم لەناو شنۆ خانوویێکمان بۆ پەیدا دەکات و لەوێ دەژین.

## بۆ ناچنە کەنەدا؟

من لە میدیا دەپرسم:

باوکت دەڵێت؛ کاتی خۆی ساجیدەی هاوسەرم و دایکم لە کەرەج قبووڵیان نەبوو لەگەڵ من بێنە دەرەوە، گوتیان ئێمە دەچینەوە هەولێر و نایەنە دەرەوە، من زۆرم پێ خۆش بوو بەیەکەوە بڕۆین، ئیتر ئەوان نەهاتن و گەڕانەوەی هەولێریان پێ باشتر بوو، دایکم و ژنەکەم و هەر چوار کچەکەم دەچنەوە، منیش بەرەو کەنەدا دەڕۆم، تۆ چیت لەبیرە؟

میدیا گوتی:

ڕاستە، دروست وابوو، من گچکە نەبووم لە خوێندن گەیشتبوومە قۆناغی ناوەندی. زمانە فارسییەکەم زۆر باش بوو، لە خوێندنیش باش بووم، کچ و کوڕەکانی هەموو سەرکردایەتی و بارزانییەکان لەگەڵ ئێمە دەیانخوێند، ئاهەنگ کیژی ئیسماعیل سیتۆ و کیژێکی موحسین دزەیی و زۆری تر لەوێ بوون، هەموومان بەیەکەوە دەچووینە قوتابخانەکەی بۆیان ساز کردبووین، لەوێ ژیانمان ئاسایی بووبوو. زووتریش لە کەمپەکانیش دەمانخوێند، مامۆستاکان وەك پێشمەرگە و دڵسۆزانە دەرسەکانیان پێ دەگوتینەوە، ئاسایی لەبن خێوەتەکان دەرسمان دەخوێند، دایکیشم مامۆستامان بوو، لەوێ وانەی کوردیشمان هەبوو، بۆ خوێندن و نووسین و زانستەکان لەوێ زۆر فێر بووین، هەموو لایەك پەرۆش و هۆگری خوێندن بووبووین.

باشم لەبیرە باوکم بۆ چوونە دەرەوە ناوی لە سێ وڵاتی بۆ

دەرچووبوو، سێ پێشنیار و ئۆپشنی لەبەردەمدا بوو، وڵاتانی کەنەدا و ئەمریکا و نەمسا، ئەو کەنەدای هەڵبژاردبوو، "دوایی لە کاک سەڵاح دەپرسم، میدیای کچت دەڵێت ناوت لە سێ دەوڵەت دەرچووبوو، بۆ دەچیتە کەنەدا؟" ئەو لە وەڵامدا گوتی:

میدیا ڕاست دەکات، ناوم لە سێ وڵات دەرچووبوو، بەڵام من بڕیارەکەم لەسەر کەنەدا جێگیر دەبێت.

منیش دەپرسم بۆ کەنەدا؟ نەمسا نزیك و جوانتر بوو، ئەمریکا گرنگ بوو؟

ئەو گوتی:

کاك موحسین دزەیی هاوڕێیەکی نزیکم بوو، زوو زوو دیدارمان دەبوو، ئەو باسی کەنەدای زۆر بۆ کردبووم، ماوەیەك لەوێ لە سەفارەتی عێراق بووە، لەوێ ژیابوو، منیش دەمگوت کاك موحسین خۆشییەکی ئەو وڵاتە دوورە چییە بەردەوام بەفرە؟ ئەو زوو وەڵامی دامەوە و گوتی:

بەفرەکەی زۆر جوانە، هەست بە سەرما ناکەیت، لە دەرەوە و لەناوماڵەوە سەرمات نابێت.

هەروەها "بارزان"ی کوڕیشی دەیگوت؛ کەنەدا زۆر زۆر جوانە، لە شارێکیان شەقامێك هەیە درێژاییەکەی ٣٠٠ کیلۆمەترە، زۆر درێژە و سەرێکی دەگاتە سەر دەریاچەیەکی جوان.

باوکم بڕیاری تەواوی خۆی دابوو، نەگەڕێتەوە و تەسلیمی حیزبی بەعس نەبێتەوە، لەو دەمانەش و ماوەماوە خەڵکەکەی نەدەچوونەوە و تەسلیم نەدەبوونەوە، وەك پەنابەر ڕوویان لە

وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا دەکرد، بەڵام کەم کەس دەچووە کەنەدا "کاك سەڵاح ماندووش، لەکن من گوتی: ئێمە وەك کوردی خۆمان یەکەم کاروان بووین دەگەینە کەنەدا و لەوێ دەژین"، ئیتر باوکم بڕیاری دابوو.

هۆکاری تریش ئەوە بوو، ئێمە لەگەڵ باوکم نەڕۆین، زۆر بە دایکم و داپیرمان دەگوت:

چ دەکەن دەچنە هەندەران، لە دەرەوە ناژین، چارەنووسی کیژەکانت دیار نابێت، نازانیت چیان بەسەر دێت؟! بچنە هەولێر باشترە.

ئێمە بە گچکەیی نەماندەویست بچن، لەو دەمانەی کیژە بچووکەمان "ڕۆژان" منداڵ بوو، گاگۆلەی دەکرد، بەڵام دوایی کە گەورە دەبین، باوکمان دێتەوە و دونیا دەگۆڕێت، سێ لە خوشکەکانم لەگەڵ دایکم دەچنە کەنەدا، تەنیا من نەمویست و حەزم لێی نەبوو، بە سەردان دوو جاریش چووم، هەر گوتوومە بێ هەولێر ناژیم، خۆڵی هەولێر بە هەموو جوانییەکانی کەنەدا نادەم، نەچووم و پێم خۆش نەبووە، ئێستاش لە هەولێر ئاسوودەم و فەرمانبەرم!

بە ڕاستی چوونی ئەو و ڕۆیشتنەوەی ئێمە بۆ هەولێر، هەموو بارودۆخەکەمان بە پرۆسەیەکی کاتیی دەزانی، واماندەزانی ڕۆژەڤەکە زۆر ناخایەنێت، مەلا مەستەفای ڕەحمەتی شتێك هەر دەکات، جموجۆڵەکان وا نابن، بارودۆخەکە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگۆڕێن، با جارێ وا بڕوات، ماوەیەکە و تەواو دەبێت، بەڵام هەرگیز نەماندەزانی باوکم حەڤدە ساڵ لە ئێمە

دادەبڕێت و دایکم و داپیرم لە هەولێر ئەوەندە بە ژیان و گەورەکردنی ئێمە ماندوو دەبن!

بەڵام ئێمە، باشم لە بیرە لە یەکەم ڕۆژی هاتنەوەمان، لەو دەمانە لەناو پاسە گەورەکەی لەناو کەرەجی تاران ئێمەی هەڵگرت، ئەو جۆرە پاس و خزمەتگوزارییەمان نەدیبوو، لەو دەمانە پاسمان نەدیبوو توالێتی تێدا بێت، لەو کورسییە خۆشانە، لەو ڕێگاوبانەی ناو ئێران، یەکسەر دەگەینە ناو عێراق، کە سواری پاسە شڕە گەورە شکاوەکەی عێراق دەبین، جیاوازییەکان دەبینین، چۆن هاتین و چۆن دەمانبەن، پەشیمان بووینەوە، دڵمان شکا، پەنجەمان گەست و خۆزگەمان خواست نەگەڕابووواینەوە.

ئەوەی لەبیرمە لەو گەڕانەوەیە هونەرمەند "فوئاد ئەحمەد" و منداڵەکانی لەگەڵ ئێمە بوون، ئەو برادەری نزیکی باوکم بوو، دڵمان بەوە خۆش بوو. ئەویش ماڵی لەناو تاران بوو، لە کەرەج بوو، بەڵام لە سەد خانووەکە نەبوو. کە دەگەینەوە سنووری هەولێر لە شوێنێك هەڵوەستەیەك دەکەین، گوتیان ئێرە کانی قرژاڵەیە، وا خەریکن خانووی نوێ دروست دەکەن.

# ٥

# کوڕی شای ئێران

ئێمە کە لە ئێران دەمانخوێند، ئەو دەمانە لەوێ پۆلی شەشەمی سەرەتایی نەبوو، دەیانگوت کوڕی شا حەزی لەو پۆلە نەبووە، لەو قۆناغەی خوێندن دەرنەچووە، بۆیە شا لەبەر چاو و دڵی کوڕەکەی پۆلی شەشەمی لە سیستەمی خوێندنی سەرەتایی سەرانسەری ئێران هەڵگرتووە، بۆیە ئێمە لە پۆلی پێنجەوە یەکسەر دەبووین بە یەکی ناوەندی.

من لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم کە هاتینەوە، باوکم ڕۆیشت و ئێمەش گەڕاینەوە کوردستان، بێگومان لەوێ خوێندنمان بە زمانی فارسی بوو، نامەوێ باسی وردەکارییەکانی خوێندنی ناو ئێران بکەم، ئەوەندە دەزانم زمانە فارسییەکەم باش بوو، زوو لەناو کۆڵانەکانی شەهرەزا و ئەسفهان زمانەکە فێر ببووم، لە شیعرەکانی حافیزی شیرازیش زۆرتر و باشتر فێر دەبم.

کە لە هەولێر ڕۆیشتبووم چواری سەرەتاییم خوێند بوو، بەڵام بە زمانی کوردی، کە دەگەڕێمەوە لە ناوەندیم و زمانم فارسییە. ئیتر لەو ڕۆژەوە خەباتی دایکم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندنی من دەست پێ دەکات، ئاسان نەبوو ئەو کێشەیە لەناو پەروەردەی هەولێر چارەسەر بکرێت، ئەوە نە بە مامۆستایەك،

یان بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك، تا دەگەیشتە موفەتیشەکان و بەڕێوبەری پەروەردەش ئەوەیان پێ نەدەکرا، چارەسەرییەکەی ئاسان نەبوو، خوێندنی من دەکەوێتە نێوان دوو دەوڵەت و دوو زمان و دوو سیستەم، بۆیە بڕیار دەدەین:

من نامەیەك بە زمانی فارسی بۆ باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا بنووسم، دایکم لەگەڵ خاڵم "نەجات" دەچنە بەغدا، دیداری باڵیۆزەکە دەکەن، نامەکە و بەڵگەنامەکانی من، ئەوانەی ناو ئێرانم لەگەڵ خۆیان دەبەن. باش بوو لەو دەمانە پەیوەندییە سیاسییە دبلۆماسییەکانیان گەرم و بەجۆش بوون. ئەوان بەیەکەوە دەچنە بەغدا، باڵیۆزخانەکە دەدۆزنەوە، دەچنە کن باڵیۆزەکە؛ باڵیۆزی ئێران پشتیوانیی داواکەمان دەکات و لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق و دوایی وەزارەتی پەروەردەی عێراق ڕێك دەکەون. ئیتر بڕیار دەدەن، من لە پۆلی یەك یان دووەمی ناوەندی دەوام بکەم و بخوێنم.

ئەوان سەرکەوتوو دەگەڕێنەوە و منیش لەسەر خوێندنەکەم بەردەوام دەبم. خوێندنی ئامادەیی لە هەولێر تەواو دەکەم و دەگەمە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای کەرکووك. ئەوەم باش بوو، ماڵی داپیرم و خاڵەکانم لەوێ بوون، ژیانم ئاسایی بوو، پارەی ناوخۆشم وەردەگرت و خوێندنەکەم بە دڵ بوو. خوێندنی پەیمانگەکە دوو ساڵ بوو، لەوێش لەسەر بەشەکەم یەکەم دەبم و سێیەمی سەر ئامۆژگەکەش دەبم، بەوپێیە و بەپێی ڕێکارییەکانی ئەو دەمانە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەتی عێراقی؛ دەبووایە من لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دامەزرێم و ببم بە مامۆستای ئامۆژگەکە و خوێندنیش تەواو بکەم و بەرەو ئایندەیەکی تر هەنگاو بنێم، بەڵام دیسان باوکم و کێشە

سیاسییەکە و نەبوونم بە بەعسی و کەسێکی "مستقل"ە لەو وەزیفەیە وەرناگیرێم. دیارە منیش زۆر چاوم لە خوێندن و مامۆستایەتی بووە، لەگەڵ دایکم دەچمە دیداری وەزیری خوێندنی باڵا لە بەغدا، بەڵام لەو سەفەرە سەر ناکەوم و دڵشکاو و پەشیمان دەگەڕێمەوە هەولێر.

هەر بۆ خوێندن؛ لە هەولێرەوە بۆ ئۆردوگای نەلیوانی شنۆ و نەغەدە، ئەسفهان و شەهرەزا و کەرەج و هەولێر و کەرکووك و ئەو جارە دەچمە بەغدا بۆ سکاڵا و خوێندنی زۆرتر و مافی خۆم.

# ٦

## سەمیر ئەلشێخلی

تەق تەق لەگەڵ دایکم دەگەینە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و شانسمان لەوە باش بوو، ڕۆژەکە چوارشەممە بوو، لەو ڕۆژە و بەس وەزیر دیداری خەڵکی دەکرد، دوو سێ سەعاتی دەوامی بۆ ئەوە دانابوو، دیدارەکانی دەکرد و گوێی لە داوا و گازاندەی هاوڵاتییان دەگرێت، ڕاستە کاتی دیدارەکە هەبوو، دیدارەکەش دەبێت، بەڵام ئەوەی شانسم نەبوو، وەزیری خوێندنی باڵا سەمیر ئەلشێخلی "ئەو بەعسییەکی توندڕەو بوو، ئەمینی عاسیمە و وەزیری ناوخۆش بووە، لەنێوان ١٩٨٥/٧/٢٥ تا ١٩٨٧/٨/٤ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی" بوو. من ناوم نەبیستبوو، بەڵام دوایی دەزانم من چوومەتە بەردەم کێ، چووم سکاڵام بردوتە بەردەم پیاوێك تژی لە بەدکاری و بەعسییەکی توندڕەو، ئەگەر دەمزانی ئەو پیاوە وەزیرە، سەفەرەکەم نەدەکرد.

کە نۆرەم هات و چوومە ژوورەوە و وەزیرم بە جلی سەربازیی زەیتوونی داڵ لەسەرشان بینی شۆك بووم، نامە و سکاڵاکەم لەناو دەست بوو، لەسەر کورسییەکەی تەنیشتی دانیشتم، وەزیرە ئاکار ناشیرینەکە، یەکسەر و زۆر ڕەق و

بەدڕەوشتانە بە کچێکی گەنجی وەك من، یەکەمی بەشی خۆم و ئارەزوومەند بۆ خوێندن و مامۆستایەتی دەڵێت:

کێ پێی گوتی دانیشە؟! کێ فەرمووی لێ کردی؟! هەڵسەوە سەر پێیەکانت!

منیش یەکسەر هەڵدەستمەوە و دەترسێم و بێئومێدیش دەبم، دڵنیا دەبم ماندووکردنی دایکم و مەسرەفی هاتنە بەغدامان بە فیڕۆ دەچێت. ئەو نامە و داواکەم دەبینێت، دەزانێت من چیم دەوێت؟ پارچەیەك کاغەزی سپی دەردەهێنێت و وێنەی بازنەیەکی لەسەر دروست دەکات و لەناو بازنەکە دەنووسێت، التربیة - پەروەردە، التعلیم - فێرکردن، لەو دوو دەزگەیە، لەو دوو شوێنەی لەناو بازنەکە دامناوە، بێجگە لە هزری بەعس، هیچ هزرێکی تر بوونی نییە، کەس جێگەی نابێتەوە، کەس وەرناگیرێت، هەموو بەعسین، کارمەندەکانی دەبێت بەعسی بن، بۆیە جێگەی تۆی تێدا نابێتەوە، چۆن دەکرێ کچێکی وەك تۆ؛ لەو دەزگەیە کار بکات بەعس نەبێت؟! "بەتووڕەییەوە، چەند ئاکاری ڕەش و ئەسمەر بوو، ڕەشتر ببوو، چەند ناشیرین و بەدفەساڵ بوو، قێزەونتر دەرکەوت" مستقل لەو وەزارەتە، لەو دەزگەیە بوونی نییە و نابێت!

ئیتر من بە ڕەفتار و قسەکانی و جلە سەربازییەکەی و ئاکارە ڕەشە ڕەقەکەی شپرزە دەبم و مەمنوون دەبم سەلامەت بچمە دەرەوە، لەو گیانەوەرە دڕندەیە دەربازم بێت، دەچمە دەرەوە؛ بەڵام ترساو و گریاو بەزیو، دەگەمە ئاسانسۆرەکە، دەگەمەوە کن دایکم. ڕەنگم هەڵبزرکاو، دەموچاو شێواو، دەگرییەم و دەنووزێمەوە، لەناو ئاسانسۆرەکەش پیاوێك بەرامبەرم بوو،

هەستم دەکرد کێیە؟! وام دەزانی دەیناسم، زووتر دیومە؛ ئەو پێم دەڵێت:

"بە زمانی عەرەبی" کیژم هیچ نییە پێویست بە گریان ناکات، ئارام بە، چیت هەیە لەبیری کە.

ئەو دەمانە کابراکەم نەناسی، دوایی کە ئارام بوومەوە، کە دێوەزمەکە یەخەی بەردام، بەبیرم دێتەوە، کابراکەی دڵی دەدامەوە، "عەدنان درجال"ە، یاریزانەکەی هەڵبژاردەی تیپی پێی عێراق بوو "ئێستا ئەو وەزیری لاوانی عێراقە"، چونکە لەناو یارییەکاندا زۆر دەردەکەوت و فۆتۆی یاریزانەکان لە زۆر شتی تر بڵاو دەبوونەوە.

ئیتر دەست لەو وەزارەتە دەشۆم، ناکرێ کیژی "سەڵاح ڕەفیق ڕواندزی" بەعس بێت، لە لیستی دامەزراندن و دەوامکردن ناوی وەك بەعسییەك بنووسرێت، هەر دەبێت سەربەخۆ (مستقل) بێت.

## ٧

# دەچمە ناو ماست و شیر

ئیتر من لە وەزارەتی فێرکردنی باڵا دوور دەخەنەوە، زوو و بلەز فەرمانی گواستنەوەم بۆ دەکەن، من دەنێرنەوە وەزارەتی سەناعەتی خەفیفە، وەزارەتێك بوو تایبەت بە پیشەسازیی سادە و دروستکردنی خواردەمەنی و کەلوپەلی بەردەست و وەك شیرنەمەنی و چنین و جگەرە و شتی لەو جۆرە. لەو وەزارەتەش من دەکەومە بەڕێوەبەرایەتیی ئەلبانی هەولێر، بەشی تاقیگە.

لەوێ دەوام دەکەم، دەمینێمەوە، بەڕێوەبەرە عەنکاوەییەکەمان و جێگرەکەشی پیاوی سادە و بەستەزمان بوون، ڕۆحیان لە من چووبوو، چونکە ئەو ڕۆژەی فەرمانی دەستبەکاربوونم دەنووسن و دەوام دەکەم، بۆ بەیانییەکەی و بۆ ڕۆژی دووەم لە دائیرەی ئەمن، من و بەڕێوەبەر و جێگرەکەی داوا دەکەن، دەپرسن چۆن تۆ دامەزراوی؟! کێ تۆی داناوە؟! منیش دەڵێم:

ناوم لە وەزارەتەوە دەرچووە، مەرکەزی دامەزراوم، خۆم نەهاتووم و داواشم نەکردووە.

پاش ئەو دیدارە تاڵە ئیزنمان دەدەن، بۆیەش پاش ئەو دیدارە ئەوان حەزیان لە بوونی من و مانەوەم نەدەکرد، وایان دەزانی مانەوە و دەوامکردنی من بۆ ئەوانیش خراپە. لەبەر ناوەکەی

باوکم و دەرکردنم لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوانیش گومان و ترسیان دەکەوێتە سەر و چاودێریی زۆرتر دەکرێن. لەو دائیرەیە دەمینێمەوە و بەردەوام دەبم، لەناو شیر و ماست و گا و گۆلك دەبم، تا بڕیارێك بۆ هەموو دەرچووانی ئامۆژگەکان دەردەچێت، بە تایبەتی ڕەگەزی مێ، پێویستە یەك ساڵ دەرچووانی پەیمانگە و زانکۆکان بە شێوەیەکی زۆرەملێ لە خولی پەرستاری بەشداری بکەن "دورة تمريض".

وەك چۆن کوڕەکان بۆ سەربازیی بانگ دەکران، کچەکانیشیان بۆ ئەوە داوا دەکرێن، چونکە بارودۆخی ئەو دەمانە و شەڕە بەردەوامەکانی سەدام حوسێن ئەوەی دەویست پەرستاریان زۆر بێت. ئیتر من ساڵێك وەك پێویست و بە دڵسۆزییەوە پەرستاری بە پراکتیك تەواو دەکەم، لەناو دکتۆرەکانیش خۆشەویست دەبم و متمانەم پێ دەکەن و لەناو ژوورەکانی نەشتەرگەرییش ئامادە دەبووم، ئێستا زانیاریم زۆرە و لەوەش زۆر ئاگام لە تەندروستیی باوکم هەیە، چاودێریی دەکەم و سەرم لە دەرمان و تیمارەکانی دەردەچێت.

دایکم لە دەرەوە پیاو بوو، داپیریشم ژنی ماڵێ بوو، بەیەکەوە ژیان و ڕۆژانەی ئێمەیان جێبەجێ دەکرد، ماڵەکەیان بەڕێوە دەبرد، هیچ هیوامان بە گەڕانەوەی باوکمان نەبوو، چونکە باش باوکی خۆمان دەناسی و دەمانزانی زۆریش دوورە.

دایکم تەمەنی **٢٩** ساڵ بوو، زۆر خەسووی خۆش دەویست کە کۆچی دوایی دەکات لە خەفەتی ئەو تووشی فشاری خوێن دەبێت.

داپیرم تا مرد، تا گیانی دەرچوو، هەر چاوی لەسەر

وێنەکەی باوکم بوو، وێنە بچووکەکەی ئەومان لەسەر دڵی دانا، ئینجا ڕۆحی دەرچوو، هەناسەی بڕا و چاوەکانی کوژانەوە و مرد. ئەو هەر چاوی لەوە بوو سەڵاحی کوڕی جارێکی تر ببینێتەوە، ئەو هیوایەی نەهاتە دی و مرد.

## ٨

## تاسە زێڕەکەی دادە حەلیم

ئەو ژنە، دایکم ژنی پیاوێك بوو دەوام و کاری لە چۆمان بوو، کەم دەگەڕایەوە ناو هەولێر، لە چۆمان و گەڵاڵە و قەسرێ خەریکی کاروبارەکانی حیزب بووە، ژن و چوار کچەکەی لەکن دایکی جێ هێشتووە، ژنەکەی مامۆستای دواناوەندی بووە، سەرقاڵی دەرس و هاتوچۆ و منداڵەکانی بووە، لەو ساڵانە بۆ دابینکردنی دوارۆژی خۆی و منداڵەکانی، پارچەیەك زەوی بە ڕووبەری ٣٢٩ مەتر دووجا لە خاوەن موڵکی ئیسماعیل یەعقووبی لە گەڕەکی زانیاری کڕیبوو، تازە گەڕەکی زانیاری لە لایەن کۆمەڵەی نیشتەجێبوون ئاوەدان کرابووەوە، زەوی هەرزان بوو، خانوودروستکردن زۆر نەبووە، زەوییەکە دەکڕێت، بەڵام پارەکەی تەواو نەبووە، سێ سەد دینار ئاسان نەبوو، پەیداکردنی سەخت بوو. لە میدیا دەپرسم:

باوکت پارەکەی بۆ ناردن و پارچە زەوییەکەتان کڕی؟

ئەو گوتی:

نا، باشم لەبیرە "دادە حەلیم" تاسە زێڕەکەی سەری بۆمان فرۆشت، بە پارەی زێڕەکەی ئەو پارەکەمان تەواو کرد و دایکم زەوییەکەی کڕی.

- داپیرت ناوی دادە حەلیم بوو؟

نا، داپیرم نەبوو، چیرۆك و بەسەرهاتی ئەو دادە حەلیمە دوورودرێژە، حەز دەکەم و پێم خۆشە باسی ئەو ژنە بکەم، ئەو دادە حەلیمەی هەموو تەمەنی لەگەڵ ئێمە بووە، لەگەڵ دایکم و باوکم و ناوماڵمان بووە.

دادە حەلیم، تەمەنی دوازدە سێزدەساڵان بووە، باوکی هەژار بووە، لە گوندی خەتێی خۆشناوەتی، کیژە منداڵەکە دەداتە پیاوێکی بە تەمەن و ژن و منداڵی هەبووە، گەورە بووە، هەر چەند هاوار دەکات و دەگرییێت، بە زۆر دەیکەنە بووك و دەیدەنە کابرای بەتەمەنی ناو گوندەکە.

کابرای پیرەمێرد لەگەڵ هەردوو ژنەکە خراپ و بەدکار بووە، زوو زوو ژنی یەکەمی تەڵاق داوە، دەریکردووە و گەڕاوەتەوە و ماوەیەك ماوەتەوە کە دووبارە تووڕە بوویتەوە، یان کێشەیەکی هەبووە سێ بەردی لە دەستی ژنەکە ناوە و تەڵاقی داوەتەوە. بەڵام بووکە نوێیەکە، کیژەکەی سەرسام و حەپەساو ژیاوە، کابرا تەڵاقی نەدابوو، یان نەیدەزانی و باشیش لە پرۆسەکە تێنەگەیشتبوو، نەیزانیبوو تەڵاقدان چۆنە و کاردانەوەکانی چییە؟! تا ڕۆژێکیان ئەویش بە قسە تەڵاق دەدات، ژنە گەنجەکە تێدەگات شتێکی کردووە وەك تەڵاقدانە.

ژنەکەی تەمەنی بووبوو بە چواردە پازدە ساڵان، بەو وشەیە ڕادەچڵەکێت، لە ناخەوە هەست دەکات هەڵتەکاوە، مردووە، لە ڕێگەی کانیی گوندەکە، بە دزی قسە لەگەڵ برایەکی خۆی دەکات، سەربردە و تەڵاق و قسەکانی مێردەکەی بۆ دەگێڕێتەوە:

برام ئەوەم بەسەر هاتووە، ئەوەی بۆم گێڕایەتەوە بۆ مەلای گوندی بگێڕەوە، بەڵام کەس گوێی لێ نەبێت، کەس نەزانێت، بپرسە و وەڵامەکەم بۆ بێنەوە، لێرە و لەو پەنایە بەیانی چاوەڕوانت دەکەم، بە قوربانت دەبم، بزانم تەڵاقم ماوە یان نا؟! بزانم ئەوە هێشتا مێردمە، یان حەرامە لەگەڵی بژیم و بکەم و؟!

ژنەکە، حەلیمە، دوایی ناوی لەکن ئێمە، لە ماڵی باپیرم و مامم دەبێتە دایە حاجی، کز و خەمبار بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەگەڕێتەوە ماڵ و بیر لە دوارۆژی دەکاتەوە، ئایا براکەی قسەکەی بە مەلای گوندی ڕادەگەیەنێت یان دەرفەتی نەبووە، یان لەبیری کردووە، یان برایانە و بە دڵسۆزییەوە وەڵامەکە وەردەگرێت و دروست بۆی دەهێنێتەوە؟!

بەو خەیاڵ و ڕازانە ژنەکە سەر دەنێتەوە و بەیانی لەسەر ڕێگەی کانی، لەبن دار و پەنایەك دەگاتەوە براکەی، کوڕەکە بە وەفا بووە، دڵسۆزی ڕاستی و داواکەی خوشکی بووە، لە مەلا دەپرسێت و بە دزی وەڵامەکەش وەردەگرێتەوە و ڕووبەڕوو قسەکەی مەلا وەك خۆی بە خوشکەکەی دەڵێت و ژنە بەتەمەن بچووکەکە تێدەگات تەڵاقی کەوتووە، چیتر ژنی ئەو پیاوە نییە، نایەوێ وەك ژنی گەورە بکات، دەیەوێ شتێك بکات کەس نەیکردبێت، ئەو لە ترسی خودای گەورە دەڕوات، چونکە دەیزانی ژیان لەگەڵ ئەو پیاوە ئیتر حەرامە، چارەی ئەوەش ئەوە بوو لە گوندەوە بچێتە شارێکی گەورە. بگاتە شارێك بشاردرێتەوە، ون بێت، شتی نوێ ببینێت، سەربەست بێت نەك خزمەتکار، ژنە گەنجە داماوەکە، کە دەزانێت تەڵاقی کەوتووە، چەند پێویستییەك دەخاتە پریاسکەیەك و توندیان دەکات، لە شانی دەکات، دێوانەیەکی ژن، دێوانە بێ قیبلەنامە و

سەرگەردان، لە گوندی خەتێی خۆشناوەتی ملی ڕێگە دەگرێتە بەر و دەڕوات، بەڵام ڕاستەڕێ ناگرێتە بەر، ڕاست و دروست ناڕوات، بە ڕۆژ دەرناچێت، بە گەڵ کەس ناکەوێت، ناترسێت، دوودڵ نابێت، بیر لە خزم و کەسەکانی ناکاتەوە، نایەوێ لەو گوندە بژیت. بەڵام بەر لەوەی بڕوات و نایەوێ پارەی حەرامی کۆنە مێردەکەی لەگەڵ خۆی ببات، چەند درهەمێکی هەبووە، مێردەکەی نەیزانیبوو، نایەوێ بیانبات، درهەمەکان لەناو زەخیرەکە جێ دەهێڵێت، دایە حاجی دەیزانی پاییزان گەنم دەردەهێنن، گەنم دەکەنە ساوار و گەنمەکوتاو، بەوەش پارەکە دەدۆزنەوە.

## ٩

## دایکە شیرییەکەی دایکم

حەلیمەی تەڵاقدراوی داماو دەڕوات و کۆرپەڵەکەشی جێ دەهێڵێت و دەگاتە هەولێر. ژنێکە و دەگاتە شارێك؛ دوکان و حەسار و گەڕەك و ئاوەدانیی زۆر بووە، بەڵام ناچێتە ئەو شوێنانە، دەگاتە قەراخ شار و کەس نازانێت چۆن هاتووە؟! بە کوێدا سەر کەوتووە؟! چەند ڕێی بڕیوە؟! ترساوە یان نەترساوە؟! بەڵام هەموو دەزانن دەگاتە تەکیەی "شێخ مستەفای نەقشبەندی" لە هەولێر، بەر سێبەری دارەکان، ئارامی ماڵ و مزگەوت و تەکیەکە دالدەی داوە و ڕایگرتووە.

دادە حەلیمە، (دایە حاجی) دوایی ئێمە ئەو ناوەی لێ دەنێین، دەبێتە دادەمان، منداڵی ساوای جێ هێشتبوو، نەیتوانیبوو لە پشتی بکات، لە باوەشی بکات و چیا و هەورازەکانی پێ ببڕێت، منداڵە ساواکەی پێ هەڵنەگیراوە، بۆیە هەردوو مەمکی پڕ شیر بوون، تەڕ بوون، کە هاتووە دایك بووە، بەڵام منداڵی پێ نەبووە، شیری هەبووە، بەڵام چەند ڕۆژ بوو مەمکی لە دەمی هیچ زارۆکێك نەنابوو.

لەو ڕۆژانەش دایکم مەلۆتکە بووە، لەکن دایکییەوە لە کەرکووك هێنرابووە کن داپیری، مەمکی هیچ ژنێکی نەگرتووە،

ئارام نەبووە، هیچی نەخواردووە، هەواڵی هاتنی ژنەکە، ژنەکەی چیاکانی بڕیبوو، گەیشتبووە تەکیەکە، دەگاتە ماڵی حاجی سەدیق زێڕینگر و ڕەفیق زێڕینگر، زوو دەگەنە کن ژنەکەی پێی لە جەرگی نابوو هاتبوو، حەلیم دەهێنن، یەکسەر ساجیدەی دایکمان، مەلۆتکەکە مەمکی ئەو ژنە گەنجە پڕ لە شیرە دەگرێت و دەیخوات و ژێر دەبێتەوە.

لەو ڕۆژەوە حەلیمە لەناو ماڵی باپیرم دەبێتە دایە حاجی، دەبێتە ئەندامێکی ئەو خێزانە دوو برایە، لەناو ماڵە گەورەکە، لەناو ناندین و ئاو و ژیان و خۆشییەکان بەشدار دەبێت. هەمووومان گەورە بووین و ئەومان خۆش ویست، هەمووومان بە دایە حاجی بانگمان دەکرد، لەگەڵ ئێمە ژیا و دواییش ماوەیەك شووی کرد و دوور کەوتەوە، بەڵام هەر سەر بە ئێمە بوو، منداڵی نەبوو، ئێمە هەمووومان منداڵی ئەو بووین.

من دەپرسم، چۆن ئەو تەمە نەدۆزرایەوە؟! چۆن مێردەکەی چیاکانی لەدوای نەبڕی؟! پیر بوو یان تاقەتی نەبوو، تەڵاقی دابوو، یان هاتبوو نەیدۆزیبووەوە؟! یان هەولێر شارێکی گەورە بووە و تێیدا ون بووبوو؟! تەکیەکە و دوایی ماڵی ئەوان پارێزراو بووە؟!

ئەو گوتی:

ئەو کەم دەچووە دەرەوە، زۆرتر لەناو ماڵ بووە، کە چوویتە دەرەوەش پەچەی هەبووە، ئەو دەمانە ژنانی ناو شار و لەناو بازاڕ پەچەیان هەبووە، بەڵام جارێك لە نیگبەتیی خۆی، لەناو بازاڕ پەچەکەی لاداوە، جا بۆ سەیرکردنی شتێك بووە یان جامێك ئاوی خواردوتەوە؟! ئیتر یەکێك، چاوێکی ئەو گوندە،

هەستێکی خۆشناوانە دەیناسێتەوە و هەواڵەکە وەك پەیك دەڕوات، کابرا چاوەڕوانی کاروانێك ناکات، ناچێتە خانێك، مزگەوتێك یەکێك بدۆزێتەوە هەواڵی حەلیمە بنێرێتە خەتێ، خۆی چووە، زوو ڕۆیشتووە، هەواڵەکەی بردووە، بەڵام دادە حەلیمە مایەوە و کەس نەیتوانی لە هەوار و سۆزەکەی تێك بدات و دووری بخاتەوە، تا مرد لەگەڵ ئێمە مایەوە.

ئیتر لەو دەمانەی دایکم پارچەیەك زەویی نیشتەجێبوون لە گەڕەکی زانیاری دەکڕێت، کەمێك پارەی بۆ زەوییەکە لێ دەبڕێت، زوو دادە حەلیمە تاسەسەرێکی زێڕی هەبووە لەبەردەم دایکم دادەنێت و دەڵێت بیفرۆشە، پارەی زەوییەکەت تەواو بکە، با منداڵەکانت بێناز نەبن. بیبە و بیفرۆشە و پارەی زەوییەکە بدە. ژنەکە بە ڕاستی دایکمی بە کیژی خۆی دەزانی، مەمکی پێ دابوو، گەورەی کردبوو، خزمەتی کردبوو، بۆیە سۆزی گەرمی هەبوو.



**سەڵاح ڕەفیق و ساجیدەی هاوژینی – شاری ئاستن، پایەتەختی ویلایەتی تێکساس (٢٠٠٥)**

## ١٠

# بچی نەیەتەوە

"بچی نەیەتەوە" بە سادەیی و لەناکاو میدیا سەلاح ئەو دەستەواژەیەی لە دەم دەرچوو، پەیڤەکە کورتە، بەڵام دەربڕینێکی گەورە و قووڵ و زامدار بوو؛ ئەوان، دایك و داپیر و چوار خوشکەکە ئازاری زۆریان چێشتبوو، لەوساڵانەی باوکیان لە دەرەوە بووە، ئەگەرچی چالاکیی حیزبی نەبووە، تەقەی نەکردووە، لە کۆنگرە و دیدارەکاندا نەبووە، بەڵام دژی ڕژێمی بەعس بووە، بۆیە حکوومەت حەزی کردووە ئازاری منداڵەکانی بدات، میدیا گوتی:

باوکم جارێك قبووڵی زانکۆیەکی کەنەدایی بۆم ناردبوو، لەسەر ئەوە بانگیان کردمە ئەمن، لەوێ گوتیان باوکت لە ساڵی ١٩٥١ شیوعی بووە، منیش گوتم چۆن منداڵی دە ساڵان دەبێتە شیوعی، لەو ساڵە تەمەنی باوکم هەر ئەوەندە بووە! بەو قسەیە پەشیمان دەبنەوە و ئیزنم دەدەن و دەڵێن: هەڵەمان کردووە، بڕۆوە ماڵ. بچی نەیەتەوە!

زۆر جار، لە دەرگەمان دەدرا، کە دەرگەکەمان دەکردەوە و ئۆتۆمبێلە "GL" سپییەکەمان دەبینی، موختاری گەڕەکەکەمان دەبینی، ئەومان دەناسی، زۆر هاتبووە ماڵمان، پیاوە ئەمنەکەمان دەبینی دەشڵەژاین، هەناومان دەپسا، بچی نەیەتەوە.

دایکم سەر بە عەبا دەچووە دەوام، بێجگە لەوەی لە دواناوەندیی زەهرای کچان مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، ئێوارانیش بۆ کەمێك دەرماڵە دەرسی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بە ژنان دەگوتەوە، ئەگەرچی تەنیا مامۆستایانی سەرەتایی ئەوەیان دەکرد، دایکم بۆ ژیان و پێگەیاندنی ئێمە زۆر ماندوو بوو، بەپێیان دەچووە مەکتەب و تاکسی بۆ ئێمە گرتبوو. ماوەماوەش لە ناوەندی گەلاوێژی کچان وانەبێژ بووە، با ئەوەش بڵێم یەکەم دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٧٢ وەك مامۆستا لەو ناوەندییە بووە، بەڵام پاش نسکۆ و لە ساڵی ١٩٧٥ کە دووبارە دەوام دەکاتەوە، دەینێرنە دواناوەندی زەهرای کچان. لەوێیش دەچێتەوە ناوەندی گەلاوێژ و بۆ چەند دینارێك وانەبێژ بووە و زۆرتر ماندوو بووە، مامۆستایەکی خۆشەویست و شیرین بوو، هەموو داوایان کردووە. بچی نەیەتەوە.



**ڕەحمەتیی مامۆستا ساجیدە لەگەڵ مامۆستایانی ناوەندیی گەلاوێژی کچان - ١٩٧٢.**

ئێوارەیەکی جەژن دایکم و داپیرم خەریکی کولیچە بوون، خورما و گوێزمان ئامادە دەکرد، حەلوامان دەبرژاند، داپیرم ساڵانە بەو حەلوایە خێری دەکرد، کۆڵانەکەی شیرین دەکرد، حەلوای دەستی خۆی دەناردە ماڵان، جەژنانەی ئەو شیرینی بوو، لەو دەمانە لە دەرگە درا، دیسان موختار و ئەمنەکە هاتنەوە، لەبیرمە هەموومان چووینە بەر دەرگەکە و داپیرم زوو گوتی:

"أنا ما أعرف عربي!"

تا گەڕاینەوە ئاگر لە حەلواکە بەربوو، ڕوونەکە ئاگری گرتبوو، خێرەکەیان نەکرد، حەلواکە نەچووە ماڵان، بچی نەیەتەوە.

پاش ئەوەی دایکم دەچێتە کەنەدا و باوکم دەگەڕێتەوە، خانووەکە نۆژەن دەکاتەوە، ڕووبەرەکەی زۆر بوو، شوێنەکەی باش بوو، زانیاری گەڕەکێکی جوان و شیرینی هەولێرە، بۆیە حەزی دەکرد لەو خانووە بۆ هەر چوار کچەکەی ژووریان بۆ دروست بکات، دەیگوت حەز دەکەم زوو زوو بێنەوە کنم و ژووری خۆتان هەبێت، بەڵام زوو مرد و خانووەکەش نەما. بچی نەیەتەوە.

دایکم ماوەیەکی کەم لەگەڵ باوکم ژیابوو، چوار ساڵ لە بەغدا قوتابی بووە. باوکم زوو لەناو هەولێر دەڕوات، زۆرتر لە گەڵاڵە و چۆمان بووە، دوای ئێمە دەگەڕێنەوە و ئەو دەڕوات بۆ کەنەدا، لەوێش حەڤدە ساڵ دوور بووە، بەڵام دایکم هەر سوێندی بە سەری سەلاحی دەخوارد، دەیگوت: ئەوەی خزمەتی سەلاحی بکات بە قوربانی دەبم، لە وەسیەتنامەکەشی داوای

کردووە، کچەکان ئاگاتان لە سەڵاحی بێت. ئەو ڕۆژە ڕەشانە بچی نەیەتەوە.

دایکم ژنێکی جوان بوو، جیاوازیی تەمەنی من و ئەو، من نۆبەرەکەی بووم، تەنیا حەڤدە ساڵ بوو، دڵم نایەت سەیری فۆتۆکەی بکەم، وێنەکانی سەردەمی زانکۆ، دایکم بە جلی بووکێنی و فۆتۆی دایکم لە بەغدا، لەو دەمانە زۆر لە "فاتن حەمامە" دەچوو، دەیانگوت دایکت وەك فاتن حەمامە جوانە. بەڵام داخی گرانم بە ژیان و چاوەڕوانی و گەورەکردن و فێرکردنی ئێمە زۆر ماندوو بوو. بچی نەیەتەوە.

دایکم چەند ئازار دەدرا، ئەوەندە زۆرتر کۆششی دەکرد، بەرنامەی جوانی پڕ لە خۆشەویستی بۆمان دادەڕشت، ژیانی ئێمە خۆش بوو، خانووی خۆمان هەبوو، تەلەفۆنی ماڵەوەمان هەبوو، ژمارەکەم لەبیر ماوە "٢٨٩٣٥" بوو. دایکم مامۆستای ناوەندی بوو، مووچەی باش بوو، کابان بوو، دەیزانی چۆن ڕێکارەکان جێبەجێ بکات، خاڵەکانم باش بوون، بە قوربانیان بم، ماڵیان لە کەرکووك بوو، لەوێ چاویان لە ئێمە بوو. لە ئەمن داوایان لێ دەکرد تەڵاقنامە بۆ مێردەکەی بنێرێت، ئەو توند و سەرکەشانە وەڵامی دەدانەوە و دەیگوت:

چۆن ئەوە لەگەڵ ئامۆزاکەم دەکەم، کوێر بم ئەوە ناکەم. بچی نەیەتەوە.

"ئەبو سەباح" فۆتۆگرافەری خێزانەکەمان بوو، ڕۆژی لەدایکبوونی هەموومانی دەزانی و دروست لە ڕۆژی خۆمان دەهات، فۆتۆی بۆمان دەگرت، کێکەکانی لەناو فۆتۆکاندا جوان دەردەهێنا، ئەگەرچی فۆتۆکان ڕەشوسپی بوون، بەڵام شیرینی و

تامی خۆشی لە فۆتۆکان دەردەهێنا، ئەگەرچی فۆتۆکان تا دەهاتنەوە و دەشوورانەوە و دەگەیشتن چەند ڕۆژێکی دەویست. بە هاتن و زەنگی تەلەفۆنەکەی ئەو، دەمزانی ڕۆژی لەدایکبوونی منە، ڕۆژی ١٠/٢٢ هەندێ لە فۆتۆکان ماون و زۆریش لەو کاروانە سەختەی خێزانەکەمان فەوتان، بچی نەیەتەوە.



**سەڵاح ڕەفیق و ساجیدە و میدیا، ڕۆژی لەدایکبوونی میدیا -١٩٦٩/١٠/٢٢**
**هەولێر - بە کامێرای ئەبو سەباح.**

## هەڤپەیڤینی شەشەم

# هەڤپەیڤین لەگەڵ سەڵاح ماندوو

شوێن: هەولێر - هیوا ستی
ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١

## ١

## خزمەتی گوڵ و دیوەخان

بەیانی دەگەڕێمەوە سوید، دوا ڕۆژی دیدارم لەگەڵ سەڵاح ماندوو دەبێت، دیسان دەڵێمەوە؛ سەڵاح ماندوو نییە، پیاوێکی بەتوانا و ورەی بەرزە، بێجگە لەوەی بەردەوام میوانی هەیە، شەوانەش دیوەخان و شەوچەرەکانی گەرمە. بە ڕۆژیش خزمەتی چەندان گوڵدان و داری بەر سێبەر دەکات، ئاویان دەدات، بە پەنجە ئاماژە بە یەکێکیان دەکات دەڵێت: بزانە نازانم ئەوە چۆن وشك بوو، نازانم بۆ؟! وەك ئەوانی تر ئاوم داوە، نازانم! زۆر بیری لێ دەکەمەوە!

ئەو چەند ڕۆژەی بەیانیان دیدارمان دەبوو، نیوەڕۆکەی دەمامەوە، لەماڵی "نیاز"ی زاوایان، بە کابانیی میدیای کچی کاك سەڵاح خواردنمان بۆ دەهات، هەر لەگەڵ نانخواردنیش قسەمان دەکرد، من دەفتەرە بچووکەکە و قەڵەم جافەکەم لەتەنیشت بوو، وشەیەکی نوێ، ناوێکی شیاو، ڕووداوێکی کاریگەر، سەربردەیەکی تایبەتیم دەنووسییەوە، ئیتر لەگەڵ خواردنەکە وشەکانم دەرخواردی لاپەڕەیەکم دەدا و دەگەڕامەوە سەر خواردنەکەم. لەگەڵ نووسینەکە بیرم دەکردەوە، نۆرەی خواردنی کام قاپ بوو، زەڵاتە درشتەکە، یان

زەڵاتەکەی بە لەهانە و گێزەری وردکراو دروست کرابوو، نۆرەی برنجە کوردییەکەی ئاکرێیە، یان شلە و تەبسییەکە یان قوومێك لە ماستاوەکە بدەم؟!

زووش ئەگەر لە ماڵەکەی ئەو دەبووین، کاك سەڵاح دەیگوت:

ئەگەر حەز دەکەیت بیرەیەك بشکێنە، زۆرم هەیە، هەموو جۆرێکم هەیە!

منیش دەمگوت:

سوپاس، بە ڕۆژ ناخۆمەوە و حەزم لێ نییە.




**بەیەکەوە لەگەڵ سەڵاح ڕەفیق لەناو گوڵزارەکانی باخچەکەی.**

# ٢

# تۆ نەگیراوی؟

لە ڕۆژانی سیاسەت چەند جار گیراوی؟ ئەشکەنجەت دیوە؟ ئازار دراویت؟

بە ڕوویێکی شیرین و دەنگە گەورەکەی، سەڵاح ماندوو گوتی:

نەمهێشتووە، نەگیراوم، یەك جار هاتن بمگرن و نەگیرام و دەربازم بوو، نەگیراوم نازانم شانسم هەبووە، ئازا بووم؟! ئیتر نەگیراوم. لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن و کاری حیزبی و چوونە ناو ڕێکخستنەکانی تایبەت، باش و دروست دەمزانی هەر بگیرێم دەکوژرێم، بکەومە بەر دەستی پۆلیس و ئەمنی حکوومەت و بناسرێم و بدۆزرێمەوە و ناوم بدرێت و بزانن چی دەکەم و چیم لەبن سەرە؟! لەناو قەڵەم سڕیی پارێزگای هەولێر چ دەکەم؟! نەك دەمکوژن، تا دەمرم ڕۆژانە چەند جار دەمکوژن، تا تەواو دەبم زیندووم دەکەنەوە و دەمکوژنەوە، خوێنم دەمژن و خوێنم دەدەنەوە تا قسە بکەم، تا نهێنییەکان بدرکێنم، ناوەکان بڵێم و کەسەکانیان بۆ بدۆزمەوە و دەست و پەنجە لەسەر دەرگەی ماڵەکانیان دابنێم، پێیان بڵێم کام لۆری و کام شوفێر

هاتوچۆکانی بۆ دەکردم، کێ پۆستی بۆ دەبردم؟ چۆن بە دزی دەمبەنە جوندیان؟ لەوێش ئاودیو دەبم و دەگەیشتەمە پەنا بەردێك؟ بارەگایەکی لاچەپ و کاك مەسعوود بارزانی دەبینم؟

ئەگەر دەیانزانی تۆڕی پەیوەندییەکانی من، بە هەموو شارەکانی عێراق بەستراوەتەوە و هەمووم پێ دەگات، سەد جار دەیانکوشتم و زیندوویان دەکردمەوە، بەڵام نەیانزانی و نەدۆزرامەوە و ڕۆیشتم.

ئەگەر دەیانزانی چیم لەبن سەرە؟ چۆن ڕۆژانە چالاکی و نهێنی و زانیارییەکانی موتەسەریف و پارێزگارەکانم دەقۆستەوە، قسەکانم هەڵدەگرت، وەردەگرت، باش و جوان گوێم ڕادەگرت، هەمووم دەگەیاندە ناو شۆڕش، لە ڕێگەی منەوە دەیانزانی "بەدرەدین عەلی" چ دەکات و نیازی چییە، چەند دەستی سوورە بە خوێنی خەڵکەکە، چەند ڕقی لە کوردە؟

لە سەرکردایەتی دەزانن ئەو موتەسەریفە لە پۆستەکەی نەماوە و گەڕاوەتەوە بەغدا. لەناو شارەکە دەژیت، پاسەوان و پۆلیسی لەگەڵدا نییە.

کە ئەوە دەزانن دەمانچەیەکی شاراوە، پیاوێکی ڕەشتاڵە، دوو قاچ و دوو دەستی چالاك و دڵێکی تژی لە مەردایەتی بە دوای دەنێرنە بەغدا، پیاوێك و دەمانچەیەك، پیاوێك لە گوندێك و لە بارەگایەك دەڕوات، دەستێکی ماندووی چەکدار لەناو کۆڵانەکانی بەغدا، لە بازاڕەکاندا، نەشارەزاش، زمانە عەرەبییەکەی شڕ بوو، نێر و مێی لە ئاخاوتنا لەیەك جیا نەدەکردەوە، بەڵام ئەو دەڕوات و هیچ کاری بە زمانی عەرەبی

نەبوو، ئیشی بەوە نەبووە قسە لەگەڵ ژنان بکات. ئەو چووبوو پیاوێکی ویستبوو تا هەموو فیشەکەکانی ناو دەمانچەکەی لەسەر سینگ و مێشکی بەتاڵ بکاتەوە و بیکوژێت. لەناو بەغدا "بەدرەدین عەلی" کۆنە پارێزگاری هەولێر خەڵتانی خوێنی خۆی بکات.

ئەو لە هەولێر دەگوازرێتەوە لیوای عیمارە، لەوێش خانەنشین دەبێت و لەناو ماڵەکەی خۆی لە "حی الضباط" لە کۆتایی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٤ دەیکوژن. ئەو هاتبووە شوێنی موتەسەریفە باشەکە، لیوای ڕوکنی خانەنشین عەلائەدین مەحموود "١٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ تا نیسانی ١٩٦٢" موتەسەریف بووە.

بە نامەکانی من دەیانزانی کەی پارێزگارەکە دەڕوات و کەی یەکێکی نوێ جێگەکەی دەگرێتەوە.

من ئاگاداری هەڵسوکەوت و هەموو چاکە و بەرنامە کارگوزارییەکانی "عەبدولمونعیم ئەلمەسرەف" بووم، پیاوە ناسکەکەی بۆینباخی پەپوولەیی دەبەستا و شەوانە دەیخواردەوە، جاروباریش بێ ترس و دوودڵی چوویتە یانەی ئازادی و زۆریش لە یانەی ئەفسەران بووە.

لە سەردەمی ئەو شەقامی شێستمەتری و باخچەی گلکەند دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کردووە. من دەمزانی "حەمەدەمین فەرەج" موتەسەریفە جەلالییەکە لەگەڵ سوپا و ئەمن چ دەکات؟! منی خۆش دەویست و هیچ گومانی لە من نەبوو، بە دڵەوە وەك ڕۆڵە بانگی دەکردم.

## ٣

## ئەلشەجەرە

"شێخ جەعفەر"ێك هەبوو ئامێر هێز یان بەتالیۆنێك پێشمەرگە بوو، چیای بەمۆ سەر بە هێز و دەسەڵاتەکەی ئەو بوو، لەگەڵ حکوومەت ڕێك دەکەوێت و چیا و هێزەکە تەسلیمی حکوومەت دەکات، ڕەحمەتی مەلا مەستەفا بەوە زۆر تووڕە دەبێت، فەرمان دەدات زوو هێزێك بنێرنە ناوچەکە و چیاکە بگرنەوە و حکوومەت و سوپاکەی هەراسان بکەن. وا بزانم هێزێك بە سەرکردایەتیی شەهیدی سەرکردە فاخیر مێرگەسۆری دەچنە ناوچەکە و چیاکە دەگرنەوە و ناوچەکە پاك دەکەنەوە. پاش ئەوە فەوجەکانی خوارەوە سەربازگەکە بە بۆردومان هەراسان دەکەن، بە شەو و بە ڕۆژ تۆپبارانیان دەکەن.

لەو دەمانەش دانوستانی شۆڕش و حکوومەتیش نزیك بووبوو، بۆیە حکوومەت بروسکەیەك بۆ ڕەحمەتی مەلا مەستەفا دەکات، تۆپبارانی ناوچەکە ڕابگرن و سەربازگەکە چیتر هەراسان مەکەن. من بروسکەکەم وەرگرت، شیفرەکە لەکن من بوو، ناوی نهێنیی سەرۆك بارزانی لەلایەن حکوومەتی عیراقی "الشجرة" بوو. بە ناوی ئەلشەجەرە بروسکەیەك وەردەگرم، تێیدا حکوومەت داوا دەکات ناوچەکە ئارام بکەنەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دانوستان بەردەوام بێت و بگەینە ڕێککەوتنێك.

من زۆر بە کەسایەتیی مەلا مەستەفا سەرسام بووم، زۆرم خۆش دەویست. بۆ هیچ کەسێك ئاسان نەبوو بتوانێت سەیری چاوەکانی بکات، کاریزمایەکی زۆر سەیر و بەهێزی هەبوو، لەگەڵ ئەوەش کەسێکی سادە و خاکی بوو، جگەرەی زۆر دەکێشا و دەمبینی قورئانی دەخوێند، لەکن ئەو بووم، بینیم لەگەڵ کۆنە برادەرەکانی بە زمانی ڕووسییش قسەی کردووە، نیشانەشکێنێکی باش بوو، حەزی لە خواردنی خۆشیش بوو.

لەبیرمە جارێکیان هاتن شکایەتیان کرد گوتیان لە گوندی خەلانی سەر سنوور و نزیك حاجی ئۆمەران، پیرەمێردێك لەو گوندە، پیرە و یەك ددانی ماوە، کیژێکیان لێ مارە کردووە جیاوازیی تەمەنیان زۆر زۆرە، کچەکە نەبووە بە چواردە ساڵ، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی داوای کابرا و کیژەکەمان کرد، هەردووکیان هێنایە بارەگاکەمان، دەرکەوت کابرا زۆر بەتەمەنە، کیژەکەیان بە پێڵاوێکی بەرز و سەروتاسێکی گەورە وایان نیشان دابوو گوایە گچکە و منداڵ نییە، لەگەڵ "حەمە عەزیز" لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا کردن، لە کیژەکەمان پرسی تۆ چۆن شووت بەو پیرەمێردە کردووە، سەرکەشانە گوتی:

بە ئارەزووی خۆم، خۆشم ویست و خۆشم دەوێت!

لێمان پرسی چۆن؟

ئەو گوتی:

منداڵ بووم دەچوومە دوکانەکەی ئەو، لوقم و حەلوای دەدامێ، لەسەر کۆشی دادەنیشتم، گەمەی لەگەڵ دەکردم و خۆشم ویست و شووم پێی کرد و پەشیمان نیم.

ویستمان بە کچەکەی بڵێین تۆ بچووکی، لێی دەپرسین؟

لەبیرتە کە گوندی خەلان بۆردمان کرا، دەزانی کەی بوو؟

بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت منداڵ نییە و شتی کۆنی لەبیرە گوتی: بەڵێ باشم لەبیرە!

ڕێککەوت و ڕۆژەکەی من پرسیارەکەی لێ دەکەم لە ساڵی **١٩٧٣** بوو؛ ئەو گوتی: بۆردومانەکە ساڵی **١٩٦٢** بوو.

پرسیارەکە لە پیاوەکە دەکەین و لێی دەپرسین، لەبیرتە کە گوندی خەلان بۆردومان کرا، سمێڵت هاتبوو، ئەو سەربەرزانە گوتی:

باشم لەبیرە، لەو ساڵە کوڕی گەورەم لە بەسرا سەربازیش بوو.

دەرکەوت هەردوولا ئارەزوومەندانە هاوسەرگیرییەکەیان کردووە و ئازادیان دەکەین و ئەنجامی لێکۆڵینەوە بە سەرۆک بارزانی ڕادەگەیەنین، بەڵام ئەو دڵی بەوە ئاو ناخواتەوە و بە دوای هەردووکیاندا دەنێرێت، ئێمە بەرەو قەسرێیان دەنێرین و لەوێش دەگەنە بارەگای بارزانی لە گوندی دیلمان. سەرۆک هەردووکیان دەبینێت و لەوە دڵنیا دەبێت هەردوولا بە ڕەزامەندی و خۆشی هاوسەرگیرییەکەیان کردووە، داوای مەلا و دوو شاهیدیش دەکات و دەیەوێ لەبەردەم ئەو مارە بکرێن و ئازادیان دەکات.

## ٤

# ڕواندز ڕاپەڕی

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧ سوپایەکی پێکهاتوو لە سەرباز و جاش پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانی ناوچەی "دۆڵی ئاکۆیان" دەدەن، پاش ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕێکی سەخت؛ سوپاکەی حکوومەت دەشکێت و سەرشۆڕ دەگەڕێتەوە ناو شاری ڕواندز، خەڵکەکەش لە دوورەوە ئاگاداری وردەکاریی شەڕەکە دەبن، دەزانن بەرگری زۆر کراوە و زیانی زۆر بە دوژمن گەیشتووە، کە سوپا شکاوەکە دەگەنەوە گەرووی ناوڕەزان، خەڵکی ڕواندز؛ گەنجە خوێنگەرمەکانی، ژن و پیاوان.. بەردبارانی سوپا شکاوەکە دەکەن، پاش ڕووبەڕووبوونەوەیەك دەتوانن دەست بەسەر دوو دەبابەشدا بگرن و تەواوی شارەکە لە داگیرکەر و سوپا و جاش پاك بکەنەوە.

بارودۆخەکە وا دەبێت و ڕواندز دەکەوێتە دەست میللەتە ڕاپەڕیوەکە، پاش گەیشتنی هێزی زۆر و چەکی قورس، سوپا و حکوومەت دەگەڕێنەوە ناو شارەکە و ژمارەیەك لە خەڵکەکە دەگرن و زۆریش خۆیان دەرباز دەکەن و دەگەنە ناو ڕیزەکانی پیشمەرگە. ساڵانە و لەو ڕۆژەدا خەڵکی ڕواندز چالاکی دەنوێنن و حکوومەتیش پەلاماریان دەدەن.

ئەو هەواڵە، چالاکییەکان، ئازایەتیی خەڵکەکە و نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە دەگاتە کەنەدا. سەڵاح ماندوو ئەوانە بە تەلەفۆن و نامە دەزانێت و دڵی خۆشە و دەزانێت هەر ئەوە لە خەڵکی ڕواندز دەوەشێتەوە. بەو بۆنەیە پارچە شیعرێکی بۆ ڕاپەڕینی ڕواندز نووسیوە و شانازی بەو پارچە شیعرەشەوە دەکات.

## ڕواندز گیان

ڕۆژێ نەبوو لە ڕەوەندیم

ڕواندز گیان ناوت نەبەم

نەتکەمە وێردی سەر زوبان

چەشنی مناڵی دڵشکاوی بێشکەدا

لە لێوی جوانی نەرگزیت

ماچێکی خۆشت لێ نەکەم

لە خەرەند و بانە زێوك و خارەڕەشا

لە ویژدانم بە سۆزێکی پڕ لە سۆز و

بێ بن و قووڵ ماچت نەکەم

لە شەوق و تاوی دووری تۆ

خۆم شێت نەکەم

لە ئایارا لە نۆزدەی مانگ

ئا لەو ڕۆژە
وەك دەروێشێكی تامەزرۆ
بۆ هلیلەی ڕاپەرینا
هەر لەوێ و لە غوربەتا
بانگت نەكەم
چاوەڕێی سەربەزریت نەكەم
بە هەنیسكی كورتە كورتەی
منداڵیما وەكو جارا لە سەر شاخا
كە هاتمەوە هەر بستێكت
پیرۆز نەكەم
ڕاتنەمووسم تێر تێر بە دڵ
بۆنت نەكەم
خۆشەویستم پڕ لە ڕازی
شازت نەكەم
دایكی شاری ڕاپەڕینی كوردایەتیم
لانەی ئازا و مەردایەتیم
لە هەر كوێ بم ناوت دەبەم
خۆشەویسترین خۆشەویست
رواندوزی دەزگیرانم

لە باوەشت نازت ئەکەم

تا گیان دەرچوون یادت دەکەم

پڕ بە دڵ ماچت دەکەم.

**سەلاح ماندوو**

**کەنەدا ١٩٩١**

کاک سەلاح لەو دیدارانە زۆر بە شانازییەوە باسی ئەو پارچە شیعرە و ڕاپەڕینەکەی ڕواندز دەکات، منیش پێی دەڵێم:

دیارە جەنابت کادیری پارتی بوویت و دڵسۆزی سەرۆک بارزانی و کاک مەسعوودیت وایە، بەڵام باش دەزانیت، ئەو ڕاپەڕینە و ئەو شەڕە پێشمەرگەکانی یەکێتی دەیکەن، جەماوەرەکەش زۆریان لایەنگیرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوون، ئەو لە وەڵامدا دەڵێت:

بەڵێ دەزانم، وردەکارییەکان دەزانم، ئیستاش و ئەوکاتیش خەڵکی ڕواندز زۆریان یەکێتی بوون، ئاساییە و پێم خۆش بووە، پێشمەرگە بوون و شەڕەکەیان کردووە و جەماوەرەکە ڕاپەڕیون و زەبری کوشندەیان لەناو ڕواندز لە دوژمنی داگیرکەر داوە، ئەوە دەستخۆشی دەوێت، ئینجا کێ دەیکات و چۆن بووە؟ پێشمەرگە و جەماوەری کام حیزب کردوویەتی؟ گرنگ ئەوەیە زەبر لە بەعس و سوپاکەی دراوە، ئێستاش دەڵێم دەستیان خۆش و سەرم بەوانە بەرزە و شانازی بەو ڕواندزییانە دەکەم.

# ٥

# ماسی و ئاو

ئەو دەیگوت: من و ڕواندز وەك ماسی و ئاوین، بەبێ یەکتری ناژین، چ بکەم لەودەمانە ناتوانم و تەندروستییم باش نییە، ئەگەرنا زوو زوو دەچمەوە ڕواندز، دەمەوێ بچمەوە ناوڕەزان، کۆڵانەکان، سەر خەرەند و لەوێ دانیشم و پشوو بدەم، هەوای خاوێن هەڵمژم، بە یادی گەنجی بچمەوە ناو گەلی ڕواندز. پێویستم بەوەیە زوو زوو بچمەوە ڕواندز. لەوێ دەتوانم پشوو بدەم، هەناسەم لەوێ خۆشترە، ڕازم جوان و هەستم شیرینترە. چەند ساڵە لەو شارە دوورم، بەڵام هەر لە ڕواندز بووم. هیچ موڵك و ڕەز و باخچەم نییە، بەڵام ڕەز و باخچەکان بە موڵکی خۆم دەزانم. هەنارەکان بۆ دەستم و هەرمێیەکان بۆ دەمی من خۆشن، ڕواندز ڕواندزە و پێی دەڵێم شاهی شاران. دوو جاریش لەوێ کۆڕی شیعرخوێندنەوەم کردووە، لەوەتی شیعر دەنووسم و ماندووم، تەنیا لە ڕواندز شیعرم خوێندووەتەوە، چەکەرەی هەستی نووسینیشم بۆ جوانێکی ناو ڕواندز بووە و دەبێت.

لەو شارە هەندێ کەسایەتی سادە و جوان هەبوون، ئەوانە لە

بیر ناکرێن، ماوە ماوە یەکێك لەوانەم وەك سەراب بە بیر دێتەوە، سەرابێکی جوان و شیرین، بزەیەکیان بۆ دەکەم و بۆیان دەبرژێم؛ "خەلیفە حوسێن" بەزمی خۆش بوو، جارێك تووڕەی دەکەن، دەچێتە ماڵی پلکێکی لە گەلاڵە، خۆشی هەر زوو لەو ناوچەیەوە هاتبوو. دەڕوات و بەزم و خۆشی لەو شارە کەم دەکات، بۆیە ژمارەیەك گەنج ئۆتۆمبێلێك بە پێنج دینار دەگرن و دەچن بیهێنەوە ڕواندز. ئەویش تووڕە ببوو، پێی گوتبوون نایەمەوە، زۆر لێی دەپاڕێنەوە، دوایی پێی دەڵێن؛ دە دینارت دەدەینێ وەرەوە. ئەویش دەڵێت: قەسەم بە خودا دینارێکیشم بدەنێ نایەمەوە. بەڵام ئەو بێ شارەکە ناحەوێتەوە، بە بێ ئەوەی دینارەکەش وەربگرێت دەگەڕێتەوە. ئەو تا لە ساڵی ١٩٩١ مرد، وەك مجێور خزمەتی مزگەوتی عەلی ئاغای کرد.

پیاوێکی ئەسمەر هەبوو، پێیان دەگوت؛ قاسمە قول، هاوینیش خۆی گەرم دادەپۆشی، دەیگوت دەترسم بەفر ببارێت.

## ٦

# چۆن چوومە قەڵەم سڕی "نهێنی"ی موتەسەریفیەتی هەولێر

من لە دیوانی موتەسەریفیەتی هەولێر، فەرمانبەری بەشی تەحریر بووم، لەگەڵ مامۆستا "جەودەت ئەحمەد ناجی" و مامۆستا "تایەر تۆفیق" ئیشم دەکرد، ئەندامی پارتیش بووم، دوایی دەچمە ناو ڕیزەکانی پاراستن. سەرەتا لەو ئیشە زۆر دەترسام، شەوان خەوم نەبوو، دەمزانی ئەگەر بناسرێم و بگیرێم دەربازم نابێت، دوایی لەناو کارەکە لەوە ڕاهاتم و ترسم نەما، لەگەڵ چالاکییەکان قاڵبوومەوە، چالاکتر دەبم.

لەناو دیوانی موتەسەریفەت کابرایەکی کۆیی بە ناوی "سمکۆ ئاسف خادم ئەلسجادە" (ئەمە برازای دڵداری شاعیر بوو) لە قەڵەم سڕی موتەسەریفیەت بوو، پیاوێکی چاك بوو، بەڵام لە ڕووداوی کوشتنی ئاغایەکی حەوێزییەکانی کۆیە، ئەویش لەناو ئۆتۆمبێلەکە بوو، دەکوژرێت، ئیتر شوێنی ئەو لەناو موتەسەریفیەت چۆل دەبێت، لە جیاتی ئەو، فەرمانبەرێك بە ناوی "مەهدی سالْح" دادەنێن، ئەو بە ڕەگەز عەرەب بوو، بەڵام دانیشتووی هەولێر بوو.

ئێمە وەك پارتی چاومان لەو پۆستە بوو، دەبووایە قەڵەمی نهێنیی ناو موتەسەریفیەت لە دەست خۆمان بێت، بۆیە بەرنامە و پلانێك دادەنێین ئەو پیاوە عەرەبە بگۆڕن، لەگەڵ "فارس باوە" ئامیر هێزی دەشتی هەولێر، ئەو دەست و پیاوی زۆری لەناو هەولێر هەبوو، پەیوەندی پێوە دەکەین و پێی دەڵێین:

دەمانەوێ بە ناوی تۆ نامەیەك بۆ "سەعید زینی" جێگری موتەسەریفی هەولێر بنێرین، بە ئیمزای تۆ؛ ئەویش بیرۆکەکەی پێ باش دەبێت. نامەکە دەنووسین و دەیدەمە دەست "قادر شێخانی" فەرمانبەری خۆمان بوو.

ئەو نامەکە دەباتە پۆست، کە بۆ جێگری موتەسەریفمان نووسیبوو و پێی دەڵێم: نامەکە ببە بەرید و پولێکی لێدە و بینێرە. دیارە نەمویست خۆم بچمە پۆست، نەوەك گومانم لێ بکەن.

لە نامەکە نووسیبوومان: ئێمە وەك بەرپرسی پێشمەرگایەتی ناوچەکە، پاش مردنی سمکۆ ئاسف ئەو فەرمانبەرەتان داناوە، ئەگەرچی عەرەبە، بەڵام پیاوێکی دڵسۆز و باشە و زمان و دەستی بۆ خراپە ناکاتەوە، کەس گلەیی لێی نییە، هیوامان وایە پشتیوانی بکەن و هاوکاری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانێت زۆر خزمەتی خەڵکی شارەکە بکات. **ئیمزا فارس باوە**.

نامەکەمان بە پرسی کاك مەسعوود و ئاگاداری کاك فارس باوە ناردبوو، ئیتر نامەکە دەگاتە دەست جێگرەکە، ئەو لەگەڵ بەرپرسان کۆ دەبێتەوە، قسە لەسەر نامەکە و شوێنەکەش دەکەن، لەسەر ئەوە بڕیار دەدەن کابرا لە قەڵەمی سڕی موتەسەریفیەت دوور بخەنەوە. بۆ جێگرەوەی ئەو لە من گونجاوتر و نزیکتر و شارەزاتریان دەست نەدەکەوت، ئیتر ئاسان دەچمە شوێنەکەی

ئەو، بەوەش هەموو نهێنییەکانی دائیرەکە و شارەکە دەکەوێتە بەر دەستی خۆم. ئەو زانیارییانەی بۆ شۆڕش باش بوون، دەمنارد و جێگەی خۆیان دەگرت، لەوێ کار دەکەم، تا کاك مەسعوود داوام لێ دەکات لەوێ نەمینێم و بچمە چۆمان.

## ٧

## دایكم گومانم لێ دەكات

داوام لێ دەکەن فلانە ئەفسەر بە سەلامەتی بگەیەنمە ناو شۆڕش، وریا بم، زۆر ئاگادار بم، ئەو ئەفسەرە نەگیرێت، کەس گومان لەوە نەکات هاتووە دەچێتە ناو شۆڕش. بۆ ئەوە ئەفسەرەکەم دەبردەوە ماڵەوە، جلە سەربازییەکانم لەبەر دەکردەوە و قاتێکی کوردیم لەبەر دەکرد، ئەفسەرەکەم دەکردە ئەفەندییەکی خاوێن، ئەفەندییەکەم دەکردە پێشمەرگە؛ من کارگەم هەبوو، ساحیر بووم، دەمتوانی و نەدەترسام و ئەوەم دەکرد.

تا ڕۆژێکیان دایکم دەرگەم لێ دەگرێت، بە تووڕەیی و گلەیی زۆرەوە، هەرگیز دایکم وا تووڕە نەدیبوو، دڵی نەشکاندبووم، پێم دەڵێت:

ڕۆڵە سەڵاح زۆرم پێ ناخۆشە ئەو ئەفسەرانە وەك جاسووس دەنێریتە ناو پێشمەرگە، ئەوە لە تۆ و باب و باپیرانت ناوەشێتەوە، واز لەو ئیشە بێنە، با هەر لە موتەسەریفیەت پێت بڵێن، داوات لێ بکەن، ئەوە مەکە، ناکرێ و عەیبە و خەتەریشە.

دیارە ناکرێ ڕاستییەکە بە دایکم بڵێم و بێدەنگ و سەری ماچ دەکەم و دەچمە دەرەوە و ئەفسەرەکەش بە ڕێ دەکەم و چاوەڕوانی هاتنی یەکێکی تریش دەکەمەوە.

# ٨

# شێخ حەنەش دەکوژرێت

دوور و نزیك، کەم و زۆر، ورد و کورتە هەواڵ؛ سەلاح ماندوو ئاگاداری ڕۆژەڤی شێستەکانی سەدەی ڕابردوو بووە. باوکی زوو لە ڕواندز هاتووتە هەولێر، مامی زووتر هاتووەتە هەولێر، بەڵام ئەو ساڵانە و لە پشووەکاندا چوویتەوە ڕواندز، ئەو دەڵێ:

لەوێ گەنج بووم عاشق بووم، لەوێ بەفربارانی زۆرم دیوە، کە کەو بە ڕەوە دەهاتنە بەر قەپەنگ و هەیوانی ماڵەکەمان، لەوێ چیای هەندرێن بەرامبەرمان بووە، بەڵام زۆریش لە هەولێر ژیاوم، سەرەتایی و ناوەندی و بە فەرمانبەرییش لەوێ بووم. لە هەولێر لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم، لەوێش بووم بە ئەندامی پارتی، برادەری زۆرم هەبووە، لە دەزگەیەکی هەستیاری حیزب ئیشم کردووە، پێویستم بەوە هەبووە، چاوم زۆرتر کراوە بێت، زۆرتر بە دوای هەواڵەکاندا بڕۆم و زانیاریی بۆ شۆڕش و حیزب زۆر کۆ بکەمەوە، هەواڵی دروست و شیاوی زۆرم لە یادە و لە نزیکەوە ئاگادار بووم وەك؛ لە بیرمە ئەو ڕۆژەی پێشمەرگەکانی هێزی دەشتی هەولێر "شێخ حەنەش" دەکوژن.

لە ڕۆژی ١٩٦٧/٤/١٤ لە نێوان هەولێر و گوێڕ بۆسەیەك بۆ شێخ حەنەش دادەنێنەوە و دەیکوژن.

ئەوەی دروست تەقە لە شێخ حەنەش دەکات و دەیکوژێت پێشمەرگەیەکی هێزی دەشتی هەولێر بووە، ئەو پێشمەرگەیە ناوی "ئاودەل" بوو، "وا بزانم دوایی دەچێتە هەندەران و لە دانیمارك ژیاوە".

شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکە دەکوژرێت، گوتیان زووتر کابرایەك دوو کوڕی لە لایەن شێخ حەنەش کوژرابوو، بەڵێنی دابوو هەر کەسێك شێخ حەنەش بکوژێت، کچێکی پێشکەش دەکات، بەڵێنی دابوو؛ خۆم کیژەکەم بۆی جلوبەرگ دەکەم، وەك بووك پێشکەشی دەکەم. لەو دەمانەش ئاودەل تەمەنی پازدە شازدە ساڵان بووە، دیارییە نازدارەکە وەردەگرێت و کچەکە دەگوازێتەوە و دەبێتە هاوسەری هەمیشەیی.

کابرا دوو کوڕی "تایەر" و "ئەنوەر"، لە ڕۆژانی تاڵانی کوردەکان و پەلاماردانی عەرەبەکان بۆ گوندەکانی گوێڕ لە گوندی "تەڵەرخێم" شەهید بووبوون، هەردووکیان کە دەزانن عەرەب پەلاماری گوندەکەیان داوە، ئیشیان لەسەر لۆری و قەڵاب بووە، لەو گەڕانەوەیەدا هەردووکیان بەبێ ئەوەی دەستیان لە هیچ هەبووبێت، یان بەشداریی هیچ شەڕێکیان کردبێت، بەس لەبەر ئەوەی کوردن دەکوژرێن. ئەو کۆستە گەورەیە وا دەکات باوکیان ئەو بەڵێنە بدات و دواییش بەڵێنەکە وەك خۆی و بە دڵخۆشییەوە جێبەجێ دەکات.

هەژاری شاعیر بەو بۆنەیەوە و بۆ سووکایەتیکردن بە جاشە کوردەکان و شپرزەبوونی حکوومەت بە کوشتنی ئەو سەرۆك عەشیرەت و سەرۆك جاشە عەرەبە، پارچەیەك شیعری نووسیوە و بڵاو کراوەتەوە.

## شێخ حەنەش

پ: دیار نەبووی باپیر لە کوێ بووی بە خێر؟

ب: بە خـوا مـام پیـرۆت چووبـوومە هەولێـر

پ: دەنـگ و بـاس چ بـوو؟ چۆنە ئەو نـاوە؟

ب: دنیـــا شـــێواوە، حەنەش کـــوژراوە

پ: حەنەش یــانی چــی؟ کــام جــانەوەرە؟

ب: جاشــکی وەلیــد بــوو، ئەو پیــرەکەرە

لوشــکی ئەهاویشـــت، ئەیگەزتـــین بە دەم

لـــوولە ڕەشاشـــێك نـــاردیە جەهەنـــدەم

حوکمـــــاتیش کێچـــــی کەوتە کەوڵەوە

بـــۆ تـــۆڵەی بـــاوکی کەوتە هەوڵەوە

ئیـــزگەکەی بەغـــدا هەر هـــاواریەتی

شـینی بـۆ کلـك و گـوێچکەی لاریەتـی

چـــاو بە گریـــان و خـــوێن بە دەمەوە

فەرمـــووی ســـەری کـــورد پـــان ئەکەمەوە

مغـــاویر هـــات و تـــۆپ و دەبـــابە

هەروا گـــابۆر بـــوو، یـــا وەیلـــی و یـــابە

جاشـــوولەی کـــورد و عـــارەبە ڕووتە

بەو دەشـــتە وەربـــوون بە زەڕە و جـــووتە
عەســـکەر لێـــی ئەخـــوڕین بـــۆ تۆڵەســـاندن
پێشـمەرگەی خۆشـمان بـاش تێـی گەیانـدن
ســـــاعیقە پەل بـــــوو، دەبـــــابە شـــــکا
حەیـــــای نەمـــــاوی مغـــــاویر تکـــــا
جاشـــە کـــورد کلکـــی بە گەڵـــۆزەوە
وەلیـــد پەیـــن و خـــۆڵ بە لمبـــۆزەوە
کورتـــان بەجێمـــان، عەگـــال بـــڵاو بـــوون
کڵاو بێ سـەر بـوون، سـەر بێ کـڵاو بـوون
ســـەتیان لـــێ تۆپـــان لە ســـۆنگەی حەنەش
ســـەری شـــکاویان بـــۆ مـــاوە و ڕووی ڕەش
پ: بـــۆ حەمەی ســـابیر بـــۆ وایـــان نەکـــرد!
چەنـد جـاش تـۆپێنرا، هەر باسـیان نەکـرد؟!
ب: پیـــرۆت هۆشـــت بـــێ، حەنەش عـــارەوە
جاشـــەکەری کـــورد چـــۆن وەکـــوو ئەوە؟!
جاشـــێك وەزمـــانی خۆیـــان بـــزەڕێ
هەزار جاشـــی کـــورد دە ســـەری گەڕێ
جاشـــی کـــورد بـــۆ بـــار، عـــارەب بـــۆ بەرە
جـــاش کە تـــێ ناگـــا جســـناتی کەرە

ئەو شیعرە لە دیوانی "هەژار بۆ کوردستان" بڵاو کراوەتەوە، زووتریش لە شاخ لە ئێستگەی کوردستانی عێراق زۆر خوێندراوەتەوە، خوێنەران و دڵسۆزانی پێشمەرگە و شۆڕش لەبەریان کردبوو.

لەو پێشمەرگانەی لەناو هەولێر تەقەیان دەکرد و پیاوانی حکوومەتیان دەکوشت و دەربازیان دەبوو، ئەوانەی تۆڵەی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکیان دەکردەوە، زەبریان لەو کەسانە داوە زیانیان بە شۆڕش گەیاندوە، گردێك، گوندێك، چیایەکیان تەسلیم کردیتەوە، زۆریان؛ لەوانەی ناوم لەبیرە و دەتوانم باسیان بکەم، "ئەکرەم سوفی"یە، پار لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. لەبیرمە باوکی لەناو بازاڕ بەزاز بوو. ئەکرەم زۆر برادەرم بوو، زوو زوو دەهاتە ناو هەولێر، چەکی سوار بوو، وریا و لێزان بوو، زۆریش شارەزا بوو، کاری تەقینەوەی دەکرد.

ئەو کەسی یەکەم بوو لە تەقاندنەوەی پردی کەڵەك "خەبات" ڕێگەی سەرەکیی نێوان هەولێر و مووسڵ، ئەو کەسی یەکەم و شارەزای چالاکییەکە بوو، بە دوبەی پفکراو دەچنە بن ستوونە ئاسنەکە، لەناو ئاوەکە دەڕۆن و لەوێ جوان و بە شەو تی ئێن تی دادەنێنەوە و پردەکە دەتەقێننەوە، بەوەش حکوومەت شپرزە دەبێت، ئەوەیان یەکێك بووە لە هۆکارەکانی ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٥.

## ٩

## سەفەری پیرۆز

**سەڵاح ماندوو**

**١٩٧٣**

ئەو مێرانەی پێی بە زەرگاڵ سینگ بە زەری
شکاندیان شوورەی پڕ ستەم و دڕی
مێژوو تینوو بوو بۆ داستانی ماکۆکان
ئیسپاتیان کرد دوژمن چۆن بێنە سەر چۆکان
ئاراز بەرەو پیریان هات و کڕنۆشی برد
شەپۆڵ هەڵساوە سەر پێیان خۆی کرد بە پرد
وتی وەرن ئێوەن هیوای چینی چەوساوە و هەژاران
ئێوەن هەور ئێوە ئاسۆ ئێوەن تەزرە ئێوەن باران
ئێوەن ڕهێڵ ئێوەن شەماڵ ئێوە تەمی چاوی دوژمنان

ئێــوەن هەتــاو ئێــوەن ســاماڵ ئێــوەن بەرزتــر لە ئاســمان
ئێــوە ڕۆژن ئێــوە شــەو نــین ئێــوەن گزنگــی بەیانــان
ئێـــوە شـــیرین ئێـــوەن ســـەفین ئێـــوەن بـــارزان
ئێوەن قەندیل ئێوەن بەرسین ئێوەن دەشتەکەی گەرمیان
ئێوەن قەزوین ئێوەن حەمرین ئێوەن سنووری کرمانشان
ئێوەن ئامەد ئێوەن کەرکووك ئێوە نیمچە دەریاکەی وان
ئێــوەن هەولێــر ئەو هەولێــرەی ســەری شــۆڕ کــرد بە
ئێوەن شاری سولەیمانی ئێوەن هیوای هەر چوار پارچەکان
ئێـــوەن مەهابـــادی خەمگـــین و ســـەربەرز و قارەمـــان
ئێــوەن دەڤەری هەکــاری و شــاری قامیشــلوی دڵ بەژان
ئێــوەن ڕەوانــدوزی دێــرین ئێــوەن هەنــدرێن و ســۆران
ئێــوەن بەهــار ئێــوەن نەرگــز ئێــوەن دارەکەی ئەرخەوان
ئێــوەن عەتــر ئێــوەن بەیبــوون ئێــوەن گــوڵە بــاخی ژیــان
ئێوەن هەموو بۆنێکی خۆش کە پێی دەبووژێتەوە گیان
ئێــوەن هەناســەی ئــارامی و هەوارگەی مانــدووبوونمان
ئێــوەن مەرد و ســەربڵند و ئێــوەن هەمــوو شــتێکی جــوان
ئێوەن گورجی تۆڵەسەندن لە بێ ئابڕوو و پۆستاڵ ڕەشان
ئێــوەن ســەربەرزانی گەلــن بــابە گەورە ئێــوەن ئەوان
ئێـــوە دوارۆژی ڕۆنـــاك و ســـەربەرزی بەبـــێ گومـــان

ئێــوەن خەنــجەری دەربەڕی نــاگەڕێتەوە نــاو کــاڵان
ئێوەن پاکی ئێوەن چاکی ئێـوەن دڵ گەورەکەی میهربـان
ئێوەن موژدە ئێوەن چاکی ئاڵا ئێـوەن ڕزگـاریی نیشـتمان
ئێـوەن بـارزانی موسـتەفا گەورە و سـەرداری کوردسـتان
ئێوەن هەرگیـز لەگەڵمـانن هەر چەنـد ئێسـتا دوورن لێمـان
ئێـوەن ئەوەی حەشـارماندان قـووڵ لە نـاخ و ویژدانمـان.


وا دەزانم سەڵاح ماندوو ئەو پارچە شیعرەی پاش دەربازبوونی سەرۆك بارزانی لە پلان و پەلامارەکەی موخابەڕاتی عێراق بە فێڵی سەردانی مەلاکانی بەغدا نووسیبێت. چونکە شاعیرەکان لەسەر ئەو ڕووداوە زۆرییان شیعریان نووسیوە، مامۆستا شێرکۆ بێکەسیش لەو ساڵە شیعرێکی درێژی بۆ بارزانی نەمر نووسیوە.

جەلاح ماندوو

١٩٧٢

سەفەری پیرۆز

ئەو مێرانەی پێ بەزەرگاڵ چینگ بەزەری
شکاندیان شوورەی پەرستنەی دزێ
تێژو تینوو بوو بۆ داستانی ماکۆکان
ئیسپاتیان کرد دوژمن چۆن پێشینە سەرچۆکان
ئازار بەرەو پیریان هات و کرنۆشی برد
شەپۆل هەڵساوە سەر پێیان خۆی کرد بەبەرد
وتی ئەوەن ئێوەن چیای چینی چەوساوە و هەژاران
ئێوەن هەور ئێوەن ئاسۆ ئێوەن تەرزە ئێوەن باران
ئێوەن ڕەشێڵ ئێوەن شەماڵ ئێوەن تەمی چاو دوژمنان
ئێوەن هەتاو ئێوەن ساماڵ ئێوەن بەرزترن لە ئاسمان
ئێوە ڕۆژن ئێوە شەونمن ئێوەن گزنگی بەیانان
ئێوەن شێرن ئێوەن سەفین ئێوەن بارزان
ئێوەن قەندیل ئێوەن مەرسین ئێوەن دەشتەکەی گەرمیان
ئێوەن ئەزموین ئێوەن حەمرین ئێوەن سنووری لەرەشان
ئێوەن ئامەد ئێوەن کەرکووک ئێوەن نیمچە دەریاکەی وان
ئێوەن هەولێر ئەوهەولێرەی سەری شۆڕکرد بەڕووڕەشان
ئێوەن شاری سولەیمانی ئێوەن چیای چوارپارچەکان
ئێوەن مەهابادی خەمگین و سەربەرزو قارەمان
ئێوەن دەفەری حەکاری و شاری قامیشلوی دڵبەژان
ئێوەن ڕەواندزی دێرین ئێوەن هەندرێن و سۆران
ئێوەن بەهار ئێوەن نەرگز ئێوەن دارەکەی ئەرخەوان
ئێوەن عەتر ئێوەن بەیبوون ئێوەن گوڵە باخی ژیان
ئێوەن هەموو بوونێکی خۆش کەپێی دەبووژێتەوە گیان


ئێوەن هەناسەی ئارامی و هەوارگەی ماندووبوونمان
ئێوەن مەردو سەربلندو ئێوەن هەموو جێژنێکی جوان
ئێوەن گورجی تۆڵە سەندن لە بێ ئابڕوو پۆشتاڵ ڕەشان
ئێوەن سەربەرزانی گەلی بابەگەورە ئێوەن ئەوان
ئێوەن دوا ڕۆژی ڕۆشنان و سەربەرزی بێ گومان
ئێوەن خەنجەری دەرپەڕی ناگەڕێتەوە ناو کالان
ئێوەن پاکی ئێوەن چاکی ئێوەن دڵ گەورەو میهرەبان
ئێوەن موژدە ئێوەن ئاوات ئێوەن ڕزگاری نیشتمان
ئێوەن بارزانی مستەفای گەورەو سەرداری کوردستان
ئێوەن هەرگیز لەگەڵمانن هەرچەند ئێستا دوورن لێمان
ئێوەن ئەوەی حەشارمان دان تووڵ لە ناخو ویژدانمان

صلاح ماندوو

# خۆشمان ئەوێی

## شێرکۆ بێکەس

بەقەد ڕقی شمشێری ناو چاوی ئەوان
خۆشمان ئەوێی.
بەقەد پیتی داخ لە دڵی ناو ڕۆژنامە
زەردەکانی ئەوسا و ئەمڕۆ، خۆشمان ئەوێی.
بەقەد کینەی گوللە تۆپ و
کوێرە بۆمبای فڕۆکەیان خۆشمان ئەوێی.
بەقەد بێشەڵانی بوغزی سەری سونگی
سوپاکانیان، خۆشمان ئەوێی.
بەقەد ناڵەی تەقینەوەی «تی، ئێن، تی» ناو
جانتاکانیان، خۆشمان ئەوێی.
بەقەد داوی پیلانی ژێر مێزەر و جبەی پێراریان
خۆشمان ئەوێی.
بەقەد بەقەد
ژمارەی چاوی جاسووسی سەر و خوار و
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان، خۆشمان ئەوێی.
چەندیان «ناوەکەت» خۆش ناوێ خۆشمان ئەوێی.
ئەمانەوێی
وەك گوللە بۆ چەکەکانمان.. ئەمانەوێی.
وەك چەك بۆ پێشمەرگەکانمان.. ئەمانەوێی.

وەکوو پێشمەرگە بۆ کەژ و کێوەکانمان.. ئەمانەوێی.
وەك باران بۆ کێڵگەکانمان
ئەمانەوێی.
هەر بۆ «مەرگ»ە نامانەوێی
ئەی بارزانی!

بەشێکە لە قەسیدەیەکی درێژ لەناو دیوانی "تینوویەتیمان بە گڕ ئەشکێ"، دوایی لە دیوانە گەورەکەی بڵاو کراوەتەوە، بەڵام زووتر لە ڕۆژنامەکانی ئەو دەمانە بڵاوکرایەوە.



**لە ساڵی ١٩٧١ وەفدێکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەباتە خزمەت سەرۆك بارزانی لە قەسر سەلام لە گەڵاڵە، ئەفەندییەکەی پشتەوە سەڵاح ڕەفیقە.**

## ١٠

# دیوانی چاپکراوی نییە

لەناوماڵەکەی و لەسەر مێزەکەی کاك سەڵاح، لە ژوورەکان پارچە کاغەزی قەدکراو، کۆن، بەڵام بە دەستخەتی خۆش و جوان پارچە شیعری زۆرم دەبینی. ئەو شیعری کەم نووسیوە، زۆریش کەم شیعرەکانی بڵاو کردیتەوە، ئەوەی بڵاو بوونەتەوە، ئەوانەی بیستراون، بە دەنگی خۆی بووە، کە زەوقی هەبووە، کە یەکێك هاموشۆی کردووە لەبەر بۆی خوێندوتەوە، پەرۆش بووە بیانوویێك بدۆزێتەوە شیعرێکی بۆ بنووسێت؛ ئەو گوتی:

من هیچ شیعرێکم بە خەیاڵ نەنووسیوە، بۆ تەم و سێبەر و خەون شیعرم نەنووسیوە، سنووری شیعرەکانم دوور بووە، دوور ڕۆیشتووە و نزیك بوونەتەوە؛ شیعرم بۆ ناو نەنووسیوە، شیعرم بۆ جەستە و کەس و دەنگ و بوون نووسیوە، ناوم زانیوە، چاوم بینیوە، دەنگم بیستووە، ئینجا شیعرم بۆی نووسیوە.

کچێکم دیوە هەرزەکار بووە، پاش ئەوەی چل ساڵ لێی دادەبڕێم و نایبینم و دووبارە بە تەمەن و شێوە دەنگ و نیگایەکی نوێی دەیدۆزمەوە، پارچە شیعرێکی بۆ دەنووسم. یەکەم پارچە شیعرم بۆ کیژێکی ڕواندزیی نووسیوە، دوایی پاش چەندان ساڵ دەیبینمەوە دووبارە پارچە شیعرێکی بۆ دەنووسمەوە.

لەو ڕۆژانە سەرقاڵی ئەوەم، حەزم لێیە شیعرەکانم کۆ بکەمەوە، پاکنووسیان بکەمەوە، برادەرێکی لێزان ئیشیان لەناو بکات و چاپیان بکەم، دەمەوێ دیوانێکم هەبێت، نازانم ناوی دیوانەکە بنێم چی؟! بەڵام دەمەوێ چاپ بکرێت، با ناو بنرێت چەند شیعرێکی سەلاح ماندوو، ئیتر ناوێکی لەو جۆرە، بەڵام من پێی دەڵێم:

با دیوانەکەت بە ناوی جوانترین پارچە شیعرت بێت، کام لەو شیعرانەت برین و سۆز و یادی زۆر ماوە، ئەو ناوەی لێ بنێ، ئەوەش ئاساییە. شاعیرەکان زۆر ئەوەیان کردووە، جوانیش دەبێت، چ دەڵێیت:

ڕاست دەکەیت، وا دەکەم، دەزانم کام لە قەسیدەکانم لە هەموویان باڵابەرزتر و شیرینتر و جوانترە. خۆم دەزانم.

## II

# واحید مەرجان

گەنج بووم، لەناو هەولێر گەنجێکی ڕەشتاڵەی کورتەباڵام ناسی، هونەرمەند بوو؛ دەمزانی توانای شانۆیی هەیە، لێزانە لە دیکۆر، فڵچە و ڕەنگ و تابلۆی خۆش دەوێت، شیوەکارە، زیرەکە و گۆرانی دەزانێت و مەنەلۆژی جوان دەنووسێت، کوڕێکی فرەبەهرە بووا قسەی خۆش بوو. ڕۆژیکیان پێی گوتم:

سەلاح وەرە فێرە موزیك و ژەنینت بکەم، کەمانم هەیە، حەز دەکەم، ئاسانە.

ئەو ڕۆژە لەگەڵ "واحید مەرجان" دوور کەوتینەوە، چووینە دەرەوە، گەڕەکی تەیراوە، شوێنێك بوو دوور و سەوزایی بوو، نزیك بیری ئاوی ئیرتوازی بوو، سێبەر بوو، کەمانەکەی دەرهێنا، زیرەکانە موزیکی بۆم ژەنی، ویستبووی تێبگات ئایا من حەز بە موزیك دەکەم، دەتوانم سۆز و جوانییەکانی موزیك دەستنیشان بکەم! بەڵام هەر ئەو ڕۆژە واحید مەرجان بڕیار دەدات، من بە کەڵك موزیك و کەمان و گۆرانی نایەم و لەیەك دادەبڕێین. بەڵام لەگەڵ هونەرمەند واحید مەرجان هەر برادەر بووین، ئەو هونەرمەند و منیش خەریکی سیاسەت بووم.

## ١٢

## د. زۆزک ڕواندزی

من لێی دەپرسم ناوی د. زۆزك ڕواندزیم دیبوو، زۆر شانازی بە ناوەکەی دەکەم؛ ناوی ئەوم لەناو بڵاوکراوە و ڕێنمایيەکانی وەزارەتی نەخشەکێشانی عێراق دیبوو؛ ئەو لەسەر ناوەکە زوو گوتی:

ئەو کوڕی ئەمین حەمەدەمین مەلا حەسەن ڕواندزییە. باوکی کەسایەتییەکی دیاری کوردستان و عیراقیش بووە، لە ساڵی ١٨٩٨ لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٤٦ پلەی لەناو سوپای ئەو دەمانەی عێراق موقەدەم بووە، لە ڕۆژی ١٩٥٥/١١/١٦ لە بەغدا مردووە و لەوێش نێژراوە.

برایەکی تری هەبوو بە ناوی وریا، هەردووکیان مردن، منداڵ بووم، لە ڕواندزێ وێنەیەکی زۆزکم بینی لە ئەڵمانیا بۆ خزمەکانی ناردبوو، ئەو لەوێ دەیخوێند، هەموو سەیری فۆتۆکەیان دەکرد، پێیان سەیر بوو، زۆزك وێنەی لەگەڵ سەگێك گرتووە، سەگەکەی لە باوەش بوو.

## ١٣

## بووکی ناوڕەزان

چەند دوور بڕۆین

گیانە بڕۆین

لەگەڵ هەموو

خورپەی دڵم

هەر منم بە دوات

دێمەوە

ئەوەندەی هێز

لە چۆك مابێ

بەم تەمەنە

وەك سێبەرت

لە نیوەڕۆ

هەر لێت

نزیکتر دەبمەوە

دەتکەم بە ڕۆنایی

چاوم ئەزیزەکەم

دەتکەم بە بووکی

ناوڕەزان

ڕواندزی پاشای گەورە

ئەو شاشارە

لە چاوانت دەبینمەوە

تەمەنیش چۆڕێکی

لە دوا پێکی ماوە

گەر ڕێگام دەی

بە دڵپاکی

بۆ گوڵزارێ

دەنێرمەوە.

ئای چ بەهەشتی

یەزدانە ئەو گوڵزارە

خودا بکا

لە سێبەرت بمێنمەوە

ڕۆژی جارێ چاو

بە باڵاتدا بێنمەوە

ئەوسا مردنم ژیانە

باش بزانە

لە گیان دەرچوون

سەری کاسم لەسەر

مەمە نەرمۆڵەکەت

بنێمەوە.

ئەتۆ بووك و

ئەمن زاوا

پەنجەکانم بکەمە

مۆمی شەوانمان

دایگیرسێنم

یەکە یەکە

لە کەناری گۆپکەکانت

بە بێدەنگی بتوێنمەوە

ئەوسا لەوێ کە بەهار هات

وەك خونچەگوڵ سەر دەربێنن

بە ئەوینمان ئاو بدرێن و

بکرێنەوە

بینە گوڵباخی ئەزەل

بە شەرمەوە بە لا بسکی

لوولدراوت

شۆڕ ببنەوە.

ناوڕەزان گەڕەکێکە لە ڕواندز، هەرزەکار بووم، کچێکی لە تەمەنی خۆم خۆش دەویست، دیدار و ژووان و سۆزمان گەرم بوو، کە دەمبینی هەموو کۆڵانەکانی ڕواندزم لێ دەبووە گوڵزار، کوڕەك بچووك دەبووەوە، زۆزك سێبەری بۆمان دەکرد، من هاوینان دەچوومەوە ڕواندز، کن ئامۆزا و پوورزاکان، دوایی دادەبڕێم و کیژەکەش ون دەکەم و من بە ڕێگەیەك، بەڵام دوور و هەوراز و ئەویش نازانم بە چ ڕێگەیەك کاروانی ژیانی بە ڕێ دەکات، پاش پەنجا ساڵ، پیرم و دەگەڕێمەوە ڕواندز لەوێ ژنێکم بینی شیرین، نازدار، شێوەی لەو کچەی بەر لە پەنجا ساڵ خۆشم دەویست نزیك بوو، پرسیم ئەوە کچی ئەوە، گوتیان نا ئەوە خۆیەتی.

دیارە خۆشەویستییەکەی من؛ وزە و جوانی و ئاوی ژیانی بەو داوە، بەڵام خۆشەویستییەکەی ئەو؛ بە دووری و ئاوارەیی و حیزبایەتی و سەرگەردانی و تەمەنی زۆر و پیری بە من دابوو! ئەو کەم گۆڕابوو، من زوو ناسیمەوە، بەڵام نازانم ئەو منی ناسییەوە یان نا؟! منی لەبیر مابوو، یان نا؟! ئەو دەمانەی ئەوم دەناسی ماندوو نەبووم، ئەو دەمانە زۆر لە ڕواندز دوور نەبووم. بە سۆزی ئەو دیدارە، ئەو پارچە شیعرم لە ڕێککەوتی ٢٠١٣/٦/١٠ نووسی.

## خۆشبەختانە

خۆم لێ لادە و پشتم تێ کە

گوایا منت نەناسیوە؟!

باوەشی حەز و ئارەزووم

لە میوانیتا نەدیوە

لێوی تەزیم بە نیازی ماچ

لە لێوە کانیاوییەکانت شەکراویان لێ نەنۆشیوە

لێی نەمژیوە؟

لە باخی سینگی بەهەشتیت

گوڵی بەهاری نەچنیوە؟

بۆ شێلانی مەمەی تورتت ناسکۆڵانە

پەنجەکانم سڕ نەببوون لە ترسانا

شەرم دەکەم کە پێت بێژم

لەم شەوانە لە خەونما خۆشبەختانە

پشیەخەوێکی خۆشم کرد

وەکوو جاران لە نێویانە
خۆم لێ لادە ئەو ئەغیارە
با نەزانێ ناسیاوی تۆم
با نەمناسێ وا من دەڕۆم
گەر ڕێککەوتەش ئەو جارەیان
بەرەو بەهەشتت بێمەوە
نهێنییمان زۆر پیرۆزن
تەنیا بۆ باخ و هێللانەی
ژوانیمان دەگەڕێمەوە
بە ئارامی و بە ئەسپایی
پێیان دەڵێم هەتا ئێستاش
تیری جارانی تۆی ئازیزە پێمەوە
با ئەوانیش چیرۆکی ئەو ئەوینەمان
بۆ نەوەکان بگێڕنەوە

سەڵاح ماندوو
هەولێر

# چ باڵایە

## سەڵاح ماندوو

چ باڵایە بەم عیشایە
شەوە زەنگی تێئاڵایە
یا چارۆگەی سەری شەوە
لە دەورەی مانگی پێچایە
چ ئەستێرن بەم چارۆگە
تروسکەیان درەوشایە
یا ئەو مانگەی لە نێوانیان
ئارامی بۆ دڵ هێنایە
چ نازێکە لە چاوانی
کە دەنوێنێ ئەی خودایە
یا ڕەوشتی ڕۆژانەیە
بە پاکی فرچك درایە
چ گوڵاو و میسك و عەتری

بەهەشتی خوای لە خۆ دایە
یا ئارەقەی کەوشی گوڵاوە
عەتر لەو دروست کرایە
چ لەنجەیە چ ناسکۆڵە
ئەگریجەیە لێی وەشایە
یا چناری باغی شارە
ڕەگی لە جەرگم ڕووایە

**٢٠١٢/١٠/٢٩**

# هەڤپەیڤینە دوورەکان

## یەکەم پەیوەندی

## پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٣
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

دیدارمان لەگەڵ کاک سەڵاح ماندوو لە هەولێر و هیوا ستی تەواو بوو، گەڕامەوە سوید، بەڵام دیدار و هەڤپەیڤینمان تەواو نابێت، من لە سویدم و بەردەوام دەنووسم و دیدارەکان و وردەڕازەکان پاکنووس دەکەمەوە، شەوی ٢٠٢٢/٧/٣ تەلەفۆنێکی بۆ دەکەم، ویستم قسەی لەگەڵ بکەم، ئەو گوتی:

شەوان دەورم قەڵەباڵغە، میوانم زۆرە، برادەر و خزمان لێم کۆ دەبنەوە، ناتوانم زۆر قسە بکەم، نامەوێ هەموو قسەیەك لەبەردەم خەڵك بڵێم، وا باشە بە ڕۆژ قسە بکەین، منیش دەڵێم زۆر باشە، ماڵئاوا و ماسنجەرەکە دادەخەم.

بەیانی پاش سەعات دە پەیوەندی دەکەین. ئەویش ئەوەی پێ باش بوو، گوتی زۆر باشە، بە سەلامەتی گەیشتن، بڵێ هیچت ناوێ بۆت بنێرم، بڵێ ئاساییە.

لەسەر ژووانی خۆمان بەیانی قسە دەکەینەوە، یەکسەر وەڵامی دامەوە و گوتی:

ئەوە بە چ تەلەفۆن دەکەیت؟

منیش گوتم بە ماسنجەری فەیسبووك، دیارە.

ئەو گوتی:

دەنا خەتی ئەنتەرنێت نەبوو، چۆن؟!

منیش گوتم دڵنیام بە ماسنجەر قسە دەکەم، دیارە بەیانیان لەگەڵ دەستپێکردنی کاتی تاقیکردنەوەکانی شەشی ئامادەیی لەبەر فێڵ و دزەکردنی پرسیار و وەڵامەکان خەتەکانی کوردستان تا سەعات دە و نیو ڕادەگرن، کە لە هەولێر بووم وا بوو، ئێستا پاش دە و نیوە و خەت کراوەتەوە، ئەویش سەیری تەلەفۆنەکەی دەستی دەکات و دەڵێت:

ڕاست دەکەیت، خەت هاتووتەوە.

ئیتر قسە دەکەین و باسی گەرم و کۆن، بەو پەیوەندییە هاوچەرخە خێرایە ئاسانە هەرزانە دەکەین.

## ٢

## لە بیرە نەوتەکانی کەرکووک دەدەین

پاش سلاو و هەواڵپرسین دەپرسم:

فەرموو کاك سەلاح بڵێ و قسە بکە؛ چیت بەبیر هاتیتەوە؟

ئەو گوتی:

لەو ماوەیەی لە کەنەدا بووم موقەدەم عەزیز ئاکرەیی سەردانی دەکردم، میوانم دەبوو، لێم پرسی کاك عەزیز لەمێژە گوێت گرانە، ئەوە بە منداڵی وا بوویت؟ چۆن بوو؟

ئەو گوتی: کە هاتمە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە گوێ و بیستنم ئاسایی بوو، بەڵام لەناو شۆڕش و شەڕەکان وام لێ هات، با ئەوەت بۆ بگێڕمەوە:

لەساڵی ١٩٦٩ شۆڕش بڕیار دەدات زەبرێکی کوشندە لە بیرە نەوتەکانی کەرکووك بدات، بە ڕێنمایی سەرۆك بارزانی، داوا لە شەهیدی سەرکردە فاخیر مێرگەسۆری "وەك کاك سەلاح ناوی دەبات، لەگەڵ ناوەکەی ئەو دەستەواژەیە لەبیر ناکات و کەمێکیش دەنگی بەرزتر دەکاتەوە" و فارس باوە و عەزیز ئاکرەیی و سامی عەبدولرەحمان دەکەن، تۆپە دوورهاوێژەکان

ببەنە ناوچەیەك، زەبر و گوللەکانی بگاتە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك.

بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە دەمانەویێت فشاری زۆر لەسەر حکوومەت دابنێین و بزانن هێز و تۆپەکانمان دەگاتە هەموو شوێنێکی ستراتیژیی ئەوان. تۆپەکان دەبەینە ناوچەی خەلان بیاو، بەوەش دەمانویست وەك ڕەسەد و ڕوانگە یەکێك بچێتە پێشەوە. خەلیل کافرۆشی، پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، لەگەڵ هاتنە دەرەوە و بوونی بە پێشمەرگە لە ناوچەی تەقتەق ڕێگە لە ژمێریاریی مقاولین ئەلعەرەب دەگرێت و پارەکەیان لێ دەستێنێت و دەیهێنێتە ناو شۆڕش. ئەوان لەو ناوچەیە پرۆژەیەکی گەورەیان هەبوو، پارەکەش زۆر بووە، کەمین و پلانەکە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکات و پارەکە لە کات و سەردەمێکی زۆر پێویست دەگاتە ناو شۆڕش.

ئەو لەناو پێشمەرگایەتی ئازا و ناوداریش بوو، بەڵام دوایی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو شاری کەرکووك دەکوژرێت.

لەو مەفرەزەیە، لەو نەبەردییە، ئەو لەناو خەڵکەکە هەڵدەستێتەوە و دەڵێت: من کەرکووکیم و دەمەوێ ببینم چۆن بۆردمانی کەرکووك دەکەین، من ئەوە دەکەم و دەچمە پێشەوە.

ئەو دەچێتە نزیك بیرەکان و چاودێریی بۆردمانەکە دەکات، ڕاست و چەپ و سەروو و خواروویان پێ دەڵێت، وەك عەزیز ئاکرەیی بۆی گێڕامەوە، تۆپی یەکەم نەگەیشت، بەڵام تۆپەکانی تر باش بیرە نەوتییەکانی دەپێکا.

"ئەو دەگێڕێتەوە" من لەتەنیشت تۆپچییەکان وەستابووم، ئەوان

گوتیان بەر لە تەقاندنەوەکان توند گوێت بگرە، چونکە تەقینەوەکە دەنگی زۆرە. منیش ئەوەم نەکرد، لەگەڵ زرمە و گەورەیی دەنگەکە، تەپڵە پەردەی گوێیەکانم دەتەقێت، ئیتر لەو ڕۆژەوە لەگەڵ تەقاندنەوەی بۆڕی و تەنکییە نەوتییەکانی کەرکووك، منیش پەردەی گوێیەکانم دەتەقن و کەڕ دەبم.

هەر لەو شەوەوە من هەستی بیستن لە دەست دەدەم. هەر لەو کاروانە دوورەوەش هەست دەکەین کاك سامی، شەوان چاوەکانی کزن و تەواو نین، دەبووایە یەکێك دەستی بگرێت.

بەو شەوە و بەو تۆپانە و لە دوورەوە زەبری باش لە حکوومەت دەدرێت و تەنگاو دەبن، ئەوەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی حیزبی بەعس و سەدام حوسێن دانوستان لەگەڵ شۆڕش و مەلا مەستەفا بارزانی بکەن.

## ٣

## گوێم عەودالّی هەوالّێکە

هەر لەو تەلەفۆنە لێی دەپرسم، ئەوەندە سالّە، حەڤدە سالّ زۆرە ژنێك و چوار کچت لە هەولێر جێ هێشتبوو، ڕاستە دایکت لەگەڵیان بووە، بەڵام سەخت بووە، ئەوان ئازاری زۆریان چێشتووە، هەستت چییە؟ چ بە ژنەکەت دەڵێیت؟!

ڕاست دەکەیت، حەڤدە سالّ زۆر بوو، هەر ڕۆژێکی مردنێك بوو، دەمردم و زیندوو دەبوومەوە، شەوانە بە زەبری ویسکی خەوم لێ دەکەوت، ژنێك و چوار کچ بە تایبەتی میدیا ئەویان ڕۆحی منە، ئاسان نەبوو، "من دەپرسم بۆ تەنیا ئەو"، هەمووم خۆش دەوێن، بەڵام خۆشەویستیی میدیا تایبەتییە، "ئارین" وەك دایکم قسەی خۆشە، هەمووم خۆش دەوێن. شیعرێکم بۆ ساجیدەی هاوسەرم نووسیوە، کە دەخوێنمەوە زۆر لە برادەرەکانم دەگرییێن.

## وا ساڵێکە

### سەڵاحماندوو

وا ساڵێکە، چاوم شەیدای دیدارێکە
گوێم عەودالّی هەواڵێکە
چرپە و لەنجەی شاکارێکە
وا ساڵێکە
ئاسمانی شین ڕەش دەنوێنێ بێ باران و دروودی ڕەحمانێکە
وا ساڵێکە
باخچەی خەیاڵی وشکبووم
پڕ لە دڕی و گوڵەشەکرە چ قورفە و بیابانێکە
وا ساڵێکە
پەنجەرەی ماڵی وێرانم دوور
لە قەتیس و ڕووناکی هەتاوێکە
وا ساڵێکە
ئارەزووی عەتری وەفاییت لێی نەداوم

پێم نالێی بۆ چ کارێکە؟
وا ساڵێکە
ڕێگای دووری بێتاقەتیم لەژێر سێبەری ماڵێکە!
وا ساڵێکە
دونیاشم ڕەنگی گۆڕاوە و چەند بێ سیما، سەرابێکە
وا ساڵێکە
بارانی خەم بەسەر یادەکان دەبارێ
خەم بارانە چ تۆفان و زریانێکە
وا ساڵێکە
پەپوولەی ژیانی بێ ژینم تامەزرۆی گوڵەباخێکە
وا ساڵێکە
لە سینەم خەم پنگایتەوە
هەناسەی لێی سوار کردووم
ژانیشی لێی نەبڕایتەوە
ئەشێ ئەو خوایە گەورەیە بەزەیی لە دڵا مابێ؟!
یا نوشتە و جادووی جادوکارێکە
وا ساڵێکە
بەهار لە وەرزی ڕا ئەکا
ئەو بەهارەم چەند بێ گەڵا بەهارێکە

وا ساڵێکە

سەرگەردانی عیسایەکم

تۆی بۆم بگەڕێنێتەوە

لای ئەو کارێکی ئاسانە "کن فیکن" بتهێنێتەوە

ئەو ماڵەی مە، تۆی لێ نەبێ ئامۆزا گیان کاولگە

و کەلاوەیەکە

**ئازاری ٢٠٢١**



**سەڵاح ڕەفیق و ساجیدەی هاوژینی – شاری ئاستن، پایەتەختی ویلایەتی تێکساس (٢٠٠٥)**

## ٤

## چیای بەمۆ دەگرینەوە

زووتر باسی تەسلیمکردن و گرتنەوەی چیای بەمۆمان کرد، گوتمان حکوومەت بەو شەڕە تەنگاو بووبوو، دەیویست لەگەڵ سەرکردایەتی نەرمییەك بنوێنێت و بروسکەشی ناردبوو، بروسکەکە لەلایەن ئیستخباراتەوە هاتبوو، تێیدا باسی گەمارۆی ئابووریی سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کردبوو، باس لە سووککردن و کردنەوە و دەرچوونی شەکر و چا و ئارد و ڕوونیان بۆ ناوچەکە کردبوو، بروسکەکە بۆ ئێمەش لە پارێزگای هەولێر هاتبوو. منیش داواکە لەسەر هەموو بازگەکانی پشکنینی سنووری هەولێر بڵاو دەکەمەوە، ئیتر گەمارۆکە سووکتر دەبێت و گوندەکان و پێشمەرگەش لەناو شار زەخیرەیان بە ئاسانی بە دەست دەگات. خەڵکەکە بەو گەمارۆیە پەریشان بووبوون، تاکە سەرچاوەی چوونی زەخیرە و پێویستەکان بە دزی و قاچاخ بووە، زۆریش لەوانە بە دەست و پێناوی جاشەکان بووە، هەندێکیان دەستیان لەوە هەبووە کەمێك خواردەمەنی ئاودیو بێت، لەو دەمانە حکوومەت ناوی لەو جاشانە نابوو "فرسان صلاح الدین - سوارەکانی سەڵاحەدین". هەر لەو سەردەمە کەرەستە و شتی ئێرانیش لە سنوورەکانەوە دەهات و بە قاچاخ دەگەیشتنە شارەکان، بەڵام زۆربەی کەرەستە و قوماش و پێڵاو بوون.

ئیتر بەو بروسکەیە گەمارۆکە سووك دەبێت، تا ڕۆژێکیان حەمەدەمین فەرەج تەنگاو لە دەوام بە دوامدا دەنێرێت و دەڵێت:

رۆڵە سەڵاح، ئەوە چیت کردووە؟! ئیستخبارات تووڕە بووە، قسەیان لەگەڵ کردووم و دەڵێن لە بازگەکان شت زۆر دەڕوات و دەروازەکان کراونەتەوە، بۆ وایە؟!

منیش پێم گوتوون:

خۆتان بروسکەتان کردبوو، ئێمە داواکەی ئێوەمان جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەوان گوتیان بروسکەکە و سووککردنی گەمارۆکە بۆ ناوچەی بەمۆ و گەرمیان بووە، نەك بۆ سنووری هەولێر.

بەهەرحاڵ کرانەوەکە دوو هەفتەی خایاند و زەخیرەی زۆر دەگاتە دەرەوەی شار و دوایی و تا ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ گەمارۆکە هەر مابوو، بەڵام قاچاخیش هەر هەبووە.

## دووەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٦
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

# ١

# کۆترەکانم

بەپێی ڕێککەوتنی نێوانمان، پاش سەعات دەی بەیانی تەلەفۆن دەکەم، دیارە دەمزانی نەخەوتووە، چونکە خەوی باش نەبوو، زۆرترین کات، شەو و ڕۆژ بەئاگایە، یەکسەر دەڵێت: ئەگەر تۆ باش بیت، منیش زۆر باشم.

دەپرسم؛ شەو میوانت هەبوو؟

بەڵێ زۆر هاتن، زۆر دانیشتن و چواردەورەم ئاوەدان بوو، دکتۆرەکانی خزم و هاوڕێیەکانیش بۆ سەردان و پرسیار و شەوچەرەش هاتبوون. دوو پێکم خواردەوە، باش بوو. زوو زووش کاك "میر ئەحمەد ئاغا زارگەڵی" سەردانم دەکات، برادەرێکی بەوەفایە، لەبەر ئەوەی کوڕی بناری قەندیلە دڵم بەو دەکرێتەوە، خۆشمدەوێ، وا دەزانم لە منداڵییەوە دەیناسم. لەناو مەکتەبی پەیوەندییەکانیش دۆستایەتییم لەگەڵ "جەنگیز موحەمەد ئاوەکەڵەیی" و "عەبدولسلام زێباری" و "ئیبراهیم خۆشناو" خۆشە، لە سەردەمی قوتابییان و چۆمانیش کوڕێکم بە ناوی "سەربەست بامەڕنی" دەناسی، زوو زووش لە چۆمان دەهاتە کن حاکم حوسێن بامەڕنی دەبینە برادەر، دوایی لە یەکتری دادەبڕێن، لەو ساڵانە دۆزیمەوە، لەناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەك

کادیرێکی حزبی و راگەیاندن و حکومی کاری دەکرد، بەڵام زۆر نەمایەوە، گەڕایەوە ئەڵمانیا، کە بە سەردان دێتەوە، زۆر یەکتری دەبینین و نێوانمان خۆشە، ئەو بە کوردی و عەرەبی نووسەرێکی بەتوانایە. هەمووان پیاوی باشن، بەو دۆست و ئاوەدانییە دەژیم و دڵم خۆشە.

دانت بە کوترەکان داوە؟ چوویتە ناو باخچەکە؟

ئەو یەکسەر گوتی:

نا، باش بوو بە بیرت هێنامەوە، بیرم نەبوو، وا دەچم مستێك دان لەسەر گەراجەکە و لەبن مەرکانەکان و بەر دەرگەکە ڕوو دەکەم، دڵم خۆشە کە کۆتر و کێشکە لێیان کۆ دەبنەوە و بەشی زادی خۆیان دەبەن. کۆترەکان بە ئاسمانم دەبەستنەوە، کۆترەکان بە جووڵە و چالاکییەکانم دەبەستنەوە، حەز دەکەم ڕۆژانە بێن، ڕۆژانە دانیان بۆ ڕوو دەکەم و لە دیاریان دەوەستم تا تەواو دانەکان، دانە دانە بە دندوکە وردە تیژەکانیان هەڵدەگرنەوە، لە دیاریان دەوەستم و کە دانەکە کەم دەبێت، ئیتر دەکەونە بەر گیانی یەکتر، دندوك لە یەکتری دەدەن، ئەوەم پێ ناخۆشە؛ ئەوانیش کۆشش دەکەن، زۆرتر ببەن، زۆرتر بخۆن، لە من تێناگەن؛ ئەگەرنا پێیان دەڵێم: دانەکە زۆرە، بەشی هەمووتان دەکات، زۆرم داناوە، دندوك لە یەکتری مەدەن، بەشی هەمووتان دەکات، وەك ئێمەی مرۆڤ مەکەن، وەك حیزبەکان مەبن، وەك سەرکردەکان مەکەن!

# ٢

# کەشخەیی و زمانپاراوی

## لە ئیشکردنی ناو کەنەدا، چیت پێ باشە بیڵێیت، چ لەوێ فێر بوویت؟

"لەوێ زمانی باش و دەربڕینی باشی وشە و گوتن گرنگە، ئەوەی پێویستە کارمەند زمانەکەی باش بێت، ئاخاوتنی سادە و شیرین بێت، بە تایبەتی کەسی فرۆشیار، پێویستە لە کاتی قسەکردن و پێشوازیی کڕیارەکان زمانت پاراو بێت، ڕاستە کەنەدی و ئەمریکییەکان زۆریش بایەخ بەوە نادەن، بەڵام ئەوانی تر ڕوو لەو کەسانە دەکەن، هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو فرۆشیارانە دەکەن کە زمانیان پاکە، دەربڕینی وشەکان جوان و پوخت دەردەبڕن، من زمانم باش بوو، ئینگلیزییەکەم کێشەی نەبوو، ئەگەر دیالۆگت جوان و شیرین نەبووایە بازاڕت سارد دەبوو"

## ئیشکردن لەگەڵ خەڵکی کام نەتەوە خۆشە؟

"کەنەدییەکان، ئەمریکییەکان و هەموو ئەوروپییەکان ئیشکردن لەگەڵیان خۆشە. بەڵام من ئەزموونم لەگەڵ هیندی و پاکستانییەکان هەیە، ئەوان لێت نزیك دەبنەوە، خۆت بە قوربان دەکەن، تا باش پیشەکە فێر دەبن، نهێنییەکان دەزانن، شارەزایی

باش پەیدا دەکەن، ئینجا قسەت لەسەر دەکەن، ڕاپۆرتت لەسەر دەدەن، لەوێ نەبیت پاشملە زەمت دەکەن، دەیانەوێ تۆ دەربکرێیت و بێنە شوێنەکەی تۆ، زوو چاویان دەچێتە سەر بازاڕ و پۆستەکەت، هەموو ئامرازێك بەکار دەهێنن دەربکرێیت و بڕۆیت و شوێنەکەت بگرنەوە، ئەوەیان خراپە.

بەڵام دکتۆرێکی هیندییم هەبوو، دکتۆری ددانم بوو، پیاوێکی چاك بوو، لە سەردانەکان بە دڵسۆزی ئیشی لەناو ددانەکانم دەکرد، ماوەماوەش تەلەفۆنی دەکرد و یەك یەك لە ددانەکانی دەپرسی، دکتۆرەکە ناوی "Toor" بوو. لە کەنەدا چارەسەرییەکانی ددان و نەخۆشییەکانی بە خۆڕاییە، بەڵام جوانکاریی بە پارەیەکی زۆرە. دکتۆری ددان لە کەنەدا زۆر دەوڵەمەندە، پارەیان زۆرە، یەك ساڵ ئیشکردنیان بەسە پارەی زۆر کۆ بکەیتەوە.

لە وڵات و سیستەمی تەندروستیی کەنەدیی هەر چارەسەریی ددان بە خۆڕایی نییە، هەموو چارەسەرییەکان، نەشتەرگەرییەکان و دەرمانیش بە خۆڕاییە، هاوڵاتییانی کەنەدای ١٠٠٪ ژیانیان تەئمینە، بیمەیان هەیە. لەوێ جارێك بۆ نەخۆشیی دڵ چەند ڕۆژێکیش بو چارەسەرییەکی ڕیخۆڵەکانم مامەوە و چارەسەرم وەرگرتووە، نەخۆشخانەکانیان تەواو و ڕێك و دروستە.

ئیشکردن و بازاڕ لە کەنەدا ئەتەکێتی تایبەتی دەوێت، بێجگە لە زمان، پێویستە پۆشتە بیت، جلی جوان و پاك و نوێت لەبەردا بێت، کە کڕیارێك دەهات دانوستانی لەسەر کڕینی کەرەستەی زۆری لەگەڵت دەکرد، بیست هەزار دۆلار کەم نەبوو و

پارەیەکی زۆری سەرف دەکرد، دەبووایە تۆش خاوێن و نازدار لەبەردەمی دیار بیت، پێڵاوەکانت مارکەی باش بن. کە دەچوویتە سەردانیان باشتر بوو بە ئۆتۆمبێلی باش بچیتە بەر دەرگەی ماڵەکانیان، من زۆر بە ئۆتۆمبێلی مارکەی بی ئیم دبلیوو دەچووم، لەبەردەم شوێنەکە ڕامدەگرت، لە ساڵی ١٩٨٢ تا ٢٠٠١ لەو فرۆشگا گەورەیەی شاری "Mississauga" ویلایەتی "Ontario" ئیشم دەکرد، بەردەوام پۆشتە بووم، زمانم باش و قسەمان شیرین بوو، بەوەش بازاڕمان گەرم بوو، مووچەم زۆر بوو.

شارەکە جوان و ستراتیژی بوو، زۆرتر دوو تاوەرەکەی جوان و ناوداری کردبوو، دوو تاوەری "Monore Marilyn" بە ناوی ئەکتەر و سترانبێژ و نمایشکەری ئەمریکی مارلین مۆنرو **١٩٢٦_١٩٦٢** کرابوو، چونکە شێوە و باڵایان وەك بەژنی ئەو زراف و ورووژێنەر و ناسك و بە شەوق بوون، بەرزی یەکەمیان ١٨٠ مەتر و دووەمیان ١٦١ مەترە، لە ساڵی ٢٠١٢ تەواو دەبن و دەبنە سونبڵی شارەکە و کەنەداش.

شارەکەمان گەورە بوو، نزیك یەك ملیۆن کەسی تێدا دەژیت، ناوی شارەکەش لە وشە و دەستەواژەی هیندییەکان، هاوڵاتییە ڕەسەنەکانەوە هاتبوو، ماناکەی دووردرێژ بوو، ناوەکە مانای "ئەوانەی نزیك دەمی ڕووبارە گەورەکەن" بوو. یەکەم شاری کەنەدا بوو قەرزاری حکوومەت نەبوو، سەرمایە و داهاتی زۆر بوو. نزیك تورنتۆ بوو، لەوێ ئاسوودە بووم.

سەرۆك شارەوانییەکەی ژنێکی بە تەمەن بوو، نزیك نۆهەد ساڵ دەبوو، ناوی هیزل بوو، پیر بووبوو، ساڵانە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی خۆی کاندید نەدەکرد، ڕێکلامی نەدەکرد، خەڵکەکە خۆیان ئەویان دەویست. کە لە بازاڕەکە ئیشم دەکرد

دوو جار سەردانم کردبوو، جارێکیان کڵێسەیەك دەسووتێت، ئەو لەویَ مارە کرابوو، وەك وەفایەك بۆ کڵێسەکە بەشداریی نۆژەنکردنەوە و دانانەوەی دەکات؛ بڕیار دەدات بە بەشێکی تێچووی دانانەوەی کەرەستەکان بەشداری بکات، دەچم نەخشە و ویست و ئارەزووەکانی وەردەگرم، تا کەرەستەکانی بۆ نمایش بکەم و بیانکڕێت. جاری دووەمیش بۆ ماڵەکەی خۆی کەرەستەی نوێی دەویست سەردانی دەکەم.



**دوو تاوەری "Marilyn Monore " لە شاری Mississauga لە کەنەدا.**

## ٣

# ژن و منداڵم لە کەنەدا

لەو ساڵانەی لە کەنەدا ژیاوم بەردەوام شوقەی گەورە یان خانووی سەربەخۆم هەبووە، زۆرتر خانووی گەورەم دەکڕی، بەردەوام هیوام بەوە هەبوو ژن و منداڵەکانم دێنە کەنەدا، حیسابی ئەوانم دەکرد، لە "mississauga" سێ ژووری نووستنم لە سەرەوە هەبوو لەوێ چەند ساڵ خانووەکەی موڵکی خۆم بوو، بەڵام مانگانە پارەی قیستمان دەدایەوە بانک، بۆیە دەیانگوت؛ خانووەکانمان موڵکی خۆمان نییە، موڵکی بانکەکانە.

کە پارەی کەنەدا دەشکێت و قازانجی بانک زۆر دەبێت، دەیفرۆشم، چونکە کرێیەکە باشتر بوو لەوەی موڵك و خانووی خۆت هەبێت. دوایی کە دەچینە هامیلتۆن "Hamilton" لەوێش خانووی گەورەم هەبووە، لەوێ بوو منداڵەکانم هاتن، گەیشتنە کەنەدا، هەموویان هاتن تەنیا میدیا نەبێت، ئەو حەزی نەدەکرد، بە سەردان هات، بەڵام نەیویست بەیەکجاری لەوێ بژیت. میدیاش گوتی:

من نەچووم و پێم خۆش نەبوو، ئێستاش منداڵەکانم گلەیی ئەوەم لێ دەکەن، چۆن دەرفەتی وام لەدەست داوە، ئەوانیشم لەو سەفەرە بێبەش کردووە، ئێستا بۆ خۆمان دەبووین بە کەنەدایی.

تا ساڵی ١٩٩٢ بە تەنیا بووم، ئەوان لە ساڵی ١٩٩٥ هاتنە

کەنەدا، لەو دەمانە ماڵەکەم لە شاری هامیلتۆن بوو "Hamilton". قەرەبووی داماو و مانەوەی ناو ماڵ و دەرنەچوونی چەندان ساڵیان دەکەمەوە، زۆریان دەگێڕم، سەیرانی زۆریان لەناو وڵاتی کەنەدای جوان پێ دەکەم. نازانم توانیم قەرەبوویان بکەمەوە یان نا؟! توانیم ساڵانی ترس و دڵەڕاوکێ و بێباوکی بەو چەند ساڵە بکەمەوە، یان نا؟!

بە داخەوە دایکم مردبوو، بۆیە ژن و سێ کیژەکانم بردنە کەنەدا، دایکم مردبوو من پاش پێنج ساڵ دەزانم، تەرمەکەی لەکن باوکم و مامم لە گۆڕستانی چراغی هەولێری نزیك بازاڕی نیشتمانی ئێستا دەنێژن، نزیکی ماڵەکەی خۆمان بوو. بەڵام کە ژنەکەم دەمرێت، لەناو گۆڕستانی شارەوانیی باکوور پارچەیەك زەوی بۆ گۆڕستانی خێزانەکە بە سەرووی سەد وەرەقە دەکڕین، لەوێ دەینێژین.

لەناو کەنەدا لەگەڵ کوردەکان نێوانمان خۆش بوو، دەچوومە ئەمریکاش لەوێش کوردەکانم دەبینی، ئەوانەی بەیەکەوە هاتبووین زوو و زوو دیدارمان دەبوو، بەتایبەتی لە بۆنە نیشتمانییەکان، لەوانەی بەدرەنگەوە هاتبوو، خزمێکی رواندوزی ناوی "کەنعان ئەمین" بوو، کۆنە پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانی بوو، نێوانمان خۆش بوو، ئێستاش پەیوەندییمان خۆشە و بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکەم، ئەگەر پێویستم بە هەر شتێك بێت، وەك کچەکەم یارمەتییم دەدات.

# ٤

# زەید ئەحمەد عوسمان

زەید ئەحمەد عوسمان "١٩٢٤- ١٧ی ئەیلوول ١٩٧٨" کەسایەتییەکی سیاسیی دیار بوو، زووتر لە پارتی سەرکردایەتی بووە. لەناو دبلۆماتەکانی عێراقیش ناودار و ئەکتیڤ بووە، دوایی چووبووە دەرەوە، مەلا مەستەفا خۆشی دەویست، پێش یازدەی ئازار و ساڵەکانی دوایی لە چۆمان بوو، خانوویێکیان لەسەر گردێك لەناو چۆمان بۆ کردبوو، پاسەوانی هەبوو، بە داخەوە لەسەر کێشەیەکی تایبەتی پاسەوانەکانی پیاوێك دەکوژن، ئیتر کوشتنەکە لەسەر ئەو دەبێتە ماڵ، لەبەر ئەوە دەڕواتە دەرەوە و نەگەڕایەوە ناو شۆڕش. سەرۆك بارزانی ڕێزی دەگرت، ئەویش بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لێزان و بە ئەزموون بوو، دەیانگوت: ئەو بۆ یەکەم جار ژمارەیەك بڕنۆی دارشووشەی لە وڵاتی چیکەوە هێنابووە ناو شۆڕش.

لەو ساڵانەی ئەو لە چۆمان بوو زۆر سەردانم دەکرد، لە سیاسەت و دونیابینی بە توانا و هزرمەند بوو. کوڕی یەکەم موتەسەریفی هەولێر "ئەحمەدە فەندی" بوو.

# ٥

## عەبدولوەهاب ئەترووشی

عەبدولوەهاب ئەترووشی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ پارێزگاری هەولێر بوو، پیاوێکی سەربازی بوو، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول وەك مەعاونی پۆلیس دەچێتە ناو شۆڕش، پلەکانی پێشمەرگایەتیی باڵای هەبووە، لە شەڕەکاندا ناوی زۆر بووە، لەپاش دانوستان و ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەسەر لیستی شۆڕش و پارتی دەبێتە پارێزگار، ئەگەرچی ئەو لە هەندێ کار و ڕێکارەکاندا توند بوو، بەڵام زۆر خۆشەویست نەبوو، زۆر گلەییان لەوە هەبوو بۆ کەسێکی وا دەکەنە پارێزگاری هەولێر، کە هیچ شارەزاییەکی لەو شارەدا نییە؟! ئەو لەوێ ناسیاری نەبوو، بەڵام زۆرتر کارەکانی شارەکەی لە لایەن "فارس باوە" وەك ئامیری هێزی دەشتی هەولێر و کەسە خۆشەویستەکەی ڕەحمەتی سەرۆك بارزانی بەڕێوە دەبرد، واتە ئاسانکاریی زۆر دەکرد، لەوانە دروستکردنی خانووی شەهیدان و ئیعماری ئەلشیمال ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئامادە و ئازاش بوو.

عەبدولوەهاب ئەترووشی لە بەغدا سەردانی ماڵێك دەکات، ئەمەی لێ ئاشکرا دەبێت و سەرۆك بارزانیی لێ ئاگادار

دەکرێتەوە. زۆر لە پیاوە کوردەکان دەیناسن و سەردانیان دەکرد، ئەویش سەردانی کردبوو، بەڵام بە ئۆتۆمبێلی براکەی لە وەزارەتی عەدلی بەغدا، ژمارەکەی (٢٢ عدل) بوو، ئاگاداری کاك مەسعوود دەکەینەوە و ئەویش فەرمان دەدا زوو لە بەغدا بێتەوە و هەڕەشەی لێ دەکەن ئەوە دووبارە نەکاتەوە، بەڵام تا شۆڕش هەڵدەگیرسێتەوە وەك پارێزگاری هەولێر دەمێنێتەوە.

## ٦

## هەژار و عەبدولخالق مەعرووف

کە من دەچمە چۆمان و لەوێ دەژیم شەهید عەبدولخالیق مەعرووف لەوێ نەمابوو، لە دەرەوە بوو، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو نەمدەناسی و خۆشم نەدەویست، دەمناسی و بەیەکەوە دادەنیشتین، پیاوێك بوو، گوڵ و ڕۆح و پاك و زیرەك، هاموشۆمان هەبووە.

هەژارم دەناسی، پەیوەندییمان خۆش بوو، لە چۆمان و دوایی لە کەرەجیش لەیەکەوە نزیك بووین، لە هەولێر تایەر تۆفیق و ئەوم لە یانەی ئازادی کۆ کردیتەوە. بەڵام شەرمم دەکرد لەبەردەم ئەو شیعر بڵێم.

# سێیەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ ئالآ سەلآح ڕواندزی

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٧

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ ئەمریکا

# ١

## لە هەولێرەوە بەرەو دالاس Dallas ئەمریکا

لەو جۆرە نووسین و بیرەوەریی و تۆمارانەدا، دیداری زۆرتر و دیتنی زۆرتر و لێکۆڵینەوە باشتر بابەتەکە تێر دەکات، تێدا لایەنی زۆرتر دەدۆزینەوە، بۆیە دەمەوێ بێجگە لە "میدیا"ی کچە گەورەی سەلاح ماندوو، قسە لەگەڵ ئاڵا "لەدایکبووی ١٩٧١ هەولێر" بکەم، ئەوەم پێ باش دەبێت، بە تایبەتی کە دەزانم هاوژینی "بەختیار عیزەت دەرگەڵەیی"یە، من ئەوم دەناسی و دەمزانی شەیدای مێژوو و نووسین و فۆتۆیە، بۆ قسەکردن و کردنەوەی باسەکە، بەیەکەوە زووتر لەگەڵ کاك بەختیاری هاوسەری ئاڵا قسە دەکەم. بەڵام بۆ ئەو دیدارە کێشەی سەرەکیم ئەوە بوو، کاتی نێوان ئەمریکا و سوید زۆر جیاوازە، یەك دوو ڕۆژ خەریك دەبین، تا کاتەکە دیاری دەکەین، بە مەرجێك کاتەکە بۆ هەردوولامان گونجاو بێت.

سەرەتا لێی دەپرسم بۆ ناوت نووسراوە "Allea" نەك "Ala"، ئەو گوتی:

ئاڵا وەك خۆی بنووسرێت دەبێتە ئەلا، خودا. ئەوەش خۆش نەبوو، بۆیە ناوەکەم بەو شێوەیەی ئێستا دەنووسم و بەوە دەناسرێم، بەڵام ناوم ئاڵایە، دایکم ئەو ناوەی لە من ناوە و ناوەکەم پێ خۆشە.

لە خاتوو ئاڵا دەپرسم:

دوا دیدار و جیابوونەوەتان لەگەڵ باوکت چۆن لەبیرە؟

وەك خەون! من بچووك بووم، بەڵام زۆرم بیستبوو و زۆریان گێڕاوەتەوە، جیابوونەوە و دوورکەوتنەوەی باوك و دابڕانی ئەوەندە ساڵە زۆر باس کراوە، ئێمە ببووین بە نموونە لەناو هەموو هەولێر، هەموو قوتابییەکانی پۆلەکەمان، قوتابخانەکە و ناو مامۆستایان دەیانزانی، منداڵانی کۆڵانەکەمان، هەموو پیاوانی ئەمن و ئەندامانی حیزبی بەعس و فرقەکانی حیزبی بەعس؛ "یەرمووك و فاروق"، هەموو ئەوانە دەیانزانی خێزانێك هەیە، باوکیان لە کەنەدایە، لەو دوورە دەژیت و یاخی بووە و نایەوێ تەسلیم بێتەوە. بەڵام ئەو پیاوە؛ ژن و دایکی و هەر چوار کچەکەی لەناو دڵ و چاو و هەناسەی داناوە.

لەبەر گەورەیی دایکم "پێمان دەگوت ئایەکە"، داپیرم، دایکی باوکم، پێمان دەگوت "ئۆدە"، دەزانم و تێدەگەم ئەو دوو ژنە چەند بە دەسەڵات و خۆڕاگر و دڵسۆز بوون.

چەند جار گوێم لە دایکم بووە، دەیگوت: ژیانی من و خەباتی بەردەوامی من، بۆ پێگەیاندنی چوار کچەکەم و دەوامکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیان و دروستکردنی خانووێك لەناو هەولێر بووە، ژیان و خەباتی ژنێك مێردەکەی دژی دەسەڵات بێت و پەیوەندی نەبێت، حەقە بنووسرێتەوە، بکرێت بە فیلم، بەڵام چ جۆرە فیلمێك، تراژیدیایەکی دەروونهەژێن، سەربردەیەکی بە ژان.

بەڵێ حەقە و پێویستە ژیانی و کۆششی "ساجیدە خالید" بکرێت بە کتێب و فیلم و بنووسرێتەوە و زۆریش

بخوێندرێتەوە، ژیانی ئەو ژنە تژی بووە لە زۆر شت، لە پیرۆزیی زۆر:

یەکەمیان لە خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ هاوسەرەکەی، بۆ مێردەکەی کە ئامۆزای بووە.

دووەمیان: ژنێك بووە، مامۆستای ئامادەیی بووە و چەندان فێرخوازی لەو شارە پێ گەیاندووە،

سێیەم: ژنێك بووە، ناوی لە یەکێك لە کچەکانی ناوە ئاڵا.

ژنێك بووە، بە قەد خۆی و کچەکانی خەسووی خۆش ویستووە.

ژنێك بووە، بە پارەی زێڕی خۆی و مووچەی مانگانەکەی، لە زەمانێکی پڕ لە قاتوقڕی و گرانی و نەبوونی هەموو کەرەستەکانی دروستکردنی خانوو - کەرپووچ، چیمەنتۆ، ئاو، کارەبا، کرێکار، وەستا، کات، ئەدی شیشی سەبە، پارە، بەڵام قەرزی عەقاری هەبوو- خانوویك لە ناو گەڕەکی زانیاری بۆ منداڵەکانی دروست دەکات.



**وێنەی ئاڵا ڕواندزی لە تەمەنی دوازدەساڵی لە ماڵی خۆیان لە هەولێر گیراوە.**

## ٢

# دایکم ژنێکی مەزن بوو


دەمەوێ ئەوەش بڵێم و بنووسرێتەوە و لەبیریش نەکرێت هەموو جیرانەکانمان، چاویان لەسەر ئێمە بوو، پشتیوانمان بوون، ئێمەیان خۆش دەویست.

ڕۆژێکیان برایەکی خاڵۆژنم بە جلی سەربازی هاتبوو لە هاوسێیەکانمان لە ماڵی ئێمەی پرسیبوو، بە ڕێککەوت جلی سەربازی لەبەردا بووە، کەس لە کۆڵانەکە ناو و ماڵ و دەرگەی ئێمەی پێ نەگوتبوو.

ئەوەی داخ و کەسەر بوو؛ هەموو کچەکان، قوتابییەکان، باوکیان هەبوو، ئێمە دەبووایە بڵێین باوکمان نییە، باسی باوکمان نەکەین، ناوی بنووسین بەڵام ناوی نەهێنین، شانازی پێوە بکەین بەڵام تەنیا و بەس لە دڵەوە، بە ترس! دایکم و داپیرم فێریان کردبووین باسی باوکتان مەکەن، کیژم هیچ مەڵێن؛ قسە ڕادەکێشێت، ئێمەش باسمان نەدەکرد، بەڵام وا بزانم هەموو دەیانزانی، هەموو مامۆستاکان دەیانزانی، ئەگەر حکوومەت، ئەمن، موختار و پۆلیس بزانن خەڵکیش دەزانن، دەیانزانی باوکمان پێشمەرگە بووە و نەهاتووتەوە، لەوێ چوویتە دەرەوە و لە کەنەدا دەژیت، لە وڵاتێك دەژیا زۆریان ناوی ئەو وڵاتەیان

هەر نەبیستبوو، بەڵام ئێمە دڵ و چاو و هیوامان لەوێ بوو، لە کەنەدا و دەمانزانی چەند دوورە، چونکە هیچ بۆن و دەنگی باوکم بە ئێمە نەدەگەیشت.

دایکم و داپیرم دەیانگوت ناوی باوکتان مەهێنن، باسی مەکەن، ئێستا بیر لەوە دەکەینەوە، کە حکوومەت بە هەموو دەزگە ترسناکەکانییەوە بزانێت، با دەستەخوشکێك، مامۆستای بیرکاری، فەڕاشەکەمان، با هەر بزانن و باشیش بزانن، خۆ شانازییش بوو، ئەگەر بزانن و نەزانن چ لە بابەتەکە دەگۆڕێت؟ بەڵام هەر باسمان نەدەکرد.



**لە ڕاستەوە: ساجیدە خالید، بەختیار عیزەت، ئاڵا ڕواندزی، ژاڵە ئەنوەر ڕەئیس - کەنەدا ٢٧ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٥.**

## ٣

## هەمووەمان "مستقل"ین

ڕۆژێك پیاوێکی ئەمن، بە جلی زەیتوونی دەرگەمان لێ دەگرێت، هاوار دەکاتە سەرمان، دەقیژێنێت و دەڵێت:

کەی مەعقوولە ساجیدە مامۆستای ئامادەییە و موستەقیلە، مەعقوولە میدیا قوتابی زانکۆیە و موستەقیلە، ئاڵا لە ئامادەیی بازرگانییە و موستەقیلە، هەموو موستەقیلن! مانای چییە؟! پێویستە ببن بە حیزبی، ببن بە بەعسی، مەجال نەماوە، تەواو دوا ئینزارە، وەرن مۆر بکەن. وەرنە فرقەی، وەرەنە ناو ئیتحیادی وەتەنی، تەواو داپیرەم، ژنە ڕەشپۆشەکەی بە قەد هەموو کورد مەلا مەستەفای خۆش دەویست، دڵسۆزی کوردایەتی و شۆڕش بوو، نەرم و بەستەزمانانە هەڵدەستێتەوە و پێیان دەڵێت:

واز لەوانە بێنە، لە جیاتی هەمووان من دەبمە بەعسی!

کابرا پاڵێك بە داپیرەم وەدەنێت، بە دارە شکاوەکە، بە سێبەرە لەریوەکە، بە ژنەکەی هەموو دونیای ئەو سەڵاح بوو، یەك سکی کردبوو، یەك منداڵی ببوو، هەندی ئاسمان خۆشی دەویست، لێی دوور بوو، لە خەمی ئەو و لە سۆزی ئەو بەردەوام سیس دەبوو، دەنووزایەوە و بانگی سەڵاحی دەکرد، ئەو و ئێمەش نەماندەزانی کەنەدا ئەوەندە دوورە، نەماندەزانی دەنگی داپیرەمان ناگاتە

کوڕە تاقانەکەی، نەماندەزانی دەنگی ئەو لە بەستەڵەك و شەختەبەندی وڵاتەکە دەنگ و سۆزەکەی وشك دەبێتەوە، ڕەق دەبێتەوە و ناگاتە پیاوە ماندووەکە، سەڵاح!

باوکم نەبوو، باوکم دژ بە ڕژێمی بەعس بوو، بۆیەش من لە خانەی مامۆستایان وەرناگیرێم، زۆرم حەز لێ بوو ببم بە مامۆستا، خەونم بەوە دەبینی وەك "ئەیاکە" ببم بە مامۆستا و دەستم بە تەباشیر بێت و قوتابییەکان لێم کۆ ببنەوە و مانگانەش وەربگرم، بەڵام منیان وەرنەگرت و بە قەڵەمێکی سوور ناوی من لە لیستەکە دەسڕنەوە و وەرناگیرێم، بەو ڕەشکردنەوە و سڕینەوەیە داخ دەبم، دەنووزێمەوە بەڵام ناشکێم، نابەزم، چونکە کچی ساجیدە و سەڵاح و کیژی کوڕەك و کارۆخی بووم.

## ٤

## ڕەفتەکەی دایکم

هەر چەند ئاڵا خان قسەی دەکرد، دەمزانی دەگرییێت، قورگی دەگیرێت، دەیگوت: دایکم هەرگیز دڵی نەدەهات بە خراپە باسی مێردەکەی (باوکمان) بکەین، پێویستە پەیکەر بۆ دڵسۆزیی ژنێکی وەك دایکم دروست بکەن. ئەو لە تەمەنی **٢٩**ساڵی چوار کچ و خەسووێکی نەخۆشی بەخێو دەکرد و سۆز و نازی هەمووانی دەکێشا و چاوەڕوانی مێردە دوورەکەی کردووە و بەردەوام بە باشە باسی دەکرد، هەموومان خۆشمان دەویست ئێستاش "ڕەفتە" و پرچ و زێڕی دایکم لەکن من ماوە، ڕۆژ بە ڕۆژ مردنەکەی دەژمێرم، ئیمڕۆ دوو ساڵ و سێ مانگ و حەوت ڕۆژە دایکم مردووە.

کە دەزانین دایکمان نەخۆشە، خوشکەکان لە کەنەدا و ئەمریکا زوو دەگەڕێینەوە، تا مرد لە دیاری بووین. دایکم بە نەخۆشی کانسەری پەنکریاس لە ڕۆژی **٢٠٢٠/٣/١٤** مردووە. ئەو دەمرێت، ئەمریکییەکان دەڵێن ئەو جۆرە کانسەرە نیشانەی نیگبەتییە، بەڵام ئێمە دەمانگوت ئەوەندە بە ترس و نیگەران ژیا، بۆیە ئەو نەخۆشییەی گرت و مرد. دایکم نەرمونیان لەگەڵمان ژیا، بەڵام بە نەخۆشییەکی سەخت مرد.

لەبیرمە بۆ باوکم و غەریبیم بە منداڵی چاو بە فرمێسک

خەوتووم، دوایی هەستی باوکایەتییمان لەبیر چوو، حەرام بوو بە تەلەفۆنیش گوێمان لە دەنگی باوکمان بێت، نەدەوێراین، ئەگەر تەلەفۆنیشی دەکرد، ئەمن و موختار و ئیستخبارات هەموویان لە قوڕگمان دەهێنایەوە. ئیتر پیاو لەناو ژیان و ماڵی ئێمە نەبووە، تا میدیا شوو بە کاك "نیاز" دەکات، ئەو شوێنەکە پڕ دەکاتەوە و هەموو کەس و پشتیوانی ئێمە بووە، یەك مانگ لە نەخۆشخانەکەی تورکیا لەسەر دایکم مایەوە، تا مرد نەگەڕایەوە هەولێر و سەر ئیشوکارەکانی.



**پاش دابڕانی حەڤدە ساڵ خێزانەکە کۆ دەبنەوە.**

## ٥

## وەفاداریی فوئاد ئەحمەد

دایکت بە ڕەحمەت بێت لە هەولێر لەدایك بووە، باوکی هەولێری بووە، لەوێش خوێندوویەتی و مامۆستاش بوو، بێگومان زمانی تورکی زانیوە؟

دەیانگوت زمانی تورکمانی هەولێری دەزانێت، بەڵام گوێمان لێی نەببوو، کە لە تورکیاش لە نەخۆشخانە بوو، باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، دەیویست بە تورکی باسی ژان و نەخۆشییەکەی بکات بۆی نەدەهات، ئیتر هیچی لەبیر نەمابوو.

دایە "حەلیم"، دایە حاجی ژنێکی بەوەفا بوو، لەگەڵ دایکم شیری پێ دابوو، بەخێوی کردبوو، ژنێك بوو لە دەست زوڵمی مێرد و بنەماڵەکەی لە خۆشناوتی هاتبوو، ببووە کەس و دایك، هەر لەبەر پیرۆزی و خۆشەویستیی دایکم و شیری دابووە خاڵێکیشم.

هەژدە ساڵ لەناو ماڵەکەی باپیرانم لە هەولێر ژیابوو، کەس لە پیاوەکان دەموچاویان نەدیبوو. دەیگوت کە هاتم و مەمکم لە دەمی دایکت دانا، ئەوەندە بە سۆز و پەرۆش بوو هەمووی مژی و وشکی کردم، منیش ئاسوودە بووم.

نازانم باوکم و میدیا لە قسەکانیان باسی وەفا و دڵسۆزی مامۆستا "فوئاد ئەحمەد"یان کردووە، یان نا، ئەو پیاوە، ئەو هونەرمەندە شیرینە خۆشەویستە بەردەوام سەردانی دەکردین، نەدەترسا و نەدەگەڕایەوە، دەهات و داپیرمی زۆر خۆش دەویست، هاوسەرەکەی دادە "بەهار" ئەویش نازدار بوو، بڕوا ناکەم هیچ برادەرێك بە قەد هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، کەس نییە و نابێت دڵسۆزی برادەری خۆی بێت، لەبیری نەکات، کە داپیرم دەمرێت، ئیتر نەهاتەوە، ژنەکەی دەهات و سەردانی دەکردین، دڵمان بەو دەکرایەوە.

لە پیاوەکانی حکوومەت و سەرۆك جاشەکان ناسیارێکی باوکم هەبوو، "جەبار جەمیل" پاش ڕاپەڕینیش مابوو، زۆر باش بوو، ئەو نەبووایە ئەمن و ئیستخباراتی زۆرتر هەراسانیان دەکردین، هەڵیاندەکوتایە سەرمان دەیانترساندین، داپیرم زوو تەلەفۆنی بۆ دەکرد، دەگەیشت و دەیپرسی کێ و کەی هاتن؟! چییان دەویست و چییان گوت؟! دەچوو و دەهاتەوە و ئاوێکی بە ئاگرەکە دادەکرد، لەوێ لە ئەمن و ئیستخبارات بەڵێنی ئەوەی پێ دابوون ئێمە هیچمان نییە، پەیوەندییمان نییە، هاتوچۆمان نییە، هەمووومان دەوامی ئاسایی خۆمان دەکەین، کێشەمان نییە. ئیتر جەبار جەمیل ئامیر مەفرەزەی ئیستخبارات هاوکارمان بوو، قسەی دەڕۆیشت و وەك ڕواندزییەك، وەك ناسیارییەکی بنەماڵەکەمان چاوی لەسەرمان بوو.

## ٦

# لە داپیرم فێرە کوردایەتی بووین

گەورەیی دایکم لەوەدا بوو، دەتوانێت لەناو جەرگەی گەڕەکی نازداری زانیاری خانووێکی گەورەمان بۆ دروست بکات، زەوییەکەی زووتر لەناو زەوییەکانی زانیاریی ناو ماڵی مامۆستایانی زانیاری، ئەوەشی بەر لە ساڵی ١٩٧٤ کڕیبوو، بۆ دروستکردن و تەواوکردنی خانووەکەش، بە قەرد پارەکە پەیدا دەکات و ئینجا داپیرم لێی دەپاڕایەوە:

ساجیدە تۆ چوار دیوار بەرز بکەوە، تەواو بکە، سەرەکەی بە حەسیر دەگرین، ئەوەندەمان بەسە، بەس کرێچی نەبین! دایکم بەوەفا بوو، یارمەتی و پشتیوانی دۆست و برادەرەکانی لەبیر نەدەکرد، زۆر دەیگوت:

بەڵێندەرەکەی خانووەکەی بۆ دەکردین، ناوی "حاجی جەمیل" بوو، کە دەزانێت پارەکەمان کەمێك لە کورتی دەدات، پێم دەڵێت؛ مامۆستا ئەو پارەی ماوە لە مووچەکەت -ئەو کاتی موچە مسۆگەر بووە، وەك ئێستا نەبووە- مانگانە پەنجا دینار بدە، ئیتر بەو جۆرە و بە ماوەی دوو ساڵ پارەکەمان دایەوە حاجی جەمیل، "دەتوانین وەك وەفایەك باسی ئەوە بکەین، ئەو بەڵێندەرە یارمەتی خێزانێکی پێشمەرگەی داوە".

باوکم کەم لەگەڵ ئێمە ژیاوە، بۆیە دایکم و داپیرم فێرە کوردایەتییان کردین، داپیرم زۆر مەلا مەستەفای خۆش دەویست، هەر لە داپیرمەوە ڕواندزمان خۆش ویست و زۆرتر بووین بە ڕواندزی.

## ٧

# ئەو ڕۆژەی منیان ڕفاند

بۆ بەیانی ئاڵا خان بە نامەیەکی دەنگی ئەوەی بۆ گێڕامەوە:

"پاش زەماوەند و ئاهەنگەکەمان لە کەنەدا یەکسەر هاتمە دالاسی تکساس، کە دایکم بە ڕێی کردین، دیارە بە دزی بە بەختیاری هاوسەرمی گوتبوو، ئاڵات لە من برد! بەڵێنم پێ بدە دڵی نەشکێنیت، ئازاری نەدەیت، زۆر بەناز بەخێوم کردووە، زۆر بەوانە ماندوو بووم، باشە؟

بەختیار ئەوەی بۆ من نەگێڕابووەوە، نەیگوتبوو دایکت گوتوویەتی: من تۆم لەو دوور خستەوە و تۆم ڕفاندووە، ئەوەی نەگێڕابووەوە تا ئەو ڕۆژەی کچەکەمان بوو "کانی"، بەختیار کە کچەکەی بینی گوتی:

ئاڵا دەزانیت کە تۆم وەك بووك هێنایە دالاس، دایکت بە منی گوت تۆ ئەو کچەت لە من ڕفاند، کەمێك بەو قسەیە دڵگرانیش بووبووم، وام دەزانی دڵی بە هاوسەرگیرییەکەمان خۆش نییە، ناڕازییە، ئەو قسەیەم لە دڵ هەر مابوو، بەڵام بە بوونی "کانی" دەزانم کیژ چەند ئەزیزە، چەند خۆشەویستە و دوورکەوتنەوەی سەختە، بەتایبەتی بۆ دایکی تۆ و ئێوەش، ئێوە کە دایکتان باوك و دایك بووە بۆتان.

باوکم بە دیتنی کانی، کە ئەوی بە منداڵی بینی دەیگوت؛

ئێستا تۆم لەو تەمەنە بە بیر دێتەوە، تۆم بینی منداڵ بوویت، لەو تەمەنەی ئێستای کانی بوویت، باش بوو منیش ناوم لەو کیژە نا.

"ئارین"ی خوشکم لە دایکم هەرگیز جیا نەبوویتەوە، بەردەوام لەو نزیك بووە کە شووش دەکات لە کەنەدا دەمێنێتەوە، لە کەنەداش لەیەکتری نزیك بوون، ماڵیان نزیك بووە، شوقەیان هاوسێ بووە، دایکم زۆرتر لەگەڵ ئەو سەردانی دکتۆریشی دەکرد، زۆرتر متمانەی بەو هەبوو، پەیوەندییەکەیان ڕۆحی پتەو بوو. منداڵەکانی ئەویش لەگەڵ دایکم زۆرتر لە منداڵەکانی ئێمە ژیاون.

من و میدیا دوور بووین، "ڕۆژان"ی خوشکم کە شوو دەکات ماوەیەك لەگەڵ مێردەکەی بۆ کارکردن لە کوردستان بوون، لە دایکم دوور کەوتیتەوە. بەڵام ڕۆژان زۆر بەناز بووە، باوکی نەدیبوو، تەمەنی نۆ مانگ بووە کە لە باوکم جیا بوویتەوە، هەموو خزمەکانیش نازیان دەکێشا، چونکە باوکی نەدیبوو. ئەگەرچی کۆ دەبینەوە و بەیەکەوە دەژین بەڵام قوربانیی زۆرمان داوە، قوربانیی یەکەم و سەرەکی دایکمان بووە. حیزبی بەعس و هەڕەشەکانی و ژیانی بێباوکی کاریگەریی قووڵی لە ناخماندا هەبووە. من خۆم زۆر لەبەر بێباوکی و ئەو هەستە بە گریانەوە خەوتووم، شەوانە بۆ باوکم گریاوم، هەستم بەوە کردووە کە باوکم دوورە من مەغدوورم، بەستەزمانم، کەماسییەك لە ڕۆح و گیانم هەبووە.

کە کوڕەکەمان بوو، زوو ناوم نا "شوان"، چونکە داپیرم زۆر و بەردەوام ئەو قسەیەی دەگێڕایەوە و دەیگوت:

ئەگەر دایکتان کوڕێکی دەبوو، ناومان دەنا "شوان"، ئەویش

دەبووە سەرداری خوشکەکانی، بەڵام دایکتان کوڕی نەبوو. کە من کوڕم بوو، هیواکەی داپیرم گەیاندە جێ و کوڕەکەم ناو نا شوان. کوڕەکەی ترم ناو ناوە "ئاران".

## چوارەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٨

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## بۆچی ماڵ و منداڵم نەبردنە کەنەدا؟

لەماڵەوە میوانمان هەبوو، "هەتان"ی کچم بە دوو منداڵەوە؛ "بێرین" کچە تەمەن چوار ساڵانەکەی و "لیۆر"ی کوڕە تەمەن دوو ساڵییەکەی، ئەویان بچووکە و بەیەکەوە لەسەر خوانی نانی بەیانی گەمەی زۆر دەکەن. "سروە"ی هاوسەرم سەموونی تایبەتی بە ئاردی ڕەش و ڕەشکە و گوڵەبەڕۆژە و دانی زۆری تری تێ کردبوو، "جوان"یش دەیانبرژێنێت، ئەوە وا دەکات زۆرتر لەسەر نان و چاکە بمێنمەوە، ئەوەشم لەبیر نەچێت ئەستووکی بە زەعتر کردبوو، پارچەیەك پەنیری سپی لەسەر دانابوو، ئیتر زۆر مابنەوە و کاتم نەبوو لەسەر ژووانی خۆم تەلەفۆن بۆ کاك سەڵاح بکەم، بۆیە ئەو درەنگ تەلەفۆنی کرد و گوتی:

ببورە دەبووایە ئیمڕۆ زووتر تەلەفۆن بکەین، دیارە ڕۆژەکە هەینییە و ئەنتەرنێت لەبەر تاقیکردنەوەی قوتابیانی ئامادەیی ڕانەگیراوە، چونکە پشووە، بەڵام دەزانیت ئیمڕۆ عارفەیە، بەیانی جەژنە و ئیتر پێویستە بچینە سەر قەبران، لەگەڵ میدیا چووینە سەر قەبری دایکی، منیش لە وەڵامدا گوتم: دوێنێش یەك سەعات لەگەڵ ئالای کچت لە دالاسی ئەمریکا قسەمان کرد، ئەویش زۆر باسی دایکی کرد، بە داخەوە زۆریش گریا، من

لێم پرسی: باشە کاتی خۆی بۆ باوکتان بە زۆر ئێوەی نەبردووە بۆ کەنەدا، بۆ پێداگریی نەکردووە؟

ئەو لە وەڵامدا گوتی:

چۆن پێداگریم نەکرد، زۆریان لێ پاڕامەوە، گوتم وەرن بەیەکەوە دەڕۆین، ویستم دڵی دایکم نەرم بکەمەوە، ژنەکەم ڕازی بکەم، بەڵام ئیقناع نەبوون، هەردووکیان گوتیان:

بۆ دوو سێ مانگ، بۆ ماوەیەکی کەم بۆ لە خۆمان تێك بدەین، وەزیفەکەم بڕوات و کیژەکانیشم سەرگەردان بکەم، باشە من چۆن بێمە کەنەدا، لەوێ خزمەتکاریی بکەم؟! دەچمەوە سەر وەزیفەکەی خۆم. مامۆستایەتی.

ڕاستییەکەی ئاسۆمان لێ ڕوون نەبوو، نەماندەزانی بەیانی، دوو مانگی تر چ ڕوو دەدات، ئەوەی بیرمان لێی نەدەکردەوە، نەماندەزانی دابڕان و دوورکەوتنەوەکەی من ئەوەندە دوورودرێژ بێت، ئەوەندە ساڵە دەخایەنێت، نەماندەزانی کەنەداش ئەوەندە دوورە، وا تێگەیشتین ڕۆژەڤە سیاسییەکە دەگۆڕێت، کە وا دەرنەچوو. ڕاستییەکەی گەڕانەوەی ژنەکەم ترسی لەسەر نەبوو، ئەو هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو، هەرگیز درهمێکی ئابوونەی حیزبی یان مامۆستایان و ئافرەتانی نەدابوو، جارێك نوێنەرانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لقی هەولێر سەردانی دەکەن و داوای لێ دەکەن ببێتە ئەندام، ئەو چایەکی شیرینیان لە پێش دادەنێت و ڕێزی زۆریان لێ دەنێت و بە ڕێیان دەکات و نابێتە ئەندامیش.

## ٢

## بەزمێکی خۆش

با کەمێك باسی بەزمی "عەبدۆك باوە"ت بۆ بکەم، ئیتر ژیان بێ بەزم و سەیران تەواو نابێت، لەوێ ئامرازەکانی خۆشگوزەرانییش زۆر نەبوون، هیچ نەبوو پێی بخافڵێن و پێبکەنین، ئەگەر کەسێکی وەك عەبدۆك نەبووایە بە چ سەرقاڵ دەبووین؟!

ئەو پیاوە زووتر لە هەولێر دوکانێکی موغازەی جلوبەرگی هەبووە، هەولێری بوو، زۆرتر بە زمانی تورکی قسەی دەکرد، زۆر پێدەکەنی، بەزمی گەرم بوو، شەوانە دەستی کەوتبووایە پێکێکی هەر دەخوارەوە، هاتبووە ناو شۆڕش، لە چۆمان و دەربەندی ڕایات بوو، لەناو گازینۆکەی مەستەفا سولێمانی سەرتاشیی دەکرد، تەنەکەیەکی دادەنا و سەری خەڵکی دەتاشی.

ڕۆژێکیان "سمایلی سوار ئاغا" پیاوێکی ناوداری ناوچەکەی خۆیان بوو، لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگە کەسێکی ئازا و بەرپرس بوو، هاتبووە چۆمان بۆ سەردانی نەمر سەرۆك بارزانی، ویستبووی بەپەلە و بەر لەوەی بڕوات سەر و ڕیشی بتاشێت، تا پاك و خاوێن بچێتە خزمەت بارزانی، عەبدۆك، کابرای ئاغا لەسەر تەنەکەکە دادەنێت و کەف و سابوون لەسەر و ڕیشی دەدات و نیوەی بۆ دەتاشێت، هەست دەکات برسیەتی، بیر دەکاتەوە پێویستە شتێك بخوات، ئیتر دەست لە سەرتاشینەکە بەر

دەدات و خەریکی خورما و ڕوون، یان گەرمکردنی قاپە نیسکێك دەبێت. هەر چەندی سمایلی سوارە ئاغا بانگی دەکات و هاوار دەکات و جنێویشی پێ دەدات، ئەو خۆی تێك نادات و خەریکی خواردنی خۆی دەبێت، ئاغاش لەسەر تەنەکەکە و بەکەفەوە جێ دەهێڵێت، کە نانەکەی دەخوات بە پێکەنینەوە دەگەڕێتەوە سەر سەری ئاغا و جوان سەر و ڕیشی بۆ دەتاشێت.

ئەو پیاوە بەزمی زۆر خۆش بوو، ئاوەدان بوو، لەکن هەمووان دەیگوت:

ئێوە لە ترسی سەدام حوسێن هەڵاتوون، من لە دەست ژنم هەڵاتووم!

هەموو بەرپرسەکان خۆشیان دەویست و دەچووە شوێنی گەرم و ئاوەدان، زۆر لەماڵی کاك "موحسین دزەیی" دەبینرا، کە دەچوومە ماڵەکەی کاك "زید ئەحمەد عوسمان" لەوێش دەمبینی و ئەویش خۆشی دەویست.

## ٣

## چاپەچییەکە دەربازم دەکات

با ئەو بەزمەش بگێڕمەوە، ساڵانی سەرەتای حەفتاکان بوو، هێشتا لە قەڵەم سڕی پارێزگا بووم، ئاگاداریان کردمەوە ئەفسەرێکی گەورەی ئیستخبارات لە کەرکووکەوە هاتووە و دەیەوێ لە قەسرێ کاک مەسعوود ببینێت، ئاسان نەبوو ئەوە بکەم، دەبووایە ڕێگەیەك بدۆزمەوە کابرا بێنمە قەسرێ و دیداری کاك مەسعوود بکات. بیر دەکەمەوە چۆن بچم و ئەفسەرەکە لە بازگەکان دەرباز بکەم، دەرئەنجام دەچمە کن شێخ ڕەزا، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو دەمانەی هەولێر.

ئەو لەسەر لیستی پارتی و کورد بووبوو بە بەڕێوەبەری پۆلیس، داوای ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس "موسەلەحە" دەکەم، ژمارەیەك پۆلیس وەك پاسەوانیش دەبەم، دەڕۆم و تا دەگەمە سەر پردەکەی بۆ قەسرێ دەپەڕێتەوە، دەڕۆین و کەس ڕاینەگرتین، پشکنینمان بۆ ناکەن، داوای ناسنامەمان لێ ناکەن، تا دەگەینە سەر پردەکە.

ژمارەیەك پێشمەرگەی هێزی هەڵگورد لەوێ بوون، ئەوان زۆربەیان خەڵکی عەشیرەتەکانی سەر سنووری تورکیا بوون،

خەڵکی ناوچەکە و حیزب و کادیریان نەدەناسی، دڵسۆزی کارەکەی خۆیان بوون و بواریان بە کەس نەدەدا لە ناوچەکە نزیک ببێتەوە.

دەگەینە بازگەکە، دوا خاڵی ئاوەدانییەکە و ئیتر ناوچەکە بارەگای بارزانییە و هاتوچۆی تێدا دەگمەن و کەم بوو، پێشمەرگەکانی هێزی هەڵگورد کە من و کابرا و ژمارەیەك پۆلیس و ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس دەبینن، شۆك دەبن، دەترسن، کۆمان دەکەنەوە، لە ژووریێکمان دەکەن، خۆیان لێمان گیڤ دەکەنەوە، هەڕەشەمان لێ دەکەن، جلەکانمان لەبەر دەکەنەوە، دڵنیا دەبن ئێمە کەسانی خراپین و دەستێکی ناپاکین هاتووینەتە ناوچەکە، دەمانەوێت زەبرێك لە سەرۆك بارزانی و کوڕەکانی بدەین.

هەرچەند دەڵێم من فلانم و لە فلانە شوێن هاتووم، ئەوان زۆرتر هەڕەشە دەکەن! ئەو شتانەیان هەر نەدەزانی چییە و لە کوێیە؟!

دەڵێم فلان دەناسن، دەڵێن نا!

دەڵێم ئەدی فلان دەناسن، هەر دەڵێن نا.

ئیتر ناچار دەبم دەڵێم کاك مەسعوود دەناسن؟ دەڵێن ئێمە کاك مەسعیدیش ناناسین، کاك ئیدریسیش ناناسین، تۆ پیاوێکی خراپی و خۆمان دەزانین چیت لێ دەکەین!

کە دەزانم هەموو ئەوانە لەگەڵیان سوودی نابێت و ناکرێ

لەیەکتری تێبگەین، بیر دەکەمەوە وا باشترە بە زمان و بیرکردنەوەی ئەوان قسە بکەم، زوو ئەوەم بۆ دێت و دەڵێم:

ئەنگۆ چیچۆ دەناسن؟

یەکێکیان دەڵێت:

چایەچییەکەی سەرۆک بارزانی؟!

منیش دەڵێم:

بەڵێ، چیچۆ برای زاهیر و فەرعۆ!

ئەوان دەڵێن:

ئەوانەش دەناسیت، براکانی چیچۆ، پاسەوانەکانی بارەگای بارزانی؟!

منیش دەڵێم:

ئەوانە دەناسم و زۆر چای دەستی چیچۆم خواردیتەوە.

پاسەوانەکان ئیقناع دەبن کە من کەسێکی خراپ نیم و لە سەرۆک بارزانی و کاك مەسعوود نزیکم و ئیزنم دەدەن، باش بوو ئازاریان نەداین و سەلامەت لەبن دەستیان دەربازمان بوو، منیش بوارم نەدان و زوو بە خۆم و میوانەکەم ڕاگەیشتم. کابرای ئەفسەر دەگەیەنمە سەرۆك مەسعوود بارزانی.

**من دەپرسم لەو دیدارە بەشدار دەبیت، دەزانیت کابرا چی بە سەرۆك مەسعوود گوت، باسی چی دەکەن؟**

نەخێر، من زۆر دەچووم و خەڵکم زۆر دەبرد، زۆریش لە کۆبوونەوەکان بەشدار دەبووم و متمانەی تەواویان بە من هەبوو، بەڵام لەوەیان بەشدار نەبووم، نازانم باسی چییان کرد؟!

## پێنجەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ فەرهاد عەونی

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٨

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر



سەلاح ڕەفیق و فەرهاد عەونی

# ١

## من لە سوید، مامۆستا فەرهاد عەونی لەناو کتێبخانە تایبەتییەکەی لە هەولێر

بۆ ئەو دیدارە هەردووکمان یەك دوو تەلەفۆن دەکەین، تا کات و شوێنی گونجاو بخولقێنین، بۆ ئەوەی قسەیەك لەسەر کەسایەتیی "سەڵاح ماندوو" بکەین، سەرەتا و بەر لەوەی بابەتەکە بکەمەوە لە مامۆستا فەرهاد عەونی دەپرسم؟

دوا کتێب سەرنجی ڕاکێشابیت و پەرۆشی دیداری بووبیت، کام کتێبە؟

"هەستم کرد پرسیارەکەی زۆر پێ خۆش بوو"، بۆیەش زوو وەڵامی دایەوە و ئەو گوتی:

ماوەیەکی زۆر بووم چاوەڕوان بووم کتێبێك، نووسینێك لەسەر عەبدوڵڵا سەلووم ئەلسامەڕائی "١٩٣٥-١٩٩٦" بخوێنمەوە، دەزانم دەپرسی بۆ؟ ئەگەر نەشپرسی من ئەوە دەڵێم:

لە ڕۆژانی دانوستانەکانی بەعس و مەلا مەستەفای ڕەحمەتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ یەکێك لە ئەندامەکانی دانوستانەکە ئەو پیاوە بووە، ئەو دەمانە ئەو کەسایەتییەکی دیاری ناو حیزبی بەعس و حکوومەت بووە، وا بزانم ئەو دەمانە وەزیری

ڕاگەیاندن، نووسەر و ئەکادیمیش بووە، نووسین و کتێبی زۆری هەبووە، ئەو لەو دیدارەدا زوو دەڵێت؛ سەبارەت بە ئێمە؛ کەرکووك بەشێکی کوردستان نییە و کوردی تێدا نییە، ئەوە هەڵوێستی ڕوونی ئێمەیە، ڕاشکاوانە ئەوە دەڵێم و ئەوەش باش بزانن و قسەکردنی زۆری ناوێ.

سەرۆك بارزانی توورە دەبێت، بەڵام دەڵێت:

لەبەر ئەوەی لەناوماڵی من دانیشتوون و میوانی منن، قسە ناکەم، بەڵام دانوستان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە ناکەم. ئاسان نییە لەگەڵ ئەم هزرە توندە بگەینە ئەنجام.

وەفدەکە کە دەزانن سەرۆك بارزانی توورە بووە، زوو "حەردان تکریتی" سەرۆك سارد دەکاتەوە و داوای لێبوردنی لێ دەکات.

من ئەو دیدارەم بیستبوو، بۆیە حەزم دەکرد شتێك لەسەر ئەو کەسایەتییە بخوێنمەوە، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم دوایی سەدام حوسێن ئەو پیاوە دوور دەخاتەوە، چونکە ئەوان ناکۆك دەبن، لەگەڵ بەرنامە و تاکڕەوییەکانی ئەو هاوبیر نەبووە، بەڵام نایکوژێت.

دەزانم قوتابییەکی خۆی کتێبێکی لەسەر دەنووسێت و بڵاو دەبێتەوە، منیش داوا دەکەم و کتێبەکەم لە بەغداوە بە پۆست بۆ دێت و خوێندمەوە. ئەوەم خوێندووەتەوە و زووش تەواوم کرد.

کتێبی کوردییش تازە ڕۆمانەکەی "زایەر عەبدوڵڵا"م بە ناوی "ڕەحەتە لوقم" بە دەست گەیشتووە، وا ئەوە دەخوێنمەوە.

## ٢

# سەلاحم چۆن ناسی

پێش ئەوەی دیداری مامۆستا فەرهاد عەونی بکەم، کاك سەلاح ڕواندزی باسی دۆستایەتی و ناسیاریی کۆنی هەردوو بنەماڵەی خۆیان و عەونیی شاعیری لە کۆیە کردبوو، لەو دیدارەش مامۆستا فەرهاد عەونی گوتی:

ناسیاریمان دەگەڕێتەوە بۆ دۆستایەتی و ناسیاریی وەستا مەستەفای ئاسنگەر و هاوسەرگیری خزمێکیان لەگەڵ کچێکی خزمی ئێمە، لە پەنجاکانەوە هاتوچۆمان گەرم دەبێت، ئەوان دێن و ئێمەش دەچینە سەردانیان، هەموو ئیشوکاری زێڕ و بازاڕەکانی هەولێرمان سەر بە باوکی و مامی کاك سەلاحەوە بووە.

من زووتر و لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیان و دیدارەکانی شێستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کاك سەلاح ڕواندزیم نەدیبوو، نەمدەناسی، بەڵام کە لە موتەسەریفیەت دەڕوات و پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات، ئەو دەمانەش شەڕ نەبووە، پارتی لە شارە کوردستانییەکان دەسەڵاتیشی هەبووە، لەو دەمانە و لە بوونی دەسەڵاتی پارتی لەناو هەولێر و شارەکانی تریش کاك سەلاح ڕەفیق دەچێتە سەرەوە، سەلامەت دەگاتە چۆمان و ناوپردان زۆر گوتیان: چەند ساڵ لەناو دیوانی پارێزگا و بڕیارە سیاسییە ئیدارییەکەی هەولێر بووە، بەرپرسی قەڵەمی سڕی بووە،

ئینجا بۆ پاراستن ئیشی کردووە، نهێنییەکانی گەیاندووەتە ناو شۆڕش، چەند ساڵ ئیشی کردووە و ئاشکرا نەبووە، ئەگەر ئاشکرا بووایە یەکسەر دەکوژرا.

ئەو کەسێکی چالاك بووە و نەیانزانیوە، بڕیار و فەرمانی ترسناکی ئاشکرا کردووە و گومانیان لەو نەکردووە، بەردەوام لەناو شار چالاك و بە جووڵە بووە و لە دوای نەڕۆیشتوون، تا شۆڕش بڕیار دەدات بچێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی و نزیك بارەگای بارزانی و بەردەستی کاك مەسعوود بارزانی.

ئەو چوونە دەرەوە و ئەو هەواڵە وەك تەقینەوەیەك بووە، هەموو بە ئازایەتی و چالاکییەکانی سەرسام دەبن و باسی دەکەن، لەوەوە منیش ناوم بیستبوو.

دیارە حەزم کردووە بیناسم، ئەوەش جیبەجێ نابێت، تا ئەو لە ساڵی ١٩٩٧ لە کەنەدا گەڕاوەتەوە و بووە بە ئەندام مەکتەبێکی سادەی پەیوەندییەکانی پارتی، دەیبینم و دەیناسم و خۆشم دەوێت، بۆ خۆشم ویست و ڕێزی دەگرم و هاموشۆی دەکەم، چونکە؛

سەڵاح ماندوو کەسێکی سادە و خاکی و بێ فرتوفێڵە، جاران و ئێستاش هەر سادە بووە، پیاوێکە دانیشتن و شەوچەرەکانی خۆشە.

ئەگەرچی ئەو منداڵی بنار و ناو و بەر سێبەر و سامی شاخە گەورەکانی زۆزك و هەندرێن و بێجان و کارۆخ و کوڕەکە، بەڵام کەسێکی بێ گرێیە و سەخت نەبووە.

سەلاح ماندوو لەگەڵ شاعیر "مەجید ئاسنگەر"ی زاوامان برادەر بووە و سۆزی بۆ هەستی شیعری هەبووە.

سەلاح، کە لە غوربەت بووە، دوور ژیاوە، بەلام بەردەوام شیعر و سۆزی بۆ ئەنفال و شۆڕش و ڕواندز و سەرکەوتنی پێشمەرگە هەبووە. شیعرێکی هەیە بە ناوی "بۆم تێکە" لوتکەی داهێنان و ئیلهامە. شیعری جوانی لەسەر گەندەڵی هەیە، جوان باسی ئەو دیاردەیەی کردووە، خەم لەوە دەخوات بە شۆڕش و کوردایەتی ماندوو بووە و بەرهەمەکەی کەوتووەتە دەست کەسانی گەندەڵ، ناوی حیزب و شۆڕشیان خراپ کردووە.

سەلاح چەندان ساڵە و بە منداڵی لە ڕواندز دابڕاوە، بەلام وا دەزانێت دوێنێ لەوێ هاتووە، ئەوەندە ڕواندزییە، وا دەزانیت یەك چرکە لێی دوور نەکەوتووەتەوە.

## ٣

# سەلاح غەدر لە شیعرەکانی دەکات

سەلاح ماندوو لە شیعرەکانی زۆر عاشقە، زۆر سووتاوە، دڵی گەرمە و بە جوانییەوە لە عیشق دواوە و شەرم ناکات و ئازایانە دەڵێت: من عاشقم و پیرۆزیی عیشق دەپەرستم و عاشقانە ژیاوم. شیعری ناسکی بۆ ژن نووسیوە. ئێستاش کڵپەی دڵی گەرمە. کەسێکی زۆر ڕۆمانسییە، پڕە لە سۆز و کڵپە و دڵی بڵێسەیەکە لە ئاگر.

سەلاح سۆز و ئیلهامێکی تایبەتیی بێسنووری لە خەیاڵ و نووسین و زمان و دەربڕیندا هەیە، بەبێ ئەوەی بخوێنێتەوە، بەبێ ئەوەی بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان بکات، شیعر ناخوێنێتەوە، بەبێ ئەوەی جاران و ئێستاش ئەندامی یەکێتیی نووسەران و ئەو بزاڤە ئەدەبییە ڕووناکبیرییانەش بێت، بەڵام جوان شیعری نووسیوە.

سەلاح غەدر دەکات شیعرە پەرتەوازەکانی کۆ ناکاتەوە، پاکنووسیان ناکات، نایانداتە دەست کەسێکی شارەزا و بیکاتە دیوانێکی جوان و تایبەت، دیوانێك گوزارشت لە کوردستان و ژن و ڕواندز و جوانییەکان بکات، ئەوانە لە شیعرەکانی ئەو بوونیان هەیە، بەڵام دیوانێکی چاپکراو و ناوداری نییە.

سەڵاح وەك کەسێکی ئاگادار لە زۆربەی ڕووداو و شەڕ و کۆبوونەوە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو دەمانە هیچی نەنووسیوە، هیچیش نانووسێت، چەند ساڵە لەبن گوێی دەخوێنم بە بیری دەهێنمەوە، پێی دەڵێم: بنووسە، تۆماریان بکە، با ڕاستیی ڕووداوەکان لەسەر زاری تۆ بنووسرێنەوە. بەڵام هیچی نەنووسیوە و بەڵێنی داوە هیچ نەڵێت و هیچ ئاشکرا نەکات، ئەگەرنا ترسنۆك نییە کە نانووسێت و ناڵێت و ناگێڕێتەوە.

سەڵاح ماندوو، ماندوو نابێت لە ژیان، لە کاروانی ژیان، بەردەوام حەزی لە ئاوەدانی و پەیوەندییەکانە، گەنجە، پیرێکی منداڵە، زۆر لە شیعرەکانی لەبەرە، ئەوانەی لە سەرەتای شێستەکانی سەدەی ڕابردوو نووسیویەتی ئێستا لەبەریەتی، کەس نەبووە بۆی بخوێنێتەوە، ئێستا خەڵك زۆرە بۆیان دەخوێنێتەوە.

سەڵاح زۆر دەزانێت و زۆری پێیە، بەڵام بە داخەوە تەمبەڵە و نانووسێت.

لەوەتی کاك سەڵاحم ناسیوە زۆر بەیەکەوەین، سەفەر دەکەین، شەوچەرەمان هەبووە، دەچینە عەنکاوە، دەچینە حاجی ئۆمەران و زۆریش دەچینە ڕواندز.

چەند جار بە سەڵاحم گوتووە، دەبووایە تۆ لەناو ڕواندز خانوو و باخچەت هەبووایە.

لە کۆتاییدا دەڵێم سەڵاح ڕەفیق ڕواندزی کۆنە بەرپرسی قەڵەم سرپیی پارێزگاری هەولێر و ئەندامێکی چالاکی پاراستن و ئاوارەی بیست ساڵ و دوور لە ژن و منداڵەکانی مەغدوورە و کەم باسی کراوە و ناوی نازانن و ئاوڕیان لێی نەداوەتەوە. ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم و باسی بکەم، ئەو کوڕە

دەوڵەمەند و بەنازێکی ئەو شارە بووە، لەناو هەولێر گەنج بووە ئۆتۆمبێلی هەبووە، خانوویان گەورە، دوکانیان گەرم، خزمی زۆر بووە و لە هیچی کەم نەبووە و هاتووتە ناو کوردایەتی، لە شۆڕش و کوردایەتی زیانی پێ گەیشتووە و قازانجی نەکردووە، دەبووایە حیسابی زۆر تایبەتییان بۆ کردبووایە. بەڵام گلەیی و نووزەنووز ناکات و سەرکەش دەژیت و مەجلیسی گەرم و شیرین و خۆشە.

سوپاس بۆ تۆش ئەو کتێبە بەو ناوە جوانە لەسەر ئەو پیاوە، ئەو سەربازە ونە دەنووسیت.

## شەشەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ ئەنوەر ئەزوەر

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١٠

بە ڤایبەر لە سویدەوە بۆ سلێمانی



ئەنوەر ئەزوەر

# ١

# سلێمانی یان کەنەدا

بۆ نووسینی ئەو کتێبە و ناسینی زۆرتری کەسایەتیی سەڵاح ڕەفیق پێویستم بەوە دەبێت، کەسانی بەڕێزی زۆر ببینم، گوێ لە ڕاز و سەربردەکانیان بگرم، منداڵ و خزم و برادەرەکانی پێویستە زۆرتر دیداریان بکەم، داوام لە کاك سەڵاح کرد لەگەڵ کێ قسە بکەم باشە؟ کێت لەبیرە؟ کامیان لە تۆ نزیك بوون؟ بە تایبەتی لە کەنەدا.

ئەو زوو گوتی: کاك ئەنوەر ئەزوەر، ئەو زۆر برادەرم بووە، بەیەکەوە چووینە کەنەدا.

منیش گوتم:

ئەنوەر ئەزوەر کێیە؟ لە کوێ دەدۆزرێتەوە؟

"کاك سەڵاح، زوو شتەکان ئاسان دەکات، زوو چارەسەرییەك دەدۆزێتەوە"، ئەو گوتی:

ئێمە بەیەکەوە چووینە کەنەدا، ئەو پێشمەرگەیەکی دێرین و سەرکردەیەکی پاڵەوانی شۆڕشی ئەیلول بوو، بەیەکەوە سەفەرمان کرد، لەوێش زۆر دیدارمان دەبوو، ئێستاش بەردەوام قسە و دیدارمان دەبێت.

هەر ئەو دەمە کاك سەڵاح یەکسەر تەلەفۆنی بۆ دەکات، بە گەرمی قسەیان کرد، منیش قسەم لەگەڵ کرد و بەرنامەکەم تێدەگەم، پێم گوت کە چیمان لە تۆ دەوێت؟ ئەو گوتی: ئامادەم چی بزانم باسی دەکەم، کاك سەڵاح برادەری ئەزیزمە. ژمارەی تەلەفۆنەکەی وەردەگرم، چاوەڕوان دەکەم بوارم هەبێت قسە بکەین، جارێك تەلەفۆن دەکەم دیارە میوانی هەبوو، منیش حەزم دەکرد بە تەنیا بێت و کاتی زۆرتری هەبێت، بۆیە دیدارەکەمان کەوتە ئەو ڕۆژە کە دەرفەتی هەبوو.

بەر لەوەی پێی بڵێم چۆن یەکترتان ناسی؟ لە کوێ دیدارتان بوو؟ چەند بەیەکەوە کاری پێشمەرگایەتی دەکەن؟ من پرسیم:

سلێمانی یان کەنەدا؟ کامیانت خۆشتر دەوێت؟

"پرسیارێکی سادە و لەناکاو بۆم هات و پرسیم، بەڵام ئەو لە تەلەفۆنەکە بە تووڕەییەوە" چۆن ئەو جۆرە پرسیارە لە من دەکەیت، چۆن سلێمانی بە کەنەدا دەبەستیتەوە، سلێمانی خاك و پیرۆزیی منە، ڕاستە من چل ساڵ لە کەنەدا خۆش ژیاوم، کاسبیم کردووە، منداڵەکانم لەوێ پێگەیشتوون، بەڵام هەر کوردستان یەکەمە. منیش ویستم ساردی بکەمەوە و دەڵێم:

بەڵام من لەنێوان سوید و کوردستان جیاوازییەك ناکەم، هەردووکیان بە وڵاتی پیرۆزی خۆم دەزانم! بەوەیان کەمێك سارد دەبێتەوە و بوارم دەبێت قسەی لەگەڵدا بکەم و دەپرسم:

چۆن و کەی کاك سەڵاح ڕەفیقت ناسی؟

زوو، هەردووکمان لە پاراستن بووین، یەکترمان دیبوو، بەڵام ڕووبەڕوو و زۆرتر ئاشنایەتییمان ئەو دەمانە بوو، کە بەیەکەوە


ناومان لە کەنەدا دەردەچێت و سەفەر دەکەین.

من زووتر پاش نسکۆ لە پێنجوێن بووم، بڕیار نەبوو بگەڕێینەوە ناو ئێران و گوتمان شەڕ دەکەین، با پێنج هەزار کەس نەبین پەنجا کەس بین، با هیچ نەبێت بیخۆین، گەنم و گۆشتی کەر دەخۆین، مشتومڕمان زۆر بوو، زۆر لە سەرکردایەتیی دەڤەرەکە مشتومڕمان بوو، ناڕازی بووین بچینە ناو ئێران، گوتمان پارتیزانی دەکەین، چەکمان پێیە و تەسلیم نابین. بەڵام ئەو جۆش و هەڵچوونە زۆر ناخایەنێت و قەناعەت بەوە دەکەین، نسکۆ و کشانەوەکە کاتییە و شەش مانگێکە و زوو تەواو دەبێت، دەچینە ناو ئێران.

من ماوەیەك لەناو ئێران و ئۆردوگاکان ئارام و ئاسوودە نەبووم و ئێرانییەکان بە تایبەتی ساواك هەراسانیان کردبووم، ناڕەحەت بووم، تا ڕۆژێکیان ڕەحمەتی کاك ئیدریس بارزانی داوام لێ دەکات بێمە کەرەج و منداڵەکانم بێنم، دەچم و لەوێ پێم دەڵێت؛

حەز دەکەیت بەرەو دەرەوە بڕۆیت، ئەو بژارەمان بۆ تۆ داناوە، چ دەڵێت؟

منیش بیرۆکەکە قبووڵ دەکەم و چارەنووس دەمباتە وڵاتی کەنەدا.



**دکتۆر ئەسعەد خەیلانی و براوسکی کوڕی**

## ٢

## ماڵی دکتۆر ئەسعەد خەیلانی

لە ڕۆژی ١٩٧٦/١١/٢٦ دەگەمە کەنەدا، لەو کاروانە کاك سەڵاح ڕەفیقمان لەگەڵدا بوو، ئەو بە تەنیا هاتبوو، ئیتر لەوێ دەکەوینە دوای ژیان و فێربوونی زمان و زوو زووش یەکترمان دەبینی و دۆستایەتیمان هەر پتەو بوو، لە دیدارە سیاسییەکان و گردبوونەوەکان بەیەکەوە دەبووین.

من بەردەوام لەوێ ئیشم کردووە و پشووم نەداوە، حەوت منداڵم گەورە کردووە، کاسبیی زۆرم کردووە، ماوەیەك لەگەڵ کەسایەتیی کوردی ناودار "ئەسعەد خەیلانی" ئیش دەکەین، بێجگە لەوەی سیاسەتمەدار و مامۆستایەکی پایەدار بوو، کاسبی دەکرد و هاوکاریی دەکردین، ئەو لە ئەمریکا دەژیا، بەڵام پەیوەندی و هاوکارییمان زۆر و بەردەوام بوو.

با ئەوەش بگێڕمەوە چوونی ئێمە بۆ کەنەدا دەرئەنجامی ئەوە بوو، کابرایەکی بادینی بە ناوی عیزەت چووبووە کەنەدا، نۆ منداڵی هەبووە، لەوێ چەند ڕۆژێك دەمێنێتەوە، تەنگاو دەبێت و بیر لەوە دەکاتەوە لەو وڵاتە ناژیت و ناتوانێت چاودێریی منداڵەکانی بکات، ئیتر زوو دەگەڕێتەوە، دیارە کاروانەکەی ئێمە لەجیاتی ئەو مام عیزەتە بووە.

ئەو دەگەڕێتەوە ناو ئێران و لەوێش یەکسەر دەچێتەوە و تەسلیم دەبێتەوە، ئێمەش دەچینە کەنەدا و لەوێ دەگیرسێینەوە.

ئەوەندەی لەوێ بووین هاموشۆمان لەگەڵ دکتۆر ئەسعەد خەیلانی زۆر بوو،ماڵەکەی وەك ماڵی خۆمان بوو، دەرگەی کرابووەوە، ژنەکەی باش بوو، ئەو دەمانە دوو کوڕ "بروسك و ڕێگار" و کچێکی بە ناوی "شیلان" هەبوو. زۆر ئامۆژگاری دەکردین، سوودمان لە پەند و ئەزموونەکانی دەبینی، ئەو لەگەڵ سیاسەتمدار و سیناتۆرەکانی ئەمریکا هاموشۆ و پەیوەندی و دیداری هەبوو، لە ماڵەکەی ئەوان ڕەحمەتی مام جەلالم بینی، تازە شۆڕشی نوێ هەڵگیرسابوو، بە گاڵتە بە مام جەلالی دەگوت:

مامە وەرە واز لە شۆڕش و کوردستان بێنە، من یەك ملیۆن دۆلارت دەدەمێ، لێرە دانیشە و کاسبی بکە و کوردستانیش ئیسراحەت دەکات، ئەویش پێدەکەنێ و دەڵێت:

دکتۆر، بۆ من ئەوەندە خراپم، هەموو ژیانم لەسەر کوردایەتی داناوە، بۆ؟

ئەویش هەر بە پێکەنین دەڵێت:

ئەگەر ئەوە بکەم، کاك مەسعوود سێ ملیۆن دۆلارم دەداتێ، بەوەش من دوو ملیۆن دۆلارم قازانجە.

## ٣

## لە کەرەجەوە تا ئێستا

کاك سەلاح ئاوەدان بوو، دەیتوانی بۆ دیدارەکان خەڵك زۆر کۆ بکاتەوە، زۆر بەیەکەوە دادەنیشتین، هەمووومان ئەوەمان دەزانی زمان و شێوەی ئاخاوتنی کاك سەلاح تایبەتییە، بۆیەش لە کارەکەی وەك فرۆشیار سەرکەوتوو بوو، لە فرۆشتگەکە هیچ کەسێك نەبوو قسەی لەگەڵ کردبێت کەلوپەلێکی لە بازاڕەکەیان نەکڕیبێت، زمانی شیرین و جوان بوو، ئینگلزییەکەی باش بوو.

جارێکیان ژمارەیەك برادەر بەیەکەوە لە هوتێلێك بووین، یەکێك لە ئێمە دەچێتە پێشوازییەکە و داوای تەلەفۆنەکە دەکات، کچەکە پێی دەڵێت: ناکرێ تەلەفۆنەکە بۆ ئەو شوێنە بەکار بهێنێت. برادەرەکەمان دەگەڕێتەوە و هەموو دەڵێین: دە بڕۆ کاك سەلاح بزانین تۆ چیت پێ دەکرێت، ئیتر سەلاح ماندوو هەڵدەستێت و تەلەفۆنەکە لە کیژەکە وەردەگرێت و قسەکانی دەکات و دەگەڕێتەوە. توانایەکی زۆری هەبوو بۆ ئیقناعکردن و زمانی شیرین و لێزان بوو.

کاك سەلاح ماڵ و دانیشتنی ئاوەدان بوو، بەزمی خۆش بوو، ئێستاش پەیوەندییمان ماوە.

"شێرێکی ونبوو لە دارستانێکدا"، کتێبێکە لە نووسین و

ئامادەکردنی کاك ئەنوەر ئەزوەرە، کتێبەکە بریتییە لە بیرەوەری ڕۆژانەی پێشمەرگایەتی و چالاکییەکان و کەسایەتییەکانی لەو ڕۆژانە هاوشان و هاوسەنگەری ئەو بوون.

لەو دیدارەمان کاك ئەنوەر ئەزوەر گوتی:

ئەوە بەرگی یەکەمی بیرەوەری و ڕۆژگاری منە، هیوام وایە ئیتر بەرگی دووەمی بڵاو بکەمەوە.

منیش گوتم:

بەڵێ کتێبەکەم بینی، دەست خۆش و هیوامان وایە بەرگی دووەمیش چاپ بکرێت و دەست خۆش. ئێمەش کتێبەکەی کاك سەڵاح ڕەفیق تەواو دەکەین، ئێمەش و ئێوەش بەیەکەوە کۆشش و خەباتی میللەتەکەمان بنووسینەوە.

## حەوتەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١٠
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## جەژن و قەیسی

بەپێی بەرنامەی خۆمان قسە دەکەین و ڕۆژەکانی جەژنی قوربانیش تەواو بوون، ئیتر دەپرسم لە بەیانییەکەی جەژن چیت خوارد؟ ئەویش دەڵێت:

خواردنی زۆر دانرابوو، برنج و گۆشتی عەلی شیش و گۆشتی بەرخ و زۆری تریش، هەروەها قەیسیش هەبوو، بە منداڵی بەو قەیسییە دەمانزانی جەژنە! جەژن واتە قەیسی! بەڵام من زۆرم پێ ناخورێت، شتەکان تام دەکەم و تەواو.

## ٢

## یەکەم جار دەچمە سلێمانی

لێی دەپرسم پێش ساڵی ١٩٧٠ و یەکەم جار کەی چوویتە شاری سلێمانی؟

لە وەڵامدا دەڵێت: یەکەم جار باشم لەبیرە، زووتر شاری سلێمانیم نەدیبوو، دەمزانی ناویان لەو شارە ناوە "شاری هەڵمەت

و قوربانی"، زۆر دەچوومە کەرکووك ماڵی خەزووم لەوێ بوون، بەڵام نەچووبوومە سلێمانی، حەزیشم دەکرد بچم، کەچی دەرفەت نەدەبوو، بۆنەیەك نەبوو بچمە سەرچنار، ناو سلێمانی، تا رۆژێکیان پارێزگاری ئەو دەمانە، "حەمەدەمین فەرەج"، لە بەشی جەلالییەکان پارێزگاری هەولێر بوو، منی خۆش دەویست، منیش خۆشم دەویست، پیاوێکی چاك بوو، رۆژێکیان بانگم دەکات و دەڵێت:

رۆڵە، "ئەو هەر بە منی دەگوت رۆڵە" ئەو سێ سەعاتە، سەعاتی دەستی دەبەیتە سلێمانی، دەچیتە زانکۆی سلێمانی، ئەو سێ سەعاتەم وەك دیاریی پارێزگاری هەولێر بۆ قوتابییە یەکەمەکانی هەر سێ کۆلێژەکەیان داناوە، تۆ بە تاکسییەك دەچیت و دیارییەکان رادەستی سەرۆکی زانکۆکە بکە و بگەرێوە، باشە. ئیتر من پێم خۆش بوو، هەر ئەو رۆژە دەچم و دەگەرێمەوەش.

دیارە منیش سەفەرەکەم زۆر پێ خۆش بوو، دەچم ئۆتۆمبێلێکی تایبەت لە گەراج دەردەهێنم و دەرۆم، بە ناو شاری کەرکووکدا دەرۆین، ئەو دەمانە رێگەی کۆیە نەبوو، لەنزیك گوندی قەرەهەنجیر بینیم پیرەمێردێك وەستاوە و دەستی بۆمان بەرز دەکاتەوە، دەیویست لەگەڵ خۆمان بەرەو سلێمانی هەڵیگرین، گوتمە شوفێرەکە راگرە، بەستەزمانە هەڵیبگرە با سواری بکەین. ئەویش لەسەر داوای من کابرا هەڵدەگرێت و دەرۆین.

لە رێگە شوفێرەکە بە خێرایی شێست کیلۆمەتر دەرۆیشت، نەرم نەرم بەرەو سلێمانی دەرۆیشت، بەڵام کە گەیشتینە ناو

سلێمانی خێراییەکەی دەکاتە سەد کیلۆمەتر، منیش پێی دەڵێم:

کاکە تۆ لەو چۆلەوانییە، لەو دەشتە بە خێرایی شێست لێت دەخوڕی، مانای چییە لەناو شار خێراییەکەت کردووە بە سەد؟! سەبر بکە، پەلەمان نییە.

پیرەمێردەکە لە پشتەوە دانیشتبوو، لەبەر خۆ و نەرم گوتی:

مامۆستا لێی مەگرە دکتۆر بۆی نووسیوە، تیژ لێ بخوڕێت.

ئیتر لەو دیدارە و لەو سەفەرە، تێدەگەم خەڵکی سلێمانی قسەیان خۆشە و یەکسەر شتی جوانیان بۆ دێت و قسەی دڵیان دەڵێن. ئەوە دیداری یەکەمی من بوو لەگەڵ شارە حەیاتەکە، بەڵام بەو دواییانە زۆر دەچووم، برادەر و خزمم زۆر لەوێ بوون.

٣

## بەرەو چۆمان

لەو دیدارە و لە قسەکانماندا، لە شاری سلێمانییەوە دەچینە شارۆچکەی چۆمان، ئەو شارەی منیش زۆرم خۆش دەوێت. من چۆمانم دیبوو، گوندێکی بچووك بوو، چەند دوکانێکی شڕ و پردێك و چەند ماڵێکی سادەی ناو باخچە و ڕەزانی لێ بوو.

چۆمان شارێکە پشتی بە چیای هەڵگورد داوە، ڕووێکی لە چیای سەکرانە، چیای کۆدۆ و چیای گردمەندیلی هەیە. شارێکە

ئاوەکەی لە گوندەکانی ناوچەکە و بەفراوەکەی هەڵگوردەوە بۆ دێت!

لەو ساڵانە چۆمان پایتەختی شۆڕش و کوردایەتی بوو، منیش یادگاریی ڕۆژانەی شۆڕشی ئەیلوولم لەوێ هەیە، کە لەوێ بووم، ڕۆژانە لە گوندی "مەمی خەڵان"ەوە دەچوومە شار، دەچوومە ناو ئاوەدانی، ئێوارەکانیش سەر دەکەوتمەوە گوندی مەمی خەڵان. لە چۆمان، لەسەر شەقامە سەرەکییە "ئەو دەمانە هەر یەك شەقامی هەبوو" کتێبخانەی پێشمەرگەی لێ بوو، دوو دوکان بوو، کرابووە کتێبخانە و ڕووبەندێکی بە نایلۆنیان بۆ کردبوو، وا بزانم ڕەحمەتی "عەبدولخالیق سەرسام" بەڕێوەی دەبرد، لەوێش شاعیری گەورە "لەتیف هەڵمەت"م بینی، پرتەپرتی بوو، قسەی دەکرد دەیگوت:

دەستنووسێکم ون کردووە، شیعری زۆری تێدایە.

ئەو ڕۆژانە و لەو دەمانەی شارەکە بەر بۆردومان دەکەوت، ناوچەکە دەبوو بە پارچەیەك ئاگر، من لەو کتێبخانەیە ڕۆمانی "الوسادة الخالية"ی "ئیحسان عەبدولقودس"م وەردەگرم و چەند ڕۆژێك لەبن بەردەکانی بناری شاخی بە ڕاستی و بەردی وەرەجێ و باخچەکان دەیخوێنمەوە. من گەنج بووم، بابەتەکەم پێ خۆش بوو، ڕۆمانەکەش سادە و شیرین بوو. بەو ڕۆمانە ئەو نووسەرەم خۆش ویست و دوایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەم بە فیلم بینی، فیلمەکە لە دەرهێنانی "سەڵاح ئەبو سێف" و نواندنی هونەرمەند و گۆرانیبێژی گەورەی عەرەب "عەبدولحەلیم حافیز" و "لوبنا عەبدولعەزیز" بوو.

بەڵام ئێستا و لەو دیدارەدا لەگەڵ کاك سەڵاح ڕەفیق،

کارمەندی پاراستنی پارتی دەگەڕێینەوە شاری چۆمان؛ لەوێ، سەردەمانێك بۆ ئەو لەسەر بەرزاییەکی لاچەپ خانوویێکی باشی چەند ژووریيان بۆ کاروبارەکانی دروست کردبوو، پاسەوانی هەبووە، یەکێك بە ناوی "ڕەفعەت" خەڵکی دهۆك بوو، بەردەستیی کردووە و کاروبارەکانی نووسین و ئەرشیفەکانی بۆ ساز کردووە.

ئەو لەوێ ژیاوە، تا نسکۆش هەر لەوێ وەك بارەگا و شوێنی مانەوەی بووە، ئەو گوتی: لە سەرچاوەی کانییەکانی گوندی وەردێی بناری هەڵگورد، ئاوم بە سۆندە بۆ خۆم ڕاکێشابوو، ماڵەکانی نزیك منیش سوودیان لەو ئاوە دەبینی، ئاوەکە نەدەگیراوە، دەهات و وەستانی نەبوو. دیارە هەموومان باش دەزانین ئاوی کانی وەستانی نییە، دەڕوات و دەیەوێ بگاتە گۆم و ڕووبار و بەر باخچەکان، دەڕوات و لەنجە دەکات و ژیان و سروشت سەمای بۆ دەکات، کانی وایە! ئاوی ڕووبارەکەی چۆمان پیس بوو، هەموو ئاویان لە کانییەکان دەخواردەوە، چونکە لەسەر ئەو ڕووبارە توالێتی زۆری لەسەر بوو، ببووە بە ئاوەڕۆ.

## فرۆشتگەی چۆمان

چۆمان گوندێکی بچووك بوو، هەر پەنجا ماڵێك دەبوو، شەش حەوت دوکانی لێ بوو، لەبیرمە وێنەگرێکی لێ بوو، پردەکەی ڕێگەی سەرەکی سنووری ئێرانی دەبەستەوە، دوایی فرۆشتگەیەکیان کردەوە، شۆڕش دروستی کردبوو، "شێخ موحەمەد هەرسین" سەرپەرشتی دەکرد، وا بزانم ئەو لە کوێت

ژیابوو، شارەزا بوو لەوێ کەلوپەلی بۆ دەهێنا، لە ئێرانیش شتی بۆ دەهات، ناوبانگی دەرکردبوو.

بۆ بەنزینی ئۆتۆمبێلەکانمان دەچووینە گوندی جوندیان، لەوێ "سەعید ئاغای جوندیان" برای "وەهاب ئاغا" بەنزینی دەفرۆشت، وا بزانم بە بەرمیل لە ئێرانەوە بۆی دەهات، بە تەنەکەش دەیفرۆشت. هەر بەو بۆنەوە با کەمێك باسی ئازایەتی و کوردایەتیی وەهاب ئاغای جوندیان بکەین، ئەو پیاوە بەشداریی کۆماری مەهابادی کردبوو، کە گەڕابووە گیرابوو، وێنەی مل و دەست بە زەنجیری هەیە، حوکمی سێدارەشی بۆ دەرچووبوو، بەڵام "سەعید قەزاز" بەرگریی لێ دەکات و لە سێدارە نادرێت و ئازاد دەبێت. وەهاب ئاغای جوندیان تا دەمرێت کورد بووە و کوردایەتی کردووە، بە داخەوە لە ڕۆژێك بەفرێکی ئەستوور باریبوو دەمرێت، نەیانتوانی بیبەنە قەبران، هەر لەناو ماڵەکەی خۆی ناشتیان و ئێستاش گۆڕەکەی لەوێ ماوە.

لەو دەمانە چۆمان ئاسوودە بوو، کێشەی نەبوو، زوڵم و دزی و کوشتنی هیچ تێدا نەبوو، حوکمی ڕەحمەتی مەلا مەستەفا تەواو بوو، خەڵك لە هەیبەت و دەسەڵاتەکەی دەترسان، کەس نەدەوێرا تۆڵەی خوێن و کوشتنیش بکاتەوە، لە شوێنی کوژراوەکە دەیانکوشتەوە. لەناو چۆمان و لەنزیك پردەکە، کابرایەك بە ناوی شێخ ئەحمەد بە ئەسڵ چۆمانی بوو، چایەخانەیەکی هەبوو، جێبێکی هەبوو، دەیانگوت لە شەڕەکانی ١٩٦١ و گرتنی ڕایات ئازا بووە، شوێنەکەی ئاوەدان بوو، دوایی کچێکی دا بە کوڕێکی دزەیی و چوونە ئەمریکا.




**پردی چۆمان - ساڵانی شێستەکانی سەدەی رابردوو**

## ٤

## گەڵاڵە خۆشتر بوو

ئەوە چۆمان، بەڵام گەڵاڵە گەورەتر بوو، ئاوەدانتر بوو، پێمان خۆشتر بوو، شەهید فەرەنسۆ لەوێ دەژیا، شەوانە دەچووینە گازینۆکەی گەڵاڵە خواردن و مەشروبیشی هەبوو، کابرایەکی فەلە بەڕێوەی دەبرد.

لەبەر ئەوەی ناوی شەهید فەرەنسۆم هینا، با کەمێك باسی بکەم. ئەو کوردێکی دڵسۆز و ئیشکەر بوو، هەموو خۆشیان دەویست، سەرۆك بارزانی و کوڕەکانی متمانەی تەواویان بەو هەبوو، زۆر لە نهێنییەکانی شۆڕش و پارتی و مەلا مەستەفای دەزانی، زۆر پرسیان پێی دەکرد، بۆچوونەکانی باش بوون، لەگەڵ برادەرەکانی بەوەفا بوو، زۆر لە هەولێر ژیابوو، دۆست و خۆشەویستی زۆری لە هەولێر هەبوو، لێرەی خوێندبوو و حیزبایەتی کردبوو، پێشتر شیوعی بوو، ئاشووری بوو، دڵسۆزی خاکوخۆڵی کوردستان بوو، حەزی بە دەنگی ڕەحمەتیی مامۆستا تایەر تۆفیق بوو، بەیەکەوە دەمانخواردەوە و گوێمان لە دەنگی ئەو دەگرت.

ئەو لە ساڵی **١٩٦٣** شیوعی بووە، لە حەریر دەگاتە ناو

شۆڕش، ترسی لەسەر بووە، لەو دەمانەی بەعس و حەرەس قەومی بڕیاری قڕکردنی شیوعییەکانیان دابوو، زۆریان هاتنە ناو شۆڕش، ئەویش لەگەڵ ئەفسەرێکی هەولێری، نازانم عەقید یان موقدەم بوو، "کافی نەبەوی" هاتبوو، کافی ماوەیەك مایەوە دوایی لەگەڵ لێبوردنێکی گشتی گەڕایەوە، بەڵام شەهید فەرەنسۆ مایەوە.

هەر شەهید فەرەنسۆ وەك فەلەیەکی ئاشووری لەوێ نەبوو، زۆر لە پاسەوانەکانی سەرۆك بارزانی، بەردەستەکانی ئاشووری بوون، فەلەی تیاری، فەلەکانی سەر سنوور بوون، کەسانی دڵسۆز بوون، مام جۆرج شوفێری بلدۆزرەکەش فەلەی تیاری بوو، دەیانگوت لە ڕێگەی حەسەن بەگ وەك شارەزا و پشتیوانی شەهیدی سەرکردە فاخیر مێرگەسۆری لەگەڵی دەچوو، دەیانگوت ئەو دەمانەی لە هەولێریش مامۆستا بووە، شیوعی بووە، لە کاتی خۆشاردنەوە و کاری نهێنی کاری سبوخچییەتی کردووە و کەس نەیناسیوە. براکەی شەهید فەرەنسۆ "دنسە" پیاوێکی چاك بوو، فەوزی کوڕی فرەنسۆش لەکن ئەو بوو، لە بەغدا بوو، ژنەکەشی لەوێ بوو، ئەگەر بوار هەبووایە هاوینان دەهاتنە گەڵاڵە.

لە چۆمان بە درەنگەوە حەمام کرایەوە، زۆرتر بۆ خۆشوشتن دەچووینە حەمامەکەی گەڵاڵە، پاك و خۆش بوو، یەکەم جاریش حەمامم لە شاری شنۆی بینی ژن و پیاو بەیەکەوە دەچوون، ئەوەی ئێمە دەمانزانی حەمامی ژنان و پیاوان هەبوو، جیاواز بوو، کاتی کردنەوەیان جیاواز بوو، بەڵام لەوێ لەناو هەموو ئێران حەمام ژووری بچووك بچووك بوو، خێزانەکان، ژن و مێردەکان بەیەکەوە دەچوون. حەمامەکەی گەڵاڵەش

ئامۆزایەکی من دروستی کردبوو، ساڵح لە ئەبو غرێب لە زیندان هەڵاتبوو. دوایی لە چۆمانیش حەمامیان دروست کرد و کرایەوە، ناسیارێکی ئێمە، برایمی حەمەدە لاوی ڕواندزی دروستی کردبوو.

لەو ساڵانە گەڵاڵە ببوو بە سەنتەرێکی بازرگانی، نیمچە شارێك بوو، دوکانی زۆر بوو، هەموو کەلوپەلێکی ئێرانی تێدا بوو، ژمارەیەك ئازەری پێیان دەگوتن ئەجیجی، دوکانیان کردبووەوە، هەموو شتێکی ئێرانییان هەبوو، بازاڕیان گەرم بوو، هەشت نۆ دوکانیان دانابوو، مافوور و ڕوونی ئێرانییان دەفرۆشت و پارەیان دەگۆڕییەوە، دوایی خەڵکی گەڵاڵە دەست لە بازرگانی دەدەن و گەڵاڵە وەك سەنتەریکی بازرگانی و دوایی گەشتیارییش ناو دەردەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕێگە سەرەکییەکەی هاملتۆنەوە دوور بوو ناکرێتە قەزا، وەك ناحیە دەمێنێتەوە و چۆمان دەکەنە قەزا.

# ٥

# مامۆستا عەلی زەردەشتی

لە گەڵاڵە پیاوێك هەبوو بە ناوی "عەلی زەردەشتی" دەناسرا، دوكانێكی بچووكی بەقاڵی هەبوو، وردەواڵە و سابوون و شەكر و چای دەفرۆشت، ئەو دەیگوت من لە كۆماری مەهاباد بەشدار بووم و پاش ڕووخانی كۆمارەكە ڕام كردووە، چوومەتە شاری بەسرا، لەوێ لە شەریكەی نەوت ئیشم كردووە، نەوتم بردووەتە هیند، چوومەتە هیندیش. ئەو تووڕە دەبوو ئەگەر بە مامۆستا ناوت نەبردبووایە، خۆی بە مامۆستا و زانا دەزانی. بەردەوام قاپووتێكی ڕەشی درێژی گەورەی لەبەر دەكرد، بەو قاپووتە ڕەشەوە دەناسرایەوە.

ئەگەر هەواڵێكی ناخۆش هەبووایە، بارودۆخە سیاسییەكە لەبار نەبووایە، شەڕێك، شكستێك هەبووایە، تەنگاو دەبوو، لەبەردەم گازینۆكە دەچووە سەر تەنەكەیەكی بەتاڵ، بە قاپووتە ڕەشەكەوە و بە جەستە باریكەكەی هاوار دەكرد:

ئەندێرا غاندی، ژنە دەسەڵاتدارەكەی هیند، تۆ چەند ساڵە سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتێكی گەورەی و ئێستاش هەر سەرۆكی، زووتریش وەزیر بوویت، دەستت دەڕوات، ئێمەش وەك تۆ ئارین، وەك هیندییەكان ئارین، یەك ڕەچەڵەكیشن، هەردوو نەتەوە؛ كورد و هیند ئارین، عەرەب و سامییەكان پەلامارمان دەدەن، تەنگاومان دەكەن، دەمانكوژن، وەرە هانامان، سامییەكان

لەناومان دەبەن، ئارییەکان قڕ دەکەن. وەرە ئەندێرا. ئەو چەند وشەیەکی هیندیشی دەزانی، ئەوانەشی دەگوتەوە و لەسەر تەنەکەکە دادەبەزی و گەرم ببوو، ئارەقەی دەکرد.

خەڵکەکە تووڕەیان دەکرد و حەسەن کاوانی شوفێر بوو دەیگوت: هیندستان ٩٠٠ ملیۆن کەسە، ئەگەر بێنە وڵاتەکەمان بە میز دەمانخکێنن، دەبێتە لافاو. ئەویش تووڕە دەبوو دەیگوت:

هەی بزن، ئێوە هەمووتان بزنن، کورد بزنە! هیچ نازانن، بزنن و ڕیشتان لە دەستی خەڵکە.

ئەو خۆی پێ زۆرزان و فەیلەسووف بوو، بەڵام هیچی نەدەزانی، وتاری دەنووسی، بە خەتێکی ناخۆش شتی دەنووسی و دەینارده ئێستگە و مەکتەبی ڕاگەیاندن و داوای دەکرد وتارەکەی بە ناوی خۆی "مامۆستا عەلی زەردەشتی" بخوێننەوە و چاپ بکەن، ئەوانیش گاڵتەیان بە نووسینەکانی دەهات، ئەویش هار دەبوو، بە شەهید فەرەنسۆ و کاك حەبیب موحەمەد کەریمی دەگوت؛ ئێوە لە فەلسەفەی من تێناگەن.

شەوانە قەپەنگی دوکانەکەی دادەخست و لەوێ دەخەوت و عەرەقی دەخواردەوە و منداڵانیش وردە بەردیان لە قەپەنگەکە دەدا و هەراسانیان دەکرد، ئەویش جنێوی دەدا و دەیگوت:

بۆ وا دەکەن؟ باوکتان بزنە، بزنن. هەمووش خەتای فەرەنسۆیە!

کاك حەبیب و شەهید فەرەنسۆ و جاروبار دکتۆر مەحموودیش سەردانیان دەکرد، قسەیان لەگەڵ دەکرد و بەزمی لەگەڵ ئەوانە خۆش بوو. پێی دەگوتن:

پێم بڵێن ئوستاز، نامەوێ بە ناوی خۆم بانگم بکەن، من ئوستازم.

کە دەیزانی وتارەکانی ئەویان دڕاندووە و فڕێیان داوە، تووڕە دەبوو، بە حەبیبی دەگوت:

"انت مو مثقف!" لە نووسینەکانی من تێناگەیت، من لەنێوان دێرەکان، لەگەڵ نووسینەکاندا خاڵی زۆرم داناوە، ئەوانە مانایان هەیە، بۆشاییەکان بە خۆڕایی نییە، ئێوە لە من تێناگەن، خاڵەکان، بۆشاییەکان لێکدانەوەیان دەوێت.

لە ساڵانی ڕێککەوتنی یازدەی ئازاردا خەڵك دەچوونە بەغدا، دەچوونە شارەکان پێیان دەگوت:

مامۆستا، تۆ بۆ ناچیتە بەغدا، سەفەرێ ناکەیت؟!

ئەو سەرکەشانە لە وەڵامدا دەیگوت:

هەمووتان بڕۆن، سەفەر بکەن، بڕۆنە بەغدا، بەڵام دوو کەس، دوو کورد ناچن، ژیانیان لە مەترسییە و ناکرێ بچنە ناو حکوومەت، گەلاڵە شوێنی ئەمینە بۆ من و سەرۆك بارزانی، من و سەرۆك بارزانی لێرە ناڕۆین، ناچینە بەغدا.

## ٦

# بۆم تێکە

لە ژیانم حەزم زۆر لە شەراب نەبووە، زۆریش ویسکی بلاك لیبل "Black Label" و جون ولکر "Johnnie Walker"م خواردیتەوە، حەزم لە بیرە نەبووە، بە ڕۆژ بیرە خۆشە، لە کوردستان شەوانە عەرەقی مستکیمان دەخواردەوە، لەگەڵ تایەر تۆفیق شەومان باز نەدەدا.

بەو بۆنەیە و هەر لە باسی خواردنەوە، ئەو باسە دەکەینەوە:

بە کاك سەڵاحم گوت لەگەڵ کاك فەرهاد عەونی قسەم کرد، زۆر قسەی جوانی لەسەر تۆ کرد، شانازی بە ناسین و خەباتی تۆ دەهات، هەمووم نووسییەوە و بۆم ناردەوە و زۆری بە دڵ بوو. کاك سەڵاح گوتی:

منیش ڕێزی دەگرم و خۆشم دەوێت و ناسیار و برادەر و هاوبیرین.

گوتم؛ کاك فەرهاد گوتی شیعرێکت هەیە بە ناوی "بۆم تێکە"، ئەو دەڵێت زۆر بەرزە، جوانە، ئەوەیان چییە؟

لەناو تەلەفۆنەکە، لەگەڵ پرسیارەکە و باسکردنی شیعرەکە هەستم کرد کاك سەڵاح گەرم داهاتبوو، سۆزی هەڵسا و ڕۆژانێکی دوور و شیرین و هەروەها تاڵیشی بەبیر هاتەوە، دەنگی گۆڕا، قەبە و بە جۆش بوو، گوتی:

بەڵێ، شیعرێکم هەیە بە ناوی "بۆم تێکە"، دەتوانم دوایی بڕگەیەك لەو قەسیدە دریێژت بدەمێ، ئەوەی وا دەزانم شیاوی بڵاو کردنەوەیە، دەتدەمێ ببیە و بڵاوی بکەوە، ئاساییە بڵاوی بکەمەوە، ئەوانی تر بۆ بوار و کاتی تر بڵاو دەکەمەوە، بەڵام با سەربردەی ئەوەت بۆ باس بکەم:

من زۆربەی ڕۆژەکان، لە کەنەدا، کە بە تەنیا بووم، کە لە کار تەواو دەبووم، دیارە زۆر ماندوو دەبووم، بازاڕم گەرم بوو، قسەی زۆرم لەگەڵ کڕیارەکان دەکرد، پێویستم بەوە هەبوو پشوویێك بدەم، دەچوومە باڕێکی نزیك خۆمان، برادەرەکانیشم دەهاتنە ئەوێ، باڕەکە ناوی "ئینگلش پوب English Pub" بوو، بەشێکی ڕێستورانتەکەی ٨٠ کورسی بوو، بەشەکەی تری، هەشت کورسی ستوولی بەرزی بەرانبەر باڕەکە لێ بوو.

باڕەکە لە کاتژمێری یازدەی بەیانی تا یەکی شەو کرابووەوە، بازاڕی گەرم بوو، زۆربەی خەڵکەکە یەکترمان دەناسی. دیوارەکانی باڕەکە، چواردەورەکەی، بەر پەنجەرەکانی، شوێنە بۆشاییەکانی بۆ جوانی و شانازی؛ بە چەندان فۆتۆ و دروشم و هێما و ئایکۆنی کۆنی پاشایەتیی بریتانی ڕازابوونەوە، کۆنە چەکی بریتانییەکانیان بە دیوارەکەدا هەڵواسیبوو، ئاڵای بریتانیا، وێنەی پاشاکان، شاژنەکان. دیوارەکانی کۆن و ناوەوەش نوێ و چالاك.

لەبەردەم باڕەکە کیژێکی باڵابەرزی ئینگلیز، چاو کەسك، شیرین، خویندکاری زانکۆ بوو، بۆ خوێندن هاتبووە کەنەدا، لەوێ دەوەستا، ئیشی دەکرد، ناوی "دایانا" بوو، چەند مەشرووبی تاڵی تێ دەکرد، ئەوەندە شیرین بوو، چەند ماندوو دەبوو،

ئەوەندەش جوان بوو، لەناو سەرخۆشەکان ئیشی دەکرد، بەڵام بەئاگا و وریا و بەڕێز بوو.

لەوەتی من لە دەرەوە بووم، لەوەتی پێشمەرگەم و کەوتوومەتە ناو ڕیزەکانی حیزب و پاراستن، ماندوو بووم، ڕۆژانی تاڵ و کەساسیی زۆرم بینیبوو و زۆرم بەسەر هاتبوو، بەڵام خۆڕاگر بووین و ماینەوە، لە کەنەدام و هەواڵی ئەنفال دەزانم، چۆڵکردنی گوندەکان، شەڕ و شکست و گیران و گەمارۆدانەکان دەزانم، دەزانم سەدام وا لە شەڕەکەی ناوی نابوو قادسیە سەرکەوتوو دەربازی دەبێت، ئیتر بارودۆخەکە، ڕۆژەڤەکە باش نەبوو، لە دەوام و کار دەچمەوە، دڵم توندە، هەواڵی منداڵەکان نازانم، چارەنووسی کورد بە چی دەگات؟ نازانم! دیار نییە، دڵم توندە!

ئەو ڕۆژە و بەو باردۆخە دەروونییە ئاڵۆزە پەریشانە دەچمە بارەکە، بەرانبەر دایانای نازدار، ئەو کیژەی زۆر لێم نزیك بوو، ڕێزی دەگرتم، زۆریش بەخشیش "Tip"م دەدایێ، زوو و ڕۆژانە دەیپرسی:

سەڵاح، هەواڵی میدیای کچت نییە؟ دەیپرسی ڕواندز ماوە؟ ئەگەرچی جارێکیش دڵم لێی دەشکێت، وێنەی شاری ڕواندزم نیشان دابوو، سەیری فۆتۆکە دەکات، ڕواندزەکەی شاهی شارانم نیشان دەدا، پێی دەڵێم:

دایانا سەیر کە ئەو ڕواندزە، بۆ ئەوە سووتاوم، بۆ ئەوە پەریشانم.

ئەو سادە و لەسەرخۆ گوتی:

"beautiful village" گوندێکی جوانە.

منیش کەمێك توورە دەبم، پێی دەڵێم:

گوندی چییە؟ ئەوە شاری شارانە.

ئەو ڕۆژە دەچم دادەنیشم، دڵم توندە، کەس لە برادەرەکانم دیار نەبوون، کەسیان بە نیاز نەبوون بێن، بۆیە بە دایانا دەڵێم: بۆم تێکە و دەمەوێ ئیمشەو سەرخۆش بم، مەست بم، زۆر بخۆمەوە.

ئەویش پێم دەڵێت:

بە چاوان، بەڵام بەر لەوەی بخۆیتەوە بێنە سویچی ئۆتۆمبێلەکەت، چونکە بە تاکسی دەتنێرمەوە و نایەڵم بە ئۆتۆمبێلی خۆت بگەڕێیتەوە ماڵ. سویچەکەم لەناو دەستی دەنێم، ئەویش کلیلی دەرگەی ماڵەکەم دەداتەوە و سویچەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

بخۆرەوە، چەندی دەتەوێ! شەو بە تاکسی بڕۆوە و بەیانی وەرەوە ئۆتۆمبێلەکەت ببەوە.

ئیتر ئەو شەوە، لە بارانە زۆرەکە، هەورە ڕەشەکە، تەم و باهۆزەکە، ئەو شیعرەم نووسی، چاوی کەسکی ئەو و خەمی گەورەی دڵم هەوێنی ئەو شیعرە بوون:

## دایانا

دە بۆم تێکە لە کام مەی
خەست و دژوارە بەو ئێوارە
وا ئاسمان گرمەی ئاگرە و بێ قەرارە
باران بە گۆزە دێتە خوار
ڕەش و تاریکی لێ دیارە
منیش سەر قافڵەی خەمانم
بارم داگرت لەو هەوارە
ئەزانی لە شوێنێ هاتووم
وڵاتێکە گورگ سنووری خواردووە
بێ ئاڵایە بێ سەردارە بێ ئامارە
ئەنفالکراو و ماڵ و مناڵ لێبەجێماو
هەڵاتووم لەژێر سێدارە
دە بۆم تێکە تا مەی دەمێنێ لەو بارە
جوانکیلەی ڕەسەن ئینگلیزی ئەو شارە
لە سەوزایی چاوەکانت
هەر چوار پارچە دزراوەکەم لێ دیارە.

...

دە بۆم تێکە با نۆشی کەم

هەستی ماومە بێهۆش کەم
کە شەو هات فەرامۆشی کەم
ئاخۆ ئەو سینگە نەرمۆڵەت
بن لێفی چەند لاوی
ئاگر گەرمی دیوە
ئەو گوپکە شیرین شەکەرەت
چەند کەس وەکوو منی بێ کەس
مەی بێهۆشیی لێ مژیوە
کە شەو سەری شۆڕ کردەوە بۆ بەیانی
پاشکشەی کرد
تەختی گەرمی ئارەزووتی جێ هێشتووە
نە دەتناسێ و نە تۆی دیوە.

سەڵاح ماندوو ١٩٨٨
تۆرنتۆ - کەنەدا

لێی دەپرسم، شەوەکە و بەرانبەری چاوی کەسکی دایانا و خەمە زۆرەکانی وڵات سەرخۆش بوویت؟ چۆن گەڕایتەوە ماڵ؟!

ئەو لە وەڵامدا گوتی:

نازانم چەندم خواردەوە، نازانم چۆن بە تاکسی گەڕاومەتەوە ماڵ، دەزانم خەوێکی باشم لێ کەوتبوو. بەیانی ئاسایی لە خەو هەڵسام و چوومە باڕەکە بۆ وەرگرتنی سویجی ئۆتۆمبێلەکەم، چالاك چوومە سەر کار، هێشتا دایانا نەهاتبوو، ئەو درەنگ دەهات، زۆرتر بەیانیان دەوامی زانکۆی هەبوو. دوایی شیعرەکەم بۆ خوێندەوە و بۆم کردە ئینگلیزی، بە وەسفەکان و وشە ناسکەکان سەرسام بوو؛ گوتی:

تۆ لە وڵاتی ئێمە بووایت، زۆر شاناز سەیریان دەکریت، شیعرەکەت بەرزە.

ئێمە کەم دەچووینە ئەو باڕە، هەر بۆ پشووێك دەچووین. کە دەمانخواردەوە نەدەبووایە ئۆتۆمبێل لێ بخوڕین، چونکە سزاکەی زۆر قورس بوو، پارەی زۆر و وەرگرتنەوەی مۆڵەتی لێخوڕینەکە و دەرئەنجامی خراپتری هەبوو.

## هەشتەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ بەختیار دەرگەڵەیی

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١٢
به ماسنجەر لە سویدەوە بۆ ئەمریکا



**بەختیار دەرگەڵەیی، عەزیز موحمەد، سەڵاح ڕەفیق، عیزەت سلێمان بەگ، حاجی کاك حوسێن قەڵادزەیی.**
**ساڵی ٢٠٠٤ هەولێر**

## ١

## بە تەنیا دەچمە داخوازی

من لەو دیدارەی بە ماسنجەر قسەمان دەکرد، دەپرسم کاتت هەیە چەند دەقەیەك قسە بکەین؟ ئەگەر لەسەر کاریت دوایی قسە دەکەین.

ئەو گوتی:

لەم وڵاتە کار تەواو نابێت، فەرموو ئاساییە با قسە بکەین، بە چاوان. هەندێ فۆتۆی کاك "سەڵاح ڕەفیق"م بە ئیمێلەکەت بۆ ناردی، هیوام وایە سوودیان هەبێت و فۆتۆکان باش بن.

منیش گوتم؛

بەڵێ فۆتۆکان باشن و سوپاس.

دەمەوێ پێم بڵێیت کەی و چۆن کاك "سەڵاح ڕەفیق"ت ناسی؟ چۆن داخوازی کیژەکەت کرد؟ ئەو زۆر باسی تۆ دەکات، تۆش کەمێك باسی ئەوم بۆ بکە؟

ئەو باوکی ڕەحمەتیم "عیزەت سلێمان بەگی دەرگەڵەیی"ی دەناسی، لە شۆڕشی ئەیلوول یەکتریان دیبوو، زۆریش باسی یەکتریان بیستبوو، خەڵکی یەك ناوچەش بوون. باوکم گوتی: ئەو لە هەفتاکان نەخۆش بووە، لە تاران بوو، سەردانم کرد و

تەندروستیم پرسی، دوایی لەیەکتری دابڕاین، بەڵام دەمزانی کەسێکی ڕواندزییە و پێشمەرگەیەکی کۆنە.

یەکەم جار لە ١٩٩٥/١١/٢٥ بە سەردان چووبوومە شارەکەیان "Mississauga" لە کەنەدا، لەوێ کاك سەڵاح دەبینم، ئەوە یەکەم دیدارمان بوو، بەڵام لە دکتۆر نەجمەدین کەریم لە ئەمریکا ناوی ئەوم بیستبوو، ئەو دەیناسی و زووش لە دەرەوە و لە تاران و دوایی لە ئەمریکا دیداریان زۆر بوو.

ئیتر منی ژنخواز بە تەنیا لە ئەمریکاوە دەچمە دەخوازی کچەکەی، دەزانم نیوەڕۆش بوو، لەبیر ناکەم، لەو ڕۆژە لە سەعات دوو و نیو، داوای کچەکەی دەکەم، بە کاك سەڵاح و ڕەحمەتیی مامۆستا ساجیدە دەڵێم: هاتووم داوای ئاڵا دەکەم.

پێیان دەڵێم: هاتووم،ماڵم، وڵاتم، شەو و ڕۆژم بێ ئاڵایە. ئاڵایەکم لە ئێوە دەوێت، کچێك بێت مامۆستا ساجیدە گەورەی کردبێت، ڕواندزی بێت، حەڤدە ساڵ چاوەڕوانی باوکی کردبێت، لە هەولێر گەورە بووبێت، ئەو کچەم دەوێت.

من هەولێرم وەك ئەمریکا دێتە پێش چاو، هەولێر شاری هەمووانە، کەس تێیدا بێگانە نییە، وەك ئەمریکایە.

## ٢

# پارتی زۆر قەرزاری ئەوە

زووتر و جارێك بۆ نامەبردن و گەڕانەوەم بۆ ئەمریکا سەردانی ئەوانم لە هەولێر کردبوو، ڕۆژەکەم لەبیرە لە ١٩٩٤/١٢/١٢ بوو، ئەو دەمانە هێشتا ئەوان نەچووبوونە کەنەدا و باوکیان لەوێ نەبوو. ژینگەی ماڵەکە، هەڵسوکەوتی هەمووان، وێنەکەی باوکیان لە ژوورەکە، سەربردەی دایکیان و خەباتی تەنیایی ئەوەندە ساڵە بۆ پێگەیاندنی کچەکانی، وام لێ دەکات بیر لەوە بکەمەوە ئاڵای ماڵەکە، ئاڵای خێزانەکە بۆ خۆم ببەم.

ئاڵای ئەوانم ویست و داوام کرد، چونکە دەمزانی کاك سەڵاح شاعیرە و هەستی ناسکە، لە کوردستان لە دەزگەیەکی هەستیار یەکێك بووە لە کەسە یەکەمەکان، چاوی لە هیچ نەبووە، بێجگە لەوەی ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی و شۆڕش سەر کەوێت.

ئەوەندەی لە کەنەدا بووە، کاری کردووە، یارمەتی خەڵکی داوە، شانازی بە هەڵوێستەکانی دەکەم، ئەوەش دەزانم هەندە ڕازی لە لایە، هەندێ بابەت دەزانێت نایدرکێنێت و دەیبەتە ژێر گڵ، ئەوەش دەزانم لە ژیانی ڕۆژانەی هەولێر دڵی خۆشە، چواردەورەی ئاوەدانە، بە قەد ڕواندز لە هەولێر دڵی گەشە.

لەو دەمانە پرۆسەی هاوسەرگیری و بەیەکگەیشتن هەندێ ڕێکاری هەبوو، بە دوو جۆرە ڤیزا "Fiancéevisa" و "Marriage visa" دەکرا هاوسەرەکان کۆ ببنەوە. هاوسەرگیرییەکە دەکەین، خێزانێکی جوانمان هەیە، ئاڵا بووە بە ئاڵای ژیانم و منداڵەکانیش ئەستێرەی ئاسمانی منن.

دەزانم لەو ساڵانە لە قەڵەم سرپی پارێزگای هەولێر بووە، زانیاریی زۆری بۆ کاك مەسعوود ناردووە، بەردەوام چالاکیی هەبوو، تا ڕادەیەك کاك مەسعوود پێی گوتووە: سەڵاح ئەوەندە زانیاریی مەنێرە، ئەوەندە چالاك مەبە، دەترسێین ئاشکرا بیت، بواری یەك هەناسەت نادەن، دەتکوژن.

پارتی زۆر قەرزاری ئەوە، کەم و زۆر بە کەمی قەرزەکەیان داوەتەوە، ئەویش چاوی لە هیچ نییە، هیچی لە کەس ناوێت، بەڵام ڕێزی زۆری دەگرن و شانازیی پێوە دەکەن.

لێی دەپرسم، تۆش زاوای ئەوانی، کامتان زۆرتر لەو نزیکن، "بەپێکەنینەوە، مەبەستم گاڵتەکردن و خۆشییە" کامتان خۆشەویستترن؟

لە وەڵامدا گوتی:

ئەوان، بە ڕەحمەتیی خەسووم و کاك سەڵاح هەموویانم خۆش دەوێت، بەڵام کاك "نیاز" لەوان نزیکتر بوو، کۆنترە و زۆرتر لەگەڵ ئەوان ژیاوە، بە ڕاستی چاکەی زۆر هەبووە، لە هەموو تەنگانە و ناخۆشییەکان هاوشانیان بووە. منیش کاك نیازم خۆش دەوێت، بەڕێزە.

## نۆیەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت ٢٠٢٢/٧/١٢
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## جوانتر دەنووسمەوە

بەیانییە و تەلەفۆن بۆ کاك سەڵاح دەکەم، زوو کاك سەڵاح وەڵام دەداتەوە و دەپرسم:

کاك سەڵاح باش خەوتی؟

ئەویش دەڵێت:

باش، بەڵام زۆریش نا، ئیتر باشم هەر وا دەبێت.

پێی دەڵێم:

دەمەوێ پارچە شیعرەکەت "دایانا"، ئەوەی دوێنێ دەستنووسەکەت ناردبوو، جوانە، خەتت زۆر خۆشە، حەز دەکەم بە قەڵەمێکی باش و لەسەر لاپەڕەیەکی سپی دووبارە بۆم بنووسیتەوە، بە نیازم بە دەستنووس و نووسینە خۆشەکەت لە کتێبەکە دایبنێم.

ئەویش دەڵێت:

باشە بە چاوان جوانتر بۆت دەنووسمەوە.

# ٢

# لە کەنەدا دانسمان کرد و بەیانییەکەی هاتنە سەرم

کاك سەڵاح دەمەوێ بەو بەیانییە زۆرتر باسی وڵاتی کەنەدا بکەین؟

ئەویش دەڵێت:

باشە.

من دەڵێم:

با سەرەتا باسی دروشم و ئایکۆنی وڵاتەکە بکەین، گەڵای مایڵ "Maple" وەك گەڵای دار چنارە، لەساڵانی ١٨٣٦ەوە لە چەندان بوار و بۆنەدا بووە بە سیموبلی وڵاتەکە. کەندییەکان پێی دەڵێن "مای بلیڤ".

ئەوە دارێکە لەو وڵاتە زۆرە و بەرهەمەکەی وەك بنێشتی خۆمان لە قەدەکەی وەردەگیرێت و دەکرێتە شەرابێکی بەتام و لە بۆنەکانا پێشکەش دەکرێت. گەڵایەکی جوان بووە، بۆیە ڕکابەرایەتی لەگەڵ ئاژەڵی قوندوس "Beaver" کردووە بۆ ئەوەی ببێتە ئایکۆنی وڵاتەکە.

میللەتی ئەو وڵاتە سێ توێژن، هەژارەکان ئەوانەن خوێندنیان تەواو نەکردووە و کاریان نییە و حکوومەت بۆ ژیان یارمەتییان دەدات. توێژە ناوەندەکەش خوێندنیان تەواو کردووە و کار دەکەن و گوزەرانیان باشە، توێژێکیش هەیە دەوڵەمەندن، ئەوانە ژمارەیان کەمە.

دەتوانم حیزبەکانی کەنەدا بکەمە سێ جۆر: کرێکاران و پارێزگاران و چەپەکان، من بەردەوام دەنگم بە کرێکاران داوە، ئەوانە زۆرتر پشتیوانی کەسانی وەك ئێمەیان دەکرد.

لەناو ئەو حیزبە برادەرێکم هەبوو ژنێك بوو بە ناوی "شیلە کاپس"، ئەو لە پەرلەمانی هەرێمەکە نوێنەر بوو، ماوەیەك وەزیریش بوو. باوکی سەرۆك شارەوانی هامیلتۆن بووە، ئێستاش گۆڕەپانێك لەناو هەرێمەکەمان بە ناوی ئەو کراوە.

برادەرێکمان هەبوو، ئەویش لەگەڵ من هاتبووە کەنەدا، کاك "نووری قادر" کۆنە پێشمەرگەی ساڵی ١٩٦١ بوو، ئەو بە ئێمەی دەناسێنێت. لە بۆنە سیاسییەکان، لە ئاهەنگی نەورۆز و ناڕەزاییەکاندا بەشداری لەگەڵ کوردەکان دەکرد، خۆشمان دەویست.

لە ڕۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا ئەو ژنە، من و کاك "بەیاد سلێمان" داوەت دەکات، کاك بەیادیش لەگەڵ ئێمە هاتبووە کەنەدا، ئەو زۆرتر خەریکی خوێندن بوو، بڕوانامەی باڵا وەردەگرێت.

هەموو میوانەکان دەچینە سەر یەختەکەی ئاهەنگەکەی لەسەر کردبوو، شەوێکی جوان بوو، هەموو سەمایان دەکرد، ئێمەش گوتمان ئەگەر بەشدارییان نەکەین نەگونجاو و سەیر دەبین، با

کەمێك سەما بکەین، ئیتر سەماکەی من لەگەڵ ژنەکە بوو، دەستی دەگرم و سەمایەکی جوان دەکەین.

ئاهەنگەکە شادمان بە ڕێ دەکەین، بەیانییەکەی لەسەر کار گەڕابوومەوە، دەمویست پشوویێك بدەم، لە دەرگەم دەدرێت، میوانی ناوەخت و سەردانی بێ کات، پێم سەیر بوو، کە دەرگەکەم کردەوە، دوو کەس خۆیان ناساند و گوتیان:

ببورن لە کاتی نەگونجاو هاتووین، ئێمە پۆلیسی "RCMP"ین، بۆ پرسیارێکی سادە و سەرپێی هاتووین، ئەگەر بوارت هەبێت و حەز بکەیت وەڵاممان بدەرەوە.

منیش گوتم:

فەرموون پرسیارەکەتان چییە؟ پۆلیس و ئاسایش چ پرسیار و کاری بە من هەیە؟

ئەوان گوتیان:

دوێنێ شەو سەمات لەگەڵ شیلە کاپس کردووە؟

منیش گوتم:

بەڵێ، دەعوەت بووین و سەمایەکی جوانمان کرد، بۆ دەپرسن؟

ئەوان هەر ئەوەندە دەڵێن، زووتر و زۆرتر پەیوەندی ترتان لەگەڵ ئەو ژنە هەبووە، یان ئەوە یەکەم جارە لە نزیکەوە پێکەوە دەبن "ئەگەر دەتانەوێ وەڵام بدەنەوە".

منیش گوتم:

ئاساییە، نەخێر دیدارمان نەبووە، بەڵام ئەو ژنە دۆستی

کوردانە و لە بۆنەکاندا، لە ئاهەنگەکانی ئێمە، نەورۆزەکان بەشدار دەبێت و ڕێزی دەگرین و تەواو.

هەردووکیان بە داوای لێبوردنەوە دەڕۆن و منیش دەرگەکەم دادەخەم و پرسیار و لێکۆڵینەوەکەشم لەناو مێشکیشم دادەخەم و تەواو، وا ئیمڕۆ بۆ یەکەم جارە بۆ تۆی دەگێڕمەوە.





گەڵاکە نەك قوندوسەکە دەبێتە ئاڵای کەنەدا

## هیندییە سوورەکانی کەنەدا

لەناو کەنەدا ڕێژەیەکی باشی هیندییە سوورەکان دەژین، ئەوان هاوڵاتییە ڕەسەنەکانی ئەو وڵاتەن، ژمارەیان زۆرە، بەڵام لاچەپ دەژین، کەمتر کار دەکەن، ناخوێنن و بڕوانامەیان کەمە، ئەگەر بڵێم چەند پارێزەرێکیان هەیە و بەس. حکوومەت ئاسانکاری بۆ ژیان و گوزەران دەکات، باج نادەن، زۆر دەخۆنەوە، لە ناوچەکانی ئەوان شوێنی فرۆشتنی مەشرووب زۆرە و هەرزانترە.

برادەرێکم هەبوو، داپیری لەوان بوو، بەڵام باوکی کەنەدایی بوو، گوتی وەرە بە سەیرانێك بچینە ناویان، جیهانێکی سادە دەژین، ساڵی ١٩٨١ بوو، دوو سەعات دوور چووینە ماڵی پوورێکی ئەو، ماڵەکەی لە دوورەوە بۆنێکی پیسی لێ دەهات و کە چووینە ناو کەپر و هەوارە شڕەکەی بینیمان ماڵەکە، ژوورەکان، سەر قەنەفەکان هەمووی پشیلە بوون، پیرەژن گوتی:

عاشقی پشیلەی بێ سەرپەرشتیارم، کۆیان دەکەمەوە، ئەوەی نایەوێ، ئەوەی بێزار بووە، هەموو ئەوانە کۆ دەکەمەوە، لەناو باوەش و ماڵ و سێبەرم بوونیان هەیە، بەو پشیلانەوە دەژیم. من ئێستا و ئیمڕۆ ٢٢٦ پشیلەم ڕاگرتووە، هەموویان دەناسمەوە، هەموویان خزمەت دەکەم.

من پرسیم:

باشە تۆ چۆن مەسرەفیان دەکەیت؟ خواردنیان بە چ بۆ

دەکرێت؟

ئەو گوتی:

کڵێسایەك هەیە، بەردەوام خواردنم بۆ دابین دەکات، ڕۆژانە و بە بەرنامە ئیشەکە دەکەن.

هیندییەکان؛ کولتوور و زمان و مێژووی تایبەتیی خۆیان هەیە، کەم کەم دەچنە ناو کۆمەڵگەی کەنەدی. جلوبەرگ و ژیانی ڕۆژانەیان وەك جارانە و سادە دەژین.

# ٤

# هەرگیز باڵیۆزی عێراقم نەناسیوە

با کەمێك باس لە پەیوەندی و ڕازەکانت لەسەر باڵیۆزخانەی عێراقی لە کەنەدا بکەین، ئەوەی لێ دەپرسم و ئەو لە وەڵامدا گوتی:

ئەوەندەی لە وڵاتی کەنەدا ژیاوم، پەیوەندی من بەو دەزگەیە ئەوەندە بووە، جاروبار بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان چوومەتە بەر دەرگەی باڵیۆزخانەکە، لە دەرەوەی دەرگە و دەروازەکەیان؛ سکاڵا و داوا و ڕیسواییمان بۆیان بە نامە و بە دەنگ و بە دروشم بۆیان ناردووە، نەچوومەتە ناوەوە.

من کەسم لەوێ نەناسیوە و هەرگیز کارم پێیانەوە نەبووە. پاش ڕاپەڕینیش نەچووم و ناسیارییم نەبووە. لەوەندە ساڵە تەنیا یەك یادگاریم هەبووە، لەگەڵ برادەرێك لە ئۆتاوا چووینە هوتێلێك، ویستمان شەو لەوێ بخەوین، کە دەچینە ناو لووبی هوتێلەکە، وێنەیەکی گەورەی "ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر"مان بینی، وێنەکە بە گەورەیی و بەرچاو لەناو هوتێلەکە هەڵواسرابوو. ئەو دەمانە ئەو سەرۆك کۆماری عێراق بوو، وێنەکەمان دەناسی، زوو دەزانین لەو هوتێلە شتیك بووە، دەڕۆین و دیارە شەو لەوێ نابین، بەڵام بەر لەوەی بڕۆین دەپرسین: ئەو وێنەیە بۆ لێرە هەڵواسراوە؟ وێنەی سەرۆکی عێراق؟

کارمەندانی هوتێلەکە بەستەزمانانە گوتیان:

دوێنێ کارمەندان و بەرپرسانی باڵیۆزخانەی عێراق لێرە بوون، ڕێستورانت و کافتریاکانیان بۆ ئاهەنگێکی نیشتمانیی وڵاتەکەیان بە کرێ گرتبوو، هاتن و دروشم و وێنەیان هەڵواسی، هەموویان بردووەتەوە، بەڵام ئەو وێنەیە بە دیوارەوە لەبیر چووە و بێگومان دەبێت ئەوەش هەر ببەنەوە.

من ئەوەندەی لەوێ بووم ناوی باڵیۆزی عێراقم لە کەنەدا نەزانیوە و نەمناسیوە و بیریشم لەوە نەکردیتەوە بیناسم، خۆم هەر حەزم بە کاروبار و ناو و دەسەڵاتی حکوومەت نەبووە، بە باش و بە خراپ تێکەڵیان نەبووم و نابم.

هەر لەسەر کەنەدا، حەزم لە فڕۆکەیە، بچمە کەنەدا و بڕۆم و بگەڕێمەوە بێزار نابم، چەند سەعات دەمینێمەوە، وا دەزانم چەند دەقەیەکە، سەیری فیلم دەکەم، لە گەشتکردن بە فڕۆکە ناترسم و پێم خۆشە هەر چەندە هەوار و گەشتەکەش دوور بێت، لە کەنەداش دوورتر نییە، حەزم لە ئاسمانە، خەویشم لێ ناکەوێت.

لە ساڵی ١٩٧٦ەوە هاموشۆی بانکی کەنەدام کردووە کێشەم نەبووە، ئاسایی کارەکانم بەڕێوە چووە و ئاسوودە بووم.

## دەیەم پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ ئالاّ ڕواندزی

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١٣

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ ئەمریکا




**ئاڵا ڕواندزی و ساجیدەی دایکی**

## ١

# باوکم بە گەنجی ڕۆیشت و بە پیری هاتەوە

چەند جاری تر ئاڵا ڕواندزی، کچی سێیەمی سەلاح ڕەفیق بە دەنگ و لە ماسنجەر وردەڕاز و ڕوونکردنەوە و تێبینیی نوێی بۆم ناردبوو، بێگومان گوێیان لێ ڕادەگرم، بە شێوازی خۆم دەیاننووسمەوە.

لە ئەمریکاوە ئاڵا قسەکانی لە ماسنجەر دەکات و دەڵێت:

برای گەورەم. حەزم لێیە و پێم خۆشە ڕۆژ و کاتی هاتنەوەی باوکم بۆ هەولێرت بۆ باس بکەم.

منیش گوێ لەو خوشکەم ڕادەگرم. دیارە ئەو دەیەوێ و حەز دەکات باسی ئەو ساتەوەختانە بکات، ئەو دەمانەی لە دەرگەی ماڵەوەیان دەدرێت، باسی ئەو دەمانەم بۆ دەکات، چۆن پیاوێك هاتووەتەوە ناو ماڵەکەی خۆی، خانووەکەی کە زەوییەکەی کڕاوە، کە بناخەی دانراوە و بووە بە خانووێکی تەواو و ئەو نەیدیوە. باسی گەڕانەوەی خەون و تەم و ناو و کەسایەتییەکی ون و وێڵ و شاعیر و پێشمەرگە دەکات کە دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی.

ئەو بە دزی و بە شەو و سادە ڕۆیشتبوو، گەنج بووە کە

ڕۆیشتبوو، پیر و ماندووتر و دەست بە جانتای گەورە و بچووك هاتووەتەوە. کە ڕۆیشتووە شار و حکوومەت و دەسەڵاتی هەولێر بۆ ئەو بە سام و بە ترس بووە، بەڵام کە گەڕاوەتەوە، سەرۆك مەسعوود بارزانی دەیبینێت و پێشوازی گەرمی لێ دەکات.

## ٢

## کە باوکم هاتەوە دەبورێمەوە

لەگەڵ یەکەم مەسجی دەنگی، ئاسایی گوێی لێ دەگرم، ئەو بۆم باس دەکات، چۆن باوکیان پاش حەڤدە ساڵ دەگەڕێتەوە و لە دەرگەی ماڵەکەی مامۆستا ساجیدە دەدات، هاتووتەوە و دڵنیا نییە دەرگەکە تەواو هەوە؟! خۆیەتی؟! ماڵی مامۆستا ساجیدەیە؟!

ئـــاڵا دەڵێـــت: ئەو لە دەرگەکە دەدات و لەگەڵ کـــابرایەك ئەوەی دەرگەکەی پێ نیشان دابوو قسەی دەکرد و دەیگوت:

کاکە ئەو دەرگەیە هەوە؟! ئەوەیە؟ ماڵی مامۆستا ساجیدە؟!

کـــابرا دوور وەســـتابوو، دەنگـــی ئەو کەمتـــر دەگەیشـــتە گوێیەکانی، بەڵام دەیزانی بە کـابرای دەسـت بە جانتـا، کـابرای نەشارەزا، کابرای ماندوو، ئەوەی ١٥ سەعات بە فڕۆکە و چەنـد ڕۆژ بە ڕێگەوە بووە تـا گەیشـتووە، مانـدوو بـووە و نەیگوتـووە ماندووم، چونکە گەنج بووە ناوی لە خۆی ناوە ماندوو، دەڵێت:

کاکە ئائا هەوە ئەو دەرگەیە ماڵی مامۆستا ساجیدەیە.

یەکێك لە دەرگەیەك دەدات، چەند ساڵە ژنێك و چـوار کـچ چاوەڕوانی دەکەن.

پیاوێکە هاتووە و کلیلی دەرگەی دەرەوەی مـاڵی خـۆی پـێ نییە، هاتووە و دڵنیا نییە دەرگەکە ماڵی خۆیانە!

هاتووە و یەك جیرانی خۆیان ناناسێت!

هاتووە و ژنەکەی لە ماڵ نییە، لە قوتابخانەیە و مامۆستایە و کیژان فێری خۆشەویستیی چاوەڕوانی و دڵسۆزی دەکات، لەناو زمان و وانەکانی وشەی ناسك و تەواوەکانیان فێر دەکات چۆن پشوویان درێژ بێت، چاوەڕوان بن و کۆشش بکەن، ڕۆژێك هەر بە هیوا و ئامانجەکانت دەگەن.

کابرا، باوکیان دێتە ژوورەوە، یەکەم جارە پێی دەهاوێتە ناو گەراجەکە، ئەو گەراجەی دوایی ڕۆژانە ئۆتۆمبێلەکەی لێ ڕادەگرت، دێتە ژوورەوە و نازانێت ماڵی خۆیەتی یان چوویتە ناو ماڵێکی بێگانە؟! حەقی بەسەر ئەو خانووە، ئەو ماڵە، ئەو سێ کچە و میدیا و هاوسەرەکەی هەیە؟! ئاڵا دەگێڕێتەوە:

ئەو دێتە ژوورەوە و منیش ڕووبەڕوو دەزانم ئەو باوکمە، من دەمناسی، ڕەنگ و دەنگ و سەروڕیشی ئەوم دیبوو، بەڵام "ڕۆژان"ی خوشکم تەنیا وێنەی سەر دیواری ژوورەکانی دیبوو، من دەمناسییەوە، باشم لەبیر بوو، بۆیە لەگەڵ یەکەم نیگا و ترووسکایی ئاکاری، ڕیتمی دەنگی، هەنگاوی بە سامی دەبووریمەوە؛ ئیمڕۆ نەمردووم، بەر لەوەی باوکم بڕوات مردووم. ئیمڕۆ نەمردووم لەو دەمانە مردووم کە باوکم بە پاسێك لەناو کەرەجەکەی کەرەجی تاران، بەرەو سنووری عێراق بە ڕێمان دەکات و دایکم و داپیرم قبووڵی ناکەن بچینە کەنەدا.

باوکم جانتاکانی دەستی، ماندووبوونی چەند ساڵەی، ڕەنجی زۆری، دووری و هەموو وڵاتی کەنەدا و ڕۆژانی ئیشکردن و پاراستنی لەبیر دەچێتەوە، دەبێتە دکتۆر و دەرمان و هەتوانی من و چاك دەبمەوە و زوو هەڵدەستمەوە.

"ڕۆژان" دێتە دیارمان و دیمەنەکە دەبینێت، میوانەکە

دەبینێت، ئەویش دەزانێت ئەوە باوکمانە و هاتووتەوە، پیاوەکەی بەس وێنەیەکی لەسەر دیواری ژوورەکانمان هەبوو، ئەوە باوکمانە، ئەوەی وێنەی بچووکی لەناو جانتای هەمووومان هەیە. ناوی بەسەر ناوی هەموومانەوە هەبوو، بەڵام بە خۆی دیار نەبوو، ئەوە باوکمانە و سەربەرزانە شانازی بە خەبات و هەڵوێستەکانی دەکەین. ئەوە باوکمانە لەبەر ئەو و ئێمەش بووینە ڕواندزی، ئەگەرنا لەو شارە نەژیابووین، سۆزمان لە هیچ خانووێکی شارەکە نەبووە، لەوێش نەچووینەتە قوتابخانە و یادگاریمان لەگەڵ هیچ لە مامۆستاکان و قوتابییەکانیان نییە. لەبەر ئەوە؛ کوڕەك، بێجان و چیاکانی تر موڵکی ئێمەیە.

ئەو ڕۆژە خاڵم ئاراس لە کەرکووکەوە هاتبوو، زۆر لەکنمان دەبوو، ئەویش لەوێ بوو، باوکم هەموومان ماچ دەکات، بە من دەڵێت:

ئەتوو کامیانی؟

منیش هێشتا هێدمەکە بەری نەداوم و هێشتا بڕوا ناکەم؛ دەڵێم:

بابە من "ئاڵا"م.

من ئاڵایەکی شکاو بووم، هەڵنەدرابووم، کەوتبووم. بەڵام کە تۆ پەیدا بوویتەوە بە بەژنی تۆ! بە دەستی تۆ! بەو سەردانەت، بە هاتنەوەت بەرز بوومەوە، بەرز و شەکامەوە، چوومە سەر چیای کوڕەك، چوومە سەر چیای هەندرێن، ئەتۆ حەزت زۆر لەو چیایانەیە. بابە من ئاڵام، ئێستا ئاڵام! ئەوەش "ڕۆژان"ە، تەمەنی

حەوت مانگان بووە کە پاسەکە دەمانبات، کە تۆ بە فڕۆکە، ئێمەش بە پاس دەڕۆین و جیا دەبینەوە.

باوکم دەڵێت ئەدی ئەو کوڕە کێیە؟!

بابە ئەوە خاڵە "ئاراس"ە، خاڵەکانم بەردەوام سێبەر و هاوکار و پشتیوانی ئێمە بوون، یەك ڕۆژ ئێمەیان بە دیار ڕەشەبا، ترساو و خەمبار جێ نەهێشتووە، کاکە، ئەوە "ئاراس"ە.

٣

## خاڵم ئاراس هەواڵەکە دەداتە دایکم

لەو ساڵانە، کەم کەس ئۆتۆمبێلی هەبوو، ساڵی ١٩٩٢ ساڵێکی نادیار و ڕۆژگارێکی تەماوی بوو، شار و خەڵك و سیاسەت و کاروبارەکان نیگەرانی و ئاڵۆزییان پێوە بوو.

لەو بارودۆخەدا، لە ڕۆژێکی پایزە ساڵەدا، ئاراسی خاڵم بە ڕاکردن بەرەو قوتابخانەی زەهرای کچان دەڕوات، لەناو کۆڵانە چۆڵ و دارپرتەقاڵ و دیوارە بەرزەکان و کۆشك و پەنجەرە بەرینەکان، لەناو خانووەکانی باخچەی گەورەیان هەبوو، گەراجی سەرداپۆشراویان هەبوو، لەناو ئەو خانووانە، لە شەقامە قیرتاوەکاندا، دەڕوات و سەیریان ناکات، هەڵوەستەیەك ناکات، بەناو کۆڵانەکەی تەنیشت یاریگەکەدا دەڕوات، لە ڕێگە سەرەکەییەکەی هەولێر کەرکووك دەپەڕێتەوە و دەگاتە بەر دەرگە داخراوەکەی ئامادەیی زەهرای کچان، بەر دیوارە بەردینەکە، بەر سێبەری دارتووەکانی ببوون بە سێبەر و تووەکانیان بۆ ڕێبواران بوو، لە دەرگەکە دەدات، بوارێك دەدۆزێتەوە، قوتابییەکی بسك گەورە، دەستەیەك کتێب و دەفتەری توند بە سینگ و مەمکیەوە گرتبوو، شەرمن، نەرم و ناسك، خاوێنی بێ مکیاژ، پەنجەکانی قەڵەم و چاوەکانی خوێندن ماندووی کردبوون، پێی دەڵێت: هاتووم مامۆستا

ساجیدەم دەوێت، من برای ئەوم، ناوم ئاراسە، زوو برۆ پێی بڵێ مامۆستا سەڵاحی هاوژینت هاتووەتەوە، کاکە سەڵاح وا لە ماڵە، لەکن ئاڵا و ڕۆژانە!

کیژەکە بە ڕاکردن بە هەلهەلە، بە سەماش بەڵام کتێبەکانی باوەشی فڕێ نادات، زوو بەرەو ئیدارە، بەرەو ژووری مامۆستاکان دەڕوات و هاوار دەکات: کوا مامۆستا ساجیدە؟! کوا؟! ئەوم دەوێ مزگێنیم دەوێ، شیرینیم دەوێ، کچەکە دەڕوات و دەگاتە ناو تۆزی تەباشیر، دەڕوات لەگەڵ ڕەحلە و بەردەوامیی تەختەی ڕەشی پۆلەکاندا دەڕوات.

مامۆستا ساجیدە لەناو خەمی کیژەکان، لەگەڵ تەپوتۆزی تەباشیر، لەگەڵ ڕاڤە و ئیعرابی زمانی عەرەبی سەرقاڵ بوو.

کیژەکە مامۆستاکە دەدۆزێتەوە، لەناو دەرس و کیژان دووری دەخاتەوە، دەگاتەوە ناو مامۆستایان، بەر سێبەری بەرهەیوانەکە، ناو ژووری بەڕێوەبەرەکە، کیژەکە پێی دەڵێت:

مامۆستا دڵت هیچ نەکات، هەواڵێکی خۆشم پێیە، بەڵام زوو شیرینیم دەوێ، مزگێنیم دەوێ.

ئیتر کیژەکە بە مامۆستاکە دەڵێت:

برات ناوی ئاراسە وا لەبەر دەرگەی دەرەوە وەستاوە و دەڵێت: برۆ بە مامۆستا ساجیدە بڵێن مێردەکەی هاتووتەوە! کاکە سەڵاح وا لە ماڵەوەیە! حەقی ئەوەم نییە مزگێنی وەربگرم؟! حەقی ئەوەم نییە هەموو بکەینە شایی، هەموومان لەبەر دڵی خۆشی تۆ و موژدە خۆشەکە هەڵپەڕین و دەست بگرین، چوکلێت بڵاو بکەینەوە، شەربەت بگرینەوە؟!

# ٤

# ئاوێزانێکی زۆر گەرم

دایکم دەگاتەوە ماڵ، باوکم لەبەر ئاوێنەی دەستشۆرەکە ڕیشی دەتاشی. یەکەم جار بوو خاوەن ماڵ. پیاوی ئەو ماڵە، باوکی ئەو کچانە لەبەردەم ئەو ئاوێنەیە ڕیشی بتاشێت، سەیری دەموچاو و لۆچ و ئاکاری بکات، لەبەر ئاوێنەکەیە و خۆی ناناسێتەوە، گۆڕاوە، ڕوومەتی بووە بە پارچە نانێکی تیری، چاوی بووە بە گوڵەگەنم، پەنجەکانی ڕێواس، ددانەکان مرواری و زیندوو بوویتەوە، گەنج بوویتەوە.

باوکم لەناکاو و یەکسەر توند خۆی ئاوێزانی دایکم دەکات، لە باوەشی دەکات، هەردووکیان دەیانەوێ ببن بە یەك جەستە، چیتر جیا نەبنەوە، ئەو نەڕوات نەوەك حەڤدە ساڵی تر نەگەڕێتەوە. باوکم توند دایکم دەکوشێت و دەیەوێ بزانیت ئەو ژنە بە ڕاستی گۆشت و ئێسقان بووە؟! بە ڕاستی مرۆڤە؟! بە خوێن و هەناسە ژیاوە؟! چۆن بەرگەی گرتووە؟! چۆن ماوە و نەبووە بە هەڵم؟! چۆن ئەو ژنە لەناو وڵاتی شەڕ و گومان و خەم و نەهامەتییەکان نەبووە بە دووکەڵ؟! باوکم توند دەکوشێت نەوەك بڕواتەوە، بڕوا ناکات ئەوەی باوەشی مرۆڤ بێت، گۆشت و ئێسقان بێت! ئەو ئاوێزانە و ئەو باوەشە گەرمەم لە هیچ فیلمێك نەدیبوو، نەبووە و نەکراوە.

زۆر گەرم و بە سۆز یەکتری دەکوشن، هەرگیز دایکم وا

جوان نەدیبوو، هەرگیز دایکم ڕوومەتی و هەردوو چاوەکانی وا گەش نەبوون، بەو دیدارە کورتە؛ زوو چاوەکانی دەبن بە کانییەکانی ڕواندز، ئەوانەی باوکم شانازییان پێوە دەکات، زوو باڵای بستێك بەرزتر دەبێت، دایکم دووبارە دەبێتەوە بە "فاتن حەمامە"، ئەوەی بە گەنجی پێیان دەگوت، دایکم بەو دیدارە دەبێتەوە قوتابییەکی زانکۆ.

هەردووکیان دەبن بە نەمامێك، دەبن بە سێبەر و تاو، بەو ئاوێزانە دەبنەوە بە بووك و زاوا.

## ٥

## دوو تاک دۆلارەکەم هەر ماوە

باوکم دەمینێتەوە، سەردانی خزم و دۆستان دەکات، دەچێتە سەر گۆڕی دایك و باوکی و مامی، سەر گۆڕی مامۆستا تایەر تۆفیق، سەردانی برادەرەکانی دەکات، دەچێتەوە ڕواندز و لەسەر خەرەندی ڕادەوەستێت و خۆی وەك منداڵێك بە بیر دێتەوە چۆن بە دوو لاسکە دار سماق دەچێتە خوارەوە، سەیری قووڵایی خەرەندەکە دەکات و لەبەر خۆییەوە دەڵێت:

وەك خۆیەتی چەند خۆشم دەویست، سوپاس وەك خۆیەتی خەرەند هەر ماوە.

دەچێتە خزمەت کاك مەسعوود بارزانی، زوو بەیەکەوە کاریان کردبوو، لەو گوندانەی باڵەکایەتی لە هەموو بارەگاکانی سەرکردایەتی و بارەگای بارزانی دیداریان بووە، باوکم زۆر جار دەیگوت:

مەسعوود بارزانی بە منی گوت، سەڵاح چیتر شیعر بڵاو مەکەوە، با ناوت لەبەر چاوان نەبێت، کەم دەرکەوە، با کەم بتناسن، نامانەوێ بەرنامە و کاروبارەکانت بناسرێ.

هەر ئەویش پێی دەڵێت:

بەسە ئیشکردنت لەناو بارەگای پارێزگای هەولێر، وەرە چۆمان و ناوپردان، با وەزیفەکەت بگوازنەوە قەزای چۆمان و

لێرە بە، دوور مەکەوە، لەو دیدارە پێی دەڵێت:

بە ڕاست، دایکی میدیا پاش دابڕانی ئەوەندە ساڵە، چۆن قبووڵی کردیەوە؟!

ئەویش لە وەڵامدا بە سەرۆك بارزانی دەڵێت:

دایکی میدیای دەهۆڵ و زوڕنای هێنایەماڵێ، شایی لەناو حەوشەکە دابەستا، شاییمان کرد، خزم و کەسوکارم، کۆبوونەوە، بوو بە جەژن، لەبەر ئەوەی بە فڕۆکە هاتبوومەوە، وایان دەزانی لە ئاسمان هاتووم، لەبەر ئەوەی لەناو وڵاتی جەمسەری سەروو و بەفر و دارستانەکانەوە هاتبووم، لەبەر چاوی ئەوان زەرد ببووم، ناسك و پەمبە دیار بووم، هەموو ویستیان بمخۆن.

ئەو سۆزەم دووبارە دیتەوە کە چووینە کەنەدا، لەناو فڕۆکەخانە باوکم پێشوازییمان دەکات و یەکتری لە ئامێز دەکەینەوە. لەو مۆڕاڵە، لەو دایك و باوکە نازدارە فێر بووم منداڵەکانمان خۆش بوێت، ئێستاش لە ڕێستورانتێك نان ناخۆم ئەگەر منداڵەکانم لەگەڵ نەبێت. کە گەیشتنە کەنەدا، لە فڕۆکەخانە باوکم دوو تاك دۆلاری کەنەدایی دامێ، ئێستاش دوو تاك دۆلارەکەم بۆ یادگار هەڵگرتووە. ئەو ڕۆژە و ئەو دیدارەم هەرگیز لەبیر ناچێت.

ئەوەی هەر لەبیرمە و دڵم خۆش دەکات، باوکم لە ڕۆژێك هاتەوە، یادی دامەزراندنی حیزبی بەعس بوو، ڕۆژی ٧ی نیسانی ١٩٩٢، چەند ساڵ ئەو ڕۆژەمان بە شووم دەبینی، ڕقمان لەو ڕۆژە بووە، بەڵام باوکم لەو ڕۆژە؛ دڵ و چاو و ژیانی کردین بە چراخان.

## یازدەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١٤

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

١

## هێلکەکەم سووتا

پێش ئەوەی قسە بکەین کاك سەڵاح گوتی: ئەوە دووەم جارە تۆ تەلەفۆن دەکەیت، خەتی ئەنتەرنێت لە هەولێر دەکرێتەوە، لەبەر ئەزموونی بەکالۆریای ئامادەیی بەیانیان خەتەکان دەپچڕن، لەگەڵ زەنگ و دەنگی تۆ دووبارە کرایەوە.

لێی دەپرسم، بەیانی چیت خوارد؟ ئەو گوتی:

هەموو بەیانییەك و شەوانیش یەك هێلکەی کوڵاو دەخۆم، حەزم لە چای شیرینە. بەیانییێکیان قسەم لەگەڵ تۆ دەکرد، هێلکەیەکم لەسەر ئاگر دانابوو، سووتا، باش بوو زوو بۆنم کرد و ئاگرەکەم کوژاندەوە.

## ٢

## لە ژنە جوانەکەی دەترسا

پاش ئەو دەمەتەقێ ئاساییە ئەو بابەتە دەکەینەوە:

من برادەرایەتیی کەنەدییەکانم پێ خۆش بوو، ئەوان ڕاستگۆ بوون، فێڵ و درۆیان نەبوو، هەر لە ساڵی ١٩٨٢ەوە پیاوێکی کەنەدی دەناسم، هاوسێمان بوو، ڕۆژێکیان هات و خۆی پێ ناساندم، ناوی "دروس ساتن" بوو، بە ڕەچەڵەك کەنەدییە کۆنەکان بوو، باپیرانی ئینگلیز بووینە، ئەوان لەو وڵاتە زۆرن!

کابرا ساڵانە تەنیا دوو مانگ ئیشی دەکرد، زیرەك بوو، لە بیرکاری زۆرزان بوو، دەچووە وەزارەتەکان، دەزگە ڕەسمییە گەورەکان ئیشی باج و داهاتەکانی بۆیان شرۆڤە دەکرد، وردەکارییەکانی دەپشکنی، حیساب و باج و خەرجییەکانی بۆ دەکردن، بە ڕێکاری گونجاو و یاسای تاکس و باجەکانی بۆ کەم دەکردنەوە، نیوەی دەسکەوتەکان دەبوونە موڵکی ئەو، پارەی باشی بۆ قازانجی دەزگەکان دەدۆزیەوە، مەسرەفەکانی کەم دەکردنەوە.

ئەو کەسێکی زیرەك بوو، لە ئابووری پسپۆر بوو، پارەی چاکی دەست دەکەوت، خۆی کەسێکی وردی بچووکی ڕەشتاڵەی نابووت بوو، ژنەکەشی زۆر جوان، باڵابەرز، تەڕ،

شیرین بوو. جوانترین ئۆتۆمبێلی بۆ ژنەکەی کڕیبوو، خزمەتی دەکرد، نازی ژنەکەی دەکێشا، دەیگوت: نامەوێ کار بکات، نامەوێ کەس جوانییەکەی ببینێت، دەترسم "جین" بڕوات و ئەو نازدارەم لە دەست بڕوات. کابرا لەو ژنە دوو منداڵیشی هەبوو، بەڵام ئەو هەر لێی دەترسا، بەڵام مەزندە و گومانەکانی تەواو دەرچوون، تا ڕۆژێکیان لەگەڵ ئەندازیارێکی گەنجی جوانی هاوسێیان ڕۆیشت و نەهاتەوە، پاش ئەو ژنی تری نەهێنایەوە ماڵەکەی، بۆ خۆی ڕایدەبوارد.

ئیتر کابرای هاوڕێم زۆرتر لەگەڵ من دەمایەوە، دەچووینە ڕاوەماسی، ئەسپسواری و هۆرس ڕایسینگ و سەیرانەکان. زۆر هاوڕێ بووین کە هاتمەوە کوردستان لەو دابڕام، بەڵام سێ جار کە دەچوومەوە بە دوایدا دەگەڕام هەر نەمدۆزیەوە، تەلەفۆنەکەشی داخرابوو، چوومە خانووە هاوینییەکەشی، لەوێ گوتیان ماوە و دەژیت و جاروبار دەردەکەوێت. دروس پیاوێکی باش بوو، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە هاوڕێ بووین، زیرەك و بە زەوق و بەزمی خۆش بوو، قسەی زۆر خۆش بوو، بەردەوام دڵی دەدامەوە، چاوی تێر و دەستکراوەش بوو، بۆ من ئاوەدانییەکی باش و خۆش بوو.

## ٣

# پەشیمانم و نا

لێی دەپرسم پاش حەڤدە ساڵ ژیان و کاسبی لە کەنەدا، پەشیمان نیت گەڕایتەوە کوردستان.

ئەو گوتی:

نازانم؛ پەشیمانم و پەشیمانیش نیم. ئیتر هاتمەوە و لێرە گیرسامەوە، من زوو ویستم بگەڕێمەوە، بە سەردان لە هەولێر بووم، منداڵەکانم لە دەرەوە بوون، لە ساڵی ٢٠٠٠ چوومە خزمەت سەرۆك مەسعوود بارزانی، گوتم سەرۆك دەمەوێ بگەڕێمەوە کوردستان، بەیەکجاری بێمەوە، بەسە لە ئاوارەیی بێزار بووم، ئەو گوتی:

سەڵاح چاوەڕێ بکە، تا خۆم پێت دەڵێم، شتێك ماوە، بەرنامەیەك لە ئارادایە، با ئەوەش تەواو بێت، ئینجا وەرەوە. خۆم ئاگادارت دەکەمەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ بە سەرۆك دەڵێمەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە، ئەو جارە دەڵێت وەرەوە، تەواو سەدامیش نەما، وەرەوە تەواو. چیت ویست، تۆ شایستەی هەموو شتێکی و هەموو شتێکت بۆ دەکەین، بڵێ و داوا بکە.

منیش پێی دەڵێم:

جەنابی سەرۆك ناتوانم کاروباری حکوومی بکەم، هیچم ناوێ و چاوم لەو شتانە نییە.

هەر لەو سەفەرە و لەسەر ئەو گفت و بەڵێنە دەگەڕێمەوە کەنەدا، لە تەمەنی شێست ساڵی و بە مووچەیەکی کەمتر خۆم خانەنشین دەکەم، ئەگەر ٦٥ ساڵم تەواو کردبووایە، مووچەکەم زۆر زۆرتر دەبوو، بەڵام نەمویست، گوتم: بەسە!

کچەکانم بێجگە لە میدیا لە کەنەدا بوون، لەوێ شوویان کردبوو، لەگەڵ ساجیدە قسەم کرد، گوتم:

ژنەکە وەرە بچینەوە کوردستان، لەوێ بژین، ئەوەندەی تەمەنمان ماوە با لەوێ بین. ئەو گوتی:

ئەو جارە جێت ناهێڵم و لەگەڵت دێمەوە، وەك ساڵی ١٩٧٦ ناکەم. "دیارە ترسابوو، لە دڵەوە گوتوویەتی: ئەو جارەش بڕوات حەڤدە ساڵی پێ دەچێت!"

ئەو لەگەڵم هاتەوە، بەڵام پێی خۆش نەبوو، زوو زوو دەچووینەوە کەنەدا و سەردانی کیژەکانمان دەکرد، ماڵمان لەوێ هەبوو.

ساجیدە لەوێ ئاسوودە بوو، ئەو دەمانە مۆڵ و پارك لەناو هەولێر نەبوو، لەوێ لەوانە ڕاهاتبوو، زۆریش دەچووە ناو باخچەکان و زۆر پەلکەمێوی دەکرد، بەردەوام خەریکی یاپراخ بوو، شێتی لێکردنەوەی پەلکەمێو بوو. کابانێکی باش بوو، دەستاوی زۆر خۆش بوو، ئێستا میدیاش بەو دەچێت.

هاتینەوە و ماینەوە و دوو ساڵ کرێچییەکی ناسیار، لەناو

خانووەکەی گەڕەکی زانیاریمان بوو، ئەو دەمانە خانوو پەیداکردن ئاسان نەبوو، زۆر لە کرێچییەکان نەدەڕۆیشتن، زۆریش کە دەڕۆیشتن داوای پارەی زۆریان دەکرد، کێشەی کۆمەڵایەتی و ناخۆشیی زۆر لەوە پەیدا دەبوو، بەڵام ئێمە کابرای کرێچیمان تەنگاو نەکرد، تا خۆی ڕۆیشت، لەو دوو ساڵە لەگەڵ نیاز و میدیا بووین.

هەر لەو ساڵەش چاوەڕوان بووم کاک مەسعوود لە دوام بنێرێت کارێکم بۆ دابنێت، ڕەنجی ماندووبوون و خەباتی زۆرم بدوورمەوە و پشوویێك بدەم و لەناو حیزبەکەم ئیش بکەمەوە و بگەڕێمەوە ناو کاروانەکەی بە هەرزەکاریی تێدا بەشدار و هاوکاری بووم. بەڵام کەس لێی نەپرسیمەوە، خۆشم نەچووم، نەمپرسی، داوام نەکرد، نامەم نەنووسی، گلەییم نەکرد، بەو مووچەی لە کەنەدا و پارەی پاشکەوتەکەم جوان و خۆش دەژیام. تا ڕۆژێکیان ڕەحمەتی عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی بە کاك مەسعوود دەڵێت، یان بڵێن بە بیری دەهێنێتەوە، ئەویش دەڵێت:

چۆن کەس لێی نەپرسیوەتەوە؟ هیچ کاری وەرنەگرتووە؟ ناکرێ وا بێت، من ناوەکەم داوە بە هەڤاڵان و گوتوومە چاوتان لێی بێت.

کەسانی تر لە هەندەران دەهاتنەوە ڕێزیان زۆرتر دەگیرا، لە هوتێلە ناودارەکان شوێنیان بۆ دەگرتن، پۆستی باڵایان بۆ دیار دەکردن، کەسیش لە منی نەپرسیەوە، کاتی خۆی عەبدولقادر حەمەدەمین و دکتۆر نەجمەدین کەریم لە واشنتۆن لەسەر ململانێی نێوانیان لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی لە حیزب

دەرکرابوون، ئینجا بە سەردانیش هاتبوونەوە حیسابی زۆریان بۆ کرابوو، بە تایبەتی عەبدولقادر حەمەدەمین، منیش ناوم نەبوو. "ئەوانە بنووسم، وەك خۆی بنووسم، من گوتم! ئەو گوتی: ئەوە مێژووە، بنووسە، پێویستە بزاندرێت، بنووسە".

پاش بە بیر هێنانەوەی عیزەت سلێمان بەگ، سەرۆك مەسعوود بارزانی داوا لە لقی دەی پارتی دەکات، لەسەر ئەو بابەتە بکۆڵنەوە و بە زووترین کات وەڵامم بدەنەوە، دەرئەنجام من دەچمە لقی دە و ئەو دەمانە بەرپرسی لق هەڤاڵ "عەلی حوسێن" بوو، بە گەرمی پێشوازیم دەکات، لەسەر دواکەوتن و نەپرسینەوەکەش دەڵێت:

کاتی خۆی ناوەکەت بە سەلام ڕەفیق ڕواندزی هاتبوو، ئێمە سۆراخی زۆرمان کرد، دەرکەوت ئەو کەسە بەرگدروو بوو، ئیتر هیچ پەیوەندی ترمان نەکردەوە و لە بیرمان کرد. ئێستاش فەرمان دەرچووە، ئەگەر پێت خۆش بێت دەبیتە ئەندام مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ هەڤاڵ "سەفین دزەیی" دەوام دەکەیت.

ئیتر پاش ئەو دیدارە درەنگوەختە و دواکەوتنە زۆرە دەوام دەکەم، لەگەڵ عەلی حوسێنیش دەبینە برادەر و خۆشم دەوێت، دیارە کابرایەکی کراوە و ڕۆشنبیریش بوو، براکەی "سەعدوون سوورچی" دەمانچەیەکی وەك دیاری پێشکەش کردم، گوتی: ناکرێ تۆ بێ چەك بیت، ئەوە دیاریی منە.

لەو ڕۆژەوە بڕیار دەدەم لە مەسیف بچمە مەکتەبەکە، لەوێ کاك سەفین ڕێزی زۆرم دەگرێت، بە شەرمەوە بە من دەڵێت:

ناکرێ تۆ ئەندامی مەکتەب بیت و من بەرپرسی تۆ بم، تۆ

برا گەورەی، وەرە شوێنەکەم، خزمەتت دەکەین.

بە مووچەیەکی ئاسایی، بە دەوامێکی کەم لەوێ دەبم، داوای هیچیش ناکەم.

## ٤

## عیزەت سولێمان بەگ

که لەو باسه ناوی کاك "عیزەت بەگ" هات، با ئەوەش باس بکەم، ئەو یەکێك بووه له سەرکردەکانی شەڕی هندرێن، که جوانەمەرگ "ئیدریس بارزانی" سەرپەرشتی کردووه، شەهیدی سەرکرده "فاخیر مێرگەسۆری" و "مولازم خدر"، ئەفسەرێکی عەرەبی شیوعی بوو، ڕۆلیان زۆر بووه، وا بزانم له ژیاندا ماوه و له هەولێرێ دەژیت.

لەو دەمانەی له کەرەج بووم، ئەویش ماڵی لەناو سەد خانووەکه بوو، لەوێ دەژیا، ئۆتۆمبێلێکی مارکەی پەیکانی پێ بوو، جارێکیان دەڕۆیشت و من دەبینێت بۆم ڕادەگرت و لەگەڵی سوار دەبم، که سەیری دەموچاوم کرد، پرسیم:

کاك عیزەت به نیاز نیت تۆش بچیتەوە؟

ئەو گوتی:

کێندەرێ؟

منیش گوتم:

تەسلیم ببیتەوە؟

ئەو گوتی:

نەخێر ئەوە ناکەم.

بەڵام پاش هەفتەیەك و دوای دیدارەکەم ئەو گەڕایەوە کوردستان.

پاش چەندان ساڵ، ڕۆژێکیان یەکترمان دیتەوە و ئەو گوتی:

سەڵاح لەبیرتە لەناو تاران بە منت گوت: بە نیاز نیت بچیتەوە؟ منیش گوتم ناچمەوە.

منیش گوتم؛ بەڵێ باشم لەبیرە و تۆش هەفتەیەك دوای ئەوە گەڕایتەوە!

ئەو گوتی:

ئێستا پرسیارەکەم ئەوەیە، چۆن دەتزانی من دەگەڕێمەوە؟ من تەنیا بە سەرۆك بارزانیم گوتبوو، ئەو پێی گوتبووم دەتوانیت بچیتەوە، چوونەوە بۆ تۆ باشترە، بەڵام تۆ چۆنت زانیبوو؟!

منیش گوتم:

بڕوا بکە هیچم نەزانیبوو، بەڵام کە سەیری دەموچاوتم کرد، گومانم لەوە کرد، هەستم بەوە کرد بۆیەش لە تۆم پرسی.

# ٥

# میوان

لەو ساڵانەی لە کەنەدا بووم دوو جار "عیسمەت شەریف وانلی" میوانم بوو، کۆتایی هەشتاکان بوو، جارێك چوار ڕۆژ و جارێك هەفتەیەك مایەوە، لەکن من بوو، دەمبردە سەر تاڤگەکانی نیاگارا، حەزی لە ماسیی ئەوێ بوو، ماسیمان خوارد. پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، زمانە فەرەنسییەکەی زۆر باش بوو، ماوەیەکی زۆر نوێنەری سەرۆك بارزانی و شۆڕش بووە، بەڵام بەو دواییانە مەیلی کەم بووبوو.

من لە کاك سەڵاح دەپرسم:

زمانە ئینگلیزییەکەت باش بوو، ڕۆژنامەکانی ئەوێت دەخوێندەوە؟

ئەو دەڵێت:

زمانەکەم باش بوو، ماوە ماوە بۆ زانیاریی و هەواڵەکان ڕۆژنامەکانم دەخوێندەوە، بەڵام بەردەوام نا، بەڵام زمانم باش بوو، لەوێ بە زمان و قسەکانم کاسبیم دەکرد، پارەم بە زمانم پەیدا دەکرد، ئەگەر زمانم باش نەبووایە بازاڕم نەدەبوو. ماوەماوەش دەزگەکەمان ئێمەی دەناردە خولی ڕاهێنانی زمان و قسەکردن و ئاشنابوونی زۆرتر بەو زمان و ئاخاوتنەی بازاڕ

گەرم دەکات، فێریان دەکردین چ ڕستە و دەستەواژەیەك بەکار بهێنین، کامیان کاریگەریی باشترە، هەروەها فێریان دەکردین، چ نەڵێین و لە کاتی ئاخاوتن و دانوستانەکاندا لە چ دوور بکەوینەوە؟

## دوازدەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١٦

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

١

## گەڕیدەیەکی بە زەوق

ئیمڕۆش وەك دیدارەکانی ترمان ئەو چاوەڕوان دەکات، منیش زووتر خۆم ئامادە دەکەم، هیچ نانووسم، بەڵام لە مێشکم شتێك بۆ قسەکردن و هەڤپەیڤینەکە ساز دەکەم. ئیمڕۆ و لەو ئاخاوتنەدا قسەی یەکەمی ئەو ئەوە بوو.

ئەو گوتی: ڕۆژەکە گەرمە، زۆریش گەرمە، شەویش میوانم هەبوو، بە دیلیڤەری داوای کفتەیان کرد، نەك کفتەی خۆمان، کفتەی تر ئێستا پەیدا بووە، کفتەی سووری و تورکی.. شتێك لەو جۆرە.

منیش دەپرسم: باشتر نەبوو لەو گەرمایە سەفەرێکی کەنەدات کردبووایە، باش دەبوو.

ئەو گوتی: دەچم، بەڵام جارێ نا.

بەو قسەیە، بەو هیوایەی کاك سەڵاح شادمان دەبم، دڵم خۆشە، وەك میوان و گەڕیدەیەکی بە زەوق سەیری ژیان دەکات.

## ٢

## زێڕەکانی باب و مامت چییان لێ هات؟

کاک سەڵاح با ئیمڕۆ وەك لێپرسینەوە و زانین قسەت لەگەڵ بکەم، پرسیاری کەمێك توند و هەستیار بکەم، "ئامادەم فەرموو، چ دەڵێیت وەڵامت دەدەمەوە"، ئاشکرایە باوکت و مامت لە هەولێر زێڕینگری دیار و دەوڵەمەند بوون، کە چوونەتە هەولێر یەکسەر لەناو گەڕەکی خانەقا خانووی گەورەیان کڕیوە، دوو نهۆم و ژێرزەمینی هەبووە، وایە یان نا؟ "وایە خانووەکەمان گەورە بوو"، دوایی لە ناودارترین و دیارترین شوێنی شاری هەولێر و لەسەر شەقامی گشتی هیلالی "٣٠ مەتری" بەرانبەر قاعەی شەعب خانوویێکی مۆدێرن و دوو نهۆم دروست دەکەن، دەوڵەمەند بوون، دایك و مامۆژنت زێڕیان زۆر بووە، ژنەکانی هاوتەمەنیان باسیان کردووە، هەروەها تۆش گەنج بوویت، زوو ئۆتۆمبێلیان بۆ تۆ کڕیوە، ئەدی ئەو پارەیە، سامانەکە، زێڕەکان، خانووەکە، دوکانەکە چییان لێ هات؟! تۆ دەورت هەبووە لە نەمانی سامانەکەیان، یان تۆ دوور کەوتوویتەوە، دابڕانی تۆ فاکتەرێکی سەرەکی بووە لەوەی سامان و دوکانە و زێڕکانیان نەمینێت، چ بوو بڵێ؟

"قسەکانی ئەو بۆیە خۆش و دڵخواز بوون، چونکە ڕوون و

بێ پەنا قسەی دەکرد، ڕازەکانی کراوە بوون، قسەی دڵی دەکرد و شەرمی نەدەکرد، دوودڵیش نەبوو، لەبەر بەرژەوەندیی کەس و هیچ لایەنێك قسەی نەدەکرد"

ئەو گوتی:

با بە درێژی بۆت باس بکەم، ڕاستە مامم و باوکم دەوڵەمەند بوون، زێڕیان زۆر بوو، دەستیان ڕەنگین بوو، نەخش و جوانییەکانی زێڕیان دیار و خواستراو بوون، هەولێر هەموو زێڕیان لەوان دەکڕی، خەڵکی سەرەوە هەموو دەهاتن، ماڵ و دوکان و سامانەکەی بۆ ئەوان کراوە بووە، ڕاستە لەبەر من و هێشتا گەنج بووم، زوو گوتم حەرەس قەومی ماڵەکەمان دەپشکنن و سێ کیلۆ زێڕمان لێ دەدزن، زەفت دەکەن و زێڕەکە دەڕوات، بەڵام ئەوە زۆر کاریان تێ ناکات، ئیش و بازاڕیان بەردەوام بووە، منیش هاتوچۆم نەدەکردن، هاموشۆی ئەوانم نەبووە، حەزم بە کاسبییەکەی و دوکانی ئەوان نەبووە، بەڵام بەنازیش بووم، منیان خۆش دەویست، تاقانەیان بووم، زوو دەبمە فەرمانبەر و مووچەم هەبووە.

باوکم زوو و لە ساڵی **١٩٦٦** دەمرێت و دوکانەکە دەکەوێتە ئەستۆی مامم، دیارە ئەو وەك باوکم وریا و زیرەك نەبوو، ئیتر دوکان و زێڕ و پیشەکەی دەکەوێتە دەست شاگردەکانی، منیش خەریکی حیزبایەتی و سیاسەت و ژیانی خۆم بووم. مامم پیر ببوو، تاقەتی نەمابوو، ئیشی کز ببوو، کاروباری خۆی باش جێبەجێ نەدەکرد و ئاگای لە دوکان و بازاڕ نەمابوو، منیش دوور بووم و خەریکی سیاسەت بووم، بە ڕاستی بەکەڵك ئەوەش نەدەهاتم دووبارە بچمەوە دوکانەکە و ئیشەکەشم نەدەزانی.

من لە سەرەوە بووم، لە چۆمان بووم و نەدەهاتمەوە ناو هەولێر، بەڵام ئەوەی باش بوو، ئەوەی خانووەکەی لە مامم کڕیبوو، گوتبووی با ژن و منداڵەکان لەو خانووە بن و کرێی مانگانەش نەدەن، کەی ویستیان، یان خانوویان کڕی دەتوانن لێرە بژین، ئیتر لەوێ دەبن تا لە ساڵی ١٩٧٤ منداڵەکانم خانووەکە چۆل دەکەن، بەڵام مامم ساڵی پێشتر، لەکن من و لە خانووەکەم لە ئازادی نزیك حاجی ئۆمەران مردبوو، لەوێ بێکەس و بێ هەوار هاتبووە کن من، ئاگام لێی بوو، کەسی نەبوو، من تاکە برازای بووم، تا مرد خزمەتم کرد، کە مرد خزمانی ڕواندز هاتن و تەرمەکەیان بردەوە هەولێر، لەتەنیشت باوکم لە گۆڕستانی چراغ ناشتیان، ئەوەش دەڵێم:

مامم بە گەورەی ژنێکی تری گەنجی هێنابوو، ئەویش منداڵی نەبووە، ژنی یەکەمی، لە حەبیبە کچێکی بە ناوی "فەتحیە" هەبوو، ئەویش دەبێتە دایکی ساجیدەی هاوسەرم. بەڵام لە ژنی دووەمی "فەخریە" منداڵی نەبووە، ئەویش هەر ڕواندزیی بوو. پاش مردنی مامم شووی کردەوە. دیارە ئەویش نەیتوانیوە سامان و دوکانەکەی لە مایەپوچبوون دەرباز بکات.



**حاجی سەدیق و ڕەفیق زێرینگر لەناو بازاڕ و کاسبکاران لە رۆژی ١٩٥٩/٦/٢٣**

## ٣

# کتێبەکانی ئەو ناخوێنمەوە

لە زێڕ و دوکان و ژن و میرات دوور دەکەوینەوە، دەمەوێ باسی "شەکیب عەقراوی" بکەین، نازانم زۆر لە خەڵکی ئاکرێی نازناویان ئاکرەیی بوو، بەڵام شەکیب بە عەقراوی دەناسرا.

شەکیب عەقراوی "ئاکرێ - ١٩٣٨" دەرچووی کۆلیژی یاسا بوو، لە سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و پاش ساڵی ١٩٦١ ئەو لە پارێزگای کووت بەڕێوەبەری ناحیە بووە، بە قسەی دکتۆر خورشید شەوکەت ڕواندزی؛ ئەو لەوێ نەفی بووە، لەسەر کوردایەتی دوور خرابووەوە، بە هاتنی شەکیب بۆ ناحیەکە دڵی خۆش دەبێت، وەك دوو کورد یەکتری دەناسن و هاموشۆیان گەرم بووە، "دکتۆر خورشید سەربردەکە دەگێڕێتەوە"؛ پاش ماوەیەك ئیقناعی دەکەم چیتر خزمەتی حکوومەتی عێراقی نەکات و واز لەو پۆستە بهێنێت و بچێتە ناو شۆڕش، ئیتر بەیەکەوە پارەی مووچەی ناحیەکە دەبەین و دەچینە ناو شۆڕش، بەڵام ئەو مەرجی هەبوو، گوتبووی: من دەمەوێ بچمە دەرەوە و شۆڕش بەرانبەر چاکە و پارەکە کارئاسانی چوونە دەرەوەم بۆ بکات.

دەچین و پارەکە دەدەینە شۆڕش، بەڵام ئەو ناڕوات و دەمێنێتەوە. شەکیب لەناو شۆڕش چالاك بووە و لە کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە

ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حیزب، لە ناو ڕێکخستنەکانی پاراستن بووە بە کەسی دووەم، واتە پاش کاك مەسعوود بارزانی بووە.

بەیەکەوە و لە دوو باڵی جیاواز ئیشمان کردووە، ماوەماوەش بارەگا و ئۆفیسمان بەیەکەوە بووە، بەڵام ژوورمان جیاواز بووە، لەسەر کاروبارەکان ڕۆژێکیان ناخۆشییەك دەکەوێتە نێوانمان، ئیتر پەیوەندییەکەمان سارد دەبێت، تا لەو ساڵانەی دوایی لە هەولێر لە دانیشتنێکی ماڵی "حوسێن سنجاری" دیتم و قسەمان کرد، هەر ئەو دیدارەمان بووە و دەزانم لە ئەمریکا مردووە.

کاك مەسعوود ڕۆژێکیان داوام لێ دەکات فەرمانێك دەربکەم، دەستە و هەڤاڵانی پاراستنی ئاکرێ سڕ بکەین، بەرپرسەکەیان وەك دەستبەسەر بێتە چۆمان و لێرە بژیت، ئەوە دەنووسم و ئەویش لەوە گلەیی دەکات چۆن پرسم بەو نەکردووە؟! چۆن بێ من ئەوە دەکەن؟! ئیتر من لەسەر فەرمانی بەرپرسەکەم ئەوەم کردبوو، گوێ بەو نادەم.

ئەو کەسێکی ڕوون نەبوو، نهێنی باش دەپاراست، کوڕی باش بوو، زۆر بەیەکەوە کارمان کردبوو.

من پێی دەڵێم:

سێ کتێبی سیاسیی نووسیوە، لەوانە "سنوات المحنة فی کردستان ٢٠٠٧، صدام حسین صعودا ونکوصا، رسائل من کردستان ٢٠١١" ئەگەر ئەوانەت دەستکەوێت دەیانخوێنیتەوە؟

ئەو گوتی:

نەخێر، شتی ئەو ناخوێنمەوە!

پاش نسکۆ قسەی لەسەر بوو کە ڕۆیشتووە پارەی پێ بووە، مووچەی برادەران و سەرمایەی دائیرەکەی لەکن بووە، هەمووی لەگەڵ خۆی بردبوو.

"دیارە ئەو فێر بووە لەگەڵ ڕۆیشتن پارەی قاسەی بەردەستی ببات، دەستبەتاڵ نەڕۆیشتووە!"

"ئەو جارە پارەکەی بۆ خۆی بردبوو، کەس نەیزانیبوو، بە قاچاخ چووبووە سووریا و تورکیا و پارەکەشی بردبوو."

من لە کەنەدا بووم سەرۆك مەلا مەستەفا لە ئەمریکا بوو، کاك مەسعوود لەوێ بوو، بەڕێز موحسین دزەیی پەیوەندیم پێوە دەکات و دەڵێت: شەکیب لە قاهیرەوە هاتووەتە ئەمریکا لەناو فڕۆکەخانە پارەی لێ گیراوە، پارەی زۆری پێ بووە، گومانیان لێی کردووە، لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردووە، ئێمەش گومانمان هەر هەبووە کە پارەی بردووە، شکایەتمان کردووە، ئەمریکییەکانیش دەیانەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر هێنانی پارەکە بکەن. بە من دەڵێن تۆ وەك شاهید و ناسیارێکی ئەو و بڕە پارەکە دەتوانیت قسەیەك بکەیت، منیش گوتم:

بە "پێ"یانیش بێت لە کەنەداوە دێم، ئامادەم.

پاشان ئەمریکییەکان دەڵێن بۆ ئەوە پێویستە سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی حیزب و شۆڕشەکە لە دادگەکە ئامادە بێت، دیارە ئەویش گوتبووی من چۆن دێمە بەرانبەر کەسێکی وا؟! ئیتر دۆزەکە دادەخەن.

ئەو ساڵانەی لە چۆمان بوو، داوای کچی شەهید "ساڵح یوسفی" دەکات، دەیەوێ "نارین" بکاتە هاوسەری، بەڵام شەهید

ساڵح یوسفی ڕازی نەدەبوو، دەیگوت نامەوێ منداڵەکانم لەو کەشوهەوایە نزیك بکەونەوە، با وەك خۆیان بژین، ئیتر زۆر داوای دەکات و برادەران زۆر پێی دەڵێن، بە کەس ئیقناع نابێت، تا سامی عەبدولڕەحمان پێی دەڵێت و ڕازیی دەکات.

کە ناوی د. خورشید ڕواندزییمان هێنا، با کەمێك باسی ئەو بکەین، ئەو دێتە ناو شۆڕش، پاش لێکترازانەکەی حیزب و جیابوونەوەی جەلالی و مەلایی مەیلی جەلالییەکانی هەبوو، تا "چەمی ڕێزان"یش لەگەڵیان دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوان ناچێتە هەمەدان و ناو حکوومەت، زوو دەڕوات و دەگاتە ئەڵمانیا.

## ٤

# فڕۆکە و دەبابەی شۆڕش

لە گەرمەی شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤، لەو دەمانە سۆخۆی و باجەری گەورەی ناپاڵمهاوێژ و مێکەکانی حکوومەت ناوچەکەیان هەراسان کردبوو، ئەو ڕۆژانەی هەور نەبووایە، شەو نەبووایە، شار و گوندەکانیان بۆردومان دەکرد، بە ناپاڵم و موشەکی گەورە و بچووك و شێستتیریش بەرەکانی شەڕیان بۆردومان دەکرد، تەیارەشکێنەکان، دۆشکەکان بەرگەی ئەوانیان نەدەگرت، بەڵام بەرگرییان دەکرد، زیانیان بە فڕۆکەکان دەگەیاند، دووریان دەخستنەوە، بەڵام فڕۆکەکان زیانیان زۆر بوو، چەند جار لەناو چۆمان خەڵکیان شەهید کردبوو، لەسەر پردەکەی گەڵاڵە، لە زانکۆکەی قەڵادزێ، ئیتر ئاسمانی کوردستان و بەرەکانی شەڕەکە بە دەست ئەوانەوە بوو، زۆریش گلەیی دەکرا، کە سەرکردایەتی گوتبووی، فڕۆکەمان دەبێت، ئاسمان هی خۆمان دەبێت، دەبابەمان هەیە، دەیانگوت خەڵك هەبووە تەڵاقی خواردووە و گوتوویەتی دەستم لە دەبابەی کوردستان داوە، خۆم بینیومن، بەڵام دەرکەوتبوو ئەوانە هەمووی وا نەبوون، ماوەیەك کۆنە قەلابێکیان بە ئاسن و پارچە پلێت داپۆشیبوو، ناویان نابوو دەبابە کۆرەکە.

ڕۆژێکیان لەناو چۆمان جەوهەر هیرانی بەرپرسی دیفاع مەدەنی لەناو پیکەبە شرەکەی بە بڵندگۆکەی و لەناو شارەکە، لەسەر شەقامە سەرەکییە قەرەباڵغەکەی بە پێشمەرگەی ماندوو، بریندار، ئەوانەی مۆڵەتیان هەبوو، ژن و منداڵەکان، لەناو دەزگەکانی شۆڕش گەڕابوو، سووڕابووە و هاواری کردبوو و گوتبووی:

داوا لە پێشمەرگەکانی سەر دۆشکەکان، تەیارەشکێنەکانی چواردەورەی شارەکە دەکەم، ئەگەر ئیمڕۆ فڕۆکە هات، هەر فڕۆکەیەك دەرکەوت، ئەوەی هات، تەقەیان لێ مەکەن، ئاسوودە سەیریان بکەن، مەچوونە سەر تۆپەکانتان، ئەوانە فڕۆکەی خۆمانن، دۆستی خۆمانن، شوکر لە چاوی دۆستەکانمان بووینە خاوەن فڕۆکەی خۆمان، تەقەیان لێ مەکەن و چاوی خۆتان کوێر مەکەن. داواش لە خەڵکەکە دەکەم، خۆتان مەشارنەوە، لەوانە مەترسێن و مەچوونە ناو کونەتەیارەکان، خۆتان مەشارنەوە، مەترسن، فڕۆکەکانی ئیمڕۆ، ئەوانەی ئیمڕۆ دەگەنە سەر چۆمان و باڵەکایەتی ناپاڵم لە ئێوە نادەن، چاڵی گەورە گەورە دروست ناکەن، ئەوانەی هی خۆمانن، فڕۆکەکان بن باڵیان زەردە. ئەدی نەمانگوتووە بە چی لێمان بدەن، بەوە لێیان دەدەینەوە! ئیتر ئیمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە.

هەر لەو ڕۆژە، وەك ئەوەی بڵندگۆکە، دەنگەکە، خۆشییەکە؛ بانگی فڕۆکەکانی حکوومەتی کردبێت، پەیدا دەبن و دێن، جووتێك، دوو مێك، یان دوو سۆخۆی سۆڤیەتی، دێن و کەس تەقەیان لێ ناکات، کەس نەترساوە، هەموو بڕوایان بە بانگەوازەکە کردبوو، ئەوانیش تیژ وەك هەڵۆ و نەوی وەك کۆترێك دەگەنە سەر چۆمان و ناوپردان و وەردە و ناوەندە و

مەمی خەلان و خۆشکان دەدەنە بەر بۆمب و مووشەك، ئەوەی چەند ڕۆژ و چەند مانگی ڕابردوو بەو ناوچانەیان نەکردبوو، ئەو ڕۆژە ئەوە دەکەن، زیانی گیانی و ماڵیی زۆریان بە ناوچەکە گەیاندبوو، دەرچوو فڕۆکەمان نەبوو و نابێت.

## ٥

## ڕۆژی نسکۆکە لە کوێ بوویت؟

ڕۆژی نسکۆکە، کاتی تەسلیمبوونەوەی خەڵکەکە، کە چەکەکان فڕێ دەدەنە ناو ڕووباری چۆمان، کە ئێستگەکە بار دەکەن، لە کوێ بوویت؟ تووڕە نەبوویت؟ گلەییت لە سەرکردایەتی و ڕەحمەتیی مەلا مستەفا نەبوو؟

نەخێر، من هەموو دەم مەلا مەستەفام بە گەورەی خۆم زانیوە و هەر گەورەی من بووە، دەمزانی هیچ چارەیەکی نەبووە، ئەمریکییەکان، هینری کیسنجر "Kissinger Henry" وەزیری دەرەوەی ئەمریکی پێی گوتبوو، بڕیارەکە وایە، چەك نەبیت و نەچیتە ناو ئێران، هەموو دەوڵەتەکان لێت دەدەن، خەڵك بە کوشتن مەدە، ڕۆژەڤەکە کاتییە، زۆر ناخایەنێت، دووبارە چەك و پێویستییەکانتان بۆ دابین دەکەینەوە، ئەوە برادەران بۆیان گێڕامەوە. بۆ نسکۆش پارچەیەك شیعرم بە ناوی "ڕۆژی حەشر" نووسیوە، بە ڕاستی ڕۆژەکە، سەردەمەکە ناڵەبار و کوشندە و سەخت بوو، حەشر بوو.

ئەو ڕۆژە من مۆڵەتم هەبوو، تازە ژن و منداڵەکانم لەناو ئۆردوگای نەلیوان بردبووە شاری شنۆ، لەوێ ژنەکەشم دەرسی بە منداڵەکانی خۆمان دەگوتەوە، لەوێ بووم کە دەزانم شۆڕش

نەما، ئیتر ناچمەوە، ناگەڕێمەوە سەر هەوارەکەم، چیم لەوێ نەبوو، شۆڕش نەما پرێسکە و چەکم بۆ چییە. ماوەیەك لە شنۆ و دوایی ڕەوانەی ناوچەیەکی ئەسفهانم دەکەن، لەوێ خۆم دەدزمەوە بە منداڵەوە دەچمە تاران و ناو سەد خانووەکەی کەرەج.

مووساش دار عەسای شکا بوو

کە شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول نسکۆی هێنا، لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووین، منیش ئەو میللەتەم وا دی، جا ئەوانەی دەیانەوێ ئەو هەرێمە نەمێنێ، با باشی بخوێننەوە:

مووساش دار عەسای شکا بوو
ئەگەر هاتوو لەو دونیای تر لێیان پرسیم
لە کام خاکی خودا هاتووی؟
ئەڵێم قوربان لە ئەو خاکەی بە ڕووڕەشان پیس کرابوو
زۆر چڵکن بوو
کفر نەبێ خوداش ئاگای لێ نەمابوو
هەست و هۆشی چل ملیۆن کەس
ئا لەم خاکە هەمووی لەیەکتر جیابوو
گردێکی زۆر بە دڵ ئاسان
پێی دەڵێن گردی سەربەرزی
هەر بستێکی ئەڤریستێ بوو

لایان وابوو
کەس تەکانی بۆ نەمابوو
ئەوەی خۆی بە خوا دەزانی
فیرعەونێکی نوێی دونیا بوو
لە کەناری دیجلە و فوڕات
چەند کۆشکێکی بۆ کرابوو
زۆر داوێنپیس و زۆر بەد بوو
دڵی زۆر ڕەق هەر وەك بەرد بوو
دیجلەش وەك دەریای سوور وا بوو
" کەرکووکی" دڵمان سینا بوو
مووساش دار عەسای شکا بوو
غەدرێکی وای لێ کرا بوو
ئەویش سەری لێ شێوابوو
خەڵکانیش نیوەیان مردوون
ئەوەی تریان نیوە زیندوون
وەك سواڵکەران لێ هاتوون
شەوانیش دووره چرا بوون
وەرزی گەرما لە باکوور بوون
بە سەرماشا لە باشوور بوون

ئۆقرەیان لە دڵ نەمابوو

زیرەکەکانیان بێ سەر مابوون

سەریان لە لەشیان جودابوو

ڕێگر لە ڕێیان وەستابوو

ساویلکەکان هەر باس نەکەی

نە سەر لە لەشیان لا مابوو

لە بازاڕی پۆستاڵڕەشان

لەژێر ڕەحمی دەلاڵ مابوون

دیمەنێکی دڵتەزێن بوو

وەك پەز وابوون

گشت بە مێگەل فرۆشرابوون

ئەو پرسیارە کەی لێم بکەی

گەورەم بە گەورەییت قەسەم

هەر وام دیبوون

هەر ئەوهایە و

کاش بگۆڕێن، هەر ئەوها بوون.

**سەلاح ماندوو**

**٢٢ حوزەیرانی ١٩٧٥ کوردستان — شنۆ**

## سێزدەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ نیاز عەدنان

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١٥
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر



**نیاز عەدنان**

## ١

## گەڕەکی خانەقا بەیەکترمان دەناسێنێت

بۆ دیدار و قسەکردن لەگەڵ کاک "نیاز عەدنان"، ڕێك دەکەوین ئێوارەیەك بە ماسنجەر قسە بکەین، ئەو گوتی: ئیمڕۆ زۆر باشە بە تەنیا لە پەیمانگەم، کەسم لەکن نییە، کاتم زۆرە قسە دەکەین، باشە من چ بڵێم، چیت لە من دەوێ؟

منیش پێی دەڵێم:

هەموو دەڵێن کاك نیاز کوڕ و برا گەورە و زاوا و پشتیوان و هاوکارمان بووە، دەی قسەمان بۆ بکە، چۆن بوویتە زاوایان، چۆن ئەوانت ناسی؟

کاکە، ناسینی ئێمە، وەك دوو خێزان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی حەفتا هەشتا ساڵ، دایکم باسی داپیری میدیای دەکرد، بەدریەی دایکی کاك سەڵاحی، ئەوانە لە ڕواندز هاتوون، دوو برای زێرینگر بوون، هاتوونەتە ناو خانەقا، ناو بازاڕی هەولێر، خانەقا و بازاڕیش بۆ ئێمە نزیك و مەڵبەند بووە، باوکم قەڵاتی بووە، دایکم کیژی شێخ "مەزهەری شێخ یەحیا نەقشبەندی"یە، مزگەوتی خانەقا هی باپیری بووە، قەبرەکەشی لەوێیە.

هەردوو خێزان یەکتریان دەناسی، سەڵاح باوکی و مامی لە بازاڕ ناسراو بوون، خاڵم شێخ "نەجات نەقشبەندی" پەیوەندی بە پارتی و حیزبەوە هەبووە، مامم "نەوزاد موحەمەد عەلی" لەناو

حیزبەوە کاك سەڵاحی دەناسی، ژنەکانمان هاموشۆیان هەبووە، ئیتر ناسین و دۆزینەوەکە ئاسان بووە.

پاش ئەوەی داخوازییەکە دەکرێت و ساجیدە خانی دایکی میدیا ڕازی دەبێت، من تەلەفۆن بۆ کاك سەڵاح دەکەم، لە کەنەداوە قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەویش ئاسان و یەکسەر دەڵێت:

میدیا خۆی بڕیاری ژیانی هاوسەرگیری دەدات، ئەگەر ئەو ڕازییە من پیرۆزباییتان پێ دەڵێم.

هەموو لایەك بەو پرۆسەیە دڵمان خۆش بوو، بەڵام بێجگە لەوەی من زۆر شانازییم پێوە دەکرد میدیا باوکی کۆنە پێشمەرگە بووە، نەهاتووتە و تەسلیم نەبوویتەوە، بەرگەی ئەوەی گرتووە حەڤدە ساڵ بێ ژن و منداڵەکانی لە دەرەوە بژیت و بەرگە بگریت. بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٢٩ هاوسەرگیرییەکە دەکەین، لەناو خانووەکانی نەسیج خانووێك بە کرێ دەگرین، من پیاوێکی کاسبی ناو بازاڕ و میدیاش فەرمانبەر بوو.

لەو پرۆسە شیرین و پیرۆزەدا، پێنج منداڵیان هەیە "دەرباز" دکتۆرە و لە ئەمریکا لەگەڵ هاوسەرە دکتۆرەکەی ماستەر دەخوێنن، "کوردستان" ئەو کچەمان بارزانی برام ناوی لێ ناوە، ڕۆژانی مانگرتنەکە لەدایك بووە، خەڵك، داوا و سکاڵایان دەبردە بەر دەروازەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شارۆچکەی عەنکاوە، ئەوکات لەدایك بووە و ماستەری لە ئەندازیاری هەیە، "بڕوا" دکتۆری ددانە ئێستا لە سۆران کار دەکات، "دوین"ی کچم لە قۆناخی کۆتایی دەرمانسازییە، "ئاماد" ناوی ئەوم زۆر پێ خۆشە، چونکە دایکم ناوی لێ ناوە، ئێستا لە قۆناخی ئامادەییە.

## ٢

## گەڕەکی نەسیج و زانیاری نزیک دەکەینەوە

ئیتر لەو ڕۆژەوە پیاوێك دەچێتە ناو ماڵەکەیان، برایەك بۆ خوشکەکان، هاموشۆیەك لە ماڵەکە پەیدا دەبێت، ڕۆژانە لەگەڵ میدیا سەردانمان دەکردن، دەنگمان هەبوو، لێمان کۆ دەبوونەوە، دەنگەدەنگیکی نویێ پەیدا دەبوو، چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، ڕێگەکەشمان دوور نەبوو، لەو ساڵانە بارودۆزخەکە کشومات مابوو، هاتوچۆش گەرم نەبوو، بەڵام ئێمە دەچووین، ماڵیان دووریش نەبوو، نەسیج و زانیاری زۆر نەبووە، بۆ ئێمە باڵمان دەگرت، شەقامەکانیش چۆل بوو، ئاوەدانییش ئەوەندە زۆر نەبوو، کە ئێوارە دادەهات، کە دەبووە هەینی، پشوو دەبوو، بۆنی شیوی مامۆستا ساجیدەم دەکرد، میدیا ئارەزووی نازی دایکی دەکرد، دەچووین دەبووینە ژن و مێردێکی خەڵکی زانیاری، بۆ هەردووکمان گەڕەکەکە شیرین بوو، من لە ئازادی گەورە بووبووم و ئەویش لە زانیاری، من دەچوومە کن ژنێك خەسووم بوو، بەڵام بەقەد هەموو دونیا کەیفی بە من دەهات و منیش لەبەر میدیا و سۆز و کابانی و گەورەیی ئەو ژنە کەیفم زۆر بە خێزانەکە و ماڵەکە و باخچە بچووکەکەیان دەهات، ئیتر من زاوا نەبووم بووبووم بە سێبەر و کەس و پشتیوان.

من بووبووم بە دارێکی حەوشەکەیان، گلۆپیان دەسووتا من دەمگۆڕی، ئاویان نەبووایە من تینووم دەبوو، کارەبایان دەکوژایەوە چرام بۆیان دەبرد، ئیتر حەزم دەکرد من سەوزەیان بۆ بکرم و دەمویست سالآنی بێباوکی و ڕۆژانی بێپیاوی لەو ماڵە پڕ بکەمەوە، من بە تەنیا دوو دەست و دوو و چاو و دوو گوێ بووم و بە هەمووان ڕادەگەیشتم، دایکم زۆری پێ خۆش بوو، کەیفی بەوە دەهات دەتوانم جوان و مەردانە بچمە ناو خێزانەکە.

## ٣

## ئەوان دەچنە کەنەدا

کاك سەلاح کە لە ساڵی ١٩٩٢ هاتەوە، بینیم کەسێکە بە ئاکار و هەڵسوکەوت و شێوەی جیاوازە، خاوێن و جوان و ڕێکپۆش، میوانی زۆری دەهات، ماڵەکەی بووبووە دیوەخان، هاتنەوەکەی ڕووداوێکی گەورەی خێزان و شارەکە و هەموو پارتییش بوو. ماوەیەکی کەم مایەوە و ڕۆیشتەوە، بەڵام قسە لەسەر ئەو کرا خەسووم و کیژەکان بچنە کەنەدا. بڕیار دەدەن ئەو بگەڕێتەوە داوای ئیقامەیان بۆ بکات، سەبارەت بە میدیاش کاك سەلاح حەزی دەکرد، ئەویش ببات و دوایی منیش ببات، بەڵام میدیا گوتی: من بە دوو منداڵەوە ناڕۆم، ئێوە بڕۆن.

ڕۆژەکە ڕەش و نالەبار بوو، شەڕی براکوژی بوو، هەولێر لە دەست یەکێتی و مەسیف لە دەست پارتی بوو، دەرچوون و ڤیزا ئاسان نەبوو، دەبووایە من ئەو کارە بکەم، ئەوانە هەموو ببەمە ئەنقەرە، بچنە باڵیۆزخانەی کەنەدی، ڤیزایان بۆ پەیدا بکەم، ئاسان نەبوو، بەڵام دەتوانم و ئیشەکە جێبەجێ بوو، چووینە ئەنقەرە، لەوێ دەگەینە باڵیۆزخانە و پێیان دەڵێم: تەواو فۆرمەکانتان وەرگرت و ڕێکارەکانمان کۆتایی هات، ئینجا ئێوە لێرە چاوەڕوان بن.

من دەگەڕێمەوە هەولێر و دەبووایە ئەوان لەوێ بن، کەلکی ئەوەی نەبوو بێنەوە هەولێر و دووبارە بگەڕێنەوە تورکیا، ئاسان نەبوو، ئیتر هەشت نۆ مانگ چاوەڕوان دەبن و ئیقامەیان دەردەچێت و دەگەنەوە یەکتری. کاك سەڵاح و خەسووم و سێ کچەکەی، من و میدیاش لە هەولێر دەبین.

لەگەڵ کاك سەڵاح پەیوەندییمان بەردەوامە، نیوەڕۆیەکان بەیەکەوە نان دەخۆین، دانیشتنی خۆشە، حەزی لە تەنیاییە، ئەو کورسییەك و تەلەڤزیۆنێکی دەوێت، ئارەزووی ئەوەیە و بێزار نابێت.

خزمەکانی خۆشیان دەوێت لە کۆچڕەوەکە سی چل کەس دەبووین، میدیا لە ڕواندز ئێمەی بردە ماڵی مام ڕەفعەتی کوڕە پلکی کاك سەڵاح، زۆر خزمەتیان کردین، هەفتەیەك لەوێ بووین، شەوانە سەرماش بوو، خانووەکەشی بچووك بوو خۆیان لە دەرەوە دەمانەوە و ئێمەش لە ژوورەوە بووین. لە کوڕە پلکەکانی مام ڕەفعەت و مام مەجید و مام حیکمەت هاتوچۆی گەرمی منداڵەکانیان دەکرد، وەك خاڵەکانی میدیا باش بوون.

ئەوەی حەزم لێیە باس بکەم، لە ڕۆژە دژوارەکانی ئەو دەمانە هەولێر، شەڕ و قەیرانەکان، نەبوونی غاز و نەوت و زەخیرە، خەسووم ساجیدە زیرەك و بەتوانا بوو لە دانانی پێویستییەکانی ماڵەکەی، بڕوا دەکەیت هاوینان دوو بەرمیل نەوتی زستانی دەمایەوە، منداڵەکانی بێ باوك وەك گوڵ پەروەردە کرد، بە یەك مووچەی مامۆستایەتی کاروبارەکانی بە ڕێ کردووە.

نامەوێ من باسی نەخۆشکەوتن و مردنەکەی بکەم، بەڵام لە

نەخۆشخانە و لە تورکیا و تا مرد لێی نزیك بووم. لە ڕۆژانەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا مرد، لە گۆڕستانەکەی باکوور "شێخ ئەحمەد" پارچەیەك زەویمان بە سەرووی دەفتەرێك دۆلار کڕی لەوێ ناشتمان.

"با منیش ئەوە بڵێم: لەو دەمانەی کە دەزانم باپیری کاك نیاز لە ساڵی **١٩٣٧** بۆ چەند ساڵێك، بەبێ پارە خانوویێکی دوو نهۆمی دە دوازدە ژووری دەداتە قوتابخانەکەی قەڵاتی هەولێر، یەکتری دەناسین، باپیرە گەورەیان موختارە فەندی یەکەم پارێزەری شاری هەولێر بووە، لە ساڵی ١٩٠٤ کۆلێژی حقوقی ئەستبۆلی تەواو کردووە و هاتووتەوە هەولێر"

## چواردەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/١٨
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## دانیشە بەردەبیتەوە

پاش سڵاو و هەواڵپرسین، یەکسەر کاک سەلاح گوتی:

دوێنێ باخچەم ئاو دەدا، لەسەر کاشیی ناو گەراجەکەم خلیسکم برد و بەربوومەوە، هیچ شوێنم نەشکا، بەڵام برینەکانی پێم زامدار بوونەوە، هەڵسامەوە و ئاساییە چاك دەبمەوە، هیچ نییە، کەمێك خوێنیشم لێ هات، ئاساییە و ئێستا زۆر باشم، ڕۆژی یەکەم باسم نەکرد، دوایی کە میدیا زانی گوتی:

سەد جارمان پێ گوتی؛ ئاگات لە خۆت بێت، ئەوەندە مەجووڵێ، باشە تۆ چ حەقت بە سەر باخچەوە هەیە! باخچەچیی خۆت هەیە، ئەو دار و گوڵەکانت بۆ ئاو دەدا، بۆ دانانیشی؟!

منیش گوتم:

ڕاستە، بەڵام ئەوان گوڵەکان باش ئاو نادەن، دڵم بەوان داناکەوێت. ئیتر هیچ نەبووە، باشم و چاکیش دەبمەوە.

منیش پێم گوت:

کاك سەلاح پێم گوتی: نەعلەکانت باش نین، لووسن!

تۆ گوتت: نا باشن، تەندروستن و بە تایبەتی بۆم دانراون!

ئەو گوتی ڕاستە گوتت؛ نەعلەکانت لووسن، بەڵام باشم هیچ نییە.

دوێنێ پارچەیەك لە نووسینەکەت ناردبوو، خوێندمەوە، حەز دەکەم ئەوەت بۆ ڕاست بکەمەوە، کە ڕەحمەتیی سەرۆك بارزانی لە واشنتۆن بووە، لە کوڕەکانی تەنیا کاك مەسعوودی لەگەڵدا بوو، ئیدریسی جوانەمەرگ لە ئێران بوو، لەوێ مابووەوە و خەریکی حیزب و خەڵکەکە بووە، بەڵام موحسین دزەیی و دکتۆر نەجمەدین کەریمی لەگەڵدا بوو. ئەوە ڕاست بکەوە.

منیش گوتم: بە چاوان سوپاس.

لێی دەپرسم هەر لەو ساڵە زانیومە عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی لە لایەن حکوومەتەوە نێردرابوو، قسە لەگەڵ ڕەحمەتیی مەلا مەستەفا بکات و ئیقناعی بکات بگەڕێتەوە، تۆ وەك ناسیار و برادەرێکی ئەو، کە لە کەنەدا بوویت ئاگات لەوە هەبوو؟ ئەو گوتی:

ئەو دەمانە نەمزانیبوو، ئاگادار نەبووم هاتووە، بەڵام ئەو هاتبوو و چەند ڕۆژێك مابووەوە و هیچی پێ نەکرابوو. من دوایی ئەوەم زانی.

## ٢

# جەلالی و مەلایی

کاك سەلاح، تۆ لە ناوەڕاستی شێستەکانی سەدەی ڕابردوو، لەو دەمانەی حیزب بووبوو بە دوو بەشەوە، بە گوتەی خەڵك "مەلایی و جەلالی"، تۆ لە دەزگەیەکی هەستیار بوویت، لەناو پارێزگای هەولێر فەرمانبەر بوویت، لە حیزب ئەندام بوویت، خەڵکت زۆر دەناسی و بەردەوامیش چالاك بوویت، دەمەوێ پێناسە و ڕۆژانەی ئەو ساڵانەی هەولێرم بۆ بکەیت، بە تایبەتی کە جەلالییەکان "باڵی مەکتەبی سیاسی" پۆستی پارێزگاری هەولێریش وەردەگرن، ئەفسەرێکی باڵای خۆیان لەو پۆستە دادەنێن.

بەڵێ لەو ڕۆژەڤە من ئاگادار بووم، لە ڕووداوەکانیش نزیك بووم، بە تایبەتی لەناو پارێزگا، پارێزگارەکەش کەسێکی سەربازیی بوو، جەلالی بوو، بۆ حیزبەکەی ئیشی دەکرد، توندیش بوو، وەك بزانم لەناو ماڵەکەی حەپسی هەبوو، خەڵکی لەناو ماڵەکەی و دوور لە دادگە و پۆلیس گرتووە، ئازاریان دەدان، بە تایبەتی کادیرەکانی مەلایی، لەوانەی سەرپەرشتی زیندانەکەشیان دەکرد، یەکێك لەوانە لە پاش ڕاپەڕین دەبێتە بەرپرسێکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، هەروەها کوڕێکی

تریش هەبوو، "تاریق شێخ نووری" باوکی ڕەئیس عورفای پۆلیس بوو، باوکی پیاوێکی باش بوو، ئەویش لەوەیان هاوکار بوو. ماوەیەك تاریق لەناو ژوورەکەی من، لە بەشی قەڵەمی سرِ دادەنێن، بەڵام هیچی پێ نەدەکرا، من کاروبارەکانم باش کۆنترۆڵ کردبوو، نەیدەتوانی ئیشەکانم لە بن دەستی دەربهێنێت و نەتوانم هیچ بکەم. دوایی دەیکەنە بەڕێوەبەری ناحیەی هیران و لە من دوور دەکەوێتەوە.

هەر لەو دەمانە هەندێ لە فەرمانبەر مەلاییەکانیشیان دەگواستەوە دەرەوەی سنووری پارێزگای هەولێر، یەکێك لەوانە برادەر و هاوڕێیەکم بوو، لەگەڵ ڕۆژگار هەر خۆم زوو ڕێکارەکانی گەڕانەوەم بۆ شوێنەکەی خۆی بۆ کرد.

ئێمەش وەك پارتی ئیشمان دەکرد، خەلکی زۆرمان لەگەڵدا بوو، ماوەیەك بەرپرسی شاریش "ئیسماعیل مەلا عەزیز" بوو، ئەو مامۆستا بوو، ماوەیەك ئەویش دەگرن. "مەلا هادی" ئەویش کادیرێکی چالاك بوو، برادەرم بوو، لە ساڵی ١٩٦٣ ڕۆژێکیان دوو سێ پێشمەرگە لە بارەگا هێز و ناوچەی حیزبەوە سەردانمان دەکەن، بەیەکەوە لەناو ماڵی "ئەحمەد تەقاعود" پێکەوە هەرسێکمان بەرنامەی دارِشتنەوەی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی لاوان دادەرێژین، ماڵەکەی ئەو بۆ ئەوە باش بوو، ماڵی لە گەڕەکی تەیراوە بوو، کەسی نەبوو، پیرە دایکێکی هەبوو، چاویشی تەواو نەبوو. مەلا هادی دوایی بووە بە ئەندام پەرلەمان و ئەحمەد تەقاعودیش ماوە و ئاگاداری ژیانی ئەوم، لەنێوان هەولێر و ئەڵمانیا دەژیت.

ئەوەش دەڵێم ڕاستە حەمەدەمین فەرەج جەلالی بوو، لەگەڵ

حکوومەت بوون، دژی شۆڕش و پێشمەرگەش بوون، بەڵام لەگەڵ قائید فرقەی هەولێر بەردەوام ناکۆك بوو، ئەو دەیویست وەك نوێنەری سەرۆك کۆمار لەو شارە هەڵسوکەوت بکات، بەبێ پرس و ئاگاداریی ئەو سوپا هیچ نەکات، بەڵام قائید فرقە پرسی پێ نەدەکرد، لەوە پارێزگار تووڕە دەبوو و گلەیی دەکرد، بەڵام سوودی نەبوو.

## ٣

# سەرۆک بارزانی هەولێر دەکاتە پایتەخت

کاك سەڵاح با هەر لەو باسە بمێنینەوە، باشە جەلالییەکان لەناو ئەو شارە و لەگەڵ حکوومەت بوون، بۆچی لاواز بوون، هیچیان پێ نەدەکرا، بارەگایەکیان هەبوو لەناو گەڕەکی سەیداوە، شەوێکیان بە پەلاماردانێکی سادەی کتوپڕ دەیگرن، ئەوەی ڕای کرد دەربازی بوو، ئەوانی تر کوژراو و بریندار و دیل دەکەونە دەستیان و بارەگاکەیان پێ چۆل دەکەن؟

کاکە ڕاستە، هێزیان کەم بوو، لە لایەن خەڵك خۆشەویست نەبوون، ڕاستە ژمارەیەك کەسانی ڕۆشنبیریان لەگەڵدا بوو، ڕاستە چەند عەشیرەتێك لەگەڵ بارزانییەکان کۆنەقین و ناکۆکییان هەبوو، بەڵام مەلا مەستەفا دەسەڵات و هێزی زۆر بوو، ناکرێ ئەوەش لەبیر بکەین، فارس باوە لەو دەمانە ناو و دەنگ و هێزێکی زۆری هەبوو، کەس ناتوانێت ڕۆڵ و ئازایەتیی ئەو پشتگوێ بخات، "وەك دەڵێن شەوانە منداڵیان بە ناوی ئەو دەخەواند" سەرۆك بارزانییش بە دروستی و بە تەواوی پشتیوانی دەکرد. پێشمەرگەکانی هێزی دەشتی هەولێر هێزێکی گەورە و ئازا بوون. جەنگاوەرانی ئەو هێزە ناویان دەرکردبوو، بۆ نموونە لەناو گوندی شاخۆڵان دوو کەس، دوو پێشمەرگەی ئازا بە ناوەکانی "خەلیل" و "فەتحی" کە لە عەشیرەتی زراری بوون

لەناو کۆشکێك خۆیان توند دەکەن، حکوومەت بە هەموو جۆرە چەکێك؛ کۆپتەر و دەبابەشیان بەکار هێنا، زیاتر لە ٢٥٠ سەرباز دەبوون، جەلالییەکانیش بەشداری ئەو شەڕە دەکەن، نەیانتوانی بە زیندوویی بیانگرن و بەرگرییەکی زۆریان کرد تا شەهید بوون، بۆیەش لاوکیان بەسەر ئازایەتیی ئەو دوو پێشمەرگەیە گوتووە و ئێستا ئەم شەڕە وەکوو "داستانی شاخۆڵان" ناوبانگی ماوەتەوە.

کاك سەڵاح جەلالییەکان چیی بەرجەستە و دیاریان بۆ هەولێر کرد، وەك چۆن لە سلێمانی زانکۆیەك دەکەنەوە، پرۆژەی تریان بۆ ئەوێ جێبەجێ کردبوو، لەناو بەغداش دەوریان هەبووە لە دانانی کۆڕی زانیاری و یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەی هاوکاری، ئەی لە هەولێر چییان کرد؟

ڕاستیت پێ بڵێم هیچیان بۆ هەولێرێ نەکرد، ئەوەندەیان کرد ماوەیەك بە سەرپەرشتی "شێخ ئەحمەدی شێخ عەبدولکەریم" دەچنە سەر دوکانەکانی ناوشار، سەر چایەخانەکان و هەڕەشەیان لێ دەکەن ناوە عەرەبییەکانی سەر تابلۆکان بگۆڕن و بیانکەنە کوردی، گۆرانیی عەرەبی و تورکمانیان لە شوینە گشتییەکان کەم کردبووەوە، بەڵام ئەوانەش کاتی و سەرپێی بوون.

ئەو ڕێکارەش بە ویست و ئارەزووی تاکەکەسیی شێخ ئەحمەد خۆی بوو، چونکە من لە منداڵییەوە دەمناسی، لە قۆناخی خوێندنی سەرەتاییش بەیەکەوە بووین، لە خانەقاش هاوسێ بووین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کوڕی شێخ عەبدولکەریم بوو، ئەویش لەژێر کاریگەریی شێخ لەتیف بوو، باشتر و زۆرتر ئیشی لەبەردەست دەڕۆیشت.

لێی دەپرسم: بە ڕاستی ڕۆژنامەی "النور" کە جەلالییەکان لە

بەغدا و بە زمانی عەرەبی، بە تیراژی زۆر و چاپی باش دەردەچوو، نووسەرە دیارەکانی عەرەب بابەتی باشیان تێدا بڵاو دەکردەوە، تۆ ڕۆژنامەکەت دەخوێندەوە؟

نەخێر سەیریشم نەدەکرد!

بەڵام با ئەوەش بڵێم لە دانواستان و بەرنامەڕێژییەکانی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ زۆرتر بە ویستی سەرۆك بارزانی شاری هەولێر دەکرێتە پایتەختی حوکمی زاتی و جێگیر دەکرێت، هەندێ لە ئەندامانی سلێمانی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی ویستبوویان شاری سلێمانی بکەنە پایتەخت بەڵام داوا و پێشنیارەکەیان لەبەر فاکتەری بابەتی و گونجاو و جوگرافی سەر ناگرێت.

لە برادەرایەتیش گوێم نەدەدا ئەوەی کێ جەلالییە و کێ مەلاییە؟ برادەرایەتیی هەمووانم دەکرد، ڕۆژانەی کار و پەیوەندییەکانم تێکەڵی حیزبایەتی نەدەکرد، لەو دەمانە "مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل - مەلا ماتۆڕ" سەرکردەیەکی دیاری باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، لە هەولێر بەرپرسیان بوو، دەسەڵاتی زۆر بوو، کۆن برادەرم بوو، بۆیەش هاتوچۆم دەکرد، خۆشم دەویست و پیاوێکی باش و کەسێکی بەتوانا بوو.

پێش ئەوەی قسەکان تەواو بکەین، لە بابەتی جەلالی و مەلایی دوور دەکەوینەوە و پێی دەڵێم: بەسە ئاگات لە خۆت بێت! زۆر مەجووڵێوە باشە. ئەو گوتی:

ئەو جارە بەرببمەوە ئیتر هەڵناستمەوە، ئەوە باش دەزانم!

## پازدەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٢٠
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

# ١

# من لەوێش نەبووم

کە پێکەوە قسە دەکەین، زوو من دەپرسم: چیت بە بیر هاتیتەوە؟ ئەگەر شتی نوێت بە بیرهاتیتەوە بۆم بگێڕەوە. یان خۆی زوو دەڵێت: شتی نوێم بە بیر هاتیتەوە. یان زوو دەڵێت: دوێنێ، یان شەو درەنگ بەر لەوەی بخەوم، خۆ من کەمیش دەخەوم، شتێکم بە بیر هاتبووەوە، خەوتم، ئێستا لەبیرم نەماوە، بەڵام بە بیرم دێتەوە! ئەگەر بە بیرم هاتەوە تەلەفۆن دەکەم.

ئیمڕۆ کاك سەڵاح ڕەفیق گوتی:

ئەوەم بە بیرهاتەوە، زوو لەگەڵ دکتۆر "پیروت" لەناو هەولێر برادەر بووین، ئەو بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، مامۆستاش بوو، دواییش لە دەرەوەش دەیبینمەوە. هەر لە قۆناغی ناوەندی "ئازاد بەرواری"یمان لەگەڵدا بوو، دەیانگوت باوکی لە کاروانەکەی سۆڤیەت لەگەڵ سەرۆك بارزانی بووە، هەر لە قوتابیانیش لەگەڵمان بوو.

ئەوەشم بە بیرهاتەوە، چۆن گیرام و چەند مامەوە؟

کاك سەڵاح ببورە تۆ زووتر بە منت گوتبوو: من هەرگیز نەگیراوم، ئێستاش دەڵێیت حەپس بووم و گیراوم، ئەدی نەتگوت هاتن بمگرن خۆم دەرباز کرد و چوومە بەغدا تا باوکم کێشەکەی بۆم چارەسەر کرد و گەڕامەوە هەولێر؟!

ڕاستە، ئەوەم گوتووە و ئەوە قسەی خۆمە، من لەناو حکوومەت نەگیرابووم، هەر ئەو جارە هاتن بمگرن و نەگیراوم، بەڵام من باسی گیرانی ناو شۆڕشت بۆ دەکەم، ساڵی ١٩٧٥ دەگیرێم، پێش نسکۆکە.

با وردورد بۆت بگێڕمەوە: منداڵەکانم لە ئۆردوگای نەلیوان بوون، ماوەماوە سەردانم دەکردن و خەڵکم دەبینی و خزم و برادەرەکانم بەسەر دەکردنەوە، ماوەیەکیش بوو نەساغ بووم، دەچمە ڕەزائییە "لە سەردەمی شا ورمێ بە ناوی ئەو کرابوو، کرابوو بە ڕەزائییە، پاش شۆڕشی ئیسلامی ئیتر ناوە کۆنەکەی ورمێی بۆ دەگەڕێتەوە" دەمەوێ دکتۆرێك ببینم، دەچمە هوتێل، لەو دەمانە لەناو شاری ڕەزائییە بۆ کوردەکانی خۆمان، هوتێلی تایبەتی دیاری کرابوو، هەموو لە یەك هوتێل کۆ دەبووینەوە، لەو سەفەرە دکتۆر "خەسرۆ دزەیی" و مولازم "برایم تەڵعەت دزەیی"م لەگەڵدا بوو، ئەو ڕۆژەی ئێمە لەوێ بووین، "ڕەشید سندی" و "عەبدولوەهاب ئەترووشی"یش لەوێ بوون. چەند ڕۆژێك لەوێ دەبم و پشوویێك دەدەم. متمانەم بە دکتۆرە ئێرانییەکان نەبوو، نەشتەرگەریی مایەسیرییەکەم بۆ بکەن، هەندێ دەرمان وەردەگرم و دەگەڕێمەوە، دوایی لە نەخۆشخانەیەکی شاری نەغەدە دکتۆر "سەلاح ڕواندزی"ی هاوڕێیم نەشتەرگەرییەکەم بۆ دەکات، ئەو پاش نسکۆ تازە لەوێ دامەزرابوو.

دەچمەوە، سەرێك لە منداڵەکانم دەدەم و چەند ڕۆژێك لەوێ دەبم، ئەوانیش پێیان خۆش بوو بمینێمەوە، چونکە ماوەیەك بوو منیان نەدیبوو، بارودۆخ و شەڕ و بۆردومانەکانیش لەناو کوردستان سەخت و دژوار بووبوو، شەڕ لە هەموو

مەیدانەکان زۆر بوو، حکوومەت دەشکا و پێشڕەوییشی دەکرد، بەڵام خەڵك ورەیان بەرز بوو، لە چەندان بەرە سەرکەوتنی بێوێنەش دەبوو، مۆڵەتەکەم تەواو دەبێت و دەبێت بگەڕێمەوە.

بەر لەوەی بڕیار بدەم بڕۆمەوە لەناو خیوەتگەکە ئاگادارم دەکەنەوە کاك مەسعوود داوای کردووم، منی ویستووە و گوتوویەتی بەپەلە بچمەوە، ئیتر خۆم کۆ دەکەمەوە و دەڕۆم.

بەر لەوەی بڕۆم، دەمزانی لەناو کەمپەکە بەرپرسێکی ناو کەمپەکە، مامۆستایەك، برای بەرپرسێکی دیاری هێزەکانی پێشمەرگە بوو، ناوی سەلیم بوو، ئەو لەگەڵ ژنێك لەناو خیوەتێك گیرابوون، پیاوەکە دەسەڵاتدار بوو، براکەی بەرپرسێکی دیاری ناو هێزەکانی پێشمەرگە بوو، بەڵام هەردوو کەسایەتیی باڵەکایەتی "حەمە ئاغای ناوپردان - کەسێکی زۆر مەردانە بوو، نانی زۆری خەڵکی دەدا، ژنەکەی خزمێکی ئێمە بوو" و "عەزیز سورمێی گەلاڵە"، ئەوان و خەڵکەکەش کابرا ڕیسوا دەکەن لەسەر ئەوە و لەسەر داوا و شکایەتی کابرا؛ زووتر هەردووکیان بانگ کرابوون و گیرابوون.

من دەچمەوە و نەمدەزانی بۆچی داوای من دەکەن، زۆریش پێم ئاسایی بوو، چونکە زۆر جاری تر کاك مەسعوود داوای کردبووم و چووبووم و کارێکی دەبوو، کە دەچمەوە کوردستان بیرم لەوە نەکردبووەوە بۆ منیان داوا کردووە؟ ئاسوودە و سەرکەش دەچم.

لەسەر سنوور دەمەوێ چەکەکەم وەربگرمەوە و بێ چەك نەبم، بەڵام ئەوەی منی هێنابوو، کەسێکی نزیك لە کاك مەسعوود بوو، پێم دەڵێت: دوایی چەکەکەت وەرگرەوە، ئیتر

من فەرمانەکەی کاك مەسعوود قبووڵ دەکەم، دەچینەوە ناو کوردستان. ئەوان نامبەنە لای کاك مەسعوود، یەکسەر دەمبەنە زیندانی خەلان، لەوێ نازانم لەسەر چی گیراوم؟! گومانیشم لە هیچ نەبوو. حاکم "حەسەن پشتدەری" لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکات، بەوەیان دەزانم لەسەر ڕیسواکردنی براکەی حەسەن بارزانی گیراوم، منیش بۆ بەرگریکردن و ڕوونکردنەوەی ئاژاوە و بەدرەوشتییەکەی کابرا، قسەکانی خۆم لەسەر کابرا و ژنەکە دەکەم، پێی دەڵێم:

جەنابی حاکم من لەو ڕۆژە و لەو ڕووداوە لەوێ نەبووم، ئاگام لێی نەبووە و شاهیدم هەیە، لە ڕەزائییە بووم، فلان و فلانم لەگەڵدا بووە، ئەو ڕۆژانەش فلان و فلان لەوێ بوون. دیارە ناحەزەکانم، ئەوانەی کەیفیان بە پۆستە و چالاکییەکانم نایەت، ئەوەیان بۆم هەڵبەستاوە، گوایە بە دەستی من، ئەو دوو کەسە کابرای بەرپرسی ئۆردوگەکەیان لەگەڵ ژنێك گرتووە و لەناو خەڵك ڕیسوایان کردووە.

پاش ئەو لێکۆڵینەوە "کەریم شنگاڵی"یش قسەم لەگەڵ دەکات، ئەو تازە هاتبووە ناو شۆڕش، زووتر لە بەغدا پارێزەر بووە، خزمی کاك سامی بوو، کاك مەسعوود دەیگوت: ئەو ساڵانە لە بەغدا کاری باشی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی شەهیدانی شۆڕش کردووە، بە ڕاستی کابرایەکی ڕۆشنبیریش بوو. قسەکانی زووتر بە حاکمەکەم کردبوو، ئەوانەی بۆ دووبارە دەکەمەوە، هیچی نوێم نەبوو بیڵێم.

دوو هەفتە لەوێ دەبم، لەناو زیندانەکەی گوندی خەلان، بەرپرسەکەی "خالید ئاژگەیی" بوو، ئێمە لە زووەوە برادەر

بووین و ڕێزی زۆری دەگرتم، ئەویش پێشمەرگەیەکی ئازا و ناودار بوو، بۆیە من ناباتە ناو زیندانەکان، ناچمە ژوورەکان و نانیش لەماڵەکەی ئەوان دەخۆم، ماڵەکەی نزیك حەپسخانەکە بوو، دوو ژووری خشت و قوورِ بوون، زیندانەکەش گەورە نەبوو، لە پشتەوە حەوشەیەکی بۆ خۆشوشتنی گیراوەکان هەبوو.

## ٢

## حەپسخانەی خەلان

من لێی دەپرسم کەست لەبیرە؟ گیراوەکان کێ بوون؟ چ جۆرە کەسانێك لەوێ بوون؟

گیراوەکان زۆربەیان کەسانی ئاسایی بوون، کەس بە تۆمەتی سیاسی نەگیرابوو، بەڵام ئەوەی لەبیرمە "جەمیل محۆ" لەوێ گیرابوو، زۆرتر بە زمانی عەرەبی قسەی دەکرد، دەیزانی من نەگیراوم و زوو و بەردەوام کاك مەسعوودیش دەبینم، بە منی دەگوت:

"قل لمسعود اکلنی فیران"، بە کاك مەسعوود بڵێ مشك منیان خوارد. من کوردم و حیزبم هەبووە، کوردایەتیم کردووە، بۆ گیراوم؟!

دیارە ئەو بە تۆمەتی پەیوەندی بە حیزبی بەعس گیرابوو، لەگەڵ نسکۆکەی ساڵی ١٩٧٥ ئازاد دەبێت و پەیوەندییەکانی بە حیزبی بەعس نوێ دەکاتەوە و گەرمتر و بەسۆزتر کاریان لەگەڵدا دەکات، خۆی و دوایی کوڕەکانیشی. جەمیل محۆ لە لوبنان حیزبێکی کوردی بە ناوی "حزب الدیمقراطی کردستانی" هەبووە، بەڵام پەیوەندی گوماناوی هەبوو و پارەی لە بەعس وەرگرتووە و دژایەتی مەلا مەستەفای کردبوو، دەگیرێت و

چوار ساڵ لە کوردستان دەستبەسەر بووە، پاش دەرچوونی کتێبێکی بە ناوی -مذکراتی داخل سجون الثورة الکردیة- لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاو دەکاتەوە، لەو کتێبە باسی ڕۆژانی گیرانەکەی دەکات، بەڵام ئازاد دەکرێت. کوڕەکەی موحەمەد و دوایی ڕیاز سەرکردایەتیی حیزبەکەیان دەکەن، لەگەڵ فەڵەستینییەکان هاوکار بوون، لەناو لوبنان کوڕە گەورەکەی لە لایەن شیعەکان دەکوژرێت، هەر بە پشتیوانیی حیزبی بەعسی بەغدا ڕۆژنامەیەکی بە ناوی -صوت الاکراد- بڵاو دەکردەوە".

ئەوەندە ڕۆژە لەسەر کێشەیەك دەگیرێم، بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە منەوە نەبوو، هیچم نەکردبوو، لە لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە تاوانم نەبووە، بۆیە ڕۆژێکیان "خەلیل دەسکۆ "خەلیل تیکۆشەرێکی دێرین بوو، ئێستا کوڕەکەی دەسکۆ بەرپرسێکی دیاری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە ئەمریکا، لە واشنتۆن دەوام دەکات" شوفێرەکەی سەرۆك بارزانی دێتە دوام، بەڵام من ناچم و نامەوێ بچمە دەرەوە، تا شەهید فەرەنسۆ هەریری دێت، لەگەڵ ئەو دەچمە خزمەت کاك مەسعوود و دڵم دەداتەوە و دەڵێت:

ئەو مەسەلانە ئاساییە، هەڵە و خراپتێگەیشتن دەبێت، عوبەیدوڵڵا کوڕی سەرۆك بارزانییش گیراوە، لە ڕۆژانی جیابوونەوەکەی حیزب عەلی عەبدوڵڵاش گیراوە، تۆ وەك کوڕی سەرۆك بارزانی و خۆشەویستی ئێمەی، هیچت لە دڵدا نەبێت و دەزانین لەو ڕووداوە تۆ ئاگادار نەبوویت و لەوێش نەبوویت.

ئیتر من ئازاد دەکەن، زووتریش هەردوو کەسایەتییەکەی باڵەکایەتییش بە داوای سلێمان بەگی دەرگەڵەیی ئازاد بووبوون.

## ٣

# ئەندامانی پاراستن خۆشەویست نەبوون!

کاك سەڵاح وەك بزانم خەڵك و پێشمەرگە و ئەندامانی پارتیش زۆر حەزیان بە چارەی کارمەندانی ناو ڕێکخستنەکانی پاراستن نەدەکرد، تۆش هەستت بەوە کردبوو؟ کەی و چۆن بوویتە ئەندامی پاراستن؟

راستە و باش دەزانم قسەیان لەسەرمان دەکرد، ئێمەیان خۆش نەدەویست، حەسوودییان بە ئێمە دەهات، با ئەوەش بڵێم: من لە سەرەتای دامەزراندنی پاراستن لەساڵی ١٩٦٦ لەو دەزگەیە بووم، ئیشم لەناو کردووە، چاوم لە پاداشت نەبووە، کار و ڕۆژانەم بە نییەتی خراپە نەبووە، هەمووی بۆ خزمەتی شۆڕش و حیزب بووە، کاری باشم ئەنجام داوە. وەك گوتم: من ڕاستەوخۆ پەیوەندیم بە کاك مەسعوودەوە بووە، هاوینان لە پەنایەکی دوورە ئاوەدانی و هەوارێکی لای گوندی دەربەندی ڕایات و زستانیش لە گوندی دیلمان دیدارمان دەبوو، کەسمان لەگەڵ نەبووە، بە تەنیا کۆبووینەتەوە، لەناو هەولێرەوە دەچووم، بە دزی و بە بیانووی جیاوازەوە سەفەرەکانم دەکرد.

لە دووری ڕواندز دادەبەزیم و بە دزی چوومەتە ناوچەکانی دەسەڵاتی بارەگای بارزانی، نزیك بوومەتەوە لە جوندیان و

لەوێ ڕۆیشتووم، لە بناری زۆزکیش دابەزیوم و چووم، بە پێ ڕۆیشتووم، بە بیانووی سەردان و هاتوچۆی خزمەکان دەچووم، کارمەندی خۆمان هەبوو منیان دەگەیاند، ترسم لەسەر بووە کە ئەوەم کردووە.

هەرگیز لەو دەزگەیە، لە ڕۆژانی ئیشکردنم کەسم ئازار نەداوە، پاش نسکۆش لەناو ئێران کەس نەبوو ڕووبەڕووم ببێتەوە و گلەیی هەبێت، بە تایبەتی حەپسەکانی ئازاد بووبوون، منیان دەبینی، سوپاسیان دەکردم، یارمەتیی زۆرم دابوون.

من لێی دەپرسم: حیزب هەبوو، ڕێکخستنەکان کاروبار و چالاکییەکانی دروست ڕادەپەڕاند، ئەو پاراستنە، ئەو ڕێکخستنە بۆچی بوو؟

ئەو دەڵێت:

نازانم بۆ ئەوەیان دانا، ناتوانم وەڵامی ئەوە بدەمەوە.

بارەگای بارزانی

گوندی دیلمان چۆن بوو، بارەگای بارزانی؟ لەوێ چۆن بوو؟ زۆر دەچوویت؟

بەڵێ، زۆر دەچووم، بارەگاکەی بارزانی دوو شوێن بوو، بەشێکی لە سەرەوە بوو، ئەوەیان دوو ژوور بوو، ژوورێکیان بە لباد ڕاخرابوو، ژوورەکەی تریان بە مافووری ئێرانی جوانتر ڕاخرابوو، ئەوەیان بۆ میوانی تایبەت و بێگانەکان بوو. من کە سەرۆك بارزانیم دەبینی لەو ژوورە دەمبینی، بە ڕاستی منی لەو ژوورە دەبینی، لەبیرمە جارێکیان کە چووم ڕەحمەتیی فارس باوەشم لەگەڵدا بوو، بەیەکەوە پێشوازی کردین.

بارەگاکەی خوارەوەش ژووریکی گەورە بوو، سەرۆک بارزانی بە گشتی خەڵکی لەوێ دەبینی.

ئەو چووبووە ئەو گوندە و بە ئاغاکەی گوتبوو: ئێرە بۆردومان کەمتر دەگرێتەوە و لاچەپە، هاتووین تۆ ئاغامان بە، ئەگەر قبووڵتە!

دیارە کابرای خاوەن گوندەکە گوتبووی: خزمەتتان دەکەم و بەردەوام لە تۆ نزیك دەبم و بە چاوان.

## شازدەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٢٢
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## سەیری سەعات ناکەم

ئیمڕۆ بەیانییەکەی زووتر قسە دەکەین، پێی دەڵێم: بە ڕاست ئیمڕۆ ڕێککەوتی چەندی مانگە؟ قەڵەمم لەناو دەستی بوو، کە لێی دەپرسم، بەوەیان دەمویست لە سەرەوەی لاپەڕەکە ڕێککەوتی ڕۆژەکە بنووسم، ئەو گوتی:

من سەیری ڕێککەوتی ڕۆژ و سەعات ناکەم، کات و زەمەن با بڕوات و سەیریان ناکەم، دەمەوێ ڕۆژەکان بوەستن و بچەقن و نەڕۆن، چونکە وا دەزانم بە ڕۆیشتن و هاتنی ڕۆژەکان تەمەنم تەواو دەبێت، هەتاوم ئاوا دەبێت، ئەستێرەم دەکوژێتەوە.

کاک سەڵاح باسی چ بکەین؟ چیت لەبیرە و بەرنامەی چیت داناوە؟

هیچم لەبیر نییە، چەند تێبینییەکم لەسەر نووسینەکانی ڕۆژانی ڕابردووت هەبوو، ئەوانەم پێ گوتی و هیچم نییە. تۆ بپرسە.

ئێستا وا دەکەم، هەر شتێك، هەر ناوێکم بەبیر بێتەوە دەینووسم، نامەوێ لەبیرم بچێتەوە. چاوەڕوان دەکەم تەلەفۆن بکەیتەوە و پێت بڵێم.

حەز دەکەیت باسی کارکردنی ناو کەنەدات بۆ دەکەم، پارە و باج و مافی ئیشکەرەکان.

لەو وڵاتە زۆرتر ئیش بکەیت، حکوومەت باجی زۆرترت لێ وەردەگریت، بۆ نموونە ئەگەر مانگانە چوار هەزار دۆلارت هەبێت، لەوەیان هەزار و پێنج سەد دۆلاری وەك باج دەڕوات، خانووت لە کەنەدا هەبێت، سی ساڵ، چل ساڵ مانگانە دەدەیت، بەڵام ئەگەر بە کاش خانووەکەت کڕیبێت باشترە. سیستەمی بانکەکان وایە، ساڵانی یەکەم قازانجەکەی خۆیان دەگێڕنەوە، دوایی مانگانە پارەی خانووەکە دەگێڕنەوە.



**سەلاح ڕەفیق لەبەردەم تاڤگەکانی نیاگارا لە کەنەدا**

## ٢

# گەورەترین مۆڵ

شاری ڤانکۆڤەر " Vancover- یەکێکە لە شارە گەورەکانی کەنەدا و دەکەوێتە ویلایەتی کۆلۆمبیای بریتانی، سەرژمێرییەکەی سەرووی دوو ملیۆن کەسە، شارەکەش بە ناوی کاپتن جۆرج ڤانکۆڤەر کراوە" دوو جار بە تەنیا چوومەتە ئەو شارە، زوو کە دەچمە کەنەدا دەچم، لەو ساڵانەی کە من دەچمە شارەکە، ژمارەی کوردی زۆر بوو، بەڵام زوو هەر کوردی تێدا نەبوو، ئێستا کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدایە و ژمارەیان زۆرە و چالاکییەکانیان فرە و بەرچاون. شارەکە دە کیلۆمەتر لە دەریاکە دوورە، سەرەوەی بەفرە و خوارەوەی دەریایە، لە سەرەتای هەشتاکان من چووم و هەر زوو بە جوانییەکەی سەرسام دەبم.

لەو شارە، لەو دەمانەی من چووم گەورەترین مۆڵی جیهان لەوێ بوو، مۆڵی "West Edmonton Mall" تا ساڵی ٢٠٠٤ گەورەترین مۆڵ بوو لە کەنەدا و ئەمریکاش. دیتنی تەواوی مۆڵەکە سەیرانی دوو ڕۆژی تەواوی دەویست، بە سەیران و گەشتی بە فارگۆنی تایبەتیی گۆلف تەواو دەبێت، لەناو مۆڵەکە ئاو و دەریاچەیەکی گەورەی جوانی تێدایە، لەوێ پاپۆڕ و فرقاتەی سەمرینی جەنگی ڕاگیراوە، ئەوەی لە جەنگی دووەمی جیهان پاڵەوانی گەورەی تۆمار کردووە، بازاڕەکە مولکی

کابرایەکی ئێرانی بە ناوی "Glemezian" بوو، ئەو لەساڵی ١٩٥٩ هاتبووە کەنەدا.

لە کەنەدا هەموو خەڵکەکە بە ڕەگەز بێگانەن، کەس خاوەنی کەنەدا نییە، وڵاتەکە بۆ هەمووومان وەك یەك وا بوو، بزانە چۆن وەزیری بەرگریی کەنەدا ئێستا کابرایەکی سیخی هیندییە، "هارجیت سینگ" لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ ڕۆڵی لە سیاسەت و بەرگریی کەنەدا زۆر بووە، لە بۆسنە لە ساڵی ١٩٩٠ و دواییش لە ئەفغانستان بەشداریی کاریگەریی لەناو سوپا و سیاسەتی کەنەدی هەبووە.

لەوێ هەموو نەتەوە و ڕەگەزێکی تێدایە، زمان و کولتووری زۆرە، بەڵام بە شێوازی کەنەدیی تایبەت.

لەو وڵاتە شوێنی جوانی زۆرە، زۆر چوومەتە دیار تاڤگەکانی نیاگارا ""Niagara falls، لەبیرمە دکتۆر "مەحموود عوسمان" و خاڵ "عەزیز ئاکرەیی" و دوو جاریش دکتۆر "عیسمەت شەریف"م بردووە، تاڤگەکان هەر چل دەقە لە ئێمە دوور بوون، زۆر زۆر دەچووم، سەیران و هەوارێکی جوانە، مۆزە و شوێنی جوانی زۆرە، کە منداڵەکانیشم هاتن ئەوانیشم برد، پار لەوێ بووم دەچمە سەیرانی تاڤگەکان، تاڤگەکان دوو بەشن، بەشە جوانەکەی لەناو کەنەدایە، بەشی ئەمریکا کەلاوەیە، خزمەتی نەکراوە، جوان و خۆش نییە.

یەکەم جار لەوێ خواردنی چینی دەخۆم، یەکەم جاریش بوو ئەو خواردنە دەخۆم و زۆریشم پێ خۆش بوو، ئەوەیان ساڵی ١٩٧٧ بوو، ئێستاش تامەکەی لە دەمم ماوە، پار کە چووم بینینم ڕێستورانتە چینییەکە هەر ماوە و وەك خۆیەتی، لەو هەوارە

ڕێستورانتی هەموو نەتەوەکانی لێیە، هەموو خواردنێك لەوێ بۆنی دێت. هەموو جۆرە یاری و موزەیەکی لێیە، موزەی لێیە بۆ ترس و بەزمی ترساندن، موزەی پەپوولەی لێیە. دەتوانیت بە بەلەمی تایبەتی بچیتە بن تاڤگەکان، بە کاروان و سەرکەوتنێکی ناوازەی سەیر بەلەمەکە دەگاتە ژێرەوەیان و ناو تاڤگەکان، چاکێتی زەردی نایلۆنت لەبەر دەکەن، بەڵام هەر تەڕ دەبیت، سەیرانەکە خۆشە، من خۆم یەك جار چووم و حەزم لەو سەرکەشییە نەبوو.

٣

# نەوسن نیم

با کەمێك لە کەنەدا دوور بکەوینەوە و بگەڕێینەوە هەولێر، با ئەوەت لێ بپرسم، تۆ نیوەڕۆیان لە ماڵ و ناندینی میدیای کچت نان دەخۆیت، بەر لەوەی بچیت داوای هیچ دەکەیت؟ پێی دەڵێیت: حەز دەکەم فلانە خواردنم بۆ بکەیت؟ داوا دەکەیت؟ خواردنی تایبەتیت هەیە بۆت بکەن و حەزت لێ بێت؟ ئەو دەڵێت:

من هەرگیز داوای خواردنم نەکردووە، خواردنی تایبەتییم نەبووە و داوام نەکردووە، هەر چیم لەبەردەم دابنێن دەیخۆم، داوام نەبووە، وەك ڕواندزییەکان زۆرتر حەزم لە کفتەی ڕواندزییانە، کفتەی بڕووش و برنجەکەی خۆشە، گۆشتی زۆرە، خواردنێکی تایبەتییە، ڕواندز بەوە ناسراوە. من هەموو خواردنێکم دروست دەکرد، کابان بووم، بەڵام ئەو کفتەیەم نەکردووە.

من دەپرسم: ئەدی بۆ دەڵێن ڕواندزی کفتەدز؟

نازانم بۆ وا دەڵێن، بەڵام بیستوومە دەڵێن:

ڕواندز، کفتە دزی بە خەرەندی هەر دەبەزی.

## ٤

## لە "سەلاح"ەوە بووم بە "بەرد"

من لە نفووسی کۆن و نوێی عێراقم ناوم "صلاح الدین"ە، بە سەڵاح ڕواندزی و سەڵاح ڕەفیق ناسرابووم، نازناوم ماندوو بووە، کە دەچمە کەنەدا ناوم دەبێتە سەڵاح ڕواندزی.

لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دوایی لەناو حیزبیش ناوی نهێنیم هەبووە، ئەوانەم لە بیر نەماوە، بەڵام ناوی نهێنیی ڕیزەکانی پاراستنم باش لە بیرە، خۆم ناوم لە خۆم نابوو "بەرد".

بەرد، ئەو وشەیەم بۆیە دانابوو، ئەوەم بۆیە کردبوو بە ناوی نهێنیی خۆم، بۆ ئەوەم بوو وەك بەرد ڕەق دەبم.

ویستم ببم بە بەرد لەسەر دڵی دوژمنان، ببم بە بەرد بۆ خۆراگری، ببم بە بەرد و قسە نەکەم، وەك بەرد هیچ نەدرکێنم، نەجووڵێم، نەژاکێم، زامدار نەبم، بەرد بم و بچەقم، بەرد بم و باران و سەرما و زریان و گەرماش کارم تێ نەکات، بەرد بم و هیچ باس نەکەم و هیچیش نەگێڕمەوە، من لەناو پاراستن بەرد بووم.

ناوەکەم لە ساڵی ١٩٦٧ هەڵبژاردبوو. بەڵام بە داخەوە پاش

نسکۆ، کە شۆڕش نەما، کە گەلاڵە و چۆمان نەمان، بوومە بەردێکی نەرم وەك ئیسفنج، وەك لۆکە، نەرم و لووس و سووك وەك پشیلۆکە، باویلکە، گەوزەلکە "Dandelion" بە بایەکی سووك، بە هەناسەیەکی گەرم، بە کزەبایەکی تیژ و بە هەڕەشەیەکی ئێرانییەکان، بە شکانی شۆڕش، بە نسکۆ و بە چەککردن و تەسلیمبوونەوە؛ هەڵوەریم و هەڵفڕیم و گەیشتمە کەنەدا.

لەو ڕۆژەوە، پاش ئەو هەژان و شکانە، چیتر بەرد نەمام و بوومە پەمۆ. چیتر ڕەق نەمام بوومە ئاو. وەك جاران گەورە نەمام، بوومە گەردیلەیەکی بچووك و ورد و قڕنەیەك.

بەڵام خۆشحاڵم و سەرفرازم پاش ئەوەی گەڕامەوە، هاتمەوە کوردستان، بە دیداری ژن و چوار کیژەکەم، بە هەولێر و ڕواندز و بەو نووسینە، بەو دیدارانە بوومەوە بە بەرد، بەردێکی ڕەقتر، توندتر، گەورەتر، قورستریش، بەردێکی ڕەنگین، درەوشاوە، تیشکدار، بە گەوهەر و زێڕ و خۆم بوومەوە بە سەلاحی زێڕینگری کوڕی ڕەفیقی زێڕینگری ڕواندزی.

## ٥

## جگەرەکێشان

دوو هەفتە جارێك دەچمە عەنکاوە، ئۆتۆمبێل لێخوڕین لە هیوا ستی و ماڵەکەی من بۆ عەنکاوە ئاسانە، لەسەر سەد و بیستی دەڕۆم و لە پردەکەی ڕێگەی بەحرکە بەرەو عەنکاوە دەڕۆم، لەوێ سەوزە و میوە دەکرم، شتەکانیان جوانن، بیرە دەکرم، بە خۆم ناخۆمەوە، بەڵام هەندێ لە میوانەکانم دەیانەوێ!

ماوەیەکی زۆر جگەرەم دەکێشا، دوو سێ قومم لە جگەرە دەدا و فڕێم دەدا، زوو و بەردەوام ساجیدەی هاوسەرم دەیگوت: سەڵاح ئەوە جگەرەکێشان نییە، بە خۆرایی دووکەڵ بە با دەکەیت و پارە سەرف دەکەیت، حەق وایە واز بهێنیت، تەواو، بە ڕاستی تۆ جگەرەکێش نیت، بەسە.

لە ساڵی **١٩٩٣** لە کەنەدا سەردانی دکتۆرێك دەکەم و پێی دەڵێم: هەست بە سووکە ژانێکی سینگم دەکەم. ئەو زوو گومانی جەڵدەم لێ دەکات، شەو لە نەخۆشخانەکە دەمهێڵنەوە، چەندان پشکنینم بۆ دەکەن، خوێنم وەردەگرن، پشکنینی زۆری لەسەر دەکەن، دەمنێرنە کن دکتۆرێکی هیندی، دکتۆر گرۆڤەر، پسپۆری دڵ بوو، ئەویش هەموو جۆرە پشکنینێکم بۆ دەکات و دەرئەنجام پێم دەڵێت:

بە خەوتوویی، سەعات شەشی بەیانی سووکە جەڵدەیەك لێی داویت. لەوێ ماوەیەکی زۆر چاودێریی ورد و باشم دەکەن، چارەسەرم بۆ دادەنێن و دەڵێن: ناکرێ چیتر جگەرە بکێشیت، جگەرە بکێشیت دەمریت، ماوەیەك فێڵیان لێ دەکەم و دەڵێم نەمکێشاوە، بەڵام ئەوان لە پشکنینی خوێنەکەم دەزانن و دەڵێن: ناکرێ جگەرە بکێشیتەوە، ئیتر واز دەهێنم و بێزم لێی دەبێتەوە. پەشیمانم ئەوەندە ساڵە جگەرەم کێشاوە.

## ٦

## کەریم خانی برادۆست

زووتر گوتم "مەحموود بەگی برادۆست" زێڕ و دیاریی "مەلیك فەیسەڵ"یان لە هەولێر لە ماڵی ئێمە دانابوو، دۆستایەتی و خزمایەتیمان زۆر گەرم و دڵسۆزانە بوو، هاوسەرەکەی ڕەحمەتیی کەریم خان، ناوی نەزیرە بوو، کچی مستەفا ئاغای ڕواندزی بوو، ئەو میرات و ناوی زۆری لە سمایل بەگی ڕواندزی بۆ مابووەوە، موڵك و خانووی زۆری هەبوو، دەوڵەمەند بوو، کەریم خان لە ڕواندز دەیخوێند و ناسیاری زۆری هەبوو، بڕیار دەدات هاوسەرگیرییەکەش لەگەڵ کچە ڕواندزییەك بکات، ئیتر دەبێتە زاوامان.

ئێمە ماڵمان لە هەولێر بوو، کە کیژەکە شوو دەکات و دەبێتە بووکی مەحموود بەگی برادۆست، دایکم وەك کیژی خۆی جلوبەرگ و زێڕی بۆ دەکات، دڵی بووکەکە ڕازی دەکات، پاشانیش بەردەوام هاموشۆیان گەرم بووە. منیش لەگەڵ کەریم خان زۆر نزیك بووین، برادەری خۆشەویستی یەکتری بووین، لەناو هەولێر و دەرەوەش سەیرانمان زۆر بووە، بەیەکەوە دەچووینە مووسڵ و بەغداش.

کە منداڵەکانم لە کەنەدا بە سەردان دەگەڕانەوە و بە ڕێگەی

سووریا و ئاوی فیشخاپوور دەچوونەوە هەولێر، دەبووایە ماوەیەك لە دیمەشق بۆ ڕەزامەندی و پسوولە زۆر سەخت و ئالۆزەکانی ئەمن و موخابەراتی سووری چاوەڕوان بکەن، ڕێکارەکانی یەك پسوولەی ئاودیوبوونیان کردبووە گرێیەکی سەخت و چاوەڕوانی و هاتوچۆیەکی تاقەتپروکێنی ناخۆش، هەر بە خۆڕایی ئازاری خەڵکەکەیان دەدا، پارەی زۆریان پێیان سەرف دەکرد و زۆریان لێ وەردەگرتن، هەموو کوردەکانی ئەورووپا و کەنەدا و ئەمریکاش زۆر لەناو سووریا دەمانەوە، کاتی زۆری سەردان و مۆڵەت و ماوەکەیان لە هەردوو سەرەکەی ناو دیمشق دەڕۆیشت. منداڵەکانی من کە دەچوونەوە، لەوێ یەکسەر دەچوونە ماڵی کەریم خان لە گەڕەکی "مساکن بەرزە" لەناو دیمشق. لە میوانداریی ئەوان چاوەڕوانی مۆڵەت و ڕەزامەندییەکانیان دەکرد. نەزیرە خان، هاوسەری کەریم خانی بە منداڵەکانی خۆی گوتبوو:

ئەوەمان لەسەرە ئەوانە زۆر خزمەت بکەین، لە فڕۆکەخانەوە بە پشت بیانهێنینەوە ماڵ، داپیر و باپیرانی ئەوانەی لەناو هەولێر زۆر خزمەتی ئێمەیان کردووە، ماڵەکەیان هەوار و ماڵی خۆمان بووە، ئەوانە میوان و خاوەن ماڵی خۆشەویستن!

کە منیش لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کەنەدا دەگەڕێمەوە هەولێر، لەگەڵ "نیاز"ی زاوام سەردانی ڕەحمەتیی کەریم خان دەکەین، لەوێ پێشوازیی گەرممان لێ دەکات، یادگاریی زۆر خۆش دەگێڕینەوە و ئەو دەڵێت:

نیاز، ئەو سەلاحە برا و برادەرێکی ئەزیزی من بوو، لە هەولێر زۆر بەیەکەوەش بووین، دەمزانی پارتییە و حیزبایەتی

دەکات و پشتیوانی شۆڕشە، لەگەڵ ئێمە هاوسۆزیش نەبوو، بەڵام هەر برادەر بووین، ناسیار و کەسی یەکتری بووین.

هەر بۆ یادگار و بەزمی خۆش ئەوەش دەگێڕمەوە، لە سەرەتای شێستەکان لەگەڵ مامۆستا تایەر تۆفیق دەچینە سەردانی کەریم خان لە ماڵەکەیان لە ئازادی، ماوەیەك دادەنیشین، کە دەچینە دەرەوە مامۆستا تایەر لە دیار پێڵاوەکانی بەر دەرگەکە هەڵوەستەیەك دەکات و چاو دەبڕێتە پێڵاوەکانی کەریم خان، ئەو دەیزانی لە پێڵاوەکانی ئەو باشتر و نوێترن، بۆیە نەرم نەرم و وەك ئەوەی نەزانێت پێڵاوەکانی ئەو لە پێ دەکات و دەڕۆین؛ لە دەرەوە پێدەکەنین و مامۆستا تایەر دەڵێت:

دڵنیام لە پێڵاوەکانی خۆم باشترن، ئەو پارەی زۆرە، یەکێکی نوێ دەکڕێتەوە، تا وەك پێڵاوەکانی خۆم کۆن دەبن لە پێیان دەکەم.

## حەڤدەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٢٤

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## سلوسنی یۆتا کەناڵ

ئیمڕۆ و تەواوی هەفتەکە کەش و هەوای سوید زۆر خۆشە، چەند ڕۆژێکە بە خێزانەوە هاتووینەتە شاری لینشۆپینگ "Linköping"، ماڵی دوو لە کچەکانم "باهۆ و هەتان" لێرەن، بەڵام لە گوند و دەرەوەی شارن، سلوسنی باری " Berg Slussen" دەکەوێتە نێوان ماڵی هەردووکیان.

لەو سەردانەدا یەك جاریش بوارم بوو، چوومە سەر سلوسنەکە. کەناڵەکەی بەرەو دەریاکە دەڕوات و چەندان بەلەمی گچکە و گەورەی گەشتیاریی گرانبەها و جوانی سویدی و نەرویژی و ئەڵمانی و هۆلەندی و فنلەندی و ... دەپەڕێنێتەوە. سلوسن سەکۆیە ئاوییەکە، کەناڵە بەرزەکەی لێشاوی ئاوەکەی نەرم کردووە، سەکۆیان بە دەرگە و حەوزی زۆر بۆ کردووە و ئاوەکەیان ڕاهێناوە، نەرم و سەبریان کردووە، تا بەلەمەکان دەربازیان ببێت. ئەوەیان بەشێکی بچووك و کورتی کەناڵی یۆتا کەناڵ "Göta kanal"یە، سەرووی ١٤٠ ساڵە بەردەوام و باش کار دەکات، ماوەیەکی زۆری ویستووە تا تەواوکراوە. قسەش هەیە، پاشاکانی سوید بە سەربازە دیلە ڕووسییەکان، ئەو کەناڵەیان هەڵکۆڵیوە و تەواویان کردووە.

هەردوو کچەکەمماڵیان دەکەوێتە نێوان کەناڵەکە. من لە هەموو سەفەرەکانم دەچم و ماوەیەك لەگەڵ یەکێك لە بەلەمەکان سەر دەکەوم، یان پێ بە پێی ئەوان دادەبەزم، ئەوان بە گوریس و بەستانەوە و کردنەوەی دەرگەی حەوزەکان تێدەپەڕن. منیش لە دیاریان دەوەستم و سەیری چالاکی و وریایی ژن و پیاوەکان دەکەم، سەیری سەگە بچووکەکانی لە سەر لمووز و بەر پەنجەرەی بەلەمەکان هەڵترووکاون دەکەم، چۆن مات بوون یان خۆیان داوەتەوە بەر هەتاوەکە.

ئەو جارەش، جارێك بە پیادە دەچم و پیاسەیەك بە ناو بەلەمە ڕاگیراوەکانی ناو دەریاچە دەستکردەکەش دەکەم، دەچمە ناو نەفەرەکانی پشوویان داوە، ئەوانەی چەند شەو و ڕۆژە، بەڵام بە ئارەزوو و پارە و کاتی خۆیان؛ ئاو و دەریا و کەناڵەکە ماندووی کردوون، خۆیان داوەتە بەر هەتاوە خۆشەکە، خاولییەکانیان، شۆرتە ڕەنگاورەنگە نایلۆنە جوانەکانیان بۆ وشکبوونەوە هەڵخستووە، کارەبایان لە تەنیشتەکانەوە ڕاکێشاوە و شەحن دەدەن بە مەکینەکانیان. لەو کەنارانە وەستاون و خواردن ئامادە دەکەن، بە کامیراکانیان فۆتۆ دەگرن و خەڵکیش فۆتۆیان دەگرن. بەلەمەکان؛ وەك ئەسپ، وەك لوتکەی شاخێك، وەك ژنێکی شۆخ و شەنگ ڕازاوە ڕاگیراون، پاك و جوان و نازدار دەردەکەون.

ئەوەی بزانم لە کەنەدا و ئەمریکاش ئەو جۆرە ڕێڕەوە ئاوییەیان هەیە، بەڵام ئەوە لەگەڵ کاك سەڵاح ناکەمە بابەت و قسەی لەسەر ناکەم.

## ٢

## پاییزی جوان

بە کاك سەڵاح دەڵێم: ئەو ڕۆژانە کەشوهەواکە خۆشە، جوانە، سەیرە، ئیمڕۆ بەیانی لە خەو هەڵسام، زوو بووە دیمەنەکەی بەرچاوانم و ئاسۆ بەرینەکە، سەوزایی و مێرگەکە، کەناری دەریاچەکەی بەرانبەرمان تەم دایپۆشیبوو، سەبر سەبر تەمەکە دەڕەوییەوە و هەتاوەکە گەرمی دەکرد، بەڵام هەوریش دەهات و خۆی نیشان دەدا و نەوی دەبوو، ئەوەندە سپی و نەرم و شیرین دیار بوون؛ ئارەزووت دەکرد ببارێت و هەمووی بخۆیتەوە، هەر من نا، هەموو دەوروبەرەکە شەیدای ئاون و دەیانەوێ، گوڵ و باڵندە و ژیان و شەو و ڕۆژەکانیش.

کاك سەڵاح سویدت دیوە؟ جوانە، بە تایبەتی لەو وەرزە، بە ڕاستی زستانەکەشی جوانە. ئەو گوتی:

بە داخەوە نەهاتووم، بەڵام جوانییەکەی ناگاتە کەنەدا، کەنەدا بەوە جوانە هەر چوار وەرزی هەیە، زستانەکەی بەفر و شەختە و بارانە و هەر جوانە. هاوینەکە شیرین و خۆشە و جوانترە. بەهارەکەی گوڵزارە ئەوەیان تایبەتییە، بەڵام من وەرزی پاییزی کەنەدام لە هەموو وەرزەکانی تر پێ زۆر جوانترە. گەڵاڕێزانەکەی، هەڵوەرینی گەڵاکانم پێ سیحراوییە، دیمەن و

جوانییەکانی ڕێگەی نێوان شارەکانی تورنتۆ و مونتریاڵ یەك پارچە بەهەشتە، هەموو ڕەنگەکان لەسەر زەوییەکە، لەناو دارستانەکان، لە دیمەنەکە بە ئاسانی دەبینێت. دیمەنەکە ئەوەندە جوانە، من بە تابلۆیەکی پیکاسۆی دەزانم.

برادەرێکی ئەزیزم هەیە، کوڕێکی ماوەیەك لە سوید بوو، بەردەوام دەیگوت دڵم توندە و لەوێ ئاسوودە نیم.

منیش پێم گوت: بینێرە ئوردن، با هەندێ پارە لە بانکێك دابنێ، لەوێ ئیقامەی کار و بزنسی دەدەنی، با بێتە کەنەدا، خۆشترە، ئیتر کوڕەکە هات و مایەوە و ڕەگەزنامەشی وەرگرت و دەڵێت؛ دڵم لێرە دەکرێتەوە و وڵاتی کەنەدا جوانە.

## ٣

## لەو دۆڵمەیە بێبەش دەبیت

با بەر لە هەموو شتێك باسی ئەوەت بۆ بکەم، با لە بیرم نەچێت، زووتر گوتم هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەو ساڵانەی من لە کەنەدا بووم، زۆر چاوی لە منداڵەکانم و دایکم بووە، هەفتانە دایکمی بردووەتە بازاڕ و نەخۆشخانە، "بەهار" هاوسەری دووەمی، ژنە ڕواندزییەکەی لەگەڵ بووە، کە هاتمەوە لە هەولێریش بووم، ئەگەرچی زۆر لە بەرپرسەکانم دەناسی، ئینجا نەمتوانی داوایەکی بەهار خان، ئیشێکی خانەنشینەکەی بۆ جێبەجێ بکەم، دەمزانی هیچم بۆ ناکەن، دەستم نارِوات، تا ماوم قەرزاری فوئاد ئەحمەد و بەهاری هاوسەری دەبم، تا ماوم شەرمەزاری بەهار خانم، کە نەمتوانی هیچی بۆ بکەم، ئەگەرجی داواکەشی سادە بوو.

فوئاد ئەحمەد، ئەوەی برادەری زۆر نزیکم بوو، یەکەم کەسیش بووە لەناو شارەوە گۆرانی بۆ پێشمەرگە گوتووە، سروودەکە شیعری مەدحەت بێخەو بوو.

فوئاد ئەحمەد دوو ژنی هەبووە، ژنی گەورەی "ڕافیدە" ناسیارییمان لەگەڵ ئەودا نەبوو، دەمزانی خەڵکی بادینانە، بەڵام نەمدیبوو، جارێکیان بەیەکەوە لەگەڵ فوئاد ئەحمەد دەچووینەوە

تورکیا لە ڕێگە گوتی: وەرە سەرێك لە کچەکەم لە ژنە گەورەکەم بدەین، ماڵی لە دهۆکە، مێردەکەی لێرە دکتۆرە، چووین و سەردانمان کرد. دەزانم هەر لەو ژنە کوڕێکیشی هەیە. فوئاد ئەحمەد ژن و منداڵەکانی لە هۆڵەندا دەژین، کوڕەکەی "شوان" گۆرانییەکی هەبوو، دەنگێکی تایبەتی هەبوو، بەڵام دەنگی نەما.

دوا دیدارمان لە تاران بوو، لەو دەمانە بوو ئەو بە خێزانەوە، لەگەڵ خێزان و دایکم و کیژەکانم بەرەو کوردستان دەگەڕانەوە و منیش بە دیاریانەوە وەستابووم، ڕەحمەتیی فوئاد ئەحمەد قاپێك دۆڵمەی لە پێش بوو، دەیخوارد و بە سۆزێکی تایبەتییەوە گوتی:

سەلاح وەرە بچینەوە، خۆت لەو دۆڵمەیە بێبەش و مەحرووم مەکە.

لەبیرم نەماوە چۆن وەڵامم دایەوە. بەڵام پاش حەڤدە ساڵ وا هاتمەوە، دۆڵمە دەخۆم و پێم خۆشە، بەڵام تەمەن وای کردووە، کەمم پێ دەخوریت، ئەوەش نیعەتێکی باشە.

٤

## زاواکانی ڕواندزییان

لێی دەپرسم: کاک سەڵاح بە ڕاستی ئەوەندەی قسەمان کرد، ناوی خەڵکمان هێنا، زۆریان لەوانەی باسمان کردوون، زاوای ڕواندزییان بوون، ئەوەم بۆ ڕاڤە بکە، مانای چییە خەڵکی زۆر زاوای ئێوەن، "بە پێکەنینەوە"؟

کاک شێرزاد ڕاست دەکەیت، خەڵکی زۆر کیژیان لەو شارە خواستووە، دیارە کیژی ڕواندزێ جوانترن، بەرچاون و زوو پیاوان عاشقیان بوون، بەڵام وا بزانم ڕێژی مێ و ڕەگەزی ژنان، لەناو ڕواندز زۆرتر بووە، ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێت. بەڵام دەزانم زۆر لە پیاوانی هەموو شارەکانی کوردستانی زاوای ڕواندزییانن.

# ٥

## پاسەوانەکانم

کاك سەڵاح لە درێژەی دیدار و ئاخاوتنەکان باسی زۆر لە کەسایەتییە دیار و بەرپرس و ناودارەکانی شۆڕش و حیزب و پێشمەرگایەتیمان کرد، نامەوێ کتێبەکە تەنیا ناوی ئەوانە بێت و بەس "ڕێز و ستایشمان بۆیان هەیە"، با باسی کەسانی سادە و خاکی و بەردەست و پاسەوانەکانیش بکەین، ئەوانەی ماوەیەك لەگەڵ تۆ، لەنزیك تۆ، لەکن تۆ، لەبەر چاوت، بە مووچە و نان و سێبەرت ژیاون:

بەڵێ ڕاست دەکەیت، خەڵکی زۆرم لەگەڵ بوون، کەسانی باش و پاك و خاوێن، دڵسۆز، پێشمەرگەی ئازا، خەڵکی بەغیرەت و بەوەفاش، لەگەڵیان چاك و برادەریش بووم.

یەکێك لەوانە ناوی "مەلا" بوو، خەڵکی گوندەکانی باڵەکایەتی بوو، زۆرتر چێشتی بۆم لێ دەنا، پیاوێکی پاك و خاوێن بوو، خواردنی باش بوو، هەموو خواردنێکی دەزانی، بەڵام دۆڵمەی نەدەزانی، خۆشم دەویست، دەیگوت:

کاکە حەز دەکەم عەرەقخۆر نانی دەستی من نەخۆن، تکایە، منیش دڵم دەدایە و دەمکردە گاڵتە و بە ڕێمان دەکرد.

ماوەماوە مۆڵەتی هەفتەیەکم دەدایێ و دەچووە گوندی، ژنیشی نەبوو، بەڵام دەچووە کن دایك و باوکی و ئیشوکاری گوندی بۆ دەکردن. کوڕێکی باش بوو، هەموو ئیشەکانی بۆ دەکردم، پارەی لەکن بوو لە گەڵاڵە شتی پێویستی ناوماڵەوەم دەکڕی، سەربانەکەی دەگێڕا و بەفری ڕادەماڵی و چاوی لەناو ماڵەکەم بوو.

یەکێکی تریان ناوی "حەسەن" بوو، خۆشناو بوو، پێیان دەگوت حەسەن پەرسیلە، لەگەڵ گەڵامێو حەساسییەی هەبوو، لە ئۆردوگا ڕۆژێکیان دەعوەت بووم، ئەویشم برد، لەوێ کردبوومە چاودێر، کە دەچینە ناو خیوەتەکە و دۆڵمەکە هەڵدەڕێژن، ئەو یەکسەر گەڵا مێوەکان دەبینێت و نەرم و سەبر بە من دەڵێت:

کاك سەلاح دۆڵمەکە گووی تێدایە.

ئەویش خواردنی بۆم دەکرد، ماوەیەك پاسەوانم بوو، پێش هاتنی خێزانەکەم بۆ چۆمان، "ڕەسووڵ گەردی"م لەکن بوو، نەیدەهێشت ئەو و ئەوانی تریش لە ناندینەکە، لە چێشتەکان نزیك ببنەوە، هەمووی بە خۆی دەکرد، دەستاوی زۆر خۆش بوو، زیرەك بوو، کاك ڕەسووڵ ماوەیەکی زۆر بە تەنیا ژیابوو، زوو لە هاوسەرەکەی جیا ببووەوە، لە دەرەوەش نانی نەدەخوارد و ڕای لە خواردنی خەڵکیش نەبوو، بۆیە بووبووە هونەرمەندێکی حەیرانبێژی زۆر کابان و دەستاوخۆشی بەتام. ئەو پیاوە کە دەچینە ئۆردوگا لەوێش لەگەڵم بوو.

ماوەیەك کوڕە خاڵێکم بە ناوی "ئازاد ڕەسووڵ" لەگەڵدا بوو، پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، لەو ساڵانەی ڕابردوو بینیم گوتی: دەزانی خانەنشینیم بۆ ناکەن، دەڵێن کێ دەڵێت پێشمەرگە

بوویت؟! کەس شاهیدیت بۆ دەدات؟! من گوتم: حەقی خۆتە، بەڵام دڵنیام نامەی من ناخوێننەوە و کەسیش هەر نامناسێت.

کە لە چۆمان و ناوپردان دوور دەکەوتمەوە، پێش ساڵی ١٩٧٤ و ڕۆژانی شەڕەکە، دەچوومە جوندیان و ناوچەکە دوو کەسم بە چەکەوە لەگەڵ دەهات، پێشمەرگەم لەگەڵ بوو، بەڵام لە ناوچەکەی خۆمان هیچم نەدەویست.

بارەگاکەم خانووێکی دوو ژووری بوو، ژوورەکەی خۆم کەس بۆی نەبوو بچێتە ناوەوەی، دۆسیە و فایل و نووسراوەکانم ببینێت، کلیلم لەکن کەس نەبوو، تەنیا بە خۆم بوو. ژوورەکەی تریان بۆ ئەوان و میوانەکانم بوو.

یەکێك لەوانەی لەگەڵم بوو بە ناوی "ڕەشکە" ناسراو بوو، ئیتر ئێمەش پێمان دەگوت ڕەشکە، پیاوێکی باڵابەرزی ڕەشی ناشیرین بوو، پاشان بوو بە ئامیری سریەی پێشمەرگەکانی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ناوپردان.

لە هەموو ئەوانە سەیر و خۆشتر، یەکێکی سلێمانیم لەگەڵ بوو، ناوی "ئەمین فارس" بوو، لە ڕایات لەگەڵم بوو، شەوانە دەچووە ماڵەکەی خۆی لە ڕایات، بەردەوام دەیخواردەوە و گلەیی زۆرمان لێی دەکرد و دەمانگوت؛ زۆر مەخۆرەوە ئەو دەیگوت:

چ بکەم سەرخۆش نابم، خەوم نایەت، بە دوو بوتڵیش سەرخۆش نابم، نازانم چ بکەم؟!

برادەرەکانی، ئەوانی لەو نزیك بوون دەیانگوت؛ شەوانە وەك گورگ دەلورێنێ، توومەز زۆری دەخواردەوە و مڕەمڕی

کردووە، زۆر ئاگای لە خۆی نەبووە. بەڵام پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، گوتیان لەو دوایيانە لەکن دکتۆر ڕۆژ نووری شاویس پاسەوان بووە.

یەکێکم لەگەڵ بوو، جیهانێکی تایبەتی هەبوو، "سەید حەسەن" ئەویش خەڵکی ناوچەکە بوو، زۆر مێباز بوو، کاری بەدکاریی زۆریشی دەکرد، زوو زوو دەهات و دەیگوت: تکایە ئەگەر هاتنە سەرم چاوت لێم بێت. ڕۆژێکیان هات زۆر تەنگاو بوو، ترسابوو، گوتم: چیت کردووە؟ گوتی کاك سەلاح لێم خۆش نابن، لە پەنا بەردێکی ئەو بنارە لەگەڵ پیرەژنێکی ڕەوەند بووم! منیش گوتم:

چۆن و کەی؟

ئەو گوتی:

لەو بنارە، کەمێك دوور بووم، کاروانێك کۆچەر دەڕۆیشتن، لە من تێپەڕین، ژنێکیان، دیار بوو بە تەمەن بوو، بەڵام هەر تەڕ بوو، گۆشتی دەخورا، خۆی دەدایە پشتەوەی کاروانەکە، دیتم و باش ئاگام لێ بوو، ئەویش دەیزانی من چاوم لەسەری داناوە، چووە پەنا بەردێك، حەزی لێ بوو، دەنگم دا، گوتم:

پخ، پخ!

ئەویش دەنگی دام و گوتی: پخ پخ.

ئەو چووە بن بەردێك و منیش خۆم گەیاندێ، ژنم گەوزاند، باش تێکدەئاڵێن خۆش بوو، تەواو بووین، دوور کەوتمەوە، منداڵەکانی کوڕ و زاواکانی هاتنە سەری، ئەویش خۆی دەگەوزاند، خۆی ڕادەکێشاوە، بزەی دەهاتێ، پێی دەڵێن:

چی بووە؟ بۆ وا دەکەیت؟ ئەوە کێ بوو؟ چی کرد؟!

ئەویش بە قەومەکەی گوتبوو:

هیچ نەبوو، باشی گەوزاندووم، لێی گەڕێن، دوور کەونەوە با باش لەناو هێسکەکانم بگەڕێت، تێری کردووم!

لێم دەپاڕایەوە و دەترسا، ماوەیەك هوڕێنەی دەکرد و حەجمانی نەبوو، بەڵام دوایی هیچ نەبوو، لەبیری چوو، تا ڕۆژێکیان هاتەوە، گوتی:

ژنەکەم دیتەوە، چوومە سەر ڕێی کاروانەکەیان، لەگەڵ حەیوان و وڵاخەکەیان ڕۆیشتم، بووبوومە شوان و قوڵێنگێکی ئاسمانی ئەوان، تا گەیشتمەوە پیرەژنەکە، لێی نزیك بوومەوە، منی بینی گەشایەوە، تینوو بە حەسرەت بوو، پەرۆش بوو، چاوەڕوانی کردبووم، تینووی بووبوو، حەزی لێ بوو، چووە پەنا بەردێك، نشێوێك، کە نزیك بوومەوە گوتم:

پخ، پخ!

ئەو وەڵامی دامەوە:

پخ پخی کەرێ

لە داپیرە وەرە دەرێ

چوومە کوێستان و هاتمە خوار

ئیمساڵ خۆشتر بووم لە پار.

لەگەڵ پخە پخەکە لێی چوومەوە پێش و دیسان لەگەڵ پیرەژنەکە ڕێککەوتین و ئاوم لە هێسکە وشکەکانی کردەوە و هاتمەوە.

ئیتر فێری بووم و چاوەڕوانی دەکەمەوە، دیسان بێنەوە کوێستان، ئەگەر نەمری و منیش لە بۆردومانە بەردەوامەکانی سەر چۆمان نەکوژرێم، هەر دەیدۆزمەوە.

بەڵام شوێنەکە و هەوارەکە بۆ ئەو و ژنەکە و هەمووومان؛ زۆری نەخایاند و لە هەمووومان تێك چوو. ئیتر نە کابرا ژنەکەی دۆزییەوە، نە ژنەش چیتر بە کۆچباریی هاتەوە ئەو کوێستانانە، لەوێش کەس ئاوی لە هێسکەکانی نەکردووە، دووریش نییە لە شوێنی تر یەکێکی هەر دۆزیوەتەوە ئاو لە هێسکەکانی بکاتەوە.

## هەژدەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٢٦
بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ا

## دکتۆر کارزان

ئیمڕۆ هەست دەکەم کە ئێمە پێکەوە قسە دەکەین، ئەو بە من دەڵێت مامۆستا، سوپاسی ناسکی و ڕێزی زۆری دەگرم، ئیتر نازانم لە دیدارەکانی تریش هەر بە مامۆستا ناوی منی بردووە و زۆرتریش گوتوویەتی مامۆستا، ڕەنگە پاش ئەوەی دیدارەکانی تەواوم کردوون، نووسینەکانی ڕۆژانی ڕابردووی منی خوێندووەتەوە، بۆیە بڕیار دەدات پێم بڵێت مامۆستا، ئەوەش بۆ من شانازییە، ماوەیەکی تر بەیەکەوە بین و کتێبەکەش چاپ بکرێت، ئەو وەك ڕواندزییەك سەیرم دەکات، ئەوەش بۆ من مایەی دڵخۆشییە.

ئەو گوتی:

مامۆستا دوێنێ لە جیهان و خەڵك و دەنگیش دابڕابووم، مۆبایلەکەم بەرنامەکانی نەدەکرانەوە، نازانم هاك کرابوو یان من دەستم لە بەرنامەیەك دابوو؟! ئیتر باش بوو، "ئامەد"ی نەوەم هات، ئەویان لە منداڵەکانی میدیای کچم لەوە زیرەکە، هات و ماوەیەك خەریکی بووە، ئیتر ناوەکان، دەنگەکان، فۆتۆکان، خۆم پەیدا بوونەوە و تۆش هاتیتەوە، فەرموو با قسە بکەین.

سەرەتا دەڵێم منداڵەکانت و هاوسەرەکانیان باشن، بە خۆت سەلامەتی؟

من باشم، سوپاس، ئەدی تۆ؟ "وەڵامی دەدەمەوە".

دوێنێ دکتۆر و خۆشەویستەکەم دکتۆر کارزان لە کنم بوو، گوتی پشکنینی کریاتینەکەت "Creatinine" بەرزە، لە ٢،٩٪ بووە بە ٣،١٪ ئەوەش بۆ گورچیلەکانت باش نییە، ڕاستە کەم دەخۆیتەوە، یەك پێك ڤۆدگا دەخۆیتەوە ئەوەش مەخۆرەوە، شەش مانگ تاقی بکەرەوە باشتر دەبیت. جارێکیان کریاتینەکەم گەیشتبووە ٧،١٪ ترسناك بوو، زوو منیان بردە نەخۆشخانەی ژینی تایبەت، لەوێ دکتۆرەکان خەریك بوون گورچیلەکانم بشۆن، بەڵام، میدیای کچم نەیهێشت. ئەو گوتی: یەك جار گورچیلەکانی بشوورێن، تا ژیانت ماوە دەبێت بەردەوام بیت، ئیشەکی زۆر باشی کرد منی ڕزگار کرد، لەوێ مامەوە و چارەسەریان کردبوو، ئەوەی لەبیرم ناچێتەوە تێچووی چارەسەرییەکم لە لایەن سەرۆك بارزانییەوە دابین کرابوو، دیارە منیان لەبیر ماوە و سوپاسیان دەکەم.

ئەگەر خۆم نەچمە دەرەوە و چاوێك لەو دونیایە نەگێڕم مردووم، بزەیەك بۆ جوانێك، سڵاوێك بۆ نازێك نەکەم، تەواو بووم. زوو زوو نیاز پێم دەڵێت: با شوفێرێکت بۆ پەیدا بکەین، بەسە چیتر بە خۆت ئۆتۆمبێل لێ مەخوڕە، من دەڵێم:

کەی نەمتوانی ئۆتۆمبێل لێ بخوڕم، منیش ناچمە دەرەوە، بە تەنیا نەبم ناچمە دەرەوە، ئازاد نەبم ناڕۆم.

کە نەخۆش دەبیت، لە ماڵەوە دەبەسرێیتەوە، ناخۆشە، من دژی ماڵ بووم، ئێستا بەردەوام لەناو ماڵم، کەی ئەو حاڵە "بەپێکەنینەوە"، دەچووم شارەکان، شەوان دەچوومە هوتێلەکان و خەڵکم دەبینی و هامۆشۆم گەرم بوو. دوا سەفەرم لەگەڵ دکتۆر ڕەنج ئاکرەیی بوو، پێکەوە چووینە ئاکرێ، هاتە دوام و چووین، خۆش بوو.

## ٢

## هەولێر یان ڕواندز؟

من لێی دەپرسم: کاك سەڵاح هەولێر یان ڕواندز؟

لە هەولێر گە ورە بووم، بەڵام ڕواندز.

کاك سەڵاح پەشیمان نیت لە ماوەیەکی هەستیاری پارتی و شۆڕش و دەسەڵاتی سەرۆك بارزانی تۆ لەناو دەستەی باڵای پاراستن بوویت؟

نەخێر، هەموو ئیشەکانم بۆ بەرژەوەندیی میللەت و شۆڕش و حیزب بووە. من لە ساڵانی ١٩٦٦ تا ساڵی ١٩٧٦ لەو دەزگە هەستیارە گەورەیە کارم کردووە، زۆر جار لە مردن دەرباز بوومە، کردەوەکانم ترسناك بوون، زۆر خەڵکم لە مردن ڕزگارکردووە، زوو هەواڵم ناردووە، لە فلان سەعات و لە فلان شوێن ئەوە ڕوو دەدات، کوشتن، بۆردومان، هێرش، گرتن، زۆرم لەوانە ئاشکرا کردووە، لەناو قەڵەمی سڕی هەموو شتێکم دەزانی، دەمبینی، دەمبیست، هەستم پێیان دەکرد، بۆ کاك مەسعوودم دەنارد، ئەوانە تەواو کوشتنی لەسەر بوو، لێ ڕاهاتبووم، هەرگیز پۆست و کار و قەڵەم و بڕیارم دژی کەس نەبوو، حەزم لێیە ئەوەش بڵێم سەرۆك بارزانی و کاك مەسعوود و جوانەمەرگ ئیدریس متمانەی تەواویان بە من هەبوو، ئینجا ئێستاش هیچیان بۆ من نەکردووە و داوای هیچیش ناکەم.

مووچەکەم ئاوڕدانەوەیەکی کاك مەسعوودە، شتێکی ئاسایی و سادەشە ئینجا هەر سوپاسی دەکەم.



**سەلاح ڕەفیق لە ڕواندز**

# ٣

# لە لایەن برادەرەکانمانەوە چاودێری دەکراین

کاك سەلاح پەشیمانیت چوویتە کەنەدا؟

نەخێر، ئەگەر نەڕۆیشتبووام دەکوژرام. لەوێش هەر برادەرانی خۆمان، ئەوانەی لەگەڵمان هاتبوونە کەنەداش دژایەتیی ئێمەیان دەکرد، لەگەڵ موخابەراتی عێراقی دەستیان تێکەڵ کردبوو، بەڵام زوو پۆلیس و ئەمنی کەنەدی "RCMP" بەوە دەزانێت و ئاگادارمان دەکەنەوە.

با ئەوەت بۆ بگێڕمەوە، ساڵێك و زۆرتر بوو هاتبووینە کەنەدا، بەڵام ناوەکانیان ناڵێم کێ بوون، ئەوەندە دەڵێم دوو لەوانە خەڵکی خانەقین بوون، یەکێکیان ئەترووشی بوو، ئەوانە لەگەڵ موخابەرات و سەفارەتی عێراقی لە کەنەدا پلانیان دانابوو ئازارمان بدەن، بەرنامەی نەگریسی بەعس بۆ لەناوبردمانمان جێبەجێ بکەن، هەر من نەبووم، ئێمە چوار کەس بووین "من لە شاری واترلۆ بووم، نەوزاد قازی لە بنەماڵەی عەبدولڕەحمان قازی بوو، حەمە ساڵح دۆسکی ماوە لە دهۆك دەژیت، لەگەڵ هاوڕێم ئەنوەر ئەزوەر ئەویش لە سلێمانی دەژیت، قسەت لەگەڵ کردووە، ئەوان لە لەندەنی کەنەدا و هامیڵتۆن بوون"، ئەوان لە لایەن پۆلیسەوە چاویان لەسەر بووە، زانیارییان هەبووە، بۆیە بانگمان دەکەن، هەر چوارمان دەبینن، پێمان دەڵێن:

ئێوە لەلایەن برادەرەکانی خۆتانەوە چاوتان لەسەرە و چالاکییەکانتان ڕەچاو دەکەن و ئاگاداری باڵیۆزخانەی عێراقی دەکەنەوە، خۆمان زانیارییمان لەناو ئۆتۆمبێلەکانیان دۆزیوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچیان نەکردبوو، ناگیرێن، ئەوەندە بە ئێوە دەڵێین ئاگاتان لە خۆتان بێت، بە مەرجێك باسی بابەتەکە نەکەن، دەستیان لێ نەوەشێنن، ڕووبەڕوو پێیان مەڵێنەوە، ئێمە خۆمان ئەوە دەکەین، هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئێوە لەگەڵ ئەوان خراپ لەسەر چاودێرییەکانمان دەشکێتەوە و زیانی دەبێت و ئێوەش سزا دەدەین. لە بیرمە ئەوان، برادەرە بەدکارەکانمان دەزانن ئێمە شتێکمان زانیوە و هەستمان بە چالاکییەکانی ئەوان لەگەڵ باڵیۆزخانە کردووە، یەکێکیان ڕووی هەڵنایەت لە کەنەدا بژیت و دەچێتە ئەمریکا.

لەو دیدارە، ئەفسەرەکە ناوەکەی ئەوم هەر لە بیر ماوە، ناوی "گێری تێلەر" بوو، کارتی خۆی دامێ و گوتی: کەی پێویستت بە من هەبوو پەیوەندی بکە، ژمارەی تەلەفۆنی لەسەرە، لەوەش ئامۆژگاری باشی کردین و سەلامەت دەربازمان بوو.

## ٤

# سەیرانی ناو کەنەدا

ئەوەندە ساڵە لە کەنەدا بوویت بە سەردان زۆر گەڕاویت؟

بەڵێ، ساڵانە مانگێك پشووم هەبوو، دەچوومە هەموو لایەك، سەفەرم پێ خۆش بوو، بەڵام یەك جاریش بە کاروباری کۆمپانیاکەمان دەچمە لەندەنی بریتانیا، لەوێ لە هوتێل لەندەن بریج "London Bridge Hotel" دادەبەزم، هوتێلی ناوداری لەندەن بوو، لەسەر ڕووباری تایمز، شوێنێکی نایابیان بۆم گرتبوو، لەبیرمە بەو جۆرە ژوورانەیان دەگوت "ڕویال ڕووم"، ژووری شاهانە.


کۆمپانیاکەمان منی ناردبوو لەوێ ئیش و بازاڕیان بۆ بدۆزمەوە، پاش ئەوەی ماوەیەك لەوێ لە بازاڕەکاندا دەگەڕێم، دەپرسم، دەچمە سەنتەرە بازرگانییەکان، مۆڵەکان، دەگەمە ئەو بڕیارەی ئێمە ناتوانین لەناو بازاڕەکاندا شوێن و کۆگە بدۆزینەوە، موڵك لەوێ گرانە، ئاسان نییە بتوانین خۆمان لەوێ جێگیر بکەین، پێیان دەڵێم:

لەوێ دەتوانین، بەڵام دەکرێ لە دەرەوەی شار پارچەیەك زەوی گەورە بکڕین و سەرمایەگوزارییەکی گەورە بکەین. چونکە لەناو شاری لەندەن ئاسان نییە و قازانجمان نابێت.

لەو ڕۆژانەی لەو هوتێلە دابەزیبووم، ڕۆژێکیان دێمە دەرەوە و لەبەر دەروازەکەی ڕووبەڕووی ڕێپێوانێکی هێمنانەی "پەکەکە" دەبمەوە، دروشم و وێنەی سەرۆك ئاپۆ دەبینم، دەچمە ناویان و تێدەگەم:

ئەندامێکی سەرکردایەتیی حیزبەکەیان لە ئەڵمانیا هاتبووە لەندەن، دیداری هەبووە، سەردانی بریتانیای کردووە، ئەوان گرتوویانە، بۆیە ئەندامانی حیزبەکە و کوردەکان هاتبوونە سەر شەقام و دەچوونە بەر دەرگەی پەرلەمانی بریتانی و داوای ئازادکردنیان دەکرد.

هەر لەو هوتێلە تێدەگەم لەناو هوتێل و بارە گەورەکاندا بەخشیش نادەنە بۆیەکان، پارە وەرناگرن، گوتیان پارەکە بۆ ئێمە نابێت، ئێمە خزمەتگوزارییەکەمان لەسەر لیستی پارەکە و ڕێژەمان دیارە.



**کەنەدا - لەگەڵ فەریدوون خانەقینی و برادەرێکی زاخۆیی لە کەنەدا**

## ٥

## کۆترەکانم

لێی دەپرسم، ئەمڕۆ کۆترەکانت دان داوە؟

ئەو دەڵێت:

بەڵێ لە بیریان ناکەم، دەزانی ئێستا کۆترەکان ژمارەیان زۆرتر بووە، دیارە حەوشە و دان و بەرنامەکەی من، لەناو جیهان و ئاسمان و هێلانەی کۆترەکان بڵاو بوویتەوە، بەیەکتریان گوتووە، زۆر دێن و دەنیشنەوە، دەمینێنەوە، لەسەر دیوارەکان، لەبەر سێبەری ماڵەکەم و لقی دارەکان چاوەڕوانم دەکەن، دیارە بە گمەگم بەیەکتریان گوتووە:

لەو ناوچەیە، لەو دووورە شارە، ماڵێك هەیە منداڵیان نییە، پشیلەی دڕ و هاری تێدا نییە، شوورەکەی بەرز نییە، نهۆمەکەی سەرەوەی ئاوەدانی تێدا نییە، هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و دووکەڵی نییە، خاوەنەکەی پیاوێکی بەتەمەنە، نەرمە، کەم دەجووڵێتەوە، ناڕوات، ناچێتە دەرەوە، شەوان جووڵەیەك دەکەوێتە ماڵەکەی، بەر دەرگەکەی ئاوەدان دەبێت، یەکێك دووان، زوو دێن، هەیە درەنگ دەردەکەوێت و زووش دەچێتەوە!

کۆتر بە کۆتر دەڵێت، دێن و کۆ دەبنەوە، زۆر دەبن، قەڵەو دەبن، لێم ناترسن لەبەر خشەخشی پێیەکانم نافڕن، ئەوان لە

وردەکارییەکانی ناو هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان، تووڕەبوون و هەڕەشەکان درۆکان، تێناگەن، گوێ بەو دەنگەدەنگە نادەن، دەفڕن دەڕۆن، ئێرە نا، ئاسمانێکی تر، ئێرە نا، شوێنێکی تر دوو لقەدار و کەمێك پووش و بە هەرەوەرزی هێلانە و لیستی تر دروست دەکەن.

بەڵام! ئەوان تێناگەن من بە قەد ئەوان و زۆرتریش، لە ئاسمانی شین و سەرووی هەورە سپییەکان ماومەتەوە، زۆرتر لەوان بڵندتر بووم، نازانن یان هەستیان بەوە کردووە، من چیم و چ دەکەم؟!

ئەوان بە من دەژین و منیش بەوان دەژیم! من دان و ئاویان بۆ دادەنێم، سێبەر و ئارامییان بۆ دەڕەخسێنم، ئەوانیش ئاسوودە و ژیان و بەردەوام و چاوەڕوانیم شیرین دەکەن.

## ٦

## گەڕەکی خانەقا

دوو شتی گەڕەکی خانەقا و منداڵییت بگێڕەوە:

هەر دوو شت، هەر دوو بابەت، خانەقا زۆرە، گەورەیە، بۆ من زۆرە، منداڵی و خوێندن و جوانییەکانم لەو گەڕەکە بووە، خانووە گەورەکەمان، جیرانە باشەکان، زۆرن. ئێمە نزیك بووین لە تەکیەی شێخ عەبدولکەریم، دەفی دەروێشان، بەزمی جامبازەکانی مەیدانی کەران، گەرمی و دەنگی گومرگ و حەیدەر کەچەڵ، تەقەتەقی فیتەرەکان، هاتوچۆی گەنجان و چوونە سینەماکان، ئەدی بەرد و دینگ و دەستاڕەکەی نزیکمان، نەخشەی کەرپووچ و دیوارەکان، بەرهەیوان و ڕووبەندی داری هەندێ لە ماڵەکان، بەلوعەکەی ناوەندی کۆڵانەکە، کۆڵانە تەسکەکانی دەڵێن ڕووخاون، دارماون، پیس بوون. بە داخەوە خانەقا داون تاونی شارە، سەنتەرە زیندوو و ئاوەدانە جوانەکە و سەنتەری گەشەکردن و قسەکردنی زمانی کوردی بوو، بارەگا و هەواری حیزبایەتی و کوردایەتی بووە، منداڵەکانی ئەو گەڕەکە خوێندەوار بوون و سێبەر و پیرۆزیی تەکیە و مزگەوتەکانیان بەسەرەوە بووە.

با بڵێم لە خانەقا شەڕە بەردی خانەقا و قەڵاتم لە بیرە.

قەڵاتییەکان شوێنیان بەرز بوو، شەڕیان بە تەیراوە و خانەقا دەفرۆشت، بەڵام کە دەهاتنە خوارەوە و دەچوونە ناو شار، باریان لار دەبوو، بە سەری شکاو و سەر دەکەوتنەوە و دەچوونەوە ماڵەکانیان. ئەوە یەکەم!

با دووەمیش بڵێم: پۆلی دووی سەرەتایی بووم دایکم منی دەبردە حەمامی عەلی ئاغا، ناو ژنان، کەمم دەبینی، وێنەکان شێواو بوون، تەڵخ بوون، لەبەر منداڵی و دووەمیش لەبەر هەڵم و تەقەتەق قاپقاپەکان، ناوی ژنە سەرشۆڕەکەشم لە بیرە، "دادە حەمدیە" و پێیان دەگوت دایکی قادری.


با ئەوەش بڵێم چوونە حەمام بە تایبەتی بۆ ژنان؛ سەیران و بەزم و ناسین و خۆدەرهێنان و ژنخواستن و شیری گەرم و قسەکردن و ڕازی زۆر بوو. حەمام مەجلیسێکی ئاوەدانی خاوێن بوو، قسەی زۆری لێ دەکرا، ڕەنگە هەندێك لە قسەکان بۆ ئیمەی منداڵ ئەو دەمانە پیس بوون.

با ئەوەش هەر بڵێم: تا پیاو، زاوا، کوڕ بۆنی خۆش بێت، خاوێنتر بێت، ژنەکەی، دۆستەکەی سابوونێکی حەلەبیی ڕەقی کەسکی گەورەی دەداتێ و پێی دەڵێت: بڕۆ حەمام، تا ئەو سابوونە تەواو دەکەیت خۆت بشۆ!

ئەویش دەڵێت: ناتوانم ئەوەندە لە گەرماوەکە بمینێمەوە، هەڵم و گەرما و تەقەتەقی قاپقاپ و جام دەمخنکێنێت. من چۆن ئەو سابوونەی بە چوار مانگ وشکبوونەوە دروست کراوە، ئەو زەیتوونەی لەگەڵ گەرما پەیدابووە بە من تەواو دەبێت.

ژنەکە دەڵێت:

سابوونەکە تەواو کە و وەرەوە.



**حەمامی عەلی ئاغا - گەڕەکی خانەقا**
**ئێستاش شوێنەواری ماوە.**

## ٧

## سێ کیلۆ زێڕەکەی باوکم

لەو ساڵانە، لەو هەموو سەفەر و ژیانە قەت پارەت لێ ون بووە، دزیت لێ کراوە، زیانت لێ کەوتووە؟

نەخێر هەرگیز، هەمیشە ئاگام لە گیرفان و جانتا و بەرنامەکانی خۆم بووە، بەڵام لەبەر من حەرەس قەومی سێ کیلۆ زێڕی باوکم دەدزن.

ئەوان هاتبوون من بگرن، هاتبوون نووسین و بڵاوکراوەکان بدۆزنەوە، بەڵام زووتر ئازاد ڕەسووڵی کوڕی خاڵم و "خائیلە حەمەدەمین"ی ئامۆزام زوو شتەکان لەناو کورخانی حەمامەکەمان دەسووتێنن. خائیلە ئامۆزام بوو، خوشکێکی بەڕێزی من بوو، لەناو ماڵی ئێمە بوو، بۆ خوێندن هاتبووە هەولێر، ڕۆحی شاد، ئێستا "ئەژی موحەمەد دێوانە"ی کوڕی لە هەولێر دکتۆرە.

کاک سەڵاح با بگەڕێینەوە ڕواندز، هاوڕێم "ئومێد شێرکۆ مەجرووم" بە دوو دێڕ لەسەر داوای خۆم؛ ژیان و مردنی "سمایل بەرگی ڕواندزی" و "ئەمین ڕواندزی"ی بۆ ناردم، ئەوەی پێم سەیرە سمایل بەگی سەعید بەگی عەبدوڵڵا پاشا لە ساڵی ١٩١٣ لە ڕواندز لەدایک بووە، لە ڕۆژی ١٩٣٣/٥/٢٧ لە دۆڵی نیشاوەی نێوان چیای سپیلك و خەلیفان و پشت گوندی

کەلەکین لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە بۆسەیەکی نامەردانەدا کوژراوە، لێرە مەبەستمە بڵێم: ئەو پیاوە بە گەنجی کوژراوە، هەر لەو تەمەنەش ئەندام پەرلەمانی سەردەمی پاشایەتی بووە لە عێراق و نوێنەری ڕواندز بووە، بچووك نەبوو؟

راستە گەنج بووە، بەڵام دیارە خوێندەوار بووە، لەو دەمانە پەرلەمان زۆرتر بۆ عەشیرەت و شارەکان بووە، نوێنەرەکان بەو جۆرە بوون، مەحموود بەگ خەلیفە برادۆستی نوێنەر بووە، فەتاح ئاغای هەرکی نوێنەر بووە، لەناو دزەییەکانیش لە هەولێر نوێنەریان هەبووە، خدری پاشا نوێنەری ئەوان بووە، عیزەدینی مەلا فەندییش نوێنەر بووە.

ئەوەی دەمەوێ لێرە باسی بکەین باشە، "لەعلی خان" دایکی سمایل بەگ تا مرد دەستی لەناو ژوورەکەی نەدابوو، جلوبەرگ و کەلوپەلەکانی سمایل بەگی وەك خۆی هەڵگرتبوو.

"منیش ئەو ژن و ئەو ژوورەم دیبوو، لە سەرەتای هەشتاکان ڕەحمەتیی سمکۆ ڕواندزی و سەعید مەساح دەمبەنەماڵەکە و چەند فۆتۆیەکی لەعلی خان و ماڵەکەشم گرت، بەڵام بە داخەوە فۆتۆکانم نەماون"

## نۆزدەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەلاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٢٨

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## ناوم لەکن سەرۆک بارزانییە و بەس

کاك سەڵاح دوێنێ بە ماسنجەر وێنەیەکی ڕەشوسپیت بۆ ناردم، جوانە و باشە، باسی وێنەکەم بۆ بکە:

وێنەکە من و باوکی ڕەحمەتیم "ڕەفیق زێڕینگرە"، لەناو دوکانەکەی لە ساڵی ١٩٦٤ گیراوە، دوێنێ لەناو فۆتۆکان دۆزیمەوە. ئەو زووتریش گوتبووی من ئەرشیف و نامە و بەڵگەنامە و فۆتۆ کۆنەکانم زۆریان نەماون، بۆ نموونە هیچ فەرمانێکی حکوومی کاتی فەرمانبەریم نییە، هیچ نووسراوێکی حیزبیم نەماوە، ناسنامەیەکی پێشمەرگایەتیم نییە، ناوم لە بەڵگەنامەیەکی حیزب نییە. لە پێشمەرگەکانی ئەیلوولیش نییە، ناوم تەنیا لەکن سەرۆك بارزانی هەیە.

## ٢

# زیندانی ڕایات

ئەو دەمانەی لە لێژنەی لێکۆڵینەوەکانی پاراستن بووم، من زۆرتر دەچوومە زیندانەکان، سەردانی گیراوەکانم دەکرد، قسەم لەگەڵ دەکردن، شەهید فەرەنسۆ زۆر سەرقاڵ بوو، ئەو قایمقام بوو، کاری فەرمانڕەوایەتی لەسەر بوو، حەمە عەزیزیش زۆر کاروبارەکانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بەڕێوە دەبرد، ئەو دەمانە کەسانی یاساناس کەم بوون، هەبوو نەبوو شەکیب ئاکرەیی و حاکم حوسێن بامەڕنی، دواییش کەریم شنگالی هات.

هەفتانە و زۆرتریش دەچوومە هەردوو زیندانەکەی شۆڕش، ئەوەی ڕایات و ئەوەی تریان لە گوندی خەلان بوو.

زیندانی ڕایات، لەناو قشڵە کۆنەکەی پۆلیسان بوو، ئەوەش سەربردەیەکی هەیە، لە سەرەتای شۆڕش چەند پۆلیسێك یاخی دەبن و تەسلیم نابن، دوای شەڕ و گەمارۆدانی خەڵکی باڵەکایەتی لە ساڵی ١٩٦١ و شەڕێکی ١٥ ڕۆژی مەخفەرەکە دەگرن، ئێستا بەشێك لە کەلاوەکەی ماوە، لەبەر ئەوەی دیوارەکانی پتەو و سەرەکەی چیمەنتۆ و توند بوو، ئەو شوێنە کرابووە زیندان، گیراوە سیاسییەکان لەوێ بوون، بەرپرسی

زیندانەکە "سەعید مەسیفی" بوو، پێشمەرگەیەکی کۆن بوو، زۆر خۆشم دەویست، ئازا و خۆڕاگربوو، زوو لەگەڵ "خالید ئاژگەیی **۱۹۳۲-۲۰۰٤**" لەگەڵ مام جەلال بووە، ئەو چوویتە هەمەدانیش بەڵام زوو گەڕابووەوە و هاتبووە ناو ڕیزەکانی مەلا مەستەفا، دەیانگوت هەموو جارێ بە خالید ئاژگەیی دەگوت:

جارێك لە مەلا مەستەفا دابڕاوم، بەڵێن دەدەم تا ماوم لەگەڵی بم و جیا نەبمەوە.

زیندانی ڕایات لە سەرووی گوندی بابەکراو و نزیك گوندی ڕایات بوو، لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە بوو.

بەرپرسەکەی پیاوێکی ئیماندار بوو، بەردەوام نوێژی دەکرد. من لەگەڵ کوڕەکەی "بڵند" برادەر بووم، ئەو لەناو شۆڕش برینپێچ بوو. کوڕێکی تریشی هەیە لە ئەمریکایە دکتۆرای هەیە، مامۆستایەکی زانایە و کتێبی زۆرە، بەڵام زۆر لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێمە نییە، خۆشم دەوێت، زیرەکە وا بزانم ناوی لە خۆی ناوە کرمانج گوندی، خۆی ناوی کەریمە.

لە ڕۆژانی شەڕەکەی ساڵی **۱۹۷٤-۱۹۷٥** و بۆردومانە زۆرەکانی سەر چۆمان، قوتابخانەکەی چۆمان بووبووە زیندانی سەربازە دیلەکان، ئەوانیان لەوێ کۆ کردبووەوە، ژمارەیان زۆر بوو، دەیانگوت ئەفسەرە فڕۆکەوانەکەی فڕۆکەکەی کەوتبووە خوارێ لەوێ گیرابوو، ئەویش لەو زیندانە بوو، کە فڕۆکە چۆمانی بۆردومانی کردووە، خۆی شاردیتەوە، زۆریش لە فڕۆکە ترساوە و زوو دەچووە گۆشەی دیوارەکان، گوتبووی ئێرە ئەمینە. دیوارەکان هەموو بکەون و برووخێن، گۆشەکان سەلامەت دەبن.



**کەلاوەی زیندانی "خەلان"ی شۆڕشی ئەیلوول لە دەڤەری چۆمان**

## ٣

# نەورۆزەکەم

لە ڕۆژانی شەڕە قورس و خوێناوییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەلامارە دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی و پاسدارانی ساڵی ١٩٨٠ لە وڵاتی کەنەدا شیعرێکم نووسی، شیعرەکەم لە تۆرنتۆ لە یادی جەژنی نەورۆز و لەگەڵ ئاهەنگەکە خوێندەوە. زانیبووم کارەساتەکان زۆرن، کۆمەڵکوژییەکان هۆڤیانەیە، گوند زۆر سووتاون، ژن و منداڵی زۆر بوونەتە قوربانی، بۆیە ئەو شیعرەم نووسی:

نەورۆزەکەم

نەورۆزەکەم لە هەر کوێ بم

ڕەهێڵی قین، لە کام قوڕنەی

گێتییەدا هەڵم بدا

چەرخی گەردوونی چەپگەر هانم بدا

برسی و ڕووتوقووت و پێخواس

لەش پڕ دەرد و دڵ پڕ لە ئەوین

دوورە کوردستانی خوێنین

یادت دەکەم
گەر بۆم بلوێ نامەت
بۆ چوارچێوەی دونیا
هەر خۆم دەبەم
تف لە دوژمنانت دەکەم
ئەو کەسانەی بە ناوی دین
یاخود ڕەگەز ئەتسووتێنن
ئەو مندالّە چاوگەشەی کورد
دەخنکێنن
ئەچەقێنم دڕکت لە چقلّی چاویان
ڕۆژێکم دێ
لە فەرهەنگی مێژووی ڕەشیان
بە هەش بنووسم ناویان
خۆشەویستم
کە هەوالّ دێت
دەلّێن کوردستان سووتاوە
دایکی کوردە و بە سکپڕی
بە نێزەی دوژمن کوژراوە
شار و باخ و دێهاتی کورد تێك دراوە

شەوەڕەشە
ئەڵێن قیامەت هەڵساوە
کە یەکێتیی میللەتان و کۆنگرەیان
لە تەك ئێمە بەستراوە
یەکمان نییە
ئەو هەواڵە بگەیەنێ
یان کۆنگرە
لە خەوایە و
لە خەو ماوە.

نەورۆزی ١٩٨٠

# ٤

# لە خانەقا کۆڵان بە کۆڵان

کاك سەڵاح حەز دەکەم تۆ بە وردی؛ بە ناو و بیرەوەری و ڕۆژگارەکاندا باسی گەڕەکی خانەقای هەولێرم بۆ بکەیت، چونکە تۆ منداڵی ئەو گەڕەکە بوویت، قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکەیت و ماڵتان لەو گەڕەکە بووە؟

"باشە ئەوەی بە بیرم بێتەوە بۆت باس دەکەم، ڕاستە من منداڵی ئەو گەڕەکەم، برادەرم لەوێ بووە، ماڵمان لەو گەڕەکە بووە، من قسەکانم دەکەم، تۆش بە داڕشتنی خۆت وەك بابەت و سەربردەکانی بینووسەوە."

گەڕەکی خانەقا یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری هەولێر، مێژووەکەی کۆنە، بەڵام ناکرێ و ئاسان نییە دانانی یەکەم خشت و یەکەم کەرپووچ و قوورگرتنەوە و هێنانی کاریتەکان بزانین. گومان لەوەدا نییە، ناوەکەی و ئاوەدانییەکەی ئەو گەڕەکە پەیوەندیی زۆری بە خانەقاکەوە هەیە، ئەوەی مەلا و زانایەکی نزیك مەلاونا خالیدی نەقشبەندی، شێخ هیدایەتی نەقشبەندی دایمەزراندووە. تێیدا مامم هەر لەساڵی ١٩٢٥ لەو گەڕەکە خانووەکەی کڕیبوو، دوایی لە کۆتایی چلەکان باوکم هاتووەتە هەولێر و ناو خانووەکە و ئەو گەڕەکە.

خانووەکە بە کەرپووچ بوو، دوو نهۆم بوو، دوایی بۆ من ژوورێك دروست دەکەن، قەرەوێلەم هەبووە، کورسی و مێزم بۆ خوێندن هەبووە، سەربانمان بڵند بووە، زوو زوو دایکم ئاگاداری دەکردمەوە: کوڕم لە سەرووی ستارەکەوە سەیری ماڵە جیرانەکانمان مەکە، عەیبە، جوان نییە، ئێمە سەربانەکەمان بەرزە، حەوشە و سەربانەکانیان لە ئێمەوە دیارن.

هەر لە کۆڵانەکەمان ماڵێکی تریش خانووەکەیان دوو نهۆم بوو، کابرا بەزاز بوو، دەوڵەمەند بوو، کیژێکی حەزی لە کوڕە هەژارێکی گەڕەکەکەمان دەکرد، زۆر داوای کرد، باوکم و مامیشم چوونە داخوازی بۆ کوڕەکە، پیاوماقوولان زۆر داوای لێ دەکەن، ئەو دەڵێت:

کیژم نادەمە ئەو کوڕە کرمانجە فەقیرە!

بەو قسەیە، بەو بڕیارە وشکە، دڵدارییەکە، سۆز و بەڵێنەکە نامرێت، ناکوژێتەوە، کیژەکە و کوڕەکە دەڕۆن و دوایی لە دادگە مارە دەکرێن و دەبنە ماڵ و خێزان. ئەویش، باوکی کیژەکە لە داخان لە گەڕەکەکە سەر هەڵدەگرێت، دەڕوات، کوڕەکانیشی لە شەرمان بەرەو شاری بەسرا دەڕۆن، ماڵەکەیان کاول دەبێت و لە گەڕەکەکەش بار دەکەن، ئیتر خانووە بەرزەکەیان شەوق و بەرزی و جوانییەکەی کز دەبێت.

لەو گەڕەکە، لە خانەقا بۆ ئێمەی منداڵ و هەرزەکار شوێنی خۆشی زۆر بوو، دەچووینە دیار دینگی ساوار کوتانەکەی عەلی ئاغا، خۆمان لەناو کا وەردەدا، ئاوەدانی و جووڵەی سەیرمان دەبینی، دینگەکە موڵکی عەلی ئاغا بوو، بەڵام بە ناوی سەرکارەکەی بوو، مام سلێمان. برادەری باشم لەوێ هەبوون،

وەك تەڵعەت عەلی ئاغای عوزێری و نوورەدین ئیبراهیم، ئەوەیان دوایی لە بەغدا دەبێتە کەمانژەنێکی بەناوبانگی بەغدا و تیپە موزیکە کوردییەکان.

لە دوکانەکەی ئەحمەد عارەبی بە ناوی دایکی ناویان دەبرد، یان پێشیان دەگوت ئەحمەدە کۆر، بەرانبەرمان بوو، دوکانی تریش لەناو کۆڵانەکەمان هەبوو، دوکانی شەریف قووتچی، نازانم بۆ ناویان نابوو "قووتچی". بێجگە لە تەکیە گەورەکەی شێخ عەبدولکەریم، لەناو ماڵان تەکیەیەکی تری بچووك هەبوو، بە ناوی تەکیەی شێخ سمایل. لەو گەڕەکە مزگەوتی خانەقا و مزگەوتی شێخە ڕەشکەی لێ بوو.

تەکیە گەورەکەی شێخ مستەفاش لەوێ بوو و هەر ماوە، تەکیە و قوتابخانە و زانستگەیەکی گەورە و دیاری ئایینی بوو.

لەوێ بۆنی گۆمەپیس دەهات، لەو گەڕەکە "عادل سەلیم" لەدایك بووە و ژیاوە، پیاوەکەی کادیر و سەرکردەیەکی دیاری ناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراقی بوو.

قوتابخانەی خانزادی کچان لەو گەڕەکە بوو، دایکی میدیا لەوێ سەرەتایی خوێندبوو، ست ئاسیا مامۆستای بوو، ناوەکەم لەبیرە، چونکە ئەو کیژی مام یوسفی عەرەقفرۆش بوو، کوڕەکانی برادەرمان بوون، کوڕێکی لە بانك فەرمانبەر بوو ناوی داود بوو، زێدان و یەعقووب، ئەوانەش کوڕی ئەو بوون، لە هەشتاکان کوڕێکیان لەگەڵ جەرجیس نەجاڕ هاتبوونە کەنەدا، من دەدۆزنەوە و میوانم دەبن.

دوکانەکەی باوکیان (مام یوسف) نزیك باخچەی خەلیلە فەندی بوو، دوایی ناوی دەبێتە باخی شار، ئێستا بووە بە

سەنتەری خانەنشینانی هەولێر، لە کۆنەوە ئەو لەوێ مەشرووبی دەفرۆشت.

ئێمەی کوڕانی خانەقا چالاك و بزێو بووین و دەچووینە ناو ئاوەکەی میری و مەلەوانیمان دەکرد، گۆمەکە باش بوو، سەید عەبدوڵڵا کوڕە خاڵی دایکم بوو، لە هەولێر دەیخوێند لەو گۆمە قووڵە گەورەیە "ئاوی میری" فێرە مەلەوانی کردم، ئەو لە ئێمە گەورەتر بوو.

کۆڵانە درێژەکەی ناو خانەقا سەرێکی لەناو بازاڕ و سەرەکەی تری لە بەرانبەر و نزیك تەکیەی شێخ عەبدولکەریم دەردەچوو، کۆڵانێکی تری بەرانبەر سینەمای حەمڕا دەردەچوو. خانووەکانی زۆربەیان کەرپووچ بوون، خشتی قوڕیشی تێدا بوو. خەڵکی خانەقا لە گەڕەکەکانی تری وەك قەڵات و کۆڵانی عارەبان زۆرتر بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد، کەم خەڵك زمانی تورکمانییان دەزانی.

لە نزیك قوتابخانەکەمان، خالیدیەی کوڕان کۆشکی ئاغای عوزیرییەکان هەبوو، بەرانبەر ئەوان کۆشك و باخچەی عەتەوڵا ئاغا هەبوو، باخەکە هەموو میوەیەکی تێدا بوو، هەنار و ترێی زۆر بوو، جۆگە ئاوی بەناودا دەڕۆیشت، ئەوێ و زۆر شوێنی تری هەولێر جۆگە و ئاوی هەبوو، باخەکە بۆنوبەرامێکی زۆری هەبوو.

# ٥

# سەعید مەسیفی

کاك سەڵاح لەو دیدارە باسی سەعید مەسیفی کرد، حەزم کرد زۆرتری لەسەر بنووسم، لە ماسنجەر نامەیەك بۆ "کرمانج گوندی"ی کوڕی دەنووسم، دەڵێم دەمەوێ چەند دەقەیەك لە کاتت بگرم و باسی ڕەحمەتیی باوکت بکەین، بۆ ئەوەی زانیاریی نووسینەکەم دروست بێت.

پاش چەند دەقەیەك وەڵامی دامەوە و قسەمان کرد، ئەو گوتی باشە و پاشان ئەو نامەی بۆم نووسی:

پاش دروست بوونی ناکۆکیی لەنێوان باڵی بیرۆی سیاسیی کە باوکم یەکێك بووە لەوان، سەرکردایەتی مەلا مەستەفا لە ساڵی ١٩٦٤ و پێکدادانی چەکدرایی باڵی بیرۆی سیاسی چوونە ئێران، لەوێ رژێمی شا هەمووانی بردە هەمەدانێ، ساڵێك لەوێ دەبن و دەگەڕێنەوە، هەردوو بەرە دانوستان دەکەن مەخابن نەگەیشتنە ڕێککەوتن. ئیدی لە ساڵی ١٩٦٥، زۆرینەی سەرانی باڵی بیرۆی سیاسیی و کۆمەڵێکی بەرچاو لە پێشمەرگەکان خۆیان ڕادەستی رژێمی عێراق کرد. بابم، کاك خالید ئاژگەیی پێکەوە بوون، نوری شاوێس، عەلی عەبدوڵا، ڕەشید عارف و پێشمەرگەیەکی زۆریش لەگەڵ باڵی بیرۆی سیاسیی نەچوون و

گەڕانەوە ناو شۆڕش و سەرکردایەتی مەلا مەستەفایان پەسند کرد. لە بارەی بابم، وەکی هەر ئەندامێکی دیکە لە پێکهاتەی باڵی بیرۆی سیاسیی، سەرانی ئەو باڵە زۆر هەولیان لەگەڵ دابوو کە نەگەڕیتەوە بۆ لای مەلا مستەفا، چونکە ڕەنگە مەلا مستەفا بیکوژێ. ئەویش پێیانی گۆتبوو ئەگەر بشکوژرێم شەرافەتمەندترە لەوەی کە خیانەت لە میللەتی خۆم بکەم.

بابم، دوای گەڕانەوەی بۆ ناو شۆڕش، هەرگیز جارێکی دیکە نەبووە ئەندامی پارتی و حیزبایەتیی بۆ هەمیشە وەلانا. وەلێ وەکی پێشمەرگەیەکی دڵسۆز تا هەرەسی شۆڕش لە مانگی ئاداری ١٩٧٥، لەناو شۆڕش ماوە. لە پاش هەرەس، ئەویش چووە ئێرانێ و هەتا ساڵی ١٩٧٩ لەوێ بوو. لەو سالە گەڕاوە ناو عێراق؛ ڕژێمی بەعسییەکان لە بەغدا جێنشینیان کرد. لە بۆ بابم نەبوو لە کوردستانێ نیشتەجێ بی. هەڵبەت، پێش گەڕانەوەی بە تەلەفۆن قسمان کرد، فەرمووی کە بڕیاری داوە بگەڕێتەوە، عەرزیم کرد، "بگەڕێیەوە رژێمی بەعس دەتکوژی، فەرمووی "هەرچی خوا بینی هەر ئەو دەبی." بابم موسڵمانێکی ئیماندار و کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو؛ باوەڕی وا بووکە خودا چی لە چارەی وی نووسیبی هەر ئەو دەبی."

ماوەیەکی کەم پاش گەڕانەوەی، ڕژێم داوای لێ کرد بوو هاوکارییان بکات، ئەویش پێیان گۆتبوو کە ناتوانی کاری سیاسیی بکات، تەنێ دەیەوێ کە ڕێگەی پێ بدەن کاری ئازاد

بکات و منداڵەکانی خۆی بەخێو بکات. دواتر، دوو کەس لە ئاسایشی بەغدایێ جانتایەك دەبەن بۆ ماڵی وی و پێی دەڵێن ئەوە دیارییە. داوتر کە جانتاکە دەکاتەوە دەبینی ١٥ هەزار دیناری ئەو وەختی تێدایە. جانتاکە وەکی خۆی هەڵدەگرێ و دەیباتەوە ڕادەستی ئەمن دەکاتەوە و دەڵێ سوپاستان دەکەم و پێویستیم بە یارمەتیی نییە؛ تەنێ ڕێگەم پێ بدەن کار بکەم. ڕژێم بەردەوام بوو لە گوشار خستنە سەر بابم و داوایان لێکردبوو ببیتە "موستەشار" و فەوج" دروست بکات. وەرامی بابم وەك هەمیشە نەخێر بوو. ئیدی پاش ئەوەی ڕژێم تێگەیشت کە بابم هاوکاریان ناکات، پلانی کوشتنی دادەنێن.

لەو ماوەی کە لە بەغدایێ دەبێ، ناوە ناوە لە بۆ دیتنی کچەکانی و خزمەکانی، سەردانی هەولێری دەکرد. لە زۆرینەی سەفەرەکانیشی لە بۆ هەولێرێ تەنیا بوو. ئەوەش کاری ڕژێمی ئاسانتر کرد. ئیدی ئەوە بوو کە لە ڕۆژی ٨ ئاداری ١٩٨٧. لە کاتی گەڕانەوەی لە هەولێرێ، لە بنکەیەکی "جەیشی شەعبی" لە نێزیکایی دووزێ "پردێ" ڕاگیرا بوو. دواتر کە داکم، براکانم، و ئامۆزاکان ئاگەدار کرا بوونەوە گوایە لە ئەنجامی پێکدادانی ئوتۆمبێل بریندار بووە. وەلێ کە داکم و براکانم گەیشتبوونە بنکەکە، لەوێ تەرمی بێ گیانی بابمیان وەرگرتبووە و ڕێگەی

پشکنینی پزیشکییان پێ نەدرا بوو. ئەمما، کاتی شوشتنی تەرمی بابم، جێ گولـلە لەبن چەنەگەی دیار بوو. ئیدی لەوێڕا گومان لە بۆ کەس نەمابووە کە بابمیان کوشت بوو.

بابم، دەیزانی لە ئەنجامی هاوکاریی نەکردنی وی لەگەڵ ڕژێم، ڕژێم وازی لێ ناهێنێ. بەڵام لەگەر هەندێش، سەری بۆ ڕژێم شۆڕ نەکرد، وەك هەمیشە لە ئاست دۆزی نەتەوە و نیشتمان پاك و سەربڵند ماوە، خیانەتی لە میللەتی خۆی نەکرد.

## ٦

# دەچمەوە ناو بێجامە

لە یەکەم دیداری ئەو هەڤپەیڤینەدا کە چوومە ماڵەکەی، کە دەرگەی لێ کردمەوە، بینیم سەڵاح ڕەفیق دیشداشەیەکی فشی گەورەی لەبەردا بوو، خش خش دەهات، هەموو دیدارەکانمان هەر ئەوەی لەبەردا بوو. یەکجار بە جلی ئەفەندی بینیم. دیارە ئەو مانەوەی لە ماڵەوە بە دیشداشەکەی پێ خۆشتر بووە، جارێك بەو دیشداشەوە بەر دەبێتەوە، ئازاری بەر دەکەوێت، سەر چۆکەکانی دەدڕێن، بۆیە "میدیا"ی کچی بڕیار دەدات دوو دەستە بێجامەی نوێی ڕەنگ بێجیی هێڵداری سپی بۆ ببات، داوای لێ بکات چیتر دیشداشە لەبەر نەکات، چونکە بەوە مەترسیی بەربوونەوەی زۆرتر بووە!

لە ڕۆژی وەرگرتنی دیارییەکە، لەکاتی دەربازبوونی لە دیشداشە فشەکە، قسەمان کرد، گوتی:

دەزانی بەو بێجامەیە ئیسراحەتم کرد، نازانم پیاوانی عەرەب چۆن دەتوانن بە دیشداشە بڕۆن و هاتوچۆ بکەن و بژین؟! بە بەربوونەوە و کەوتن و زامداربوونم، دیشداشەم لەبەر چاوی کەوت، ئیتر دووبارە دەچمەوە ناو بێجامە و لەبەری دەکەم.

...

## بیستەمین پەیوەندی

# پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح ماندوو

ڕێککەوت: ٢٠٢٢/٧/٣١

بە ماسنجەر لە سویدەوە بۆ هەولێر

## ١

## قسەی لابەلا

لە نیوەی نووسین و دیدارەکان بووم، هەستم دەکرد قسەکان، ڕووداوەکان تەواو بوون، یادی سەلاح ماندوو چکی کردووە و تەواو و هەمووی هەڵڕشت و زۆری نەماوە، ئیتر منیش دەست بەر دەدەم و پاکنووسیان دەکەم و کتێبەکە دەنێرمە چاپخانە، بەڵام بەردەوام بووین و بەپێی بەرنامەکەمان قسەی نوێ و بابەتی باشی بۆ دەورووژێنم و ئەویش شتی بە بیر دێتەوە، ئیمڕۆ پێکەوە چەند بابەتێکمان وروژاندن و شیاوی ئەوەن بنووسرێتەوە:

دیشداشەکەت چ لێ کرد؟

بە منداڵی سەگێکی پشدەریم هەبوو.

مانگانە کاك دارا باراوی مووچەکەی مەکتەبی پەیوەندییەکانم بۆ دەهێنێت.

چۆن لە پاراستن ئیشمان زۆر بوو؟

سمێڵ ڕەش.

خەیاتەکانم.

کەبابخواردن

# ٢

# دیشداشەکە

دیشداشەکەت چ لێ کرد؟

من لێی دەپرسم: لەگەڵ بێجامە نوێیەکت چۆنی، خۆ بەوەش بەرنەبوویتەوە؟

سەڵاحماندوو گوتی:

زۆر باشم و باش خەوتووم و بەر نەبوومەتەوە، نازانم چۆن ئەو دیشداشەیە لە من پەیدا بوو، ئێستا نازانم چۆن لەبەرم کرد، خۆ من هەرگیز لەماڵەوە و شەوانە دیشداشەمان لەبەر نەکردبوو، بزانە چۆن لە قاچم ئاڵا و بەر بوومەوە. فڕێم دا، سووتاندم، تەواو.

٣

## سەگە پشدەرییەکەم

به منداڵی سەگێکی پشدەریم هەبوو.

"بەشکۆ" بۆ "سەڵاح ماندوو" ناوێکی شیرینە، خۆشە، لەبیری نەکردووە، لە منداڵییەوە و بەر لەوەی باوکی؛ ماڵ و بازاڕ و خوێندن و کارگە و کەرەستەکانی زێڕینگری بهێنتە هەولێر، لەو ساڵانەی هێشتا لە ڕواندز بوون. کوڕە تاقانەکەی ڕەفیقی زێڕینگر و برازا خۆشەویستەکەی حاجی سدیقی زێڕینگر سەگێکیان بۆ کڕیبوو، ئەو دەڵێت:

بڕوا بکە، لە دڵەوە دەڵێم ئێستاش بیری دەکەم، سۆز و خۆشەویستیی من بۆ "بەشکۆ"، سەگە پشدەرییەکەم هەر ماوە. کە چووینە هەولێر باوکم سەگەکەی منی، پارچەیەك لە دڵم، سۆمای چاوەکانم و هەناسەی منی؛ دایە خزمێکمان و گوتی:

کوڕم سەڵاح لە هەولێر جێگە و کولانکەمان نییە بۆ ئەو سەگە، دوایی لە شاری گەورە سەگ ڕاناگیرێت، لەناو ماڵەکەمان شوێنی گونجاومان بۆ سەگ ڕاگرتن نییە.

دەچینە هەولێر و سەگەکە دەمێنێتەوە، بەڵام من لە بیری ناکەم، گەورە دەبم و دەکەومە ئەو دونیایە بەرینە، ئەو جیهانە ئاڵۆزە، لەناو جەنجاڵییەکانی ژیان سەگەکە لەبیر ناکەم.

بەشکۆ بەردەوام لە باوەشم بوو، بۆم دەحەپی و منی دەلێستەوە، لە دوام دەهات و بووبوو بە پاسەوانم، بە سێبەرم، بڕوا بکەن بووبوو بە ئەندامێکی خۆشەویستی خێزانەکەمان! بەشکۆم خۆش دەویست، بەڵام ئەو وەك سەگەکانی ڕواندز و دەشتی دیانە و گوندەکانی باپشتیان و دۆڵی ئاکۆیان نەبوو، کە دەهاتمەوە ماڵ، دەهاتە ژوورەوە، پێیەکانی لە سەکۆکەمان ئاودیو دەکرد، دەگەیشتە بەر هەیوانەکەمان و ناو ماڵەکەمان، بەڵام سەگەکەمان هەردوو گوێی پێوە نەبوو، کلکی نەبوو، زوو گوێ و کلکی سەگەکەیان بڕیبوو، دەیانزانی سەگێکی هارە، توندە، پاسەوانێکی وریایە و غافڵ نابێت، نابەزێت، شەڕکەرە، جەنگاوەرە، کۆڵنەدەرە، بۆیە کلك و گوێیەکانی دەبڕن، تا لە شەڕ و ململانێ و شەڕە سەگەکانی ناو گوند و دەرەوەش؛ بە گوێ و کلکی نەیگرن، نەیبەزێنن، ئەو بێ گوێ هاتبووە ماڵەکەی ئێمە، بەڵام هەستی ناسك بوو، گوێی لە هەموو جووڵە و خشپەیەکی ماڵ و دوکان و کۆڵانەکانیش دەبوو، هەستیاریش بوو، هەستی لە کرپارەکانی باوکم و میوانەکانی دایکم و سۆزی جیرانەکانیش ڕادەگرت.

سەگەکە هۆگری من بووبوو، منداڵەکانی هەموو کۆڵانەکانی ڕواندز خۆشیان دەویست، دایکم زۆر خزمەتی دەکرد، نازی دەکێشا، شەوانە بەرەڵامان دەکرد و بە ڕۆژیش دەبەسترایەوە. منیش ناوم نابوو "بەشکۆ"، بەڵام نازانم بۆ ئەو ناوەم دانابوو، نازانم!

بڕوا بکە، ئەوەی لەناو دڵمەوە دەلێمەوە، ڕۆحی ئەو سەگە، گیان و بوونی بەشکۆ لەناو دڵ و ڕۆح و هەناسەم مابووەوە، دەزانی بۆ؟ لە کەنەدا بووم، ئەوەم بۆ دەرکەوت، بە ڕوونی ئەوە

دەزانم، ڕۆژێکیان دەچمە مۆلێکی نزیك خۆمان، پیادەڕۆییەك دەکەم و کەلوپەلی پێویست دەکڕم و دەچمە دەرەوە، دەڕۆم و هزر و بیرم دوور ڕۆیشتبوو، دەڕۆم و هیچم بەسەر ئەو دونیایەوە نەبوو، فڕیبووم، خنکابووم، دوورونزیکیش بووم، لەناکاو هەستم بە خشەخشێك کرد، سەیری دواوەم کرد، بینیم سەگێك لە دوام دەڕوات، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ من پێشڕەوی دەکات، نزیك دەبێتەوە و دەگاتە تەنیشتم، بۆنم دەکات، دوور ناکەوێتەوە، دەوەستم ئەویش ڕادەوەستێت، دووبارە هەنگاو دەنێمەوە ئەویش دەڕوات، لە شەقامە سەرەکییەکەوە دەگەمە ناو دارستانەکە، لەسەر پردە بچووکەکە، جۆگەکە دەپەڕمەوە، ئەویش وەك ئەوەی شارەزا بێت، وەك ئەوەی چەندان ساڵ هاوشانی شەو و ڕۆژم بووبێت دێت، دەگاتە بەردەم باڵەخانەکەمان، من سەر دەکەوم ئەو لەبەر دەروازە داخراوەکە هەڵدەترووکێت، ناڕوات، دوور ناکەوێتەوە و هیچ ناترسێت.

ماوەیەك لەناو ماڵەکەم سەرقاڵ دەبم، نانێك دەخۆم و قاوەیەك دەکەم و قەمیسێك لە ئۆتۆ دەدەم، لەگەڵ هەڵم و گەرماییەکە، سەگەکەی بەر دەرگەم بە بیر دێتەوە، خۆم دەگۆڕم، دەچمە بەر دەروازەکە، بینیم سەگەکە مابوو، کە من دەبینێت سەگە میوانەکە لەوێ هەڵدەستێتەوە، دەجوولێت، دەزانێت و تێدەگات هاتووم و دەڕۆم، سەیرم دەکات و دڵنیاییە ناچمەوە ناو ماڵەکەم.

لە سەگە میوانەکە نزیك دەبمەوە، ئەو ناترسێت، لە خۆشییان خۆی مات دەکات، دەستێکی بە پشتی دادەهێنم، سەری دەخورێنم و دەستم دەگاتە سەر گوێیە نەرمە پاکە بە تووکە شیرینەکەی، بە دەستەکەی ترم کلکە نەرمە ئەستوورەکەی دەخورێنم.

ئای بەشکۆ چ زوڵمێکیان لێت کردبوو؟! چۆن ئەتکیان کردبوویت؟! چەند خۆشە و ئاسوودەم، دەستم، بە هەر دە پەنجەی پاکم، گوێ و کلکی ئەو میوانە دەخورێنم. بەشکۆ! چ غەدرێك و کارێکی نامرۆڤانەیان لەگەڵت کردبوو، ئای بەشکۆ. هەڵدەستمەوە و هەست دەکەم دەستەکانم بوون بە گوڵزار و پەنجەکانم بوون بە لاسکی گوڵەهێرۆ، شاناز بەرەو مۆڵەکە دەڕۆم، ئەویش لە دوام دێت و دەگەینەوە ناو مۆلەکە و زوو خاوەنەکەی، ژنە بەتەمەنە قژ کورتە لاوازەکە، جانتا بچووکە ڕەشەکەی لەسەر باسکی دەلەرییەوە، تەق تەق پاژنەی پێڵاوەکانی موزیك و سەدایەکی لەسەر مەڕمەڕەکە پەیدا کردبوو، بەرەو ڕوومان دێت و بە سەگەکەی دەڵێت:

ئەوە لە کوێ بوویت؟!

ژنەکە سوپاسم دەکات و دەڵێت باش بوو پەیدا بوونەوە و هێناتەوە، ویستم پۆلیس ئاگادار بکەمەوە، هاواریان بۆ بەرم و بڵێم سەگەکەم نەماوە، زوو بۆم بدۆزنەوە، ئەگەرنا منیش ون و سەرگەردان دەبم.

ئیتر ئەوانە دەگەنەوە یەکتری و دەڕۆنەوە، منیش دڵنیا دەبم، هەست و ڕۆحی بەشکۆی پشدەرییم لە ڕۆح و هەناسەم ماوە، بۆیە ئەو سەگە نامۆیە بێگانەیە هۆگرم دەبێت. بەڵام ئێستا بیر دەکەمەوە، لەو دەمانە لە بیرم نەبوو، ئایا کە لە دەروازەی باڵەخانەکە هاتمە دەرەوە و بەرەو سەگەکە چووم بە ناوی "بەشکۆ" بانگم کردبووایە، ناوی سەگە پشدەرییەکەی خۆم هێنابووایە، سەگە کەنەدییەکە هەڵدەستا و بۆم دەهات و هەستی بەوە دەکرد؟!

ئێستاش و پاش ئەوەندەساڵە، لەو هەموو گۆڕان و ساڵ و تەمەن و بەسەرهاتانە هەر بیری دەکەم، جووڵە و سۆز و حەپینی وەك فیلمێکی سینەمایی دێتەوە بەر چاوم. بەشکۆ، ئێستاش بانگی بکەمەوە لەناو ڕۆحم پەیدا دەبێتەوە.

خۆشم دەویست و بە ئاماژەی دەستم و بە قسەیەکم، بە ویستی من دەجووڵایەوە، دادەنیشت، دەحەپی و دەڕۆیشت، ئەگەرچی ئازا بوو، شەڕکەر بوو، بەڵام من دڵم نەدەهات شەڕە سەگی پێ بکەم، ئەو دەمانە بەژنی بە قەد من بوو، بە تەمەنیش هەندی من دەبوو، هەر چەند سەیرم دەکرد، لێی نزیك دەبوومەوە، ئاو و خواردنم لە پێش دادەنا، گوێ و کلکە بڕاوەکەم دەبینی خەمم بۆی دەخوارد، کێ و چۆن ئەوانەیان بۆ بڕیوە؟! لەگەڵ چەقۆکە، لەگەڵ بەربوونی خوێنە گەرمەکە بە خوێ و سماق بۆیان زووراندووەتەوە، چەند ئازاریان داوە؟! بە چ چەقۆیەك؟! کام دەست؟! لە کێندەرێ ئەو تاوانە گەورەیان دەرحەق بەشکۆ کردبوو؟! نازانم! ئەگەر ئەویش گوێ و کلکی هەبوایە بەردەوام و نەرم نەرم دەستم پێیاندا دەهێنا، گەمەی زۆرترم لەگەڵ دەکرد.

خۆشەویستیی من بۆ ئەو سەگە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی حەفتا ساڵ، عیشقی من و سەگەکە کۆنە؛ وەك عیشقی لەیل و مەجنوون، وەك فەرخ و ستی و وەك کوڕەك و ڕواندز.

مانگانە کاك دارا باراوی مووچەکەی مەکتەبی پەیوەندییەکانم بۆ دەهێنێت؟

پێش ئەوەی باسی مانگانە و چوونە دەوامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی بکەم، کاك سەڵاح زووتر من نووسیبووم تۆ لە

دیوانی پارێزگای هەولێر دۆسیەکەت نەماوە، فەرمانی دامەزراندن و فەسڵکردنت هیچت نەماوە؛ وایە؟

نەخێر.. ڕاستە من گوتوومە شتم زۆر فەوتاون، نەماون، بەڵگەنامە و دۆسیە و ڕاپۆرت و نووسینەکانم نەماون، فۆتۆی زۆرم فەوتاون، بەڵام لە دیوانی پارێزگا دۆسیەکەم مابوو، کە هاتبوومەوە دەمویست خانەنشین بم، چووم لەوێ دۆسیەکەیان بۆم دۆزییەوە و فەرمان و بەڵگەنامە حکوومییەکانم مابوون، بەڵام دوایی پێویستم بەوانە نەبوو، لە بیرم کردن. بەڵێ دەکرێ هەڵگیرابن و سۆراخیان دەکەم. ئەگەر پێویست بن داوایان دەکەم و دەتوانم بە دکتۆر نیاز دەڵێم بزانم لەوێ کەس ناناسێت؟

ئێستا مانگانەکەی مەکتەبی پەیوەندییەکان کاك "دارا باراوی" بۆم دەهێنێت، پیاوێکی چاکە و زۆرم خۆش دەوێت، مانگانە ئەو ئەرکە دەکێشێت، ئەویش لەو مەکتەبە ئەندامە و زوو زوو دیدارمان دەبێت. هەر لەو مەکتەبە گوڵێکمان هەیە، من ناوم ناوە گوڵی کۆیە "شێرکۆ حەبیب" ئێستا بەرپرسی پەیوەندییەکانە لە قاهیرە، زۆر خۆشم دەوێت، ئەوانی تریش برادەرمن، بەڵام ئەو گوڵە.

## ٤

## چۆن لە پاراستن ئیشمان زۆر بوو؟

لە کاک سەڵاح دەپرسم، لە پاراستن ئیش و کارتان چی بوو؟

ئەو گوتی:

ئیشمان زۆر بوو، بەرنامە و کارمان بۆ ئەوە بوو دروست و باش لە بارودۆخی ئابووری و سیاسیی کوردستان و عێراق بکۆڵینەوە، پێداچوونەوەی بەردەوام بکرێت، بزانین کاروانەکە چۆن دەڕوات؟ لە کام بوار لاوازە و کەماسییەکان چین؟ دەمانزانی حکوومەت لە کێ بەهێزە و لە کێ کەمتەرخەمە؟ هێزەکانیان چەندە و جووڵە و چالاکییەکانیان چۆنە؟ وردترین زانیارییمان دەست دەکەوت، نەخشە و ناو و پرۆژەکانمان دەزانی، هەموو ئەوانەش بە قازانجی کوردستان و شۆڕش و پارتی دەگەڕایەوە. ئیشمان دەکرد باش و ورد دۆست و دوژمن و نەیارەکانیشمان بناسین و دەستنیشانیان بکەین، لەوەش حیزب و هێزەکانی پێشمەرگەی لێ ئاگادار و هوشیار بکەینەوە، ئیشمان زۆر بوو، هەمووش بە نهێنی و شاراوە بوون.

من تا ناوەندی ساڵی ١٩٧٤ یەکێك بووم لە هەڵسووڕێنەرەکانی دەزگەکە، بەرپرسی باڵا و یەکەمی دەزگەکە سەرۆك بارزانی بوو، من زوو زوو کاك مەسعوودم دەبینی، لە دەزگاکەش نەمابووم دیدارمان هەر دەبوو، ئەرکی تایبەتی بە

من دەسپارد. بە کورتی دەزگەکە کاری لەسەر ئەوە دەکرد، هەموو مەترسییەکان لەسەر حیزب ئاشکرا بکات، بزانێت و دووریان بخاتەوە.

# ٥

# سمێڵ ڕەش

له بیرمه که دزەکان
دزییان دەکرد و دەگیران
عەیب نەبێ
سواری کەریان دەکردن
پاش و پێشیان پێ دەکردن
منداڵ به دوایان دەکەوتن
ماستیان وەسەردا دەکردن
بەرەو قشڵەیان دەبردن
کەچی دزی ئەو زەمانە
خاوەن ناو و دیوەخانە
لە بۆرسە لێیان بپرسە
پسپۆرن زۆر شارەزانە
مەتەڵۆکەی ئینگلیز ئەڵێ
ناڵی وڵاخ لەژێریانە

بۆیەی ڕەش نەما نەیکرِن
لێم مەپرسن بۆ چییانە
کە من دیبم بۆ سمێڵ و پرچیانە
بڕۆن لە قەحپەکان بپرسن
حریتەیان دێ و پێتان دەڵێن
بۆ مووی بەر و پاشیانە
موژدەم پێیە بۆ ئەوانە
موژدەی دایکی شەهیدانە
سونامیم لە ئاسۆ دیوە
ڕێگەی بەرەو تەلاریانە.

هەولێر ۲۰۰۳

تازە هاتبوومەوە و لە کوردستان بووم، زۆر دیاردەم دەبینی هەراسانی دەکردم، گەندەڵییەکان، دزی و فێڵ و درۆکان زۆر بوون، چی بکەین؟! ئیتر بارودۆخەکە وا بوو، چی بڵێین؟!

ڕۆژێکیان لەناو بازاڕ بووم، لەناو ئاپوورەکە، لەگەڵ خەڵکەکە، لە جەرگەی بازاڕەکە ژمارەیەك گەنج، دەستەیەك تفەنگ و دەست پاڵ بە ڕێبواران وەدەنێن، ڕێگەکە چۆڵ دەکەن، ڕێگە بدەن، کەمێك بکشێنەوە، بۆ دواوە، بەو قسانە ڕێگەکە چۆل دەکەن تا پیاوە سەر بۆیەکراوە بەرپرسەکە ئاسان

و باش بڕوات و شانی بە کەس نەکەوێت، بۆنی خەڵك نەکات، کەس دەستی بۆ سڵاو و یارمەتی و ناسینی کەسیش بەو ڕانەگات، خەڵکەکە لا دەدەن، پاڵ دەدەن، شەقامەکە بەرین و گەورەتر دەکەن تا ئەو تێپەڕێت، چاوەکان دەگرن، دەستەکان دەبڕنەوە، تا کەس دەست و چاوی بە پیاوە سەر و ڕیش ڕەشکراوەکە نەگات.

دەچمەوە و دیمەنەکە لەبەر چاوم، لە هزرم و عەقڵم دەربازی نەدەبوو، ئەوەم نووسی و ئیتر ئاسوودە بووم.

## ٦

## خەیات و کەبابخانەکان

گەورە نەبووبووم، هەرزەکار بووم، باوکم لە مووسڵەوە قاتی بۆ دەهێنام، دوایی گەورە دەبم لە هەولێر بەرگدووری خۆمان هەبوو، ناوەکەی لەسەر زارمە و نایەت، ڕەنگە بە بیرم بێتەوە، ماوەیەکیش قاتم لەکن ئیبراهیم مەعرووف و زەکی خەیات دەدووری. لەو ساڵانەش کە دێمەوە خەیاتی خۆم هەبووە، بەردەوام بۆ پرۆڤە چووم و چاوەڕوانم کردووە بدوورێت و بیهێنمەوە.

دوا قاتم لەگەڵ هاوڕێم فەرهاد عەونی بووە، پێکەوە دوو قاتمان لە هەمان قوماش و ڕەنگ لەکن سەردار خەیات دووری. سەردار خەیات یەکێکە لە بەرگدوورە ناودارەکانی شاری هەولێر، دوکانەکەی لەبن قەسر ئەلشیماله. ئەوەی لەبیرم بێت دوو سێ جار لەبەرم کردووە و هەر نوێیە.

...

سەربردەی کەبابخواردنی من و چوونە کەبابخانەکانی ناو هەولێر زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مامۆستا تایەر تۆفیق زۆر حەزی لە کەباب بوو، دەچووینە کەبابخانەی مەجیدی بەرانبەر چایەخانەی مەچکۆ لە دەرگەی قەیسەری و تەنیشت چایەخانەی

مام ڕەشید. لەوێش دەمانبینی "سەلیم قاقا" ڕەوە ڕەشۆڵەیەکی بۆ فرۆشتن لەناو تۆڕ کردبوو، دانەدانەی بۆ چەلاو و کولاندن دەفرۆشت، خەڵکیش هەبوو بۆ چاکە و بەزەیی بە ڕەشۆڵەکان و ڕزگارکردنیان لە سەربڕین و کولاندن دە ڕەشۆڵەیان لێ دەکڕی، لەبەردەم ئەو بەڕەڵایان دەکردن، ئەوانیش بە ڕاستی هەستت بە ئازادییەکانیان دەکرد، لە شەقەی باڵیان دەدا و بەرەو ئاسمان دەفڕینەوە، سەلیم قاقاش سەری بەرز دەکردەوە و تەماشای دەکردن؛ قاقا پێدەکەنی و بە زەوقەوە دەیگوت:

بفرن بفرن، کێوە دەچن؟! هەر دێنەوە سەر داو و تۆڕی من و دەتانگرمەوە! هەر لەوێش کەباب شەوقی هەبوو، لە بەرانبەر چایەخانەی حاجی جەمیل بوو، دوایی بووبوو بە چایەخانەی حاجی مستیلی، ئەوەیان چایەخانەیەکی گەورە بوو، نزیك باتا بوو. سەرەتا باتا لەو دیوە بوو، دوایی باتا دەگوازرێتەوە دوا شوێنەکەی خۆی لە شەقامی باتا.

کەباب نەجاڕیش خۆش بوو، لەناو قەیسەری بوو، "ئەو دەمانە کەباب کۆیە نەهاتبووە هەولێر". حیکایەتی من لەگەڵ کەبابی هەولێر لەو ساڵە تەواو دەبێت کە لە ساڵی **١٩٧١** بەیەکجاری دەچمە چۆمان و ئیتر ناگەڕێمەوە، تا ساڵی **١٩٩٢** بۆ چەند ڕۆژێك لەوێ دەبم و دواییش بەیەکجاری لە ساڵی **٢٠٠٣** دەگەڕێمەوە، چەند کەبابم پێ دەخورا و لە کێ دەمخوارد و لەگەڵ کێش دەمخوارد؟ ئەوەیان جیاواز بوو، بەڵام تام و جۆری کەبابەکانی جاران و مامۆستا تایەر تۆفیقیش نەمابوون.

لە ڕواندزیش کەبابخانەی باش هەبوون، مام موحەمەد کەبابی باشی هەبوو، بەڵام ئێمە بۆ کەبابە باشەکە و بەزمی کوڕەکەی

"عەبدوڵڵا" پێیان دەگوت "حەدێ" قەڵەو بوو دەچووین، ئەو زۆری دەخوارد، دەیانگوت بەیانییەکیان بە نیاز بووە بچێتە دکتۆر بە دایکی گوتبوو:

ئۆدە نەخۆشم دەچمە خەستەخانە، بەرام بە خورینی حەفت کفتە و سێ ئەستوورکە بە ڕوونم خواردیە، خراپ نییە بچمە خەستەخانەی؟!

ئەو قسەیە لەناو کۆنە ڕواندزییەکان ناسراوە و زۆر دەڵێنەوە.

من ئەو دەستوورە دەشکێنم و دەیگۆڕم، وا سوپاس و پێزانینەکەم لەو بەشە دادەنێم. لە جیاتی بنووسم سوپاس و پێزانین، دەڵێم: ناکرێ باس نەکەم، غەدرە و ماف پێشێلکردنێکی ئاشکرا و ڕوونە؛ ئەگەر ئەوە نەڵێم و باسی نەکەم.

## ناكرێ باس نەكەم..

وا بەرەو کۆتایی نووسینەکەم دەچم، ئیتر کتێبەکە بەرەو هەڵەبڕی و دیزاین و بەرگ دەڕوات، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە سوپاسی گەرمی کاك "نیاز عەدنان" بکەم، کە لە سەرەتاوە لەگەڵم هاوکار و هاوبیر و هاودەست و هاوقەڵەم و هاودەنگم بووە، کاك سەڵاحی خەزووری قسەی کردووە، منیش پەیڤەکانم کردوون بە ڕستە و چیرۆك و سەربردە و مێژوو، بەڵام ئەرکی زۆری تەواوبوون و دیدارەکان لەسەر شان و کات و زەوق و ماندووبوونی ئەو بووە، هاوکات لەو ڕۆژانەی لە هەولێر بووم، چەند ژەمێکی خۆشی نانی ئەوانیشمان خوارد. ناکرێ ئەوە باس نەکەم و سوپاسی کاك نیاز و خوشکە میدیا نەکەم، هەر هەبن.

شێرزاد هەینی ٢٠٢٢/٨/٧ ستۆکهۆڵم

# ڕۆژانە ژێرنووس

نە نووسینی من تەواو دەبێ، نە زاری ئەویش..

ڕۆژانە قسە دەکەین، ئەو شتێکی بە بیر دێتەوە، منیش ڕازێکی نوێ دەنووسم، بەو ئاراستەیە بەردەوام دەبین، ئیتر تا نووسین و قسەکان دەچنە بەر دەست و چاوی دیزاین و چاپ و حوبر و مەکینەکان چاپیان دەکەن، دەڵێین و دەنووسین و دەپرسین و وەڵامی ڕوون و ڕاشکاوانەش وەردەگرین.

ئەو ڕۆژانە قسەکانی دەکات، منیش شەوانە بەرامبەر پێکێکی سپی ساردی سادەی سەرابی سیحراوی، ئەو، وەك خۆی، وەك خۆم دەنووسمەوە. ئەو بە بیری دێتەوە و منیش دەڵێم زۆر باشە و سوپاس و بڵێ، بەوانە بابەتم زۆرتر دەبێت و کتێبەکەم پڕ و تەواو دەبێت. هەردووکمان دەڵێین؛ چۆن؟ بۆ؟ کەی؟ دوایی چیی لێ هات؟! وشەکان دەبن بە ڕستە و لاپەڕە و کتێب و مێژووش.

## ژێرنووسی یەکەم

# ڕەگەزنامەی کەنەدی

لە سەردەمی سەرۆك وەزیرانی کەنەدی جوزیف فیلیپ ترۆدۆ ١٩١٩-٢٠٠٠ "Piere" لە ساڵی ١٩٧٦ ئێمە ٣٢ کورد بە خێزانەوە وەك پەنابەری سیاسی وەردەگیرێن و دەچینە کەنەدا، حیزبەکەیان "Libera Party of Canada" پشتیوانی ئەو جۆرە کەیسەیان کردووە و پشتیوانمان بوون. بۆیەش لەوەتی مافی دەنگدانم هەبووە، بەردەوام دەنگم بەو حیزبە داوە، بەردەوامیش دەنگ بەوان دەدەم، ئێستاش هەر ئەو حیزبە لە حوکمە و کوڕەکەی سەرۆك وەزیرانی پێشووتر بە ناوی " Justin Trudeau" سەرۆك وەزیرانە.

لە سەردەمی باوکی، بۆ وەرگرتنی ڕەگەزنامەی کەنەدی من بانگی دادگەی شاری تورنتۆ دەکرێم، ڕێکارییەکانی ڕەگەزنامە لەو وڵاتە وا بوو، دەچمە بەردەم دادوەرەکە، سێ ساڵ بوو لەوێ بووم و ئیشم هەبوو، زمانەکەم باش بوو، لەگەڵ کۆمەڵگەی کەنەدی ئاوێتە بووبووم، هیچ دۆز و سەرکێشییەکەم لەو وڵاتە نەبوو، سەردانی پۆلیسم نەکردبوو، باجی خۆم دابوو، کیشەم نەبوو، ئاسان دەمتوانی ببمە هاوڵاتییەکی کەنەدی و

ڕەگەزنامەکەیان وەربگرم، بەڵام بەر لە وەرگرتنی ڕەگەزنامەکەش هەموو مافەکانمان لە بواری تەندروستی و پەروەردە و ئیشکردن و بوارە کۆمەڵایەتییەکانم هەبووە، تەنیا نەماندەتوانی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەین، بەو ڕەگەزنامەیەش دەتوانین وەك هاوڵاتییەکی کەنەدی دەنگ بەو کەس و حیزبە بدەین ئەوەی دەمانەوێت.

لەساڵی ١٩٧٩ لە شاری واترلۆ دەچمە دادگە و بەردەم حاکمەکە، ئەو دەیەوێ بزانێت چەند و چۆن بوومەتە کەنەدی و شیاوی ئەوەم ڕەگەزنامەکەیان وەربگرم؟ چەند پرسیاری ئاساییم لێ دەکات.

حاکمەکە دەپرسێت:

سەڵاح ڕواندزی ناوی سەرۆك وەزیرانی کەنەدا چییە؟

منیش دەڵێم:

جەنابی حاکم ناوی سەرۆك وەزیرانی ئیمڕۆی وڵاتەکەمان "جوزیف فیلیپ ترودو"ە.

حاکمەکە دەپرسێت:

ئەوەت ڕاستە، کام شەقامی ناو شاری تورنتۆ لە هەمووان درێژترە؟

منیش لە وەڵامدا دەڵێم:

شەقامی یونگ ستریت "Yonge Strreet"، درێژترین شەقامی هەرێمی ئوتناریوی کەنەدا و جیهانیشە.

"شەقامەکە لە ساڵی ١٧٩٤ و بە درێژایی ١٨٩٦ کم لەسەر نەخشەی ئینگلیزی بۆ جیاکردنەوەی هەرێمەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاواکەی دامەزراوە."

حاکمەکە دەپرسێت:

سەڵاح ڕواندزی کێ شای وڵاتەکەمانە؟

منیش دەڵێم:

شاژن ئیلیزابێتی دووەم "Eizabeth Alxandera Mary"، ئەو ژنە شاژنی وڵاتەکەمانە.

"وڵاتی کەنەدا لەگەڵ شازدە وڵاتی تر لەناو پەیمانی کۆمنویڵثن، لەوانە بریتانیا و کەنەدا و ئوستراليا و نیوزلەندا و چەند دوورگەیەکی تر. کەنەدییەکان شاژن ئیلیزابێت بە شاهی وڵاتەکەیان دەزانن، وێنەی ئەو، تەنیا وێنەی ئەو لە دەزگە ڕەسمییەکان هەڵواسراوە و شانازیی پێوە دەکەن."

بەو چەند پرسیار و وەڵامە کورتانە حاکمەکە پێم دەڵێت:

پیرۆزە "congratulatons".

دیارە پرسیارەکان ئاسان و سادە بوون، هەر بۆ ئەوە بوو بزانن زمانە ئینگلیزییەکەت چۆنە، لەو سێ ساڵەی ڕابردوو هیچ لەو وڵاتە فێر بوویت؟ هیچ دەناسیت؟ ئەوەندە و بەس.

بەو بۆنەیەوە، هەموو ئەوانەی ڕەگەزنامەی ئەورووپی و کەنەدایی وەردەگرن شادمان دەبن، بێگومان منیش دڵم خۆش بوو، شەو داوەتی برادەرە نزیکەکانم دەکەم و بەو بۆنەیە

ئاهەنگ ساز دەکەین، چونکە بە ڕاستی ئێستا و ئەو دەمانەش ڕەگەزنامەی کەنەدی، بڕوانامە و بەڵگە و شەرەفێکی گەورە و شایستە بوو.

## ژێرنووسی دووەم

# حــاجــیلــە

شارەوانیی ڕواندز کۆنە، لە زووەوە کارمەند و بەرنامەی دروستی هەبووە، لە شارەوانی پیاوێك هەبوو بە ناوی حاجی، پیاوێکی باڵابەرز بوو، بۆ خۆشەویستی بوو یان دەموچاوی زەرد و نەرم بووە ناویان کردبووە "حاجیلە"، چاودێر بوو، زۆر بایەخی بە پاك و خاوێنیی شارەکە دەدا، دەیویست خەڵکەکە خواردنیان پاك بێت.

لە ڕۆژانی ئیشکردنی پەیڕەویی ڕێنماییە تەندروستییەکانی دەکرد، بەیانییان زوو دەچووە سەر پیرەژنە ماستفرۆشەکانی گوندی باڵەکییان، ئەوان ڕۆژانە ماستیان بۆ فرۆشتن لە بەردەم دوکان و ناو بازاڕی ڕواندز ڕیز دەکرد، یەك یەك سەیری پەڕۆی سەر جامە ماستەکانی دەکرد، ئەوەی پیس بووایە، ئەوەی سپی نەبووایە، ئەوەی خاوێن و نوێ نەبووایە؛ هەمووی لەناو جۆگەکان دەکرد، لێی دەڕشتن. بۆیەش لە ترسی ئەو ڕەچاوی باشی پاك و خاوێنیی مەنجەڵ و پەڕۆ و سەرپۆشی ماستەکانیان دەکرد. حاجیلە دەیویست ماستەکانیان، پەنیر و سەرتووەکانیان وەك گوڵەحاجیلە جوان و بەرچاو بن.

حاجیلە پیاوێکی خۆشەویست بوو، شەوانەش لە ماڵەکان مەولوودی دەخوێند، دەفی هەبوو، دەنگی خۆش بوو، لە ماڵان

دەگەڕا و گەورەیی و نازداری بوونی پێغەمبەری لەناوماڵەکانی ڕواندز پیرۆزتر دەکرد. لەبەر ئەوانە هەموو خۆشیان دەویست، میوانی بەردەوامی ماڵی ئێمەش بوو. ئەویش پیرۆزترین دیاری و جوانییەکانی باوەڕی ئیسلامی لەناو ماڵەکەمان دەگوتەوە و مەولوودی بۆمان دەخوێندەوە، دەنگی دەف و دەنگە بەسۆزەکەی و ستایشە پیرۆزەکانی ناو ماڵەکانی دەتاساند.

## ژێرنووسی سێیەم

# بەردخۆر

من پۆلی یەکی سەرەتایی تەواو دەکەم، ماڵمان دەچێتە هەولێر و لە ڕواندز دادەبڕێم، بەڵام زۆر کەس و ناو و ڕۆژگارم لە بیرە، چۆن لە بیرم دەچێت پیاوێك هەبوو ناوی سەعید بوو، پێیان دەگوت "سەعیدە شێت"، بەڵام دەستی لە کەس نەدەوەشاند، بە دەشتیّ نەدەکەوت، پیسوپۆخڵیش نەبوو، بەڵام هەر پێیان دەگوت شێت، چونکە بەردەوام بەردی دەخوارد، وردە بەردی دەخوارد، حەزی لە بەرد بوو، وای دەزانی وردە باوییە، گوێزە، ترێیە، دنکە هەنارە، بەردی دەخوارد بۆیە پێیان دەگوت سەعیدە شێت.

کەسێکی داماوی بێکەس بوو، بەردی دەخوارد کە لەبەر دەرگەمان دەردەکەوت، یان فێر بووبوو دایکم خواردنی لەبەردەم دادەنا و دەیخوارد، خۆ ئەگەر دۆڵمە بووایە باشتری دەخوارد، چونکە وای دەزانی بەردە. ئەو بەردی لە هەموو خواردنەکانی تر پێ خۆشتر بووە، دەیخوارد و لێی ڕاهاتبوو.

لەبەر ئەوە، لەبەر سەعیدە شێت دەڵێم: کێ دەڵێ زنار و لوتکە و چیاکانی ناوچەکە زووتر لە پیاوی وا بەردخۆر پەیدا نەبوون. زووتر و بەر لە زایین ئەوانە مرۆڤ بوون و بەردیان

خواردووە و بوون بە چیاکانی ناوچەکە. بۆیەش وا خەڵکی ناوچەکە، هەموو کورد خۆیان بە قوربانی چیا و بەرد و کێوەکان دەکەن، خۆشیان دەوێت و خوێنی بۆ دەڕێژن و بەو شاخانە کەوتبوون و شێتی شاخەکان بوون، بە گیرانی لوتکەیەك، شاخێك، بناریێك تەنگاو دەبوون و هێرشی زۆریان دەبرد، بە خوێن و ئازایەتیی زۆرەوە وەریاندەگرتەوە.

یان لەو سالانە شاخڕەویی و شاخەوانی پەیدا بووە، گرووپ گرووپ، ژن و پیاو گەنج و پیر، بە شەو و بە ڕۆژ و بەردەوام بەسەر شاخەکاندا دەکەون، هەمووان لە ڕۆح و ڕۆژانەمان "سەعیدە شێت"ێکمان تێدایە.

## ژێرنووسی چوارەم

# ئاوازی نەسیم

ئەم پارچە شیعرەی بە دەنگی خۆی و ئاوێتە بە موزیکێکی ناسك بۆ ناردم، وا لێرە دەینووسمەوە:

ئاوازی نەسیم

من لە ئاوازی نەسیم تێدەگەم

کە بە ئارەزوو ماچ دەکا بسکی

لەگەڵ هەناسەم تێکەڵاو دەبێ

دەبێتە باران

تەڕ دەکا سینە و دووڕیانی تەسکی.

لەو خوێندنەوەیە، لە دەنگەکە و هەڵبژاردنی موزیکەکە؛ ئاماژە و نیشانی ژیان و عیشق و خۆشەویستیی ژیان دەگەیەنێت، بەو چەند دێرە کورتە، بەو سۆزە سووتانەی میوزیکە پێم دەڵێت: سەڵاح، ماندووی عیشق بووە، ماندووی چاوەڕوانی بووە، هەر بەو هیوا و چاوەڕوانییە ژیاوە و دەژیت.

ئەو خۆی پەیڤی ڕوونی تایبەتی لەسەر شیعرەکانی هەیە، من بەو شێوەیە و لەسەر زاری ئەو دەنووسمەوە:

من شیعرم لەسەر خەیاڵ نەنووسیوە.

شیعرم نەنووسیوە، ئەگەر یەکسەر لەبەرم نەکردبێت.

شیعرم نەگوتووە زوو و یەکسەر نەمناسیبێتەوە، نەمزانیبێت بۆ کێم نووسیوە؟!

شیعرم نییە ناو و ناونیشان و ئەدرێسی نەبێت.

شیعرم نییە بڕوات و نەیەتەوە، بفڕێت و نەزانێت بەرەو کام ئاسمان و سینگ و دەریا دەڕوات!

شیعرم نییە کۆن و ڕابردوو بێت، هەموو نووسینەکانم نوێ و تازەن و هەڵمی پاش بارینی نووسینیان لەسەر هەڵدەستێت. هەموو دێرەکانی، وشەکانی تەڕن؛ بە هەور و خوناو و فرمێسك تەڕن و بۆنی سووتانیان پێوە ماوە. ڕەنگیان دیارە، هەر گەشن، زیندوون و ترپ ترپ لێ دەدەن!

شیعرەکانم دوو ناویان لەسەرە، یەکێکیان ناوی پارچە شیعرەکەیە، ئەوی تریان ناوی ئەو دڵ و گەوهەر و شەو و سات و ژووانەی بۆیان نووسراوە.

من وا دەزانم هیچ لە شیعرەکانم ناوی منیان پێوە نییە، ئەگەرچی ناوم لە سەرەوەیان نووسراون، بەڵام من خاوەنی ئەو پارچە شیعرانە نیم، من ئەوانەم نەنووسیوە، بە دەنگی خۆم ئەوانەم نەگوتووە. شیعرەکانیان پێ نووسیوم، پێیان کردم، ئاگام لێ نەبووە کە نووسراون، کە بڵاو بوونەتەوە و ناسراون.

ڕاستە شیعرەکان؛ بە خەتی خۆش و جوانی من نووسراون، لە دیار پێکی ڤۆدگا گوتراون، لەسەر مێزی ژوورەکەم دانراون، بەڵام من خاوەنیان نیم، قەڵەم و پارچە کاغەزەکە، مێزەکە،

پێکەکە، شەوەکە، پەنجەکانم هی منن. شیعرەکان هی بەهرەکەیە، هی چەندان سۆز و چاو و سەما و دەست و پەنجەی شاراوەن و ناویان نەهاتووە.

شیعرەکان ناوی منیان لەسەر نووسراوە، بەڵام خاوەنەکانیان، بزووێنەرەکانیان، مەکینەکانیان، دڵیان، هەڵم و هەتاو و سووتانیان؛ غەدریان لێ کراوە و ناویان نەنووسراوە، ناویان سڕاونەتەوە، ناویان لە سەرەوەی شیعرەکە پەڕیون و بە ئەنقەست لادراون.

دەرکەوتنی ناوی خاوەنی شیعرەکان سەرەپەنجەیەکی منیان دەوێت، بۆ ئەوەی تەمی سەر ناوەکان، شوێنەکان، هەستەکانیان لەسەر لابەرەم و ئاشکرا بن.

خاوەنی شیعرەکان ئاشکرا دەکەم، یەك بە یەك ئاشکرایان دەکەم، بە مەرجێك ناوەکان؛ وەك ڕەمز و سیمبول ناو دەبەم، ئەگەر ناوی شوێنەکەشم باس کردبێت، ناوی شەقامی شارەکەم گۆڕیوە، جۆگە و کانییەکی گوندەکەم لا داوە نەوەك بناسرێنەوە. چاوی کەسەکەم دیار کردووە، بەڵام چاویلکەیەکم لەسەر داناوە، جلەکانم داکەندوون، ڕووتم کردوونەتەوە، بەڵام پەردەیەکی پەمبەم بەسەر جەستەیان داداوە.

ئەگەر شیعر نەبووایە، من چی دەبووم؟! ئەگەر ئەوانەم لەبەر نەکردبووایە، ڕۆژانە چیم لەبەر خۆم دەگوتەوە؟! خۆ من هیچم لەبەر نییە.

خۆ من هیچ نازانم، وەك خەڵکەکە دوو ئایەتیشم لەبەر نییە، وەك ئەوانی تر دوو دێری حیزبیم نەنووسیوە.

هەموو زێڕەکانی ناو بازاڕی ڕواندز، دوایی هی دوکانەکەی

هەولێریش موڵکی باب و مامم بوون، هیچیان نەمان. گەردەنی ژنان و مەچەکی کچان و ئەنگوستیلەی زەماوەندەکانیان، لە بن پەنجەکانی ئەوان دەردەچوون و هەموو توانەوە و نەمان.

بۆ من ئەوەی ماوە؛ دوو دێر و دوو ناو و سێ ڕازی شیعرن، ئەوانیش زیندوو و گەش و شیرین و بزەی سۆزدار و جوانم بۆ دەکەن. ئەوانە باوکانە، باپیرانە، دۆستانە دەستم دەگرن و دەمبەنە توالێتی ژووری نووستنەکەم، بەناز و نەرم دەمبەنە سەر سیسەمە بەرینەکەم. ئەوانە زۆر و بەردەوام هاوشان و هاوشار و هاوژینی منن.

من لەو ڕۆژگارە دەنگم بەوانە هەڵدەبڕم و دەکەمەوە، قسە لەگەڵ برادەران، لەگەڵ کیژەکانم.

بە سۆز و پەیڤی ئەوانە لەگەڵ ڕواندزییەکان، لەگەڵ ئەوانەی زوو لەناو هەولێر دەمناسین، ئەوانەی دوای هاتنەوەم لە کەنەدا دەیانناسم، هەر بە سۆز و شانازییەکانیان قسە دەکەم.

من چییم ماوە و هەیە، بێجگە لەو چەند پارچە شیعرانە. هەموو باش دەزانن من گەوهەرم نییە، زێڕم نییە، دەستنووس و کتێبی چاپکراو و خەڵات و مەدالیای بارزانی نەمرم نییە. ئەوەی ماومە و هەمە و لێم نزیکن، ئەو چەند پارچە شیعرەن، ئەوانەم هەیە و بەس و ئەوانەش زۆر لێم نزیکن، بەوانەش دڵم دەکرێتەوە، بەوانە ڕێژەی شەکرم هاوسەنگ دەبێت، فشاری خوێنم ئاسایی دەبێتەوە و حەبەکانم لەبیر ناکەم، جلەکانم پیس ناکەم، گوێم لە زەنگی تەلەفۆنەکانم دەبێت و بە پەنجەکانم کەناڵەکانی درۆ و دووڕوویی هەواڵەکان دەکەمەوە!

ئەگەر لە شتەکانی ڕابردووم پەشیمانیش بم، لە شیعرەکانم

هەرگیز پەشیمان نیم، با هەر چاپ نەکرێن، با هەر نەبن بە گۆرانی و نەگوترێنەوە. با هەر کورت بن، با هەر بە ڕێنووسی کۆن نووسرابن، بەڵام دڵ و جەرگ و سامان و شەو و ڕۆژگاری منن.

## ژێرنووسی پێنجەم

# خالید عەبدولحەلیم

سالّی ١٩٧٠، لەو دوازدە مانگەدا شاری هەولێر دامەزراندن و گۆڕینی سێ پارێزگار دەبینێت. لە سەرەتای ئەو سالّە هێشتا حەمەدەمین فەرەج لە لیستی بالّی مەکتەبی سیاسی وەك پارێزگار مابوو، بۆ هێورکردنەوە و چوونە پێشەوەی دانوستانەکانی بەعس و پارتی، حکوومەت دەیگۆڕیت. بەوەش دەیانەوێ نیەتی پاکی خۆیان بۆ سەرۆك بارزانی دەربخەن، لە جیاتی ئەو کەسێکی بەعسیی عەرەب بە ناوی "خالید عەبدولحەلیم" دادەنێن، هەر لەو سالّە و لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازار و جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە، پارتی، کۆنە ئەفسەر و ئەندامێکی بالّای حیزب و پێشمەرگایەتی "عەبدولوەهاب ئەترووشی" وەك پارێزگار دادەنێت.

لەبەر ئەوەی خالید ماوەیەکی کورت دەوام دەکات و دەگۆڕێت، بۆیە یادگار و بیرەوەریم لەگەڵ ئەو و ئیشکردنم لە ڕۆژانی ئەو لەناو دیوانی پارێزگار کەم بوو. بەڵام ئەوە بۆ یادگار دەگێڕمەوە؛ لە ڕۆژانی دانوستانەکاندا، خالید عەبدولحەلیمی پارێزگار ئاگادارمان دەکاتەوە بچینە بەر دەرگەی پارێزگا، لەسەر پایەکانی قشڵەکە بوەستین و چاوەڕوانی وەفدێکی گەورەی بەغدا بکەین.

منیش لەگەڵ ئەو و ژمارەیەك کەسایەتیی ئەو دەمانەی شار و حکوومەت و سەربازگە دەچینە دەرەوەی قشڵە. وەفدەکە دەگاتە بەر دەروازەکە لەوانە: حەردان تکریتی و سەعدوون غێدان "ئەوانە هەردووکیان ئەندامی باڵای حکوومەت و حیزبی بەعس بوون، بە فەرمان و پلانی سەدام حوسێن کوژران" و تەها شەکرچی قائید فرقە بوو، تا ئەوەندە ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی شۆکم دەکات، ڕادەچڵەکێم وەفدەکە کاك مەسعوودی لەگەڵدا بوو، نەدەکرا قسەی لەگەڵ بکەم، نەدەبوو خۆم وا نیشان بدەم دەیناسم، زووتر من ئەو پیاوە گەنجەم دیوە! ناکرێ ئەوە بکەم ئەو دەمناسێت؛ بۆیە بە ئاسایی سەیری دەکەم و بە هیچ شێوەیەك کەسیان؛ ئەوان و فەرمانبەر و کوردەکانی تریش هەست بەوە ناکەن من کاك مەسعوود دەناسم! هەردووکمان کەوتووینەتە ناو دوژمنان و گومانی هیچمان لێ ناکەن.

دوایی کە کاك مەسعوودم لە چۆمان دووبارە دیتەوە، لەوێ گوتی: سەڵاح زۆر باش بوو، لە پێشوازییەکەی ناو هەولێر و لەگەڵ وەفدەکە زۆر چاك خۆت لە من نەناس کرد، ئیشێکی باش و زیرەکانەت کرد. هەر ئەوەش لە تۆ دەوەشێتەوە، بۆیەش تا ئێستا هیچ گومانیان لە تۆ نەکردووە، باش و دروست کارەکانت دەکەیت و سەرکەوتووانە ڕۆژانەی وەزیفەکەت دەکەیت.

خالید عەبدولحەلیم منی خۆش دەویست، ئیشەکانم زیرەکانە و باش ڕادەپەڕاند و متمانەی زۆری بە من هەبوو، منیش خۆشم دەویست، پیاوێکی زیرەك بوو، زمانزانێکی عەرەبیی زۆر باش بوو، وا بزانم خەڵکی ڕومادی بوو، لەوێ زووتر مامۆستا بووە. پاش ئەوەی لە هەولێر دەگوازرێتەوە، دەبێتە پارێزگاری مووسڵ.

ماوەیەك بوو ئەندامێكی پارتیمان لە سەردەمی جەلالییەكان گواسترابووەوە دەرەوەی هەولێر، هەموو لایەك كۆشش دەكەن، ناتوانن بە ئاسانی لە ئاكرێ بیگوازنەوە هەولێر. لەو دەمانە ئاكرێ قەزایەك بوو سەر بە مووسڵ، من دەچمە مووسڵ و دیداری پارێزگار دەكەم و ئیزبارەكەی لەبەردەم دادەنێم و پێی دەڵێم:

جەنابی پارێزگار دەمەوێ ئەو فەرمانبەرەمان بۆ بگوازیتەوە هەولێر، هەر بۆ ئەوەش لە هەولێرەوە هاتووم. ئیتر هیوادارم نائومێدمان نەكەیت.

لەگەڵ داواكەم، لەسەر نامەكەم، یەكسەر دەنووسێت؛

یەكسەر فلان فەرمانبەر لەسەر میلاكی مووسڵ بگوازنەوە سەر میلاكی هەولێر، بۆ جێبەجێكردن.

## ژێرنووسی شەشەم

# چ بالآیە

چ بالآیە بەم عیشایە
شەوەزەنگی تێ ئالآیە
یا چارۆگەی سەری شەوە
لە دەورەی مانگی پێچایە
چ ئەستێرن بەم چارۆگە
تروسکەیان درەوشایە
یا ئەو مانگەی لە نێوانیان
ئارامی بۆ دڵ هێنایە
چ نازێکە لە چاوانی
کە دەنوێنێ ئەی خودایە
یا ڕەوشتی ڕۆژانەیە
بە پاکی فرچك درایە
چ گوڵاو و میسك و عەتری
بەهەشتی خوای لە خۆ دایە
یا ئارەقەی کەوشی گوڵاوە

عەتر لەو دروست کرایە
چ لەنجەیە چ ناسکۆڵە
ئەگریجەیە لێی وەشایە
یا چناری باغی شارە
ڕەگی لە جەرگم ڕووایە.

هەولێر
۲۹/ ئۆکتۆبەری ساڵی ۲۰۱۲

لە هەولێر و لە مۆڵێك ئافرەتێکی باڵابەرز بە عەبایەکی عەرەبی خۆی داپۆشتبوو، بۆنێکی یەکجار خۆشی لێ دەهات، بەو بۆن و بەژن و باڵا و نازدارییەوە شان بە شانم تێپەڕی و سەرسامی کردم، منیش ئەوەم بۆ بۆن و جوانییەکەی نووسی.

## ژێرنووسی حەوتەم

# یەکەم ماچ

یەکەم ماچ
کە پێت بەخشیم
یەکەم ماچت
بە بیرت دێ
لات هەڵە بوو
ڕووت زەرد داما
چۆکت لەرزی
دڵت لێی دا بە خێرایی
وەك ئاسکێك لە تەڵە بوو
منیش بە خۆم لە خۆ ڕازی
حەزم لە ماچێکی تر بوو
لێوم بۆت شایی دەگێرا
چاوم ئەشکی خۆشی پڕ بوو
کوورەی دڵی ئاگرینیش
سۆزی پڕ بوو دانامرکا

بۆت لە گڕ بوو
لە هەموو لا ڕەشبەڵەك بوو
زەماوەند و بەزمورەزم و تەقەی چەك بوو
بووك و زاواین
دوو گیان یەك بوو
ڕواندزمان ڕازابووەوە
كۆلپەكەمان پڕ ئەوین و پەپوولە بوو
چاوەڕێی مێوانی شەو بوو
كەللەی تاسی تامەزرۆشم
بۆ ئەو ساتە
هەزار بیرۆكەی لێ دەزا
وەك ماسییەك لە گێژەنەی
دەریایەكی هەلهەلە بوو.

**هاوینی ١٩٦٢ ڕواندز**

## ژێرنووسی هەشتەم

# خواردنی ماش و تەماتە

لە ساڵی ١٩٦٩ جارێك ماش و تەماتەم لە بارەگایەكی فەرماندە "حەجی شێخ ئۆمەر بێروخی ١٩٢٢ - ١٩٨٩" لە گوند و بارەگایەكی هێزەكانی پێشمەرگە لە دۆڵی بێشی ناو زۆزك خواردووە، ئێستاش تامی هەر لە دەمم ماوە و لەبیری ناكەم. ئەو خواردنە لەسەر هیچ خوان و دەعوەتێك و ماڵەوەش، لە ساڵانی تەنیاییم لە كەنەدا و ئێستاش نەخواردەوە، یەكەم جار و دوا جارم بوو، خواردنی وا بە تەمام و خۆش بخۆم. باشە ئەو ماشە، لەو شوێنە لەو پاییزە، چۆن وا خۆش بوو؟! بۆ لەبیر ناكرێت؟!

لەو ساڵانەی لە هەولێر بووم و بەردەوام لەگەڵ كاك مەسعوود لە چۆمان و ناوچەكە دیدارمان دەبوو، هەر جارێ بە ڕێگەیەك و بە شێوەیەك خۆم دەگەیاندە چۆمان و ناوپردان، لەوێ بە تەنیا و لە دانیشتنی تایبەتی دیدارمان دەبوو. ئەو جارە دوو هەڤاڵم لەگەڵدا بوو، بڕیار دەدەین بچینە مێرگەسۆر، لەوێیەوە بەرەو چۆمان بڕۆین، بەڵام زوو هەڤاڵان ئاگادارم دەكەنەوە، زوو بڕۆن باشترە، لێرە گومانت لێ دەكەن و مانەوەت باش نییە، شەو بۆی دەردەچین، سێ وڵاخمان بۆ پەیدا دەكەین و دەگەینە پشتەوەی دیانا، لەوێ بەرەو دۆڵی بێشیی سەرووی دیانا دەڕۆین.

لەو کاروانەدا؛ گوتیان دوا خاڵی گەیشتنی جێبەکەی چۆمان، گوند و بارەگایەکی هێزی پێشمەرگەیە لە بناری چیای زۆزك و چیای حەسەن بەگ. لە ڕێگە دەگەینە کۆنە چایەخانەیەکی سەر ڕێگەکە، کەسی تێدا نەبوو، سەماوەر و ئاگردانی کراوە و گەش نەبوو، دەچینە ناوەوە، چایەخانە کۆنەکە ژوورێکی گەورە و بەرینی شڕی دەرگە و پەنجەرەی شکاو بوو، لە بنەبانێ چەند کەپەنك و لباد لە گۆشەیەکی ژوورەکە هەڵدرابوونەوە، ئێمەش بۆ خۆگەرمکردنەوە و مانەوە؛ لباد و فەرەنجی و بەڕەکان هەڵدەدەینەوە، لە ژێرەوەیان پیاوێك دەبینین، کابرایەکی ماندوو، سەرما شڕی کردبوو، بۆیە خۆی لەوێ مات کردبوو، دوایی دەزانین کابرا ناوی حەسەن ئاغایە، عەجەمە و قاچاخچییەتی دەکات، لە ناوچەکە ناسراوە. کابرا بە دیتنی ئێمە و دەنگەدەنگمان هەڵدەستێتەوە و بەیەکەوە دادەنیشین و ئاشنا دەبین و پێمان دەڵێت:

لە ناوچەکە و لەسەر چیاکان هێزی حکوومەت هەیە، سەرباز و ڕەبیە زۆرن، دەنگەدەنگ و جووڵە زۆر نەکەن و خۆتان مات کەن، تا بەیانی جێبەکە دەگەڕێتەوە، دەچینە چۆمان و گەلاڵە، دیارە شانسمان نەبووە ئیمڕۆ پێی ڕانەگەیشتین، زوو هاتووە و گەڕایەوە.

ئەو جێبە، بەبێ ئەوەی بە هیچ بازگەیەکی حکوومەت تێپەڕێت، بادینان و باڵەکایەتی بەیەکەوە دەبەستایەوە. خاوەنەکەی خەڵکی چۆمان بوو، لە هەموو لایەك ناسراو بوو، چارەم نەبوو، دەبووایە ئێمەش چاوەڕوانی بکەین.

ماوەیەك لەوێ لەناو چایەخانە شڕەکە دەمێنینەوە، دیارە لە

گوند و بەرزاییەکانی دووری خۆمان، بارەگایەکی پێشمەرگە هەبوو، ئەوان بە دووربین، یان گومان لە جووڵە و هاتنی ئێمە دەکەن، دوو پێشمەرگەی گەنجی ڕەشتاڵەی دەست بە تفەنگی چوست، ماندوو دەگەنە لامان، تەنگاو هاتبوون بمانبینن، هاتبوون و لە ڕێگەدا، لە هەورازەکانا پشوویان نەدابوو، دەگەنە سەر سەرمان و دەمانبەنە بارەگاکە. لەوێ حەجی بێروخی دەیەوێ لە کەسایەتیی ئێمە و بوونمان لەو ناوچەیە دڵنیا بێت، لێمان دەپرسێت: ئێوە چ دەکەن لێرە و ئێوە کێن؟!

منیش زوو پێی دەڵێم: ئەزبەنی برووسکە بۆ بارەگای بارزانی و کاك مەسعوود بکە، بڵێ: یەکێك لێرەیە، دوو کەسی لەگەڵدا دایە، دەڵێت من ناوم "بەرد"ە.

پاش ئەوەی بەرپرسەکە وەڵام وەردەگرێتەوە و دڵنیا دەبێت لە سەلامەتیی ئێمە، ئیتر لەوێ دەبین، ئاشنا دەبین و بەیەکەوەش ماش دەخۆین و لەتکە تەماتەشی لەگەڵ دەخۆین. ئەگەرچی وەرزی تەماتەش نەبوو، دیارە ئەو تەماتەکانی لەبن کای هەڵگرتبوون، تام و ڕەنگیان تایبەتی بوون و خواردن و شوێن و هەوارەکە بالکێش بوو.

بەیانییەکەی بەر لەوەی جێبە قووتە سەر بە چادرە دڕاوەکەی چۆمان و گەڵاڵە بگاتە بارەگاکە، بەر لەوەی خۆمان کۆ بکەینەوە، دوو کەس لەسەر دوو وڵاخ دەگەنە بارەگاکە، هەردووکیان چەکدار بوون، بەڵام یەکێکیان داماو و زەلیل دیار بوو، ئەوی تریان دوایی دەزانین برای "حەمیدە فەندی"یە، ناوی "فەرزندە" بوو، ئێستاش ماوە.

لەو دەمانە حەمیدە فەندی بەرپرسی حیزبی و پێشمەرگایەتیی

ناوچەی برادۆست بوو. حەجی بێروخی لە فەرزندە دەپرسێت:

ئەوە کێیە و بۆ کوێ دەڕۆن؟

فەرزندە لە وەڵامدا دەڵێت:

ئەوە پۆلیسە، ڕەئیس عورفایە و خەڵکی ناوچەی سلێمانییە، کاکم گرتوویەتی گومانی لێ دەکات لە ناوچەکە جاسووسیی بۆ حکوومەت بکات، بە چەکەوە دەیبەمە سەرەوە، لەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن، چەکەکەشم هێناوە، بەڵام دەرزییەکەمان لێی دەرهێناوە و لە گیرفانم دامناوە.

پاش ڕامان و پرسین دەرکەوت حەجی بێروخی پۆلیسەکە دەناسێت و بە بیری دێتەوە لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕش، ئەو پۆلیسەی ئێستا دەرزیی تفەنگەکەیان دەرهێناوە و زەلیل دەیبەن، کاتی خۆی بۆ گرتن و تەسلیمبوونی مەخفەرەکانی سەر سنوور و ناوچەکە، بە هەموو شێوەیەك یارمەتیی شۆڕش و پێشمەرگەی داوە، بۆیە فەرمان بە فەرزندەش دەکات، دەرزیی تفەنگەکەی بداتەوە و ئازادی بکات.

## ژێرنووسی نۆیەم

# لە تەمەنی حەڤدە ساڵی باوکم دەبینم

ڕۆژان، کیژە گچکەکەی سەڵاح ڕواندزی و ساجیدە خالیدە، سەرەتا ئەوە بڵێین: ئەو لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕۆژانی شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ و لە ئاوارەیی لەدایك بووە.

من لێی دەپرسم: واتە ئێستا لەسەر نفووسەکەت نووسراوە، شوێنی لە دایکبوون ئێران؟

ئەو گوتی:

نا، نووسراوە هەولێر، بەڵام چۆن نووسرا؟ هەموو بە ئازایەتیی دایك بوو، ئەو زۆر پێیەوە ماندوو بوو، ئاسان نەبوو منداڵێك ناونووس بکەیت باوکی ئامادە نەبێت، دژی حکوومەت بێت، دەفتەری نفووسی بۆ دەربهێنیت و باوکی ئیمزا نەکات. دەفتەر نفووسی منداڵێك لە لایەن ژنێکەوە بۆ منداڵەکەی دەربچێت، ئاسان نەبووە، بەڵام دایکم ئەوە دەکات، وێنەی شەمسیم بۆ دەگرێت و نفووسم بۆ دەردەکەن و گەورەش دەبم و دەچمە مەکتەب و دەگەمە ئامادەییش، ئینجا باوکم دێتەوە، پاش حەڤدە ساڵ یەکەم جار؛ بە هەست و هۆش و چاو و دەست و پەنجە و سێبەر و دەنگەوە باوکم دەبینم!

گەورە دەبم و دەگەمەوە باوکم و سۆزی پیاوێکی ئاوەدانی جوانی چوارشانەی زمانشیرینی دڵ گەورەی شیرین، خۆشەویست و ناودار.

لەناکاو من لە کیژی ژنێکی ماندووی مامۆستای دەست بە تەباشیری خەمگین، دەبم بە کیژی ژن و پیاوێکی شادمان، دەچینە کەنەدا. سەرەتا دەچینە تورکیا، لەوێ چاوەڕوان دەکەین و دوایی دەچینە کەنەدا.

لەوێ باوکم دەیەوێ قەرەبووی دابڕان و کەساسییەکانمان بکاتەوە. پێکەوە دەچینە سەیران و شوێنی خۆش و مۆڵی گەورە و شاری مەزن و وڵاتێکی دوور و زۆریش دوور، دەبینە هاوڵاتییەکی کەنەدی.

ئەو ڕۆژگارە و گەورە دەبین و شوو دەکەین و دەبینە دایکی لارە "باوکم ناوی لێ ناوە"، لاس "ناوەکە بە قورعە لەنێوان ناوی لاس و سەهەند دەرچووە"، یاران "ناوەکەی ئەویش بە قورعە لەنێوان هەردوو ناوی یاران و یار دەرچووە".

من ئێستا بە سەفەر هاتوومەتە هەولێر، لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەی باوکم دەژیم، شەوانە لێرەم، بە ڕۆژیش لەکن میدیای خوشکم، جاروباریش سەردانی ماڵی خەزوورم دەکەم.

## ژێرنووسی دەیەم

# ئارین سەڵاح

دیدار و ئاخاوتن لەگەڵ کچی دووەمی کاك سەڵاح دوا کەوت، کەوتە دواییەکانی نووسینەکەم، وا بزانم ئەو گوتبووی؛ خوشکەکانم زۆر باسی دایك و باوکیان کردووم، ئیتر من قسەی زۆرترم نییە و پێم خۆشە ئەو دیدارە بڵاو بکرێتەوە و ببێتە کتێب و چاوەڕوان دەبم.

بەڵام هەر ویستم بە کورتییش بێت، قسەیەك بکەین، چونکە دەمزانی ئەویش دەتوانێت و ئاساییە دوو پەیڤ و ڕازێکی دروستم پێ بڵێت، بۆیە لە سویدەوە بە ڤایبەر قسە دەکەین، هەڤپەیڤینێکی کورت دەکەین. نووسینەوەی دیدارەکەش دەکەوێتە دوا لاپەڕەی دەفتەرەکەی سەرە دێڕەکانم لەسەر دەنووسین، بەوەش هەموو لاپەڕەکانی دەفتەرەکە پڕ دەبێت و تەواو و منیش لەو نووسینە تەواو دەبم. چونکە بە ڕێککەوت دەفتەرەکەش تەنیا یەك لاپەڕەی سپی تێدا مابوو، هەموو لاپەڕەکانی پڕ بووبوون، کورتە ڕستە و ناو و هەواڵ و تێبینییەکانم لەسەر نووسیبوون، بەڵام باش بوو لاپەڕەیەکم مابوو، ئەویش پەیڤە کورتەکانی ئارین خانم لەسەر نووسی و ئیتر تەواو.

ئەو گوتی:

من کەمێك بەختیار بووم بەوەی شێوە و ڕەنگ و دەنگی

باوکمم لەبیر مابوو، تەمەنیشم بچووك بوو، هێشتا نەچووبوومە مەکتەب، کە ئەو بەرەو کەنەدا دەڕوات، ئێمەش دەچینەوە هەولێر.

ساڵ دەڕوات و تەمەن تێدەپەڕێت و حەڤدەساڵی تەمەن تەواو دەکەم و خوێندن تەواو دەکەین، ئینجا باوکمان پەیدا دەبێتەوە. هاتنەوەی ئەو، بۆ دایکم و خوشکەکانم ڕۆژ و پێشهاتێکی تایبەتی بوو، لەبیریش ناکرێت، بەڵام بە داخەوە ئەو ساتەی، ئەو دەمانەی ئەو بە جانتاکانەوە، بە تەمەن و بیرەوەری و پەرۆشییەوە باوکە ماندووەکەمان دێتەوە، لە دەرگەکەمان دەدات، من لە ماڵ نەبووم، دیمەنەکەم نەبینی، هەستم بە چرکەساتەکە نەکرد.

ئەو دەمانەش تەلەفۆن و هاتوچۆ ئاسان نەبوو، ئیتر کە من دەگەمەوە ماڵ، دەمەوێ بزانم "ئایەکە" چی لێناوە؟ بۆنی چ خواردنێك لە ماڵمان دێت؟ لە دوورەوە بینیم دەرگەی دەرەوەمان کراوەتەوە، ماڵمان ئاوەدان و باخچە و دارەکانی حەوشەمان بڵندتر بووبوون، دەنگەدەنگە و ئاوەدانییەکی زۆر هەبوو، دەترسێم و ڕادەچڵەکێم، بەڵام دەزانم بۆنە و کۆبوونەوەکە شادییە، ڕووداوێکی خۆشە. لەو ڕۆژی باوکم دەگەڕێتەوە، ئیتر هەوار و ژیانمان دەگۆڕێت.

لە ماوەی چەند ساڵێك، کە باوکم لێمانەوە نزیك دەبێتەوە، دەنگی جوان و خۆشمان پێ دەگات، هەست دەکەین، ژیانمان دەگۆڕێت، هەوارمان دەگوازینەوە، جووڵەمان زۆرتر دەبێت و بە ڕەسمی و بۆ ئیقامە دەچینە ئەنقەرە و ئیستانبووڵ و دوایی دەگەینە کەنەدا.

لەوێش من شوو دەکەم و دەبم بە دایکی سێ منداڵ

"کوڕەکەم ڕاز ٢١ ساڵە، ڕەند بچووکترە و شارەی کچیشم تەمەنی ١٦ ساڵە، هەمووان من ناوم لێیان ناوە، باوکم ناوەکانی پێ خۆش بوون، بۆیە ناوی منداڵەکانم وەك ویستی من جێگیر دەبن"، لەو ڕۆژەی دەچینە کەنەدا لە شاری هامیڵتۆن بە دووری تەنیا چل دەقە لە تۆرنتۆ دەژین، دواییشماڵی خۆم لەگەڵ دایکم نزیك بووە، سۆز و نان و پەیڤەکانی ئەوم هەبووە، بۆیە پاش مردنی، کە ئەو دەڕوات، ئیتر من نەچوومەتە هەولێر، چراکەم لەوێ کوژایەوە، ناز و سۆزم نەما. تامی خواردنەکانی نەما، بامیە و دۆڵمە و قەیسییەکانی نەمان.

ڕاستە وڵاتەکە ساردە، تا دایکم مابوو، کە باوکم لێرە بوو هەستمان بە ساردی و بەفرەکەی نەدەکرد، ئێستاش ڕاهاتووم و بڕوا بکە ساردییەکەشی خۆشە، جوانە، ئەو بەفرەیە وڵاتەکەی جوان و کەسك کردووە.

بێجگە لە ئاکار و نەست و سۆزی دایکم، بێجگە لە ئارەقەی ماندووبوون و شەونخونییەکانی دایکم، چۆن ئێمەی دالْدە دەدا، خانوو و ماڵ و خوێندنمان بۆ ساز دەکات، هەموو ئەوانەم لەبیرە و هەڵگرتووە، هەموو ئەوانەم ویستووە و شانازییان پێوە دەکەم، لەگەڵ ئەوانە: دەفتەرەکانی دایکم و نووسینەکانی ئەوم ماون، کتێبەکانی ئەوانەی لە هەولێر هێنابووین، ئەوانەم هەڵگرتووە و نازانم چەند لێرە دەبن و چییان لێ دێت؟!

دایکم تا بتوانێت نامە بۆ میدیای کچی بنووسێت "ئەو دەمانە نامەنووسین تاکە بواری پەیوەندییەکان بوو" خۆی فێرە نووسینی کوردی دەکات، ئەو هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بە زمانی عەرەبی بووە، چەندان ساڵ مامۆستای دواناوەندی زەهرا بووە،

قوتابخانەکە بە هەموو قۆناغەکانی خوێندن تایبەتمەند بووە بە زمان و ڕێزمان و پەخشانی عەرەبی، بەڵام دووری و دەربڕینی هەستی جوان و دروست بۆ کچە گەورەکەی، ئەوەی نەیویست لەگەڵ ئێمە بێتە کەنەدا، نووسینی زمانی کوردی فێر دەبێت، بە گەورەیی لەبەر خۆشەویستی کچەکەی، بە گەورەیی دەبێتەوە منداڵێکی سەرەتایی، پیت و داڕشتن و نووسینی کوردی فێر دەبێت.

چی دایکت لەکن تۆ ماون؟

تۆ بڵێ چی دایکم هەڵنەگرتووە، ڕەنگ و دەنگ و سۆزی، دایکم بەردەوام لە من نزیك بووە. کە دەبینم کیژەکەم وەك دایکم نەرم و لەسەرخۆ نان دەخوات، دایکم بە بیر دێتەوە، ئەویش لەسەرخۆ بوو، نەرم بوو، شیرین بوو.

باوکم ئێمەی هێنایە کەنەدا و پێمان خۆش بوو، بەڵام لەگەڵ دایکم گەڕایەوە کوردستان، لەوێ دووبارە دایکم ماڵ و هەواری نوێ لە هەولێر دادەنێتەوە، بەڵام زۆر لەوێ نابێت، نەخۆش دەکەوێت و نەخۆشییەکە گەورە و سەخت بوو، بەو دەردەوە دەمرێت.

دایکم کابان بوو، هێشتا دەفتەر و کتێب و بەرنامەکانی ناندین و تاموچێژ و پێشبڕکێی خواردن و تام و بۆن و سەدان بەرنامە بە هەموو زمانەکان پەیدا نەبووبوون، دایکم دەفتەری هەبوو، ناوی خواردن و چێشتەکانی بە گرام و پێوان دەنووسی، زیرەك و کابانانە وردەکارییەکی نووسیبوو، هەموو ئەزموون و تەمەنی ناو چێشت و زەخیرە و تام و زەوقی بۆ خوانی جوان و خۆشی ئێمە تەرخان کردبوو.

دەفتەرەکانی دایکم لەکن من ماون، دەفتەرەکانی هێشتا تامی خواردنەکانی پێوەیە. دەفتەرەکانی کەسکن؛ وەك تەڕە و میوەکان. نەرم و ناسکن؛ وەك گۆشت و چەورییەکان. دەفتەرەکانی دایکم پڕ بوون لە ڕەنگی بەهارات، تیژ بوون، چەور بوون، گەرم بوون، لەبەر چاوی من و خوشك و منداڵ و میوانەکانیان ئێستاش هەڵمیان لەسەر هەڵدەستێت. دەفتەرەکانم باش وەك بەڵگەنامە هەڵگرتوون. من کە دەچمە ناندینەکەم، بەرامبەر ئاگردانەکەم سوود لە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنەکان وەرناگرم، لە یوتیوبیش سەیری بەرنامەکانی شێفە کورد و عەرەب و تورك و کەنەدییەکانیش ناکەم. خواردن و تامەکانیان لە کن من و خوشکەکانم، هیچیان ناگەنە چێشتەکانی دایکم. دایکم شێفی یەکەمی ناندینەکان بوو، بە خواردنی ئەو باش تێر دەبووین، تێر بۆن و چەوری و شلە و گەرمایی دەبووین، تەندروستیمان باش بوو.

مۆبایلەکەی لە کن منە، هەڵگیراوە، هێشتا زەنگی بۆ دێت، ئەو مردووە و گۆڕەکەی لە هەولێرە، بەڵام لێرە مۆبایلەکەی ئیش دەکات، قسە دەکات، وێنەی پێ دەگیرێت، ناوەکانی لەناو ماون، نامەکانی نەسڕاونەتەوە، مۆبایلەکە بووە بە کەرەستە و شتێکی ناو گیرفان و جانتا و بەر پەنجەرە و سەر مێزەکان، دەچێتە ژووری نووستن و ژوورەکانی تر و دەگاتەوە هەولێریش، زیندووە و زەنگەکەی باش کار دەکات، دانراوە و دەستی لێ دەدرێت، چونکە بەردەوام چارچی "charge" دەکەمەوە، ناهێڵم بکوژێتەوە، شەحنی نەمێنێت.

بە یاد و ناو و تام و بۆن و سۆزەکانی دەزانم ماوە، بە زەنگی مۆبایلەکەی هەست دەکەم ماوە و نەمردووە. ئەوەی

نێژراوە، ئەوەی لەناو گۆڕەکەی خۆڵی بەسەردا کراوە جەستەی دایکمە، بەڵام ڕۆح و یاد و بیرەوەرییەکانی و تەلەفۆنەکەی هەر ماوە.

کاک شێرزاد تۆ دەپرسیت: باوکت پیاوێکی سادە و خاکی و دڵپاك و نەرم و بەخشندەیە؛ چۆن سیاسەتی کردووە، ئەوانە کەم لە کەسانی سیاسی دەوەشێتەوە؟!

منیش دەڵێم: ڕاست دەکەی باوکم کەسێکی وایە، پەپوولەیە، ناسکە، بەخشندەیە، بەردەوام خزمەتی هەژارانی کردووە، دەستی کراوە بووە، ئەو هەر دەڵێت: دەستم بۆ هەژاران شل و کراوەیە، ئیتر نازانم چۆن سیاسەتی کردووە؟! چۆن کەوتە ناو سیاسەت و شۆڕش؟! قوربانیی زۆریش دەدات و زۆریش لەسەر ئەو سیاسەتە لە ئێمە دادەبڕێت.




ڕێپێوانی پارتی لە هەولێر ساڵی ١٩٥٩




**پارچەیەك لە بیتاقەی بەکالۆریای قۆناغی ناوەندیی "سەڵاح ڕەفیق" بە ئیمزای شێخ خالیس جەواد بەرزنجی لە ١٩٦٧/٥/٢٥**



**سەباح خالید، سەڵاح ڕەفیق "دانیشتووەکە" وێنەکە لە مەسیف سەڵاحەدین گیراوە**


Ç - 1249


بۆ ئامۆزای خۆشەویستم
باوکی فیدیا
جەژنی رەمەزانت پیرۆز بێت
هیوادارم هەموو ساڵێکت هەر
جەژن و شادی بێت وە انشاء
الله جەژنی قوربان بە یەکەوە
دەبین لە کەندا وە بە خۆشی و
شادی وە سەلامەتی

هەموومان پێکەوە
وە داواکەی لە یەزدانی
مەزن دەکەم کە بە
زووترین کات بگەینە
یەکتر خۆ بە شادی.
وە انشاءالله هیچ
کوسپێکی ناخۆش
نابێتە رێگات وە
خودا بۆ ئێمەت بپارێزێت
خواتان لەگەڵ ئامۆزات
دایکی فیدیا

Şelale Matbaacılık 2/3/95

Hisarparkı Cad. Karabey İşhanı No: 12/53 ANKARA Tel: 312 73 20 Matbaa Tel: 341 13 01

HER HAKKI MAHFUZDUR


Keskin Color
KARTPOSTALCILIK LIMITED ŞIRKETI


77/23–D


بۆ باوکی خۆشەویستم کاکە ئیان...
بە بۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆز جوانترین و بە
سۆزترین پیرۆزبایت ئاراستە دەکەم.
هیوادارم کە هەموو ئاتێکت و هەموو ساڵێکت هەر جەژن و
شادی بێت. وە داوا لە یەزدان دەکەم
کە داهاتوو خۆشتر بێت لە رابوردوو.
لەگەڵ رێز و سوپاسم بۆ
تۆی ئازیز.

2/3/96


Ankara Cad. No:88 34410 İSTANBUL Tel: 0(212) 514 17 47 - 514 17 48 - 514 17 49 Fax:512 09 64
Şube Antalya Tel: 0(242) 247 15 41 - 247 16 11 Fax:247 16 11

KESKIN COLOR LTD. ŞTI. MATBAASI-ISTANBUL




**ڕەگەزنامەی کەنەدایی سەڵاح ڕواندزی**




**مۆڵەتی شوفێریی کەنەدایی سەڵاح ڕواندزی**

## ڕۆمانی فۆتۆکان

ئەگەر فۆتۆکانی ناو ئەو کتێبە، ئەوانەی لە ڕووی هونەرییەوە شیاوی ئەوە بوون، دابنرێن، بڵاو بکرێنەوە، کۆ بکرێنەوە دەبن بە رۆمان.

فۆتۆکانی دەربازیان بووە، ماونەتەوە، بەیەکەوە گوزارشت لە شوێنی زۆر دەکەن، شوێنی جیاواز لە پێگەی جوگرافی و مێژوویشەوە. فۆتۆکان پێکەوە؛ لەناو یەك ئەلبوومی بەرجەستە و هزریدا، دەبن بە ڕۆمانێکی درێژ، دەبن بە سەربردە، دەپەیڤن و ڕازیان دەبێت، ڕەنگیان دەگۆڕێت. فۆتۆش دەخوێندرێتەوە، دەنووسرێتەوە، دەپەیڤێ، دەجووڵێ، نمایش دەکا و دەبێ بە مێژوو و ڕۆمان.

# SALAH RAWANDUZI

**I take a break at the rim of ”**

**KHARAND” Valley**

Achievement Biography and

Dialogue and Editing

By:

Sherzad Heini

Erbil 2023

## ”"A brief biography of “Salah Rafik Rawanduzi

I was born 80 years ago “1942”, in a city known for its majestic beauty and mountainous terrain, Rawanduz. This city has also a historic background for it was the center of the mighty Kurdish Soran Principality some two hundred years ago. I spent the first part of my childhood years in this glorious city. My first 2 years of the school were also completed here in the Kawlokan Elementary. My life in those childhood years made a permanent impression of love, memories and admiration for this city and its great people and dazzling scenery.

After the completion of my second grade, my father, a well-known goldsmith along with his older ”Wasta Sadeqi Zerenger” who also was a brother legendary goldsmith, decided to relocate to Erbil as it was more favorable for their business. In our new home in “Erbil _ Hawler as it called in Kurdistan” I resumed school till the completion of the 11th grade of high school.

While being in Erbil was favorable to my father’s business, my heart really belonged to my birthplace city. So, every Summer at the conclusion of each school year, I would head back to Rawanduz and renew my family and love ties there. If it was easy taking me out of Rawanduz, it was, nonetheless, impossible to take Rawanduz out of my heart and mind. My father was adamant that I should not forget the Rawanduzi dialect of the Kurdish language. “Rafik Zernger” was an ambitious businessman, but not at the expense of his solid principles of integrity and the deep pride of his Rawanduzi roots. In 1963, Kurdistan’s fortunes turned

for the worse with accession of power of the most brutal group in Iraq, the Baath Party. The "National Guard" militia, belonging to the Baath regime, harassed many people.

They attacked, harassed and insulted me too many times. This gangster militia once came to arrest me in my home. I was able to escape with the help of two of dear family members who had hidden pamphlets of my "KDP" and Kurdish student affiliations and activities out of their reach. The militia thugs stole lots of gold from our home. But fortunately I eluded their wrath and evil plan. Also taken from my home were large amounts of cash belonging to late "Mahmoud Bagi Khalifa Bradosti". The latter was kept there for safe keeping. The government later paid him back, but our gold was lost forever.

After the resumption of relative normalcy to Erbil, I applied for position of senior clerk in the Governorship of Erbil. There were seven applicants for this position. I scored the highest in the exam and interview and was accepted. The Governor of Erbil at the time, the late Badraden Ali, hired me. The good part of this position was I had the pleasure to be working daily with a Kurdish patriot and singer, "Tahir Tofik". This position lasted for 2.5 years till 1966. After the establishment of the Kurdish intelligence services, Parastin, belonging to the Kurdish revolution, I joined them and they implanted me in the inner circle of the Erbil Governorship. After some major activities, I left Erbil & jointed formally the Kurdish revolution.

While in Erbil, I was an active Peshmerga secretly, by joining the revolution I could serve my Kurdistan as peshmerga and Parastin without fear.

After the collapse of the Kurdish revolution as a

result of the treacherous agreement between Iraq and Iran, I immigrated to Canada. I spent 35 years in exile and away from my lovely wife, “Sajida Ahmid”, and my four daughter, “Midya, Areen, Allea and Rozan”. In 2004, at the request of President “Barzani”, I came back permanently and made Erbil and Kurdistan home again. If there is one person that I truly owe all of my life is my late wife, “Sajida”. She is THE unknown soldier of our family. Selfless, strong, and dedicated, Sajida was and is a true hero for my daughters and I. A lady as classy and honorable as Sajida are not found too often.

This book is dedicated to her soul, legacy and sacrifices. Sajida Khan is out sight but never out of mind. Our loss was Heaven’s gain. We love her for eternity.

Last, but not least, I want to express our heartfelt appreciation and special thanks to the writer and organizer of this book, Mr. “Sherzad Heini”, for his tireless belief and great efforts for this project. Mr Heini is a well known, able writer and intellectual in Kurdistan. Without him, this book would not have seen the light. Our family and I are deeply grateful to his patience, honesty, writing ability and hard work.

## پەیڤێکی کورت بە زمانی ئینگلیزی

تا خوێنەرانی تریش لەو بابەتە، لەو هەموو ڕازە تێبگەن، بە پێویستم زانی کورتەیەك لە سەربردەی "سەڵاح ڕواندزی" دابنێم، نووسینەکە لە لایەن "بەختیار عیزەت سلێمان بەگی دەرگەڵەیی" دووبارە بە ئینگلیزی دارێژراوەتەوە. من ئەوەم وەك ڕووناکییەك بۆ کتێبەکە پێ باش بوو.

لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ کۆتایی هات.



# شێرزاد هەینی

لە دایکبووی: ١٩٥٥ هەولێر.

دەستپێك: سەرەتای حەفتاکان.

ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. دەرچووی ئامۆژگای تەکنەلۆژیای (ڕووپێوی)، بەغداد.

کارنامە: خانەنشین

* هەنووکە لە وڵاتی سوید دەژی.

بەرهەم و چاپکراوەکانی:

١. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانی هەولێر، چاپخانەی عەلا بەغدا ١٩٨٥، قەبارە(١٧×٢٤) سم.
٢. کەلاوە، ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر ١٩٩١.
٣. هەولێر.... تا دبلن، ریپۆرتاژ و بیرەوەری، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هاڤیبوون، زانکۆی ئازادی بەرلین، ٢٠٠٠.
٤. بەغداد.... بۆ هەولێر، ریپۆرتاژ، سوید و سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ریپۆرتاژ و رۆژانە، ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ٩٠ لاپەرە. چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٦، ٢٥٤ لاپەرە، (٢٠×١٤) سم.
٦. کاکە ئەبو ئیسماعیل، بیرەوەری سلێمانی، ٢٠٠١.
٧. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو، گابریل گارسیا مارکیز، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، سلێمانی، ٢٠٠١. چاپی دووەمی لەلایەن دەزگای چینی لە هەولێر چاپکراوە.
٨. سیڤییەکان ١، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، کۆمەڵە دیدارێکە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢.
٩. سارد یان گەرم، چاپکراوەکانی دەزگای هەواڵ بۆ رۆژنامەوانی و راگەیاندن، ٢٠٠٥، ١٠٥ لاپەرە، قەبارە: (٢٢×١٠.٥)سم.
١٠. نێلسۆن ماندێلا، گەشتە دوورەکەم لە پێناوی ئازادیدا، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ٢٨٦ لاپەرە.
١١. مەملەکەتی کەلاوەکان، وتار و پێناسەی بیناسازی کوردییە، کتێبی گیرفان، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٢. کۆریا: پێناسە و شارەزابوونـــی وڵات و میللەتی کۆریایە، وەرگێران، بڵاوکراوەکانـــی دەزگای وەرگێران، هـــەولێر، ٢٠٠٧.
١٣. هۆلۆکۆست: ئاگاداری نەوەکانتانی پێبکەنەوە، ستیفان بروشفیلد، پول ئا. لیڤین، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٤. دوو برێنسیسی نازداری بێناز، دیانا و ماساکۆ، وەرگێران و ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ١٧٦ لاپەرە.

١٥. بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراك و سارکۆزی و روایال بیار بیون، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_ بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٨، **٢٤٣ لاپەرە**.
١٦. **٩٥٥** دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، دیمانە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، هەولێر، ٢٠٠٨، **٣٣٣ لاپەرە**، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٧. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەت لەسەر پارە و سەرمایە و بانك لە ئەمریکای نوێدا، ئامادەکردن و وەرگێران، ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، **٢٢٣ لاپەرە**.
١٨. سێکس و پۆلەتیك، کریستۆفا دلوار و کریستۆف دۆبوا: دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، **٢٢٤ لاپەرە**.
١٩. مەجبور، گێرانەوەی دوێنێی نزیکە! بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەڕێوەبەرێتیی رۆژنامەنووسی و چاپ بڵاوکردنەوە، چاپخانەی رۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٨، **١٢٨ لاپەرە**، قەبارە: **(٢٠.٥×١٤.٥)سم**.
٢٠. ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان سارا پالین، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، **٩٥ لاپەرە**، قەبارە: **(١٩×١٢.٥)سم**.
٢١. من رۆژنامەنووسم جاسووس نیم، کامیلیانە ئەنتفایفر دو فرانسوا نیکۆلۆ و منی لنی، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی شڤان، سێمانی، ٢٠٠٩، **٢٧١ لاپەرە**، قەبارە: **(٢٠×١٤)سم**.
٢٢. ترێنە خێراکەی رۆژهەڵات، وەرگێران، موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)، هەولێر، ٢٠٠٩، **١٣٦ لاپەرە**.
٢٣. کاکە ئەبو خەلیل، سەربردە و ریپۆرتاژ و رەوداو، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٩، **٢١٦ لاپەرە**، قەبارە: **(٢٢×١٤.٥)سم**.
٢٤. دانپێدانانەکانی حاجی پاولۆ: دیمانەیەکە لەگەڵ نووسەر و فەیلەسوفی بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ، خوان ئایریاس، وەرگێران، ئاوێر، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، **٢٧١ لاپەرە**.
٢٥. مۆساد، سەلام ئەلئیمام، وەرگێران لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠، چاپی سێیەم.

٢٦. حیکایەتەکانی غەدر و خوێن: بەشێك لە گێرانەوەی تیرۆرە گەورەکانی جیهان سەلام ئەلئیمام، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢٨٦ لاپەرە.

٢٧. نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە، غەسان شەربل، ، ئامادەکردن، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری/ هەولێر، ٢٠٠٩، ٩٤ لاپەرە.

٢٨. دەسەڵات و نەخۆشی، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٩. برادەرە جوانەکە، میخائیل دارمۆن و ئێیف دیریە... رەشیدە داتی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکان ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٣٦ لاپەرە.

٣٠. دەربازبوون، کارۆلین جیسوب، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٢٠ لاپەرە.

٣١. سیاسەتی دڵ، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٢. گەشتێك بەرەو ئەورووپای نوێ، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٣. ئەمال عەوێزە، مافیا: دەوڵەتی سامان و خوێن، ئامادەکردن و وەرگێران، ئاراس، چاپی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٥٥ لاپەرە، قەبارە: (١٩ × ١٢)سم.

٣٤. جیهان لە دیدی کۆشنێر، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی نما، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٥. سیڤییەکان ٢، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

٣٦. مهناس کراماشاد، غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا، وەرگێران، ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١. سێ جار چاپ بووە.

٣٧. بیۆگرافیای ئامووس ئۆز، چیرۆکێك لە خۆشەویستی و تاریکی، رۆمان، وەرگێرانی، ئاوێر، چاپی یەکەم، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٨٠٠ لاپەرە.

٣٨. کازیوە ژنەکەی ناو فێسبوك، نۆڤلێت، بڵاوکراوەکانی نما، هەولێر ٢٠١١.

٣٩. سەگەکان لە رێگا، هینینگ مانکیل، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٣٠٤ لاپەرە، قەبارە: (٢٤×١٧)سم.

٤٠. ئەستێرە سەرگەردانەکە، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٤١. تووتنەوانەکە عەلی بەدر، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپی یەکەم، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٤١٥ لاپەرە. چاپی دووەمی لە رەهەند لە سلێمانیساڵی ٢٠٢٠ بە دیزاین و پێداچوونەوەی نوێ چاپکراوە.

٤٢. بابا سارتەر، عەلی بەدر، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٢.

٤٣. دەسەڵاتی دوو ژن، بودوان بۆلایر و مارك رۆش، وەرگێران، بەدرخان، هەولێر، ٢٠١٢، ١٧٢ لاپەرە (١٦.٥×٢٣.٥) سم.

٤٤. غاردان بەدوای گورگەکاندا، رۆمان، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

٤٥. چراکانی ئۆرشەلیم، عەلی بەدر رۆمان، بڵاوکراوەکانی ئاوێر، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٤٦. شۆرشەکانی جیهان، ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

٤٧. هەولێر: ئیبن مستەوفی، رۆمان، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتی: یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٤٨. هەولێر: سێتاقان، رۆمان، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربل و چاپخانەی شەهاب، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٤٩. گێلە فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ئاوێر، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٠. زستانی خێزانەکە، عەلی بەدر رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٣.

٥١. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٢. سیڤییەکان ٣، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

٥٣. سیڤییەکان ٤، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

٥٤. رێنسانسی ئەوروپا، مێژوو، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر، ٢٠١٣.

٥٥. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ، مەلکیە مەزان رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.

٥٦. فەلەکەدین کاکەیی، چرکەساتی هۆشمەندیکودە، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی رۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٤.

٥٧. فەلەکەدین کاکەیی، حەلاجیات، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی ، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٥٨. هەولێر: تەعجیل، رۆمان، لەسەر ئەرکی نووسەر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ٢١٦ لاپەرە.
٥٩. هەولێر: تەیراوە، رۆمان، بەرگی چوارەم، بە یارمەتی هێرش خۆشناو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥، ٢١٩ لاپەرە.
٦٠. هەولێر: چۆمان، رۆمان، بەرگی پێنجەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ٢٢٤ لاپەرە.
٦١. هەولێر: سەعدی گچکە، رۆمان، بەرگی شەشەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٢٨ لاپەرە.
٦٢. هەولێر: سەفین، رۆمان، بەرگی حەوتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٣٢لاپەرە.
٦٣. فەلەکەدین کاکەیی، کودەتای رۆحی، وتاری فەلسەفی، وەرگێران، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی، شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٨٩ لاپەرە.
٦٤. فەلەکەدین کاکەیی، گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن، وەرگێران، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦.
٦٥. پەیامەکانی ژێرزەوی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، رۆمان، وەرگێران، ناوەندی ئاوێر رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ٢١٤ لاپەرە.
٦٦. خافیێەر سێرکاس، سەربازانی سالامینا، وەرگێران، رۆسا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٢٢ لاپەرە.
٦٧. مەلیکە موقەدەم، ژنە یاخیبووەکە، رۆمان، وەرگێران، رۆسا، هەولێر، ٢٠١٧.
٦٨. هەولێر: قەرەچوغ، رۆمان، بەرگی هەشتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٣٢ لاپەرە، قەبارە: (٢٣ × ١٧)سم.
٦٩. ژنێك پرچم رەش دەکاتەوە، شیعر، چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٧ .
٧٠. پاسپۆرت، گەشتنامە، لەسەر ئەرکی کۆمپانیای "دایك" چاپکراوە، هەولێر ٢٠١٧.
٧١. ژنە کافرەکە، رۆمان، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای مەحمود زامدار رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٧.
٧٢. ئەبەنووس، رۆمان، لەسەر ئەرکی هێمن زەندی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٨، ١٢٧ لاپەرە، قەبارە: (٢١×١٤)سم.
٧٣. هەولێر عەنکاوە، رۆمان رۆژهەڵات ٢٠١٨ لەسەر ئەرکی بنەماڵەی شەهید سۆران عەنکاوەیی چاپکراوە، ٢١٦ لاپەڕە، قەبارە ٢٣. ١٧ سم.
٧٤. ژن لە ژیانی کاسترۆ وەرگێڕان، ١٢٢ لاپەڕە، ١٣.٢٢سم، مێخەك سۆران ٢٠١٨

٧٥. هەولێر کوران زانیاری، رۆمان ٢٠١٨، ٢٣.١٧سم، لەسەر ئەرکی د. محەمەد عوزێری چاپکراوە، هەولێر چاپخانەی رۆژهەڵات.
٧٦. ژنە خامۆشەکە، نووسینی مەلیکە مەقەدەم، وەرگێڕان، رۆمان، سۆران مێخەك ٢٠١٨. ١٣٨لاپەڕە.
٧٧. کلاشینکۆف، رۆمان، بە هاوبەشی لەگەڵ د. محەمەد عوزێری نووسراوە. هەولێر ٢٠١٨ . ٢٠٠ لاپەڕە ١٤.٢١سم.
٧٨. هەولێر رینکەبی، رۆمان لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو چاپکراوە، هەولێر ٢٠١٩
٧٩. مافیا دەوڵەتی سامانی و خوێن، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
٨٠. پاوەری سەرۆکە نەخۆشەکان، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
٨١. خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی وەرگێڕان، ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩
٨٢. منداڵی دیکتاتۆرەکان وەرگێران ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٣. بە لیڤل بینیم بە قەڵەم دەینووسمەوە. یادنووس لەسەر ئەرکی د. موحمەد عوزێری چاپکراوە هەولێر ٢٠١٩.
٨٤. سیڤییەکان بەرگی ٥ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٥. دەریاوانە خنکاوەکە مارکیز رۆمان چ ٣ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٦. کوبا لە سەردەمی گەمارۆدانەکە گابریل، سارا سلێمانی ٢٠١٩
٨٧. نەهاتی مێخەکی سەربەرگەکە ببەیتەوە ٧ دەق، وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٩.
٨٨. پایزە ساڵ، بیرەوەری ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٩. هەشتا ساڵ لە غەدر و خوێنی ئیخوان ئەلموسلین وەرگێڕان، دەزگای ئایدیا ٢٠١٩.
٩٠. لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات، دوو گەشتی کۆن، وەرگێڕان، ناوەندی سارا ٢٠١٩.
٩١. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، ئامادەکردن چ٢ ناوەندی سارا ٢٠١٩.
٩٢. پۆستەی شەو، رۆمان هودا بەرەکات، وەرگێڕان، ناوەندی سارا ٢٠١٩.
٩٣. سەکۆی مەککە، رۆمان زید عومران وەرگێڕان، ناوەندی ئاودێر ٢٠١٩.
٩٤. هەولێر ئەستنبۆل بەرگی ١٢ رۆمان زانکۆی جیهان ٢٠١٩
٩٥. رۆژگاری من، بیرەوەری بوب دیلان ئاوێر هەولێر ٢٠٢٠
٩٦. خوانێکی رووت، رۆمان عەلی بەدر، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠
٩٧. مامۆستایانی وەهم، رۆمان عەلی بەدر، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠
٩٨. درۆزنەکان هەموو شتێکیان دەستدەکەوێت. رۆمان عەلی بەدر، رەهەند ٢٠٢٠
٩٩. یەکەمین ژن، نەدیم گورسیل رۆمان، وەرگێڕان، رۆسا هەولێر ٢٠٢٠

١٠٠. رۆلی کلێسا لە مەملەکەتی ئۆرشەلیم، وەرگێڕان رۆسا هەولێر ٢٠٢٠
١٠١. حەرەمی سوڵتان، وەرگێران، رۆسا هەولێر ٢٠٢٠
١٠٢. ژنێکی سرك، ئەنعام کەچەچی، رۆمان وەرگێڕان، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠
١٠٣. خاتوونی بەغدا، رۆمان، شاکر نوری، وەرگێڕان، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠
١٠٤. قژت وەك کۆلارە بۆم دەفرێت،٥١ راز، ئەلکترونییە ستۆکهۆلم ٢٠٢٠
١٠٥. نازك خانم، رۆمان، وەرگێڕان، لینا ئەلحەسەن، کولتوور هەولێر ٢٠٢٠
١٠٦. ئەرکەکانی من، رۆبەرت گیتس وەرگێڕان ئاوێر ٢٠٢٠
١٠٧. چیرۆکی ژیانم، بیرەوەری، موشی دایان، وەرگێڕان، ئاوێر هەولێر ٢٠٢٠
١٠٨. گۆرانییەکەی ئارام، لەیلا سولێمانی، وەرگێڕان، رەهەند ٢٠٢١
١٠٩. پۆستەچییەکەی نیرودا، رۆمان، وەرگێران، فێربوون هەولێر ٢٠٢١
١١٠. تەنیا دارهەنارەکە، رۆمان، وەرگێڕان، رەهەند سلێمانی ٢٠٢١
١١١. جاسووسەکان وەرگێڕان ئاوێر هەولێر ٢٠٢١
١١٢. جەمال عەلەمدار یەکەمین کورد لە سوید هەولێر ٢٠٢١
١١٣. وێنەکانی سەر دیوارەکە رۆمان وەرگێڕان رەهەند ٢٠٢١
١١٤. لەناو زانکۆی جیهان بمنێژن دیمانە ٢٠٢٢
١١٥. ناندین رۆمان وەرگێڕان دەزگەی چینی ٢٠٢٢
١١٦. بلیتێك بۆ ئاهەنگی ناوداران رۆمان عەلی بەدر رەهەند ٢٠٢٢

دەزگای فام
بۆ چاپ و بلاوکردنەوە

# لیستی کتێبەکانی دەزگای فام

## بیرەوەری و ژیاننامە

١- پێگەیشتن، بیرەوەرییەکانی میشێل ئۆباما/ نووسینی: میشێل ئۆباما/ لە عەرەبییەوە: هێما ئەحمەد.

٢- نیل بە سارای سیناوە، گەشتنامە/ نووسینی: کەریم کاکە.

٣- ژووری ڕووداوەکان، یادەوەرییەکان لە کۆشکی سپییەوە، بیرەوەری/ نووسینی: جۆن بۆڵتن/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێک وەرگێڕ.

٤- زۆرە و هەرگیزیش بەش ناکات، ژیانی تایبەتیی دۆناڵد ترەمپ لەسەر زاری برازاکەیەوە. بیرەوەری/ نووسینی: ماری ئێڵ ترەمپ/ لە ئینگلیزییەوە: یادگار ئیسماعیل و کۆڤان ڕزگار دۆڵەمەری.

٥- ئەو ڕۆژانەی مەرگی خۆمم بینی، کوڕەوی ساڵی ١٩٩١ بە گێڕانەوەی منداڵی، بیرەوەریی کۆڕەو/ نووسینی: هەژار مەجید.

٦- گوڵەستێرەکان کوژانەوە، بیرەوەری/ نووسینی: کەریم کاکە.
٧- مەلا تایەری یاروەیسی جاف، دیرۆکی هەشتا و پێنج ساڵ تەمەن، بیرەوەری/ نووسینی: سەرحەد یونس محەمەد.
٨- لە دووگردکانەوە بۆ بنی دونیا، بیرەوەری (بەرگی یەکەم)/ هۆمەر دزەیی. (دوو چاپ)
٩- لە دووگردکانەوە بۆ بنی دونیا، بیرەوەری (بەرگی دووەم)/ هۆمەر دزەیی. (دوو چاپ)
١٠- بیرەوەرییەکانم، بیرەوەری/ مووسا عەنتەر/ لە تورکییەوە: محەمەد عزەدین. (دوو چاپ)
١١- موجەتەبا میرزادە، شانازیی میوزیکی کوردی/ دلێر سەلیم.
١٢- یەکەم هەنگاو بەرەو ڕابوون (١٩٧٩-٢٠٠١ز)، بیرەوەری/ نازم عەبدوڵڵا.
١٣- ژێربەڕەکەم لە بیست ساڵدا (١٩٨٣-٢٠٠٣ز)، بیرەوەری/ وەرزێر حەمەسەلیم.
١٤- یادەوەرییەکانی دکتۆر مەستەفا مەحموود، ئەلسەیید حەڕانی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
١٥- دیدەنی تاران، گەشتنامە/ کەریم کاکە.

## ڕۆمان

١- زازانا/ نووسینی: کامەران خۆشناو.
٢- سێ کچەکەی حەوا/ نووسینی: ئەلیف شەفەق/ لە تورکییەوە: فەرهاد چۆمانی.
٣- مرۆڤ زەوی نەدۆزیوەتەوە/ نووسینی: دڵزار حەسەن.

٤- ژنەکانی ناو پیاو پیاوەکانی ناو ژن/ نووسینی: دڵزار حەسەن.
٥- چەواشە، ڕۆمان/ نووسینی: عەزیزی مەلای ڕەش.
٦- دەبمە کۆچەری، نۆڤڵێت/ سەلیم عوسمان.
٧- وەرزی تەنیایی/ جەلال بەرزنجی.
٨- یاداشتنامەی قوتابییەك، ڕۆمانی وێنەدار/ جێف کینی/ لە ئینگلیزییەوە: کەوسەر تەها.
٩- تسۆکۆرۆ تازاکیی بێڕەنگ و ساڵانی نامۆبوونی/ هارۆکی مۆراکامی/ لە ئینگلیزییەوە: سۆزان جەمال.
١٠- دوا هەناسە، ئایا ژیان شایەنی بەردەوامییە لە ڕووبەڕووی مەرگدا/ پاوڵ کەلانسی/ لە ئینگلیزییەوە: ڕۆژە محەمەد سالار.
١١- پەروانەی بێ شەم/ زریان ڕەحیم.
١٢- نانی ڕووت/ محەممەد شوکری/ لە فەرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

## ئەدەبیات

١- ڕازەکانی گێڕانەوە، خەیاڵی مێینەیی و زمانی ژمانە لەناو ڕۆماندا، ئەدەبی/ نووسینی: نووری بێخاڵی.
٢- حەکایەتی کوردی، ئەفسانەی کوردەواری/ نووسینی: م. ب. ڕوودینکۆ/ وەرگێڕانی: ڕەنجدەر ئازاد عەزیز.
٣- شەهرەزاد وەئاگا دێتەوە، کۆمەڵەچیرۆك/ نووسینی: کۆمەڵێك نووسەر/ لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.
٤- کورتەچیرۆك و مەرجە هونەرییەکانی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی/ نووسینی: کۆمەڵێك نووسەر/ لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.

٥- ناوی تۆ ئیمزای منە، شیعر/ تەڵعەت تاهیر. (دوو چاپ)
٦- ڕۆژگاری وشك و چاوی تەڕ، دونیابینیی ئەدەبی/ تەڵعەت تاهیر.
٧- ئەو گوڵەگەنمانەی بوونە گسك/ تەڵعەت تاهیر.
٨- ڕابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی/ دکتۆر عەزیز گەردی (حەفت بەرگ).

## زانستی

١- دواهەمین کاتژمێری ئێمە، زانستی (فیزیا)/ نووسینی: مارتن ڕیس/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.
٢- ڕێگاکانی ڕێگریکردن لە دووگیانی، تەندروستیی پزیشکی/ نووسین و ئامادەکردن: ڕۆشنا خەتتاب جەوهەر و ئەمیرە کەریم مام ڕەش.
٣- ئەو دەمەی کیمیا دەدوێ، زانستی/ نووسینی: مونجید سەقڕ/ لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەسەن عەزیز.
٤- مێژووی زانستی نەخۆشییەکانی دڵ، زانستی پزیشکی/ نووسینی: د. عوسمان شوان ئەمین.
٥- ئایا کەچەڵ پێویستی بە شامپۆ هەیە؟ وەڵامی پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕۆژانە/ د. ئەحمەد عەبدولمەلیك/ لە عەرەبییەوە: ئیلهام عومەر.
٦- بنەماکانی ئابووری و بازرگانی بۆ قوتابیان و بازرگانان/ مەریوان سەدرەدین عەلی.

## گەشەپێدانی مرۆیی

١- ئەو پرسیارە سەیرانەی لە کتێبفرۆشان دەکرێن. باس و بەسەرهات/ نووسینی: جێن کامپڵ/ لە ئینگلیزییەوە: سەنگەر حەسەن نەجم.

٢- هێزی ئێستا، ڕۆحانی/ نووسینی: ئێکهارت تۆلێ/ وەرگێڕانی: بنار جەبار. (دوو چاپ)

٣- ئاشتی لە هەموو هەنگاوێکدایە، گەشەپێدانی ڕۆحی/ نووسینی: تیك نیۆت هان/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.

٤- سەما لەگەڵ ژیان، ژیاندۆستی/ نووسینی: مەهدی ئەلموسەوی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

٥- دەمەوێ بژیم، ژیاندۆستی/ نووسینی: مەهدی ئەلموسەوی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

٦- چوار ڕێککەوتنەکە، پەرتووکی ژیرییەتی شارستانییەتی تۆڵتیکەکان، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: دۆن میگێڵ ڕیز/ لە ئینگلیزییەوە: کاژین ئەحمەد.

٧- ئەقڵییەت، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: کارۆڵ دویێك/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.

٨- بازنەکەی دایکم، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: علی بن جابر الفیفی/ وەرگێڕانی: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

٩- مرۆڤی بێخود، فیکری/ نووسینی: د. عەلی شەریعەتی/ لە فارسییەوە: بەڵێن ئەنوەر.

١٠- بە بەتاڵی بمرە، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: تۆد هێنری/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.
١١- تیۆری فستق١، (چاپی دووەم) گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: فهد عامر الاحمدي/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی. (دوو چاپ)
١٢- تیۆری فستق٢، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: فهد عامر الاحمدي/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
١٣- چیرۆکی سەرکەوتن (١٠٠ کەسایەتی)، ژیاننامەی ناوداران/ نووسینی: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری.
١٤- ٨ کەس پێویستە لە ژیانی خۆت بیانخەیتە دەرەوە/ نووسینی: تەهانی ئەلهاجەری/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
١٥- بە مردنی تۆ جیهان چ زیانێکی پێ دەگات؟ (هونەری دروستکردنی ژیان و جێهێشتنی جێپەنجەت تیایدا)/ نووسینی: خزر بن سالم بن حليس ئەلیافعی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
١٦- داکشان، فێرت دەکات چ کاتێك پاشەکشە بکەی و چ کاتێکیش سوور بی لەسەر هەڵوێستەکانت؟!/ نووسینی: سیس گۆدین/ لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەسەن عەزیز.
١٧- فیزیای بەختەوەری، یاساکانی ژیانت ڕێك بخە بۆ ئەوەی دوور بی لە شکست. گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: سەعید ئەلنەوبان/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

١٨- ١٠١ ڕێگا بۆ بوون بە فرۆشیارێکی سەرکەوتوو/ نووسینی: ڕابەر کەریم بەکر.
١٩- لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە، نهێنییەکانی بوون بە بەڕێوەبەرێکی مەزن/ نووسینی: جۆهانا ڕۆزمان و ئیسەر دێربی/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەزیز.
٢٠- پۆڕن، تەڵە مەترسیدارەکە/ سەربەست بورهان قادر.
٢١- بەر لەوەی ببمە بیست ساڵ پێویستە بیانزانم، هەڵەی کەسانی دیکە دووبارە مەکەوە/ تینا سیڵیگ/ لە ئینگلیزییەوە: بورهان عومەر.
٢٢- ڕامانگەلێك لە بەختەوەری و ئەرێنیبوون/ موحەممەد ڕاشد ئال مەکتووم/ لە عەرەبییەوە: ماهر حەسەن.
٢٣- پاسی وزە، ١٠ ڕێسا بۆ یارمەتیدانی ژیان و کردار و تیمەکەت بە وزەی پۆزەتیڤ/ جۆن گۆردن/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.
٢٤- دیدەنیکار، ڕێبەرێك بۆ: دۆزینەوەی کار - ئامادەکردنی ڕووپەڕی کەسناسی (CV) - چاوپێکەوتنی کار بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە/ کامەران خۆشناو.

## پەروەردە و فێرکردن

١- زانکۆ بەخێرهاتنت دەکات، ڕێبەر بۆ فێرخوازانی زانکۆ/ نووسینی: جاسم بن هارون الهارون/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

٢- سمینارم هەیە، فێرکردن/ نووسینی: د. فەرهاد عەلی مستەفا.
٣- بـرەو، بنەمـا و سـەرچاوەکانی پەروەردەیەکـی دروسـت/ ئەحمەد فاتیح کەرکووکی.
٤- پۆلەکەت بەرەواژ بکەوە، بۆ گەیشتن بە هەمـوو قوتـابییەك لە هەمـوو پۆلێـك و هەمـوو ڕۆژێکدا/جۆناسـان بێرگمـان و ئـارۆن سامز/ لە ئینگلیزییەوە: هیمداد عەبدولقەهار موحەممەد.
٥- مەلەی دژەڕەوت: پەروەردە لە ڕوانگەیێکـی ڕەخنەیـیەوە/ عەبدوڕەحمان ئەحمەد وەهاب.
٦- پەروەردەناسـیی ڕەخنەیـی: پەروەردەی دیمـۆکراتی و کۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی/ عەبدوڕەحمان ئەحمەد وەهاب.
٧- دەروونـدروستیی قوتـابی، ڕۆڵـی مامۆسـتا لە بەرزکـردنەوەی ئاستی دەروونـدروستی لە قوتابخـانەدا/ بـۆنی مـیللەر/ د. ڕێـدار محەممەد ئەمین.
٨- بنەماکـانی دەروونـدروستی و ژیـانێکی بەرهەمـدار/ د. زانـا ئەحمەد قەساب. (سێ چاپ)
٩- سیستەمی ئینگلیزیی ئاسـان. ئینگلیـزی بە جۆرێـك فێـربە، کە وەك خەڵکی ئینگلیز قسە بکەی/ نووسینی: ئەی جی هـۆگ/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد مەحموود.

## ئەتەکێت

١- ئەتەکێتـی سـەردەمییانە، چـۆنییەتی هەڵسـوکەوتی ڕۆژانە بـۆ گەیشتن بە لووتکە، ئەتەکێت/ نووسینی: دۆرسـیا جۆنسـن، لیـڤ تایلەر/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

٢- ڕێکخستن، هونەری ژاپۆنییەکان بۆ نەهێشتنی ئالۆزی و ڕێکخستنی ماڵ، هونەری ڕێکخستنی ماڵ/ نووسینی: ماری کۆندۆ/ لە ئینگلیزییەوە: هێما ئەحمەد.

## سیاسی و ئایینی

١- کوردستان لە سیاسەتی ڕۆژئاوادا، خوێندنەوەی ستراتیژی/ نووسینی: سەروەر حەمە ئەحمەد.

٢- پێغەمبەر و پێغەمبەرناسی، ئایینی/ نووسینی:  سەرحەد یونس محەمەد.

## منداڵان

١- زنجیرەی ڕەوشتە باشەکان، منداڵان (٨ کتێب)/ لە ئینگلیزییەوە: کەوسەر تەها

٢- زنجیرەی خێزانەکەم، منداڵان (٤ کتێب)/ لە ئینگلیزییەوە: کەوسەر تەها.

٣- شیاو، چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵان/ نووسینی: هەوار وشیار.

٤- زنجیرەی مەلا مەشهوور/ نووسینی: ماری مەتەڕ / لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.

٥- ماڵی ماسییەکان/ نووسینی: داناز کامەران.